# ڕاهەن

88


- سەحەفزانیای مرۆوەکان یان...... جەبار جەمال غەریب
- ئەولی مەیسوری زەبوون.............. د. سدیق بۆرەکەیی
- پێکهاتە هەلگرەشتی دەق... لە فارسییەوە: ئیسماعیل ئیسماعیل زادە
- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ (د. عەباسی وەلی)ی رووناکبیر
- لیبی شانۆی (ئارارات) لە سوید.......... ت: فەخرەدین ئایەر
- شێوەزاری هەولێر و هەندێ دیاردەی... عاطف عەبدوڵلا فەرهادی
- لە حوجرە و دیوەخانەوە بۆ ئینتەرنێت.......... مەحموود زامدار
- هۆزامان و ناشتنی مردوویان............ محیەدین هەورامی



مەڵبەندی رۆشنبیری ...
بەڕێوەبەرێتی گۆڤاری ڕاهەن دەری دەکات



تابلۆ: ئینگرس - فەرەنسا


# RAMAN

September.2004
Issue. No. 88

88

گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتییه
بەڕێوەبەرایەتی گۆڤاری ڕامان دەری دەکات
خوولی دووەم - ساڵی نۆیەم
ئەیلول / **2004**

**خاوەنی ئیمتیاز**
شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**
ئازاد عەبدولواحید

**بەڕێوەبەری هونەری**
سەرکەوت وەلی

**ناونیشان**
هەولێر - تەنیشت سینەما سەلاحەدین

**E-mail:**
raman@raman-media.net

**تەلەفۆنی گۆڤاری ڕامان**
٢٢٣٠٥٨٢

**تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر**
٤٤٩٤٦٦٢
٢٢٢٨٥٠٦

**چاپ**
چاپخانەی حاجی هاشم

**نرخ**
(١٠٠٠) دینار

# ناوەڕۆک


• **سەروتار**
– لە پێناوی ڕۆشنبیرییەکی کاریگەر و زیندوودا.......... سەرنووسەر 3
• **لێکۆڵینەوە**
– سەمفۆنیای مردووەکان یان کتێبێک لە مردن.......... جەبار جەمال غەریب 4
– خواندنەک زیندی د «تشتێن نەمر»دا.......... سەلام بالایی 8
– ڕۆمانی (شەخەڵی داربەڕوو، سنووری ستەم و ئازار).......... د. عومەر ئیبراهیم عەزیز 12
– قەولی مەیسووری زەبوون.......... د. سدیق بۆرەکەیی 19
– پێکهاتە هەڵوەشێنی دەق.......... و/ لە فارسییەوە: ئیسماعیل ئیسماعیل زادە 23
– خۆرهەڵاتناسی سۆڤێتی و ئەتنۆگرافیا.......... و/ لە عەرەبییەوە: سەلام عەبدولکەریم 36
• **چاوپێکەوتن**
– چاوپێکەوتنێک لەگەڵ ڕێزدار (عەباسی وەلی)ی ڕووناکبیر.......... ئا: ئازاد عەبدولواحید- مەحموود زامدار 43
• **دیمانە**
– دیمانەیەک لەگەڵ (ئۆکتاڤیۆپاز).......... و/ لە فەرەنسییەوە: نەجات حەمید ئەحمەد 59
• **مێزگرد**
– تیپی شانۆی (ئارارات) لە سوید.. بەرهەمێکی کەم و داهێنانێکی زۆر.......... ئا: فەخرەدین تاهیر 66
• **هزر**
– کۆمەڵگەی زانیاریی نوێ و ئاکامی گۆڕانکارییەکان.......... ئازاد حەمە 79
• **زمانزانی**
– شێوەزاری هەولێر و هەندێ دیاردەی فۆنۆلۆژی.......... ئا: عاطف عەبدوڵڵا فەرهادی 85
• **فەلسەفە**
– هێراکلیت.......... و/ لە فارسییەوە: ئازاد وەلەدبەگی 98
• **کۆمەڵناسی**
– لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵناسی لەبارەی گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە.......... و/ لە فارسییەوە: عەبدوڵڵا ڕەسووڵی 102
• **وتار**
– لە حوجرە و دیوەخانەوە بۆ ئینتەرنێت.......... مەحموود زامدار 105
– ئاژەڵ لە دنیای میتۆلۆژیادا.......... محەمەد سلێمان عەباس 111
– وێنەی دەربێجەیەکی ڕووناک.......... و/ لە فارسییەوە: محەمەد نویدیان 114
– وێنەیەکی دەگمەنی فرانس کافکا.......... و/ لە عەرەبییەوە: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل 117
• **شیعر**
– هەوێنی داستانە مەم و زینییەکان.......... غەریب پشدەری 122
– هوزانەکا پارچە بووی.......... لوقمان ئاسیهی 123
– ڕیڤا.......... هاشم سەڕاج 124
– سیفری ئاگر.......... کەریم دەشتی 127
– بۆنی تەنیایی.......... ئوسامە حوسێن ڕەسووڵ 130
• **شیعری بیانی**
– ئەی زەوی.. ئەی گۆڕ.. ئەی دایک.......... و/ لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی 132
• **چیرۆک**
– دوا شتێک کە بە ئاگابووم لێی.......... یووسف عزەددین 135
– وەغەرا نەمرەکی.......... نەفیسا ئیسماعیل حاجی 138
– مژدە و ڕاڕایی دەریا.......... حەیدەر جەوهەر 139
• **چیرۆکی بیانی**
–دکتۆرێ هەموو تشتان دزانە.......... و/ لە سویدییەوە: خەلیل دهۆکی 141
• **شانۆیی وەرگێڕدراو**
– ئەفسانەی ڤێنووسی کاپیتۆل.......... و/ لە ئینگلیزییەوە: حوسێن مەردانی 145
• **شێوەکاری**
– هونەرمەند عەلی لەتیف و ئەزموونی بەردەوام.......... بورهان هەژار 148
• **سینەما**
– کورد لە سینەمای ڕووسی و سۆڤییەتیدا.......... حەیدەر عەبدولڕەحمان 152
• **شانۆ**
– درامانووسانی جیهان.......... مەهدی مەجید جاف 158
• **فۆتۆگراف**
– کامیرای دیجیتاڵی.......... فارس سەعدی 167
• **کەلەپوور**
(بەهار و گولزار)یش سەرچاوەیەکی دیکەی مێژووی ئەدەبی کوردییە.......... محەمەد عەلی قەرەداغی 170
• **مێژوو**
– هۆرامان و ناشتنی مردوویان (کەلاتی بێدەنگی).......... محیەدین هەورامی 176
• **بیرورا**
– خۆدەست نیشان کردن.......... سەباح ڕەنجدەر 181
• **کتێب**
– تراژیدیای بارزان-ی ستەملێکراو.......... لێدوانی: عەباس سلێمان سمایل 183
– چەند تیرۆژکەک لسەر روژنامەڤانیا کوردی.......... لێدوانی: ئەحمەد قەرەنی 186
• **بەدواداچوون**
– چاوخشاندنێک بەسەر شیعری وەرگێڕدراوی نیمایوشیج.......... ئەحمەدی حوسێن زادە 188
• **نامە**
– دوو نامەی تایبەت.......... ئا: ڕامان 192
• **تیراژ**.......... 193

لە پەراوێزی کولتوورەوە

# لەپێناوی ڕۆشنبیرییەکی کاریگەر و زیندوودا

سەرنووسەر

* لە سەردەمانی پێش ڕاپەڕین دوژمنانی میللەتەکەمان بە بەرنامە کاریان بۆ کەرت کەرت کردنی ڕۆشنبیریی نەتەوەکەمان دەکرد و هەوڵی لەبەریەک هەڵوەشانەوە و لەیەکتر دابڕانیان بۆ دەدا، ئەم کەرت بوون و لێکتر ترازانەیان لە بەرژەوەندیی مەرامەکانیان دەزانی، بۆیە لە هیچ بوارێکدا چاویان بە یەکبوونی کورد هەڵنەدەهات، بەتایبەتیش لە بواری ڕۆشنبیریدا، ئەم کارە لەسەر ئاستی شار و لەسەر ئاستی تاکە کەسەکانیش کاری بۆ دەکرا، تا پرۆژەی ڕۆشنبیریی گەورە و گرنگ و ستراتیژی بەدی نەیەت و ڕووناکبیرانی کورد لەیەکتر کۆنەبنەوە و قسە و بیروڕایان گوێی لێ نەگیرێ.

* ئەمڕۆ لەپاش ساڵانێکی ئازادی و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات و ئایندەی خۆمان تا ئێستا بەچاوێکی کوردانە و ڕەخنەگرانە بەو پرسە گرنگە دانەچووینەتەوە و هەوڵێکی وامان نەداوە لێی وردبینەوە، بۆیە بەپێی پێویست ئەو تەفاعولەی پێویستە لەنێوان ڕۆشنبیرانی شارەکانی کوردستانی باشووردا هەبێ بەدی ناکرێ، ئەگەر وانییە ئەی کوا ئەو لەیەکتر نزیک بوونەوە و کارە هاوبەشانەی نێوان ڕووناکبیرانی شار و دەڤەرەکانی کوردستان؟ ڕۆڵی ڕووناکبیران لەو نزیک بوونەوە و کۆبوونەوەیە لە دەوروبەری پرۆژەی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی کامەیە؟ ئەگەر لە سەردەمێکی دیاریکراودا بەهۆی هەندێ بارودۆخی ناجۆر و نەشیاوەوە ئەو لێکتر جیابوونەوەیە سەپێنرابوو، ئەمڕۆکە بۆچی کار بۆ نەهێلان و تەخت کردنی ئەو بەربەستانە ناکرێ؟

* بێگومان کە باسی ئەوە دەکەین پرۆژەکان لەبواری ڕۆشنبیریدا نەتەوەیی بن، بەرلەوەی هی شارێک بن، مەبەستمان سڕینەوەی تایبەتمەندیی هەر دەڤەر و شارێکی کوردستان نییە کە بە درێژایی مێژوویەک بۆ خۆیان دروستیان کردووە، بەڵام لەپاڵ بەرجەستەبوونی ئەو تایبەتمەندییە ناکرێ خشتی زیاتر بخەینە سەر ئەو دیوارانەی لەنێوان ئەو شارانەدا هەڵچنراون و بەرزتریان بکەینەوە و لە کاری هاوبەش و ستراتیژی یەک نەگرینەوە؟ تەنانەت کار گەییوەتە ئەوەی کە نووسەرێک - لێتۆژەرەوەیەکی کورد بەدوای مێژووی ژانرێکی ئەدەبی و هونەریدا دەگەڕێ، بەدوای ڕەهەندی نەتەوەیی و مێژوویی ئەو ژانرەدا ناچێ، بۆیە پێی وایە سەرەتایەکانی سەرهەڵدانی ئەو ژانرەی ئەو لێی دەکۆڵێتەوە تەنیا لەو پارچەیەی کوردستاندا هەیە، لە کاتێکدا زۆر لەو مێژووە پێشتر لە پارچەیەکی دیکەی کوردستان سەری هەڵداوە، بەڵام لێتۆژەرەوە خۆی هیلاک ناکات بەدوای ڕەگوریشەکەیدا بگەڕێ و بگاتە ڕاستیی.

* ئێمە هەمیشە لەم پارچەیەی کوردستانی خۆمان گلەییمان لە ڕەخنەگر و لێتۆژەرەوەکانی عەرەبی عیراق دەکرد کاتێ کتێبێکیان لەبارەی ڕۆمان، شیعر، چیرۆک، هونەری عیراقی دەنووسی، لە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی خۆیاندا کوردیان لەو عیراقەی خۆیان جێ نەدەکردەوە و بۆ دەرمانی چاویش باسی هیچ دەقێکی کوردییان نەدەکرد، تەنانەت کاتێ ئەو بەرهەمانەشیان بۆ دەکرایە عەرەبی ئاوڕیان لێ نەدەدانەوە و ورتەیەکیان لەبارەیانەوە نەدەکرد.

داخەکەم وا خەریکە خۆشمان ئەمڕۆکە ناهەقی لە خۆمان دەکەین، باسی هەر بوارێکی ئەدەبیات و هونەر بکەین، دەبینین نە لە دەڤەری بادینان باس لە نووسەرە چاکەکانی ئەو ناوچانەی دی دەکرێ و نە لێرەش کە باسی ئەدەبیات و هونەری ئەولا دەکرێ ئاوڕێک لەو بەرهەمە دەوڵەمەند و زۆر و زەوەندانەیان دەدرێتەوە، لەکاتێکدا ئەو لێتۆژەرەوانە لە ڕووی مەنهەجییەوە ناشنووسن لە بەرهەمی چ دەڤەرێک و چ شێوەزارێک دەکۆڵنەوە تا خۆیان لەو گلەیی و گازاندەیە ڕزگار بکەن.

* ئەمڕۆکە هونەرمەندانی بواری مۆسیقا و گۆرانی لە نووسەران باشتر هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو مەسەلەیە دەکەن کاتێ دەبینین لە ناو (CD)یەکی گۆرانییەکانی خۆیاندا بەلانی کەم سوود لە گۆرانی دەڤەری بادینان وەردەگرن و دەیڵێنەوە، یان دەنگخۆشەکانی ئەوێ گۆرانی هونەرمەندە ڕەسەنەکانی ئێرە دەڵێنەوە، کەچی لێتۆژەر و ڕەخنەگرەکان نەک هەر ئەو بەشە زیندووەی ئەدەبیاتی میللەتی خۆیان فەرامۆش کردووە، بگرە هەر ناشیخوێننەوە و بەلاشیەوە ناچن و حیسابێکی ئەوتۆی بۆ ناکەن. ئەگەر ئەم تێڕوانینە لاوازی و بێ نموودی هوشیاریی نەتەوەیی نەبێ چ بڕوبیانوویەکی دیکەی هەیە؟ لە کاتێکدا بەشێکی زۆری نووسەرانمان بەم کارەیان نەفی یەکێتی ڕۆشنبیریی کوردی دەکەن و بە پارچە پارچەکراوی تێی دەڕوانن، لەجیاتی ئەوەی بە بارێکی یەکگرتوو و هەمەلایەن بیبینن، بەڵام ئەم دابڕکردنە چەند لە قازانجی ڕۆشنبیریی کوردی دایە و چەند ڕاستگۆیی نووسەران لە بەنەتەوەیی بوونیان دەپارێزێ؟

* لێرەدا ناکرێ لەم بارەیەوە هەوڵی تاکە کەسیی ڕۆشنبیران ئینکار بکرێ، هەرچەندە پێویستە هەنگاوەکان گورجتر بکرێن تا زیاتر لەیەکتر نزیک ببینەوە. دەشبێ بۆ لەمەولا ڕۆشنبیران خۆیان بەرنامە و پرۆژەیەکیان هەبێ تا لەو قۆزاخە تەنگەبەرەی کروشکەبەستن و خۆخواردنەوە و دوورەپەرێزبوون بشکێنن و بێنە دەرێ و زەمینە خۆش بکەن ئەو بزاڤەی کە هەیە تەکانی گەورەتری پێ بدەن.

کەناڵەکانی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن هەرهەموویان لەبەردەم بەرپرسیارێتی مێژوویی دان و دەبێ بۆ ئایندەی کارەکانیان ڕووبکەنە کاری دەستەجەمعی کە سەرجەم توێژی ڕۆشنبیرانی هەموو دەڤەر و ناوچەکانی کوردستان بگرێتە خۆی و لەو پێناوەدا پرۆژە و کاری ستراتیژی گەورە ئەنجام بدرێ و لەو کارانەدا سەرجەم ڕووناکبیرانی کوردی لێ کۆ بکرێتەوە.

* لە کاتی خۆیدا وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان دوو شاکاری گرنگی لەو بوارەدا ئەنجام دا کاتێ فیستیڤاڵی بۆ شاعیرانی وەک: (ئەحمەدی خانی) و (مەلای جزیری) لە بادینانی دەلال گرت و سەرجەم ڕووناکبیرانی لەسەر سفرە و خوانی ئەو دوو شاعیرە گەورەیە کۆکردەوە. ئەمڕۆکەش پێویستە بەو دید و تێڕوانینە ستراتیژییە بۆ شاعیرانی دەڤەری هەورامان و سۆران سیمینار و فیستیڤاڵ ساز بکرێ و سەرجەمی نووسەرەکانی ناوچە و دەڤەرەکانی بۆ بانگ بکرێن تا لەو ئامانجە نزیک ببینەوە و ڕۆشبیرییەکی گەشاوە و داهێنەرانە بێتەبەر و ڕووناکبیرانیش زیاتر لەیەکتر کۆببنەوە و لەگەڵ یەکتر تێکەڵاو بن و خەون و داهێنان و خەم و خۆزگەکانیان لەگەڵ یەکتر تاووتوێ بکەن و زمانی هاوبەشی لەیەکتر نزیک بوونەوەیان پتەوتر بێ.

* من ئەو سەرە قەڵەمانەم بۆ وروژاندنی باسێکی گرنگ و حەساس نووسی کە زۆر زەق خۆی دەنوێنێ و پێویستی بە قسە لەسەرکردن و ئێستی زیاتر هەیە، کە لەو دەرفەتە چکۆلەیەدا منیش تەنیا قامکم لەسەری داناوە، دەکرێ لە داهاتوودا بۆ دانانی ئالیەتی ئەو لەیەکتر نزیک بوونەوەیەی نووسەران و هونەرمەندان و یەکتر خوێندنەوەیان، قسە و باسی زیاتر بکرێ تا بە هەموو لایەک ئەو دیاردە سەلبییە لە ژیانی کولتووری خۆمان قاو بدەین.

# سەمفۆنیای مردووەکان یان کتێبێک لە مردن

**جەبار جەمال غەریب**

ئەیاز وتی (لە کۆڵ خۆتی بکەوە).
ئۆرهان وتی «ئەگەر بەسەرمدا ساغ بوەوە چی بکەم؟»
«نابێ بەسەرتا ساغ بێتەوە. دەبێ زیرەک بی.»
ئۆرهان بۆ ساتێ بەبیردا ڕۆچوو، پاشان نیگای لە ئەیاز دزییەوە:
«وەکو یوسف»
«چما کەس گومانی لێکردی؟
«هەبەم گوێیانەی خۆم گوێم لێبووە کە پێم دەڵێن براکوژ.»
ئەیاز بەسەریدا گوراند «گویان خوارد» دەنگی نەوی کردەوە:
(خەڵک پاشەملە باسی خواش دەکەن) ل١٤/ سەمفۆنیای مردووەکان

لێرەدا وشەی «براکوژ» چەند ئەیاز دەهەژێنێ، سەد هێندەش ئێمە، برایەکان کێن؟ برایەکان هەمیشە ئەو ئینسانە بەسۆزو لێکنزیکانەن، کە لە شوێنێکی تەمەندا، کە دەشێ درێژترین شوێنی تەمەن بێ پێکەوە ژیاون. برایەکان بێ ئختیاری خۆیان بران، لە فەزای ماڵ و ناوی باوان و گەڕەکدا بران. برایەکان لەو شتانەدا هاوبەش و شەریکن کە هەرگیز بەش ناکرێ.

وشەی براکوژ لێرەدا دوای بەسەرچوونی ڕووداوەکان دێت، ڕۆماننووس بەوە خەریکمان ناکات لە کوێدا دەکرێ پێش بەڕووداوەکان بگرین، ئەو وەک پەیام هێن و زانا لەو سەری دنیاوە دەگەڕێتەوە و لە سیحری گێڕانەوەکانیدا بێدەنگمان دەکات.

### تەکنیک: زیندوویی ڕووداوەکان لە تەکنیکدا

سەمفۆنیای مردووەکان، یان سەمفۆنیا زیندووەکان، لە تەکنیکێکی بازنەییدا چینێک، یان تەونێک دەکێشێ، ئەو تەونە هەرگیز ناکرێ لە ڕووداودا کورتی کەینەوە، کە ڕووداو حاڵەتێک، یان کردارێکی بەسەرچووبێ، ئەوە تەون، یان نەخشی چنین هەمیشە گێڕانەوەیەکی پێیە بۆ ئێستا. هەرگیز مەبەستم لە تەکنیکی بازنەیەکی، بازنەیی ڕووداو نییە، یان بازنە سیفەتێکی داخراوی نییە لێرەدا، لێرەدا بازنەم بۆ یەک مەبەست بەکارهێناوە ئەویش «بەردەوامیە».

ڕووداو لە شێوەی کردارێکی درێژ بووەوەدانییە کە لە خاڵێکدا کۆتایی بێت، ڕووداو کردارێک نییە لە شوێنێکدا بمرێ، هەر لە ئەساسدا «ڕووداو» لە سیفەتی ئاسایی خۆی جیا کراوەتەوە، زەمەنی ڕووداو زەمەنێکی بەرجەستە نییە، زەمەنێک نییە کەوتبێتە نێو دابەشکردنی سادەی کاتەوە «دوێنێ، ئێستا، سبەینێ»، زەمەن زەمەنێکی نەبڕاوەیە، زەمەنێکی تێکەڵە، ڕووداو و زەمەن لە تەکنیکێکی نوێدا بەهای سادەی خۆیان ون کردووە، بوونەتە خاوەن شێوەیەکی پێوەندی تەواو جیاواز، یان تەواو سەربەخۆ، دەکرێ لە شێوەی ئەو پێوەندییە نوێیە بپرسین، یان بڵێین کە ڕووداو کردارێک نییە لە خاڵێکدا بمرێ، یان کۆتایی بێت، چییە؟

کە ڕووداو کردارێک نەبێت لە زەمەنێکی تایبەتدا

ڕووی دابێ و بە سەرچووبێ، ئەی لە چ زەمەنێکدا ڕووی داوە؟ یان ئایا ڕووداو لە زەمەنێکی بۆشدا ڕوودەدات؟
یان ئایا زەمەن تەنیا ئەو بۆشاییەیە، یان ئەو قاوغەیە کە ڕووداو پڕی دەکاتەوە؟
بەبێ ڕەگەزێکی هەرە سەرەکیتر، وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی سەرێ محاڵن. ئەگەر لە هێڵکارییەکدا ئەو بابەتەی سەرێ جێکەینەوە، دەبینین ڕەگەزی پێوەندی، ڕەگەزی گێڕانەوەی ژیان بۆ مردووەکان ونە.




[ڕووداو، زەمەن – بەو پێناسانەی لە سەرەوە بۆیان کراوە]
ئەو ڕەگەزە ونەی [ڕووداو، زەمەن] لە حاڵەتی ئاسایی خۆیان دەگوازێتەوە بۆ حاڵەتێکی تایبەتی زمان.

**زمان وەک نۆتەی سەمفۆنیا**

زمان گەورەترین پشکی لە دروستکردن و دارشتنەوەی ڕووداوەکان هەیە لەو تەکنیکەدا، هونەری گواستنەوەی ئاستەکانی زمان، لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی دیکە، لە فەزایەکەوە بۆ فەزایەکی دیکە، بەبێ ئەوەی کۆسپ، یان لەمپەرێک لە تەکنیکدا دروست کات، یان بێ ئەوەی بەدحاڵی بوونێک لەنێوان فەزای ڕۆمانەکە و خوێنەر دروست کات.

هەر بۆ نموونەش دەڵێم، هەموو مۆڤمەنەکان بەزمانی جیاواز نووسراون، زمانەکە لە ئاستی کەسی قسەکەر دایە، کە هەمیشە شێوەیەک لە حیکایەت خوێن لە تەنیشتیەوەیەتی، یان هەموو کەسیەتیەکانی لەو ڕۆمانەدا هاوبەشن، هەموو ئەو کەسانە کە ئەو ڕۆمانە لەسەر جیاوازو توانای کەسی ئەوان دروست بووە، لە کاتی گێڕانەوە، هەموو ئەوکەسە دژ بەیەکانە هاوکارو هاوبەشن لە گێڕانەوەدا، لە حاڵەتە زۆر دژوارەکاندا هاوکاری یەک دەکەن بەواتایەکی دیکە، ئەو خێزانە، خێزانی شەڕن لە ماڵدا، خێزانی شەڕن لە خۆشەویستی و دڵبەندیدا، لە کاسبی و خوێندندا، لە هەموو شتێکدا خێزانی شەڕن، تەنیا و تەنیا لە گێڕانەوە تەبان، تەنیا لە گێڕانەوە و بەکارهێنانی زماندا فریای یەک دەکەون، لەو بەشانەی هەر بۆ نموونە ئۆرهان حیکایەتخوانە و لەو شوێنانەی حیکایەتخوێنی هاوکاریشی «واتا نووسەر» ناتوانێ بەفریای بکەوێ، ئایدن «کەسی هەرە جیاواز» لەوپەڕی توانایدا فریای دەکەوێت و گێڕانەوەی بۆ دەگەیەنێتە لووتکە.

ئەو زمانەی کەسەکانی دابەش کردووە، کاسبکارەکانی لێک جیاکردۆتەوە دنیای مەسیحی و موسڵمانی دیاری کردووە، لە [مۆڤمەنی چوارەمدا] دەگاتە ئەوپەڕی داهێنانی خۆی.

لەو بەشەدا کاتێک ئایدن توانا عەقڵیەکانی خۆی لە دەست دەدات، کاتێک بەرگرییەکی «عەقڵی و واقیعی» نامێنێ، زمان لەوپەڕی سەمای خۆیدا دەدوێنێ، ئایدن بەسەمایەک لە زمان حیکایەتەکە لە دیدی خۆیەوە، یان بەشی خۆی لە سەمفۆنیایەکە دەژەنێ «لەبەردەم ماڵی خوادا ماچم کرد، مردووەکان چۆنیان حەز لێبێ وا دەخەون،.. ماڵی سوورمەینا وەک مۆزەخانە بوو،.. وتی قامکی پێدابێنە. پێمدا هێنا، قامکم بەسەر دانە پەڕدا هێنا، یەکەم دانە لە باغی قەیسییەکەمدا، پاشان دووکان، پاشان خانووەکەمان، وتم کاکە برا با تاپۆی ئەم ژێر زەمینە هەر بەناوی خۆم بێ... ئاخر کاکە برا ئێمەش هێندێ جار بەشەرین» سەمفۆنیای مردووەکان. چوارەم بۆیە من هێڵکاریەکەی پێشوو بەو شێوەیە ڕاست دەکەمەوە.




بێگومان پێوەندیەکی ڕاستەوخۆش لەنێوان زمان و هەریەک لە «ڕووداو، زەمەن»دا هەیە.

**کەسیەتیەکان**

من هەرگیز لەگەڵ ناونیشانی ئەم ڕۆمانەدانیم، ناونیشانەکەی کە دەلالەتی کەسیەتیەکانی هەڵگرتووە، واتا ناونیشانەکەی وەبیرهێنانەوەی حاڵەتی کەسیەتیەکانە ئەویش کە قورسترین حاڵەتە، واتا سەمفۆنیای مردووەکان، دەنگی کەسایەتیە مردووەکانی نێو ڕۆمانەکەیە، وەبیرهێنانەوەی مردن چ لە ناونیشان و چ لە سیاقی ڕووداوەکاندا بەشێک لە زیندوویەتی غەدر لێکراوی ڕۆمانەکە دەکوژێ.

ئێستاش لەمێژساڵە باوکە نەماوە. سەمفۆنیای مردووەکان ل١٤ کە دەکاتە لاپەڕە دووی حەقیقی ڕۆمانەکە، هەر لەو سەرەتایەوە «مردنێک- بەمانای خامۆش بوونەوە» دەبێتە هاوڵی ویقار و کەللەڕەقی و هەڕەشەکانی باوکە».

لە لاپەڕە حەڤدەدا کە دەکاتە لاپەڕە پێنجی دروستی ڕۆمانەکە بەڕستەیەکی قورستر خوێنەر ڕادەگرێ «ئینسانەکان هەر هەموویان مردبوون.» نووسەر لێرەدا دەیەوێت لە ڕووداو بێ ئومێدمان کات و تووشی سیحرێکمان کات ئەویش «تەکنیکی گێڕانەوەیە» کە هەر تەکنیکی گێڕانەوەش لە پاڵ ئاستی بەرزی بەکارهێنانی زماندا بۆتە هۆی ئەوەی کە لە ساڵی خۆیدا خەڵاتی باشترین کتێبی ئێرانی وەربگرێت.

ئۆرهان ئۆرخانی: یان وەک عەبباسی مەعرووفی ناوی دەبات «ئەم ئاخر کەسەشیان» واتا ئۆرهان تاکە ڕایەڵە کە دەمانباتەوە سەر سیحرەکانی ژیان، چونکە (باوکە لەمێژساڵە نەماوە و دایکە لەبن گڵ خەوی لێکەوتووە و ئایدا خۆی سووتاندووە و یوسف سەری پلیشاوەتەوە و ئایدن شێتە» لەو هەموو وێرانەیەدا «سەمفۆنیای مردووەکان» دەنگی دێت و جارێکی دیکە ژیانمان وەبەر، دەنێ.

ئۆرهان نوێنەری ڕاستەقینەی «قابیلە»، لە چیرۆکی ئەفسانەیی «هارون و قابیلدا»، نەک نوێنەری قەتڵە، ئۆرهان دەڵێ: «ئەوجا یوسفم لە چاڵێک هاویشت،.. قایشی کەمەرم کردەوە لە گەردنیم گرێدا... بەڵام یوسف نەدەخنکا... سەگ گیان ببوو.. چەقۆیەکی چکۆلەم پێبوو و.. شادەمارەکانی هەردوو دەستیم بری... شادەمارەکانی گەردنی ئەوم بری.. زۆر بەکەمی خوێنی لەبەر دەڕۆیی بیرم لەوە کردەوە لەت و پەتی کەم (ل٣٠٥) ئۆرهانی نوێنەری قابیل تواناو حیکمەت لە باوکە وەردەگرێ، پەنا بۆ باوکە دەبات دەڵێ:

«ئێستا باوکە، دەبینێ چم لێبەسەر هاتووە؟ ئەمە بەشە میراتی تۆیە.

باوکە وتی: «مردنەکەی نیعمەتە» وتم «باوکە گوناحی بە ئەستۆی تۆ»

هێشتا یوسف تا سەر گەردەنی لەژێر خاکدابوو... بەردێکی گەورەم هەڵگرت،.. بە هەموو دەمای خۆم لە کەللەی ئەوم سرەواند... (ل٣٠٧).

لەو ڕۆمانەدا هەوڵی جدی دراوە بۆ ئەوەی خێزان بکاتە بەرپرسی بەشێک لە شەڕانیەتی مرۆڤ. دوو جۆری بەخێوکردن «باوکە و دایکە» دوو ڕێگای بیرکردنەوە، تا دەگاتە دابەشکردنی منداڵەکان، ئۆرهان «سەر باوکی داوەتەوە» وەک ئەو توندوتیژە و چاوی لە پارەیە، کوانەکانی غوربەت هەمیشە چاوەڕێی تەقینن، بۆیە کە دایکە دەڵێ «ئایدینی من لە کوێیە؟» ل٢٥.

ئۆرهان هەست بە غوربەت و حەسادەت دەکات، هەست دەکات کە ئەو شتێکی دیکەیە، بۆیە لە دڵی خۆیدا دەڵێ «بۆ یەک جاریش نەتوت «ئۆرهانی من» ل٢٦.

شەڕەکانی ئۆرهان شەڕەکانی ئەوبرا بێ دەسەڵات و بودەڵەو بوغزنەیە کە ناتوانێ لە ڕێگای مومارەسەکردنی کەسیەتی خۆی و بەکارهێنانی توانا شەخسیەکانی خۆیدا خۆی بسەلمێنێ.

شەڕەکانی ئۆرهان لە کوێ سەرچاوە دەگرن.

کە ئایدین دیپلۆمەکەی وەرگرت دایکە وتی: «ئۆرهان وەرە شیرینیەکەی بخۆ.) وتم: (ماڵت نەشێوێ. شەو تا بەیان دەستمان لە شیرینی و سوێری دایە. چما لووتکەی دەماوەندی بۆ ڕووخاندووم) ل٣٨.

سەرنەکەوتنی ئۆرهان لە ژیانی خوێندنەوەی دەبێتە هاندەرێک نەک بۆ پڕکردنەوەو قەرەبووکردنەوەی کەسیەتی خۆی، بەڵکو دەبێتە ڕەقێک کە دواتر لەسەرنەکەوتنێکی دیکە بەری پێناگیرێ و دانی پێدا دەنێ.

«جانتای کچە ئەرمەنیەکەی پڕ لە پستە کردو بۆی قەپات کرد. وتی: «سورمە ئیتر دەبێ بڕۆی» کاتێک من «ئۆرهان» سەیری ئەو چاوە هەنگوینی و پڕ لە سەودایەم دەکرد لە سوێیدا دەتوامەوە و دەمردم... لە دڵمدا دەموت «کاکە برا، بەخوا تێتدا دەچوێنم. ل٣٣

**ئایدن**

ئایدن ئەو «پیاوە بوو کە هەموو ڕۆژێ کوت و شەرواڵێکی پەشمی و جوانی لەبەر دەکرد، بۆینباغی لێدەدا، ڕوومەتی لووس لووس دەکرد و سمێڵێکی قەیتانی دەهێشتەوە، دایکە بەتاسەوە دەیگوت هەموو کەسێ ئاواتی بۆ دەخوازێ ل٣٣- سەمفۆنیای مردووەکان.

ئایدن واتا تەواوی ڕۆمانەکە، یەکێکە لە کەسایەتیە هەرە سەرکەوتووەکانی ڕۆمان، کەسێکە لە دنیای زیندووی نێو ڕۆمانەکە پێدەگات، لەنێو ڕۆمانەکەدا بەمانای وشە ژیان ئەزموون دەکات، کەسێکی ئامادەکراو نییە بۆ ڕۆڵە، کەسێک نییە ئێمە بە کاملی بیبینین و گەشە نەکات، کەسێکە ئێمە شاهیدی گۆڕانەکانی ژیانی و پێگەیشتنەکانی ئەوین.

ئایدن تاکەکەسە، یەکەم: دەیەوێ وەک منداڵێک ژیانی منداڵانەی خۆی بگوزەرێنێ

دووەم: دەزانێ لە ڕێگای کتێبەوە ئەزموونەکانی خۆی کەڵەکە دەکا.

سێیەم: دەیەوێ خۆی بێت لەنێو توانا شەخسیەکانی خۆیدا مومارەسەی کەسیەتی خۆی بکا.

چوارەم: تاکەکەسی عاشقی ئەو بنەماڵەیە.

کتێبی سەمفۆنیای مردووەکان و فەزای ئەردەبیل جێگای ئازادی ئایدنیان تێدا نابێتەوە، هەر لە یەکەم هەنگاوەکانیدا ڕووبەڕووی کێشە هەرە سەختەکان دەبێتەوە.

– ناونووسکردنی لە قوتابخانە کە زۆری حەز لێیە مەرجدارە بە لەبەرنەکردنی پاڵتۆ سوورەکەی کە زۆری حەز لێیە.

– هەر کە باوکە دەزانێ کتێب دەخوێنێتەوە مافی ئەوەی لێ زەوت دەکات وەک ئەوانی دیکە لە قاتی سەرەوە بنوێ، بۆیە بەتەنیا جێگاکانی بۆ دەبەنە سەردابە شێدارو تاریکەکە.

کاتێک ئامادە نابێ دەست لە شیعر نووسین هەڵگرێ و سوور دەبێ لەسەر خوێندن، کتێبەکانی لێ دەسووتێنن لە مافەکانی خۆی بێبەری دەکەن.

– هەتا خۆرگیرانیش دەکەنە نیشانەی «گومڕایی» ئایدن و بۆ دووەم جار ژوورەکەی و کتێبەکانی و بڕوانامە و شیعرەکانی دەسووتێنن. ل٦٢- سەمفۆنیای مردووەکان، ئایدن پلانێکی بۆ شەڕ نییە، هەموو ئەوەی ئایدن دەیەوێ مومارەسەکردنی ژیانی خۆیەتی، گەشەکردنە لە زەمەندا.

شەڕی باوکە و ئایدن، شەڕی ئۆرهان و ئایدن، شەڕی ئەیازی پاسەوان و ئایدن شەڕی دوو تەمەن و دوونەوەنین، شەڕێک نییە بەهۆی زەمەنەوە هەڵگیرسابێ، شەڕی ئەو دووبەرەیە شەڕێکە لەنێوان دوو بیرکردنەوە و دوو نموونەی ژیان و دوو مەعریفە و دوو کولتووری جیاوازدا.

لە دوای سووتاندنی کتێبەکانی و شیعرو بڕوانامەکەی، گەڕانەوەی بۆ زیندانە، گەڕانەوەیەک نییە بۆ ماڵێکی ئاسایی و گەڕانەوەیەک نییە بۆ ژووری نووستن و باوەشی دایکی، بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ کۆیلەتی، شەرعیەتدانە بەزەبرو زەنگ، ناچاری دەکەن لەناو باخی شارو بن دیوار و تاڵەوەکە بنوێ هەر ئەوەش واتا «لێستاندنەوەی هێمنی ماڵ» و حورمەتی «خێزان» و بێ بەشکردن لە سنوورێک بۆ حەوانەوە تەنیا خێزانی دەتوانێ زەبری کوشندە لە ئەندامەکانی بدات، پێوەندییەکانی بەکۆمەڵگاوە، بەخەڵکەوە بەجیرانەکانەوە وجودی نامێنێ، سادەترین کاردانەوەش لە دەستدانی بەشێک لە ماهیەتی خۆیەتی، شیعرەکانی بیردەچێتەوە و بڕوانامەکەی بەهایەکی نامێنێ و ئاستەکانی پێوەندی تێک دەشکێ.

«بەرە بەرە ئەو خولق و خووە شادەی جارانی تێدا دەمرد، دەتوت ئاگر لە جەستەی خۆی بەربووە» ل٦٢

دەبینین تەنیا نامۆیی لەسەر شان و ژیانی ئایدن کەڵەکە دەبێ، چونکە ئایدن ڕووحی ئینسانیەتە و ڕووحی ئینسانیەتیش هێلانەی نامۆییە.

**چوار ساڵی زانکۆ**

خەونی ئایدن چوونە تاران و خوێندنە لە زانکۆ، خوێندنێک بۆ گەشەی ڕووح و گەشەی ژیان و گەشەی مەعریفە، بەڵام نموونەی ژیان و بیرکردنەوەی سەربەخۆیانەی ئایدن لەبەردەم کۆمەڵگای بێ باوەڕ بەگۆڕان و بەفری بێویژدانی ئەردەبیل تێک دەشکێ و لە جیاتی زانکۆ ناچار دەکرێ چوار ساڵ، چوار ساڵی وەک گوڵ لە تەمەن، لەژێر زەمینی کەنیسەیەکدا بەسەربەرێ، چوار ساڵ خۆشاردنەوە و هەتاو نەدیتن، چوار ساڵ کارکردن و تەریک بوون، قەدەری کۆمەڵگا قەدەرێکی قورسە،..

ئایدن لەو ژێرزەمینەدا کە بۆنی ژیانی لێنایە، بۆنی مردنی پاسەوانەکەی کەنیسە و جلەکانی لێ دێت، شۆڕشێک لە عەشق بەرپا دەکات.

سوورمە هەر بەو جۆرەی کە سەرقاڵی ئامیرەکان بوو وتی: «یەک دوو جاریش باوکم سەردانی کردووی».

(بەڵێ، باوکت ڕووخۆش و لە دڵان شیرینە»

سوورمە گوتی «ئەی من؟»

ئایدن گوتی: «تۆ تۆفانی»

«یەکەم جار خۆمی پێ لەنێو دەچم.. وانییە»

ئایدن وتی: نا، چونکە تۆفان قەت لەنێو ناچێ»

«من ئافرەتم».

ئایدن وتی: «تو مەحشەری» ل٢١٨.

ئایدن ئەگەر ناتوانێ بگەڕێتەوە، بەڵام لەگەڵ قاوغی وێنەکان «کە لەو پەڕی جوانی و هونەرکاری و دەسترەنگینیدا دروستیان دەکات» دەچێتەوە نێو هەموو ماڵێکی ئەردەبیل. تەنانەت دەچێتەوە نێوماڵی باوکیشی.

لەو ڕۆمانەدا ئازادییەکی ڕەها بۆ کەسیەتیەکان هەیە، هەر کامیان ڕۆمانی سەربەخۆن، ئازادییەکی بەربلاو، کەسەکان لەوپەڕی «چەپ و ڕاست»، عاشق و قاتیل بەئازادی خولقاون، ئەوە ئایدن، یان عەبباسی مەعرووفی نییە کە دەربارەی فرووزانی دڵتەڕو پیاوگیر دەڵێت:

لەم جۆرە ژنانە پیاو بەخۆیانەوە یەخسیر دەکەن، نێوانت هەبێ، بەڵام گیرۆدەی مەبە» بەڵکو ئەوە خودی ناسری دڵخوێنی»ی مامۆستای شیعری ئایدن و بەئەزموونە.

**دواوتە**

دڵنیام هیچم لەسەر «سەمفۆنیای مردووەکان» نەنووسیوە، ئەم ڕۆمانە، ڕۆمانی ژیانە، تەنیا ڕێگای ناسینی ئەوەیە لەناویدا بژی، هەرگیز ناکرێ ماندووبوونی وەرگێڕی بەتواناو بەسەلیقە (ڕزگار ئەمین نەژاد) لەبیربکرێ. کە لە ڕاستیدا ڕۆمانەکەی وەرنەگێڕاوە، بەڵکو بەکوردی جارێکی دیکە نووسیویەتەوە.

# خواندنەک زیندی د «تشتێن نەمر»دا

سەلام بالایی
(دهۆک)

بۆ من ئازادیێ!

کیژ ئازادی؟، ل کیژان وەلات؟ د چ جڤاک دا؟؟ بەرسڤا ڤان پرسان لجەم مرۆڤەکێ سروشتی دبیت یا ئاسان بیت. یان گرنگیا خۆ ژی نەبیت. بەلێ ل جەم مرۆڤێن رەوشەنبیرو شاعرو هونەرمەند، دەمەک درێژ بۆ دڤێت تاکو بەرسڤا ڤان پرسان بدەن. چونکی بەردەوام دلێگەریانێ دانە ژبۆ مالەک تەنا و وەلاتەک ئازاد و مرۆڤێن ئاشتیخواز ببینن: لورکایێ شاعرو شانۆڤان ئێکە ژ وان کەسان یێن بوویە قوربانێ ڤێ ئازادیا ئەم بەحس ژێ دکەین و تاکو ئیرۆ ژی ل ئەسپانیا ئێکە ژ کرۆڤێن پەیڤا راستییێ. ئێکە ژ دانەرێن ئەڤینی و رۆناهی و خەونان. ئەمڕۆ ژی ل وەلاتەکینە د بەردەوامیا ژیانێ دا هەول و بزاڤان دکەین، کو مە وەلاتەکێ تەنا و خودان ئالا هەبیت... شاعرو هونەرمەندێن مە ژی ئەڤ جهـ و وارە.. ئەڤ وەلاتە د شعر و چیرۆک و رۆمان و تابلۆییێن خۆدا پەیداکریە و ب داهینانێن خۆ بووینە خودانێن خۆ ڤان هیڤی و ئومێدان. ئازادی ل دەف بلندی شاعر (چریسکەکا رۆناهییێ و هێشتا گەهی وی ب درستی نەوەرگرتیە).

پشتی من چەندین جاران کۆما هەلبەستێن بلند محمدی ئەوا بناڤێ (تشتێن نەمر) خواندی، من دیت گەلەک پەیڤ یان زاراوەییێن بکارئینایین و بوونە جهێ وی یەکێ کو ئەز هزر دڤان پەیڤاندا بکەم و ئەگەرێن بکارئینانا وان بدەم خویاکرن وەک (ساندرێلا، هارمۆنیکا، سانتاکروز، خاچدان، ڤالنتاین، سامبا، جینوساید، قەرەچ، ڤیاگرا، ئکسپایر) و گەلەکێن دی.

چەند مرۆڤ نێزیکی هیڤی و ئومێدان ببیت، پتر مرۆڤ باوەڕیێ ب پاشەڕۆژی دئینیت، و ئەڤەژی هێزەکا دی لجەم مرۆڤی پەیدا دکەت... و گەلەک جاران بێ ئومێدیا مرۆڤی دهەمی لایێن ژیانێ دا، ژ لاوازی و نەبوونا ئیرادەکا ب هیزە ل دەف مرۆڤی.. لەوران مرۆڤ پەنایێ بۆ جیهانەکا نەدیار دبەت. ئەڤە ژی مافێ هەر کەسەکیە، چونکی دبیت ئەو ژیان و هیڤییێن وی هەین. دکەتوارێ ویدا ب ساناهی نەبن، یان قوربانیەکا مەزن بدەت تاکو هندەکان ژوان بدەستڤە دئینیت. بەلێ ب چ رەنگان ئەز دگەل خۆ دانەدەستا نینم... ئانکو یا فەرە مرۆڤ دهەڤرکییێ دا بیت ژبۆ ژیانەک ئازاد و سەربلند.

دئێکەم شعرا خۆدا بلندێ بێ ئومێدە و یێ رەش بینە بۆ ژیانێ لەوران یێ چووی بۆمە ل پەیڤا ساندرێلا گەڕیای یا ئینای و د هەلبەستا خۆدا بکارئینای. بەلێ لڤێرە ژی ئەگەر بلندی باش هزرێن خۆ د ئەنجامێن ساندریلایێ دا کربان. دا دیاربیت بۆ هەر قوربانیەکێ. بۆ هەر خۆڕاگریەکێ.. ئەنجام و بەرهەم ددیفرانە.

**دلوپەکا دویی ی**
**ژ هناڤێن عشقێ رشتی**

**ل مێزەکا بتنی**
**جاما ڤودکایێ من هەمبیز دکەت**
**ل تاڤ سۆرکی..**
**هەمی تشت دبژالەنە:**
**پسمیر، ب خەمێن من سەر خوەشە**
**گدی، گومتلەکێ بەفرێ مە و**
**ل بەر تینا تە دحلم،**
**بهایێ ماچەکێ**
**گەریانەکێ**
**د ئاڤریەکا تەدا بلا بکەلم. ل٦**

دڤێ پارچێدا گەلەکێ خەریبە ژ خۆشتڤیا خۆ.. یا ڤیای هیڤیا ژێ بکەت کو بێ ئومێد نەکەت و وان هەمی بیرهاتن و ژڤان و گەریانان دگەل پێکا ڤودکایی بزڤرینیت و بۆ دەمەکی کێم جارەک دی بیر ل وان هەمی تشتان بینیت.

ئەز باوەڕم پتریا ژ مە ژی چیرۆکا ساندریلایێ گولی بوویە چ خاندن، چ وەک دیتنا فلمێ وێ... بلندێ شاعر ژی ئەم باگراوند زڤراندینە و کێشا خۆیا عشقێ بۆمە د هەلبەستا ساندریلایێ دەڤەگێڕایەو دوماهیا ڤی فیلمی شیلی دوماهیا ڤینەکا مایە کەسەرو ب چاڤێن خۆ دبینیت کو بویکە و بوبیانیان هاتە ڤەگوهاستن.

**کێک برین، سەرژێکرنا بوونا منە**
**هەمی تشت د من دا دمرارن**
**سوبەهیەکا بێ سپێدە**
**بارانەکا گەرم**
**خەونێن گەنیبووی**
**دناهەنگا عشقا تەدا**
**مێهڤانێن بێ وەغەرن. ل٨**

*** هارمۆنیکا:**

ئەڤ پەیڤە پتر د وارێ هونەرێ شێوەکاریدا هاتیە بکارئینان، یان ئەم دشێین بێژین جوانکاریە (پەیڤ بخو لاتینیە):

بەلێ دلایەنێ دی یێن ژیانێ ژی دا بکاردئینن، ئەوژی گونجاندنە.. بۆ نموونە کیژ رەنگ دگەل یێ دی دگونجێت، یان کیژ تویژا جڤاکی دگەل یا دی دگونجێت یان کیژ هزر دگەل یادی و هۆسان. بلندی ئەڤ پەیڤە پتر بۆ جڤاکی بکارئینایە، کانێ چاوان ئەو دگەل جڤاکێ ئەوتێدا ناگونجیت و چاوان هزر و بیروبۆچوونێن وی یێن وەلاتپاریزی و یێن عشقێ و یێن جڤاکی دگەل رەخ و دۆرێن وی ناگونجن.. ئانکو خۆو کەسێن وەک خۆ ب مرۆڤێن نەشاز ل قەلەم ددەت.. هەمی بۆچوونێن وی بەروڤاژی یێن خەلکی نە.. ب هزرا وی نەعاشق عەشقیا خۆ دنیاسیت.. نەژی ناسناما وەلاتەکێ ب خوین رێتن و قوربانی ب مەددەتە ناسین. نەژی سانتاکروز ب مالا بلندێ شاعرو عاشق دکەڤیت.

وەلاتێ وی کچەکا جوانە.. بەلێ ناچیتە دبەریکانا شاها جوانیا جیهانێ دا.. چونکی بێ ناسنامەیە.. ئەم گەلەک حەز ژێ دکەین.. مە دڤێت رۆژ بۆ رۆژێ جوانتر و بلندتر و گەشتر لێ بهێت دا عاشقێن وێ دزۆربن و هەڤرکیەکا بەردەوام ژبۆ مانا وێ بهێتە کرن.. لێ خەلکەکێ دیژی دهێن و دچن بینە خازگینی.. نەک ژبەر حەژێکرنێ.. بەلکو ژبو کرێتکرنێ؟

هەر ئێک قەلەنێ وێ ب رەنگەکی ددەت.. لێ ئەرزان ناهێتە فروتن.

د هەلبەستا هارمۆنیکادا..

(عشق، وەلات، زانست، ئەفسانە، کریارێن جینوسایدی) تێدا خویا دبن.

ڤێ پارچا عشقێ بخوینە:

**ببۆرە لەشێ تەیێ مێ**
**سالوخەتێن باژێرێ من ددن**
**سەرێ خۆ لێژە و بێژە**
**بێ فێلم**
**بێ ڤیاگرا مرۆڤەکێ گێلم. ل١٠**

دڤێ پارچێدا پەسنا خوشتڤیا خۆ ب باژێرێ ئەو تێدا دیار دکەت، و کریارا زایندەی ژی ب ڤیاگرا ددەتە خویاکرن.. ئانکو (زانست+ عشق) بەلێ دگەهشتنا هیڤیەکێدا کو ئێکەم ژڤانێ سەیرە گەهشتیێ، لێ دیسان ب رەنگەکێ سروشتی خو نادەت دەستان و ب درستی کەساتیا خۆ بۆ ئاشکرا ناکەت.. بەلکو هەر دبێژیتێ دەم ب سەر ڤەچوو ئەز نەکەسێ جارانم.. هەر خۆ دبینیت یێ ڤەدەر ژ خەلکەک دی جۆدا و راستیا خۆ بۆ یا بەرامبەر خۆ دبێژیت.

**ببۆرە**
**حەز ژتە دکم و بێ ی ڤیاگرا**
**گێلم،**
**ببۆرە**
**سنۆرێن لەشێ تە دداڤ کرینەو**
**هیڤی دسینگێ من دا رێژگەهن**
**ببۆرە**
**بێ ی ڤیاگرا گێلم.. ل٢١**

*** ئەفسانە و بیرهاتنێن زارۆکینی:**

دبیت دەمێ ئەم زارۆک مە نەدزانی سانتاکروز کیە و کارێ وی چیە؟ و تاکو ئیرۆ ژی هەر نهێنیا ڤێ ئەفسانێ مایە. لێ دڤان سالێن داوییێ دا، پشتی ڤێ جیهانیبوونێ سنۆر نەهێلاین ل کوردستانێ ژی هاتیە نیاسین،و جاروبارا د ئاهەنگا سەرێ سالێدا خو نیشا زارۆکێن ژ دیاریێن سانتاکرۆزی بێ بەهر بوویە و د سەرمالا وانرا دەرباز بوویە بێ دەرگەهێ مالا وان بقوتیت یان د بوریا سوپێرا بهێتە د ژۆرا ویڤە. و هندەک هیڤیێن زارۆکینی بۆ پەیداکەت. چونکی مە دزڤرینیت بۆ زارۆکینیا ئەم هەمی تێدا دەرباز بووین... دەمێ بەحسێ چێکرنا شاشکێن مە ب کولیلکێن بهاران چێدکرن.. یان دەمێ مە خانیکێن جوان و بچویک درستکرن.. پێ نەڤێت زارۆکان ژی گرێدانەک ب سانتاکرۆزی ڤە هەیە، لەوران بەحسێ زارۆکینی و سانتاکرۆزی دئێک پارچەدا دئینیت دەمێ دبێژێت:

**ترێنێ تونێل دبری و**
**من.. تە**
**کوترێن پەڕ سپی دفراندن**
**شاشک ژ کولیلکا دڤەهاندن**
**زارۆکان بیاڤ دبرین و**
**هەلامەت دچاندن**
**من.. تە**
**چیرۆکێن دێوا دبای پێچاینە**
**سانتاکرۆز کویڤی یەو**
**دەرازینکا مە لێ هاموش ل١٠**

هەر دڤێ هەلبەستێدا ژبلی زارۆکینی و عیشقێ ئەم ژ ڤیان و کارەسات و حەزێن وەلاتی ژی بێ بەهر نەکرینە.. بەلکو ب رەنگەکێ یان یێ دی بەحسێ کارەساتێن ئەنفالان کریە و پەسنا دکتاتوریەتا ئەڤ کریارە کرین بۆمە ب پەیڤێن کەهی دایە خویاکرن.. دیسان دەستێ مە دگریت و مە بەرەف هەلەبچە دبەت ول گورستانێ کەڤالەکێ پێنج هزار گوڕ نیشا مەددەت:

**حەللاج**
**دەروێشەکێ قوچالی**
**هەمی شەڤان سەمایەکا بێ بەڤل**
**ل سەر ئەنیا تە گرێددەت**
**ل هەمبەر نەخشێ چاڤێن تە**
**حەللاج و قوچالی و دەروێش**
**ل سەرێن ئاڤا دبنە گلێش**
**دبیردانکا مەدا هەڤال**
**هەمی عشق**
**هەمی تشت**
**هەلەبچە و ئەنفال**
**دبنە کەڤال ل١٩**

*** خاچدان:**

یا خویایە کو عیسا یێ مەسیح ژبەر باوەڕیا وی ب ئاینێن ئەسمانی هاتە خاچدان ژبلی سەرهاتیێ وەک فلم ژی مە دیتیە.

د هەلبەستا خاچدان دا ئەز دشێم دوو خاندنا بدەمێ:

١- ئەو رەنگێ خاچدانا عیسایێ مەسیح ل دەف بلندی نەخۆشترین و گونەهترین ئەشکەنجەدانە.. ئەوژی د ئەڤینا خودا بێزاربوویە یان بێ هیڤی بووی یە کو جارەک دی دلێ وی شاد ببیت ب دیتنا خۆشتڤیا خۆ.. لەوران ژ رەخ و دور و جڤاکی بێ هیڤی بوویە.. دبیت ب دەهان ئاستەنگ دبەردەوامیا ژیانا وی کەفتنە درێکا وی دا کو نێزکترین خۆشتڤییێن خۆ ببینیت و هەمبێز بکەت.. خو ددەتە دەستێ کەتوارێ. بەلێ دیسان دڤێت ب دەستێن ئەڤیندارا خۆ بهێتە ئێشاندن:

٢- خاچ چوار کوژیە.. وەلاتێ ویژی بۆ چوار پارچان هاتیە بەلاڤکرن. بزاڤێ دکەت ئێک هەبیت وان پارچان لێک بدەت دا وەکی خاچێ لێ بهێت.. حەز دکەت وەکی پەیکەر بهێتە درستکرن. بەلکو د ئایندەک نە دویردا ئەڤ هەمی پارچە ببنە ئێک و پەیکەرساز پەیکەرەکێ دەولەتێ چێکەت و ئالایەک بلند ل نەتەوێن ئێکگرتی هەبیت.

**من خاچ بدە**
**ژ ناڤ زەڤیکا سینگێ خوە من ڤێدە**
**ئەزێ مارق بوویم**
**ل هنداڤ من ببە ئاسمان**
**نەخشێ تە کابۆسەکێ پیسە**
**شەڤ و رۆژێن من تێکڤەددەت**
**من دهەڕمینیت**
**زڤێرم**
**ژ هەبوونێ**
**ژ تە**
**ژ خوە**
**ژ دەولەتبوونێ**
**پرتێن من ڤێکدە و**
**من خاچ بدە ل٢٠-٢١**

*** ڤالنتاین:**
دنیڤا مەها ئادارێ دا ئەڤێ جەژنێ ل ئەوروپا دگێڕن دبێژنێ جەژنا عاشقان من دهژمارا (٢٥) یا کوڤارا پەیڤ تشتەک ل سەر ڤێ هەلبەستێ نڤێسیایە.. ئەز باوەڕناکەم.. زێدەهیەک من بۆ ڤێ هەلبەستێ هەبیت تنێ دێ بێژم؟
ئەگەر خەلکی رۆژێن عشقێ هەبن و گولێن سۆر پێشکێشی ئێک دوو بکەن... ئەگەر خەلکی رۆژ هەبن ببهنێن خوش و دلڤەکەر ل ئێک دوو بڕەشینن ئەڤە ئەڤ عاشقێن کورد ژی داخوازا وەزارەتەکا ڤیانێ دکەن.. ئەرێ هوین بێژن ئەڤ وەزارەتە بهێتە دامەزراندن؟ ئەرێ دێ مەژی رۆژ هەبن گولا نەک گوللا پێشکێشی ئێک دوو بکەین.. ئەرێ؟ ئەرێ..؟ ئەرێ؟ هەر دەما بەرسڤا ڤان ئەرێیان هاتەدان هوین هەمی دێ زانن و بلندی و گەلەکێن دی بەحسی کیژ وەزارەتێ یە؟

*** پەیڤێن قەرەچ و سامبا ژی د هەلبەستا تشتێن نەمردا بکارئینانینە.**
**سامبا:** ئەو سەمایا لەش و روح و گیان پێکڤە دلەیزن. بلندی ئەڤ سەمایە ل بەر لەمپێ کریە و لبەر پەنجەرێ راوەستیایە بەلکو یارا وی ببینیت دەمێ ڤێ سەمایێ ل شەڤێن تاری و ل بەر رۆناهیا لەمپێ دکەت.
**قەرەچ:** ئەڤ پەیڤە نەیا کویڤیە ل دەڤ مە.. بەلکو بلندی ئەڤە ب رەنگەک دی بکار ئینایە.. خۆ ب وان ناڤکریە و داخوازا وی ئەوە، کو ژوان ژی نەهێتە ڤەدەرکرن.
ل دوماهیێ دێ چەند ئەنجامان دەمە خویاکرن یێن ئەز گەهشتیمێ بۆ ڤان پەیڤێن دتشتێن نەمردا هاتینە بکارئینان.

**ئەنجام**
**ساندریلا + هارمونیکا:** ئەفسانە و نەشازی و جیهانەکا فانتازی.
**سانتاکروز + ڤالنتاین:** بێ بەهری ژ عشق و ڤیانەکا نەمر و روحی.
**خاچدان + جینوساید:** نوێترین رەنگێن مرنێ و زیندیبوونێ.
**سامبا + قەرەچ:** سەمایەکا هەمی کەس نەشێن بکەن و ژیانەکا کەس حەسیدیێ پێ نەبەت.
**ئێکسپایر + ڤیاگرا:** دوو تشتێن پەیوەندی پێکڤە هەی و هێزەکا چێکری.

# ڕۆمانی (شەخەڵی داربەڕوو سنووری ستەم و ئازار)

**پ. د. عومەر ئیبراهیم عەزیز (پەتی)**
**(کۆلیژی پەروەردە - زانکۆی سەلاحەددین)**

**(١ - ٢)**

وەک دەزانین دەروونزانی (سایکۆلۆژی) زانستێکی سەردەمی فرەلایەن و زۆر لق و پۆیە، زانستێکە پێوەندی بەگشت چالاکییەکانی مرۆڤەوە هەیە، لەگەڵ هەموو بیرکردنەوەیەک و ڕەفتارێکیدا لە ماڵ و لە خوێندنگە و لە شەقام و لە کارگە و لە دامودەزگاکان و لە گشت شوێنە گشتی و تایبەتیەکاندا خۆی دەنوێنێ.

بۆ خۆناسین و زانین و هەڵسەنگاندنی بیروبۆچوونی خەڵکانی دیکەش، پەنا دەبرێتە بەر زانستی دەروونزانی، گەر بمانەوێ دیوی دەرەوە و ناوەوە (ئاشکرا و شاراوەی- ڕوخسارو ناخ)ی مرۆڤێک یا چەند مرۆڤان یان هەڵسوکەوت و ڕووداوەکان لە دەقێکی نووسراودا بە باشی بخوێنینەوە، ئەوا بێگومان دەبێ شیکردنەوەی دەروونزانیانەیان بۆ بکرێت. هەرچەندەش زانستی دەروونزانی بەرەو پێش بچێت، ئەوا ئەوەندە کاردانەوەی لەنێو دەق و کارە ئەدەبی و هونەرییەکاندا ڕەنگ دەداتەوە.

هەڵبەتە نووسەرانیش هەر وەک تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگەکەیان گیروگرفت و حەز و ویستی خۆیان هەیە، بۆچوون و باری دەروونیان و ڕەفتارەکانیان تا ئاستێکی زۆر باش لەنێو کار و کردار و بەرهەمەکانیان دەخوێندرێتەوە، فرۆید دەڵێ: «ئەو نووسەرەی خەون بە خۆشەویستی و نەمری و دەسەلات و دەولەمەندی دەبینێ، ئەوا خەون و ئارەزووەکانی لەنێو نووسینەکانی بۆ دێتەدی» .

شیکردنەوەی دەروونزانیانە بۆ دەقە شاکارە ئەدەبیەکانی جیهانی کە بەزمانە جیهانی و دەولەمەندەکان نووسراون (بەتایبەتی ڕۆمان و شانۆگەریەکانیان) گەیشتۆتە ترۆپک، بەڵام لای خۆمان وەک بابەتێکی سەربەخۆ (بەپێی ئاگاداری من) گەلێک بایەخی نەدراوەتێ. تۆژینەوەی سایکۆلۆژی بۆ دەقە نووسراوەکان، ناوەرۆکی بابەتەکە جوانتر دەردەخات و تاموچێژی لایەنە هونەریەکانیشیان ڕوونتر دەنوێنێت.

چەندین نووسەری جیهانی لە بواری ڕۆمان و شانۆگەریدا، نەک هەر زانستی دەروونزانیان زۆر بە کارامەیی لە بەرهەمەکانیاندا بەکارهێناوە، بەڵکو لە هەمان کاتدا ئاسۆی زانستەکەشیان ڕووناکتر و فراوانتر پیشان داوە، چونکە زۆربەی هەرە زۆری حاڵەتە دەروونییەکانیان زۆر بە قووڵی و بەزەقی لەنێو بەرهەمە بە پێزەکانیان دەربڕیوە، هەر بۆیەشە کە زانایانی دەروونزانی ناوی کەسایەتییە بەرچاوەکانی نێو داستانە کۆنە ناودارەکان و ڕۆمان و شانۆگەرییە بەناوبانگەکان و ناوی نووسەرەکانیان وەک زاراوەی تایبەت بۆ زانستی دەروونزانی بەکارهێناوە و بە ئاسانیش چەسپاون و بڵاوبوونەتەوە، هەر بۆ نموونە: زاراوەی (سادی) لە ناوی نووسەری فەڕەنسی (مارکیز دی ساد)ەوە وەرگیراوە.

(ماسوکی) دەدرێتە پاڵ ناوی نووسەری نەمساوی

(لیوبولد فون ساخر ماسوک). ناوی شانۆگەرییەکی یۆنانییەوە.

(گرێی ئۆدیب گرێی دەروونی) لە ناوی پاشای وەرگیراوە.. (تاوان و سزا)ی ڕۆماننووسی ڕووسی (دیستۆفسکی) لێواولێویەتی لە شۆڕبوونەوە بەناو ناخی مرۆڤەکان و شیکردنەوەی باری دەروونییان. زۆربەی نووسەران لە پێناوی داهێنان و دەربڕینی ویست و خەیاڵ و ئارەزووە کپکراو و ناکامەکانی خودی خۆیان و کەسانی دەوروبەریان، لە چوارچێوەی کۆمەڵێک ململانێی دەروونی بەشێوەیەکی هونەری لەژێر کاریگەری تەوژمی هۆش و زیندەخەون و خەیاڵدا، حاڵەتە دەروونییە جۆراوجۆرەکان زۆر بە جوانی و بەشێوازێکی هونەی بەرجەستە دەکەن. کەواتە هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبیە خۆماڵیەکان لە بواری دەروونزانییەوە پێویستییەکی پێویستە، ئێمەش لەم ڕوانگەیەوە بەپێی تواناو شارەزایی خۆمان لەم بوارەدا (دەروونزانی) ئەم بەرهەمە ئەدەبیەمان هەڵبژاردووە و دەمانەوێت ئەم کۆششەمان پێشکەشی هاوزمانانمان بکەین.

ڕۆمانی (شەخەڵی داربەڕوو- سنووری ستەم و ئازار)م خوێندەوە، کە لە لایەن (سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر)ەوە نووسراوە، زۆر بوێرانە و ڕاستگۆیانە و ئازایانە مامەڵەی لەگەڵ ڕووداوە ڕاستەقینەکان کردووە و بەخەیاڵێکی زۆر جوان ڕازاندراوەتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە بەزمانێکی پاراو دایڕشتووە، ئەمەشیان شارەزایی نووسەر لە ڕووی زمان و فەرهەنگەوە دەردەخات.

هۆنەر بە ناخی خۆیدا شۆڕدەبیتەوە و هەڵبەست بۆ خەڵک دەنووسێت، کەچی نووسەری ڕۆمان و شانۆگەری ئەوا دەبێت بەناخی چەندین کەسدا شۆڕبێتەوە و تا ڕادەیەکی زۆریش هەست و نەستی خۆیان لەگەڵ کەسانی ناو چیرۆکەکە بگۆڕنەوە بۆ ئەوەی بەرهەمێکی ئەدەبی ڕاستەقینە بنووسن، چەندیش ڕۆماننووس یا ئەکتەر بتوانێت کەسایەتی خۆی وەلابنێت و لەنێو ناخ و دەروونی بەرامبەرەکەیدا پتر بتوێتەوە ئەوەندە بەرهەمەکەی نایابتر و بە تەمەنتر دەبێت. نووسەری ڕۆمانی (سنووری ستەم و ئازار)یش ویستوویەتی لەم بوارەدا ئەسپی خۆی تاوبدات و زۆر سنووران ببڕێت، بۆیە زۆر بە وریایی لەنێو دەقەکاندا بایەخێکی تایبەتی داوەتە دەروونزانی.

لە کاتی دەرخستنی سیماو ڕوخساری پاڵەوانەکاندا توانیویەتی دیوی ژوورەوەیان دەربخات، چونکە هەڵچوونەکان باری ناوەکین و کاردانەوەی کرداره فسیۆلۆژییەکانن، هەروەها ڕەفتاری دەربڕینی دیاریکراون، کتوپڕ بە دیاردەکەون و بەزەحمەتیش کۆنترۆڵ دەکرێن (دەستیان بەسەردا دەگیرێت).

(دافیدۆف، ١٩٨٣، ل: ٤٨٠) بۆ نموونە: (لەبەر خۆیەوە پێکەنینێک پێکەنی کە بەتەواوی لە گریان دەچوو) ل١٠٥.

لە بەشی (٥- کاروان و ئاوات)دا چەندین تابلۆی تراژیدی دەکەونە بەرچاو وەک: (ژنەکە پەڕۆکێکی سپی بۆری لە تەوێڵی بەسترابوو، هەر لە مەلۆتکەکان ڕادەما و فرمێسکی سێ ڕیز دەباراند، پشتە چاوەکانی پەنماون، ڕوومەتی قۆپاوە، ڕەنگ زەرد و تلّخە.) ل٨٣.

لەم دیمەنەشدا هەڵچوون پیشان دەدا، هەڵچوونەکان سێ باریان هەیە (نیگەرانی و تووڕەیی و شەڕانگێزی). لێرەدا لایەنە نیگەرانییەکەی پێوە دیارە.

لە بڕگەی «... کە دەمی لە کولّمی دوور خستەوە ئاوات لە لەرزین کەوتبوو، ڕەنگە زەردەکەی تەڵختر بوو، چاوەکانی لە مۆڵەق وەستان، لێوە تەنکەکانی لەسەر ددانە ورد و سپییەکانی وشک بوونەوە..»ل٩٢. نیگەرانیەکەی پتر دەرخستووە. خۆی لە خۆیدا نیگەرانی سۆزێکی ناخۆشە، کار لە لایەنی فسیۆلۆژی بە هەموو ئەندامەکانییەوە دەکات، وەکو گرژی و لێدانی دڵ و دەربڕین بە دەموچاو و بەهێماش. واتە لە ڕواڵەتی کەسایەتییەکان ڕەنگ دەداتەوە. دیارە لە میانەی بارە ویژدانییەکاندا کاردانەوەی کردارە فسیۆلۆژییەکان لە دەزگای (کۆئەندامی) ناوەندە دەمار دێنە کایەوە و تەنانەت کار لە کرداری ڕژێنەکانیش دەکەن. «شێرکۆ وەک لە خەماوێت هەڵکێشابێ ڕووی وەرسووڕاندەوە و گوتی:..»ل٨٨

زۆر جاریش بەهۆی هەڵسوکەوت و ڕەفتار و گفتار یان باری دەروونی کەسایەتیەکان دەنوێنێت، بڕوانە هەڵچوون و دەمارگیران لە دیمەنێکی کڵاوی خۆی دەگرێت با نەیبات: (لەپێشدا حوسێنە فەندی هەستی لە لای کوڕەکە نەبوو، بەڵام کە بە ئاگاهات، هەموو لەشی خۆی کرد بە گوێ، بیستی وا هەمان دێر لە سەرەتاوە دووبارە دەکاتەوە، شپرزە بوو، کەس نازانی چ ناکەسێکی، دەڵێی مەیموونی، دەزانی گووەکی چەند گەورەیە و لە کێندەریش دەیخۆی..» ل٣٤. کە وروژاندن ڕوودەدات، بەپێی بەهێزی و کاریگەری هۆکارەکە، کاردانەوەی لەسەر وروژێنراوەکە دەردەکەوێت. کە دەڵێ: (وەک تەزووی کارەبا لێی بدات لە شوێنەکەی خۆی بەرزبۆوە، بە پەشۆکاوی نەڕاندی: وسس وسس! وسبە کوڕە وسبەو دەمت داخە، هەی تەفرەقەچی کوڕی تەفرەقەچی، هەی هەتیوی خوێڕی..) وروژاندنەکە ئەوەندە بەهێزو کاریگەرە بۆیە کاردانەوەکەی ئەوەندە بەهێزە کە بەم ڕەفتار و قسەی ناشایستانە وەڵامی دەداتەوە.

حوسێن کە بەڕێوەبەری خوێندنگەیە، لە ترسی ئەوەی نەوەک ئەویش بە ئاگری خوێندکارەکەوە بسووتێت،

جڵەوی هۆشی لە دەست بەردەبێت و پێی هەڵدەشاخێت و ئەم وشە ناشیرینانەی لە دەم دەردەچێت کە لە هیچ بەڕێوەبەرێک ناوەشێتەوە.

هەر بۆ نموونە چەندین دەق و ڕووداوی ناو ڕۆمانەکە لە ڕووی دەروونزانییەوە شی دەکەینەوە:

شیکردنەوەی دەروونی مرۆڤ و دەرخستنی ململانێ و زۆرانبازییەکانی کە لەنێوان حەزو ئارەزووە تایبەتییەکانی خودی مرۆڤ لەگەڵ هۆش و داب و نەریتەکانی کۆمەڵگە و بەها ئایینی و مرۆڤایەتییەکان لەنێو ناخدا، گەر لە ئەنجامدا بیروهۆشی مرۆڤ بڕیاری ڕاست بدات ئەوا سوودبەخش و سەرکەوتوو دەبێت، بەڵام کە هێزی ئارەزوو و ویستە دزێوەکانی خۆپەرستی مرۆڤ زاڵ دەبن ئەوا هزر و هۆش بێ هێز دەبن: (مرۆ بۆ ژیانی ژیان، بۆ گەشەکردن و جوولانەوە و هێز بەخشین، بۆ دروستی لەش، بۆ مانەوە و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خودی خۆی و مرۆڤایەتی لە سووڕی ژیاندا، خواردن و خواردنەوەی بەپێی پێویست گەرەکە، سێکسیش سۆنگەی زاوزێکردن و ئامرازی نەبڕانەوەی توخم و ڕەگەزە، بەڵام کە زێدەڕۆییان لێدەکرێ و دەکرێنە تاکە هۆی خۆشی و ڕابواردنی ژیان، دەبنە پەردەیەکی ڕەش و تانەیەکی تاریک، ڕەشکێنەی چاوی ئەقڵ سپی دەکەن. سۆز، هۆشە«٢» لە هۆش دەکات دەبێتە ڕێشمە«٣» کێشی هزر و بیر، بستە باڵای خۆیەکی«٤» نەوسن و چڵێس، باڵا دەکات، دەبێتە حوج، باڵادەست دەبێت، خۆمەکی باڵای ژیری و ویژدان زین و لغاو دەکات و پێ دەخاتە ئاوزەنگ و جڵەوی دەگرێتە دەست و تەقڵە کوت بەبێ وەستان، تەڕادانیی پێدەکات. بەڵێ مرۆڤ، لە مرۆڤایەتی دەشۆرێت، لە یەک کاتدا دەبێتە یەخسیر و دەبێتە گورگێکی هاری بەرەڵڵاش، دەبێتە دیلی گیرفان و گەدە و بەرگەدەی، هەر بۆ ئەوان دەژێت هەر لەپێناو ئەوانیشدا دەمرێت، کە وەڵامی بانگی تێرنەخۆرە بدەنەوە، ئیدی ئەوانیش لێی دەبنە دەربالووش، هەرچەندە، تاوانی لە خۆی گەورەتریان بۆ دەکات، بەڵام هەرگیزاو هەرگیز بۆی تێر ناکرێن و دەروەستیان نایێت). قوڕاو خواردن، ل١٧٢. دەربڕینی پێداویستییەکانی مرۆڤ کە لەم دەقەی سەرەوەدا دەربڕاوە دەقاودەق لەگەڵ تیۆری پێویستییەکانی مرۆڤایەتی (ئەبراهام ماسلو) یەک دەگرنەوە، کە سەرەتا بەپێویستی فسیۆلۆژی دەست پێدەکات، ئەویش بریتییە لە خواردن و خواردنەوە و هەواو دایکایەتی، واتا لە بنەڕەتییەکانە و پێویستییان بە تێرکردن و هێنانەدی و دابینکردن هەیە، چونکە ئەگەر ئەم پێویستییانە نەهاتنەدی ئەوا کار لە پێویستییەکانی دیکەی (پێویستی ئاسایش و ئارامی، پێویستی خۆشەویستی، پێویستی ڕێزگرتن، پێویستی زانیاری، پێویستی جوانی، پێویستی هێنانەدی خود). دەکات.

کە دەسەڵاتدارێکی زلهێز دەیەوێت کۆمەڵە خەڵکێک بچەوسێنێتەوە یاخود قەڵاچۆیان بکات، ئەوا پەنا دەباتە بەر فرتوفێڵ و هەڵخەڵەتاندن و هاندان و پاداشت و ستەم و سزا و ترس و تۆقاندن، هەڵبەتە ئەم کردارانەش کاردانەوەی جیا جیایان لەنێو کۆمەڵگەدا دەبێت:

کۆمەڵێکی هۆشیار و دڵسۆز زوو هەست بە مەترسییە دوور و نزیکەکان دەکەن و بەرژەوەندی کۆمەڵگەکەیان لەبەرچاو دەگرن و لەخۆ خۆشدەبن و بڕیاری خۆبەختکردن و بەرەنگاربوونەوە دەدەن، ئەگەر لەپێناو ئامانجە پیرۆزەکانیشیاندا سەربنێنەوە ئەوا خۆیان بەسەرکەوتوو و سەرفراز دەزانن، چونکە بڕوایان وایە کە هەر دەبێ ڕەوا و ڕاستی سەربکەون و ستەمکارانیش بەدرێژایی مێژوو هەر نەفرەت و ڕووڕەشیان بۆ ماوەتەوە. نموونەی کەسایەتییەکانی لەنێو ڕۆمانەکەدا بەرەنگار ستەم بوونەتەوە: شێرکۆ، دلێر، ئاوات، نەبەز، یادگار، شێرزاد..

(چاوە شەکەتەکانی برینەوە شێرکۆ: «شێرکۆ! کوڕەکە ناو بنێ (نەبەز)، کچەکەش بۆ دایکم بنێرەوە، با ناوی (ئاوات)ی لێ بنێتەوە، ئەوپەروەردەی بکات، کە گەورە بێت بە کەڵکی تۆ و براکانی و داماوان دێت، ئەمانەتت منداڵەکان بێت بێ مرادیان نەکەیت... ئەمن دەمرم ستەم و ئازار لە ڕێگەی ڕاستت لانەدات) کاروان و ئاوات، ل٩١.

شێرکۆ: (ڕۆڵە ئەوە سێیەمین جارە تۆ دەبینمەوە، پێشتریش پێم گوتی ئاواتی دایکت ناوی نای نەبەز، مەبەستی بوو ستەم و ئازار نەت بەزێنن)ل٢٣٨.

زانایانی دەروونزانی کە تۆژینەوەیان لە بواری کەسایەتیدا کرد، تۆژینەوەیان لەسەر سیفەتە گشتییەکان کردووە، کە لە هەر تاکێکدا لەگەڵ تاکێکی دیکە جیاوازە، هەر ئەم جیاوازیەشە بووەتە هۆی ئەوەی کە هەریەکە و خاوەنی کەسایەتییەکی سەربەخۆی خۆی بێت. سەرەڕای ئەمەش کە کەسایەتی جۆرێکی بەردەوامی ڕێژەیە (٪) لە درک پێکردن و بیرکردنەوە و هەستەکان و ڕەفتاردا. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە تاک ببێتە خاوەنی کەسایەتییەکی دیاریکراو، پێکهاتەی کەسایەتی- بیرۆکەکان و پاڵنەرایەتی و مەیل و ڕەوت و توانست و دیاردە هاوشێوەکان دەگرێتەوە. (دافیدۆف، ١٩٨٣، ل٥٧٠).

دایکی دلێر: (.. میللەت، میللەت، کۆڵی خەمی میللەتێک بۆ بەتۆ هەڵدەگیرێ؟ سرا لە ئەقڵت!... خۆت دەکەیتە قوربانی خەڵکی!؟)ل٢٢.

(کاتی لێدانەکە، ئەستوورایی هێزی دوژمن لە لای

بەشی دواوەی کەمینەکەمان بوو، بەهۆی بلێسەی (ئارپی گی)یەوە زوو شوێنی دانیشتنیان ئاشکرا بوو، برێک لە هێزەکەی دوژمن، شوێنەکەیان دیاری کرد و ویستیان لە لای پردەکەوە بۆیان بسووڕێنەوە و پشتیان لێ بگرن و گەمارۆیان بدەن، بەڵام مامۆستا (یادگار) زۆر هوشیار و زانا بوو، شوێنەکەی خۆی بەجێ هێشتبوو و بۆ ئەولا سووڕابوو.. بۆیان هەڵدەستێتە سەر پێیان و گوللەبارانی کردبوون، ئینجا هاوار دەکات: کوڕەکان بوومە قوربانتان، ئەگەر ئی شوێنە بەرزە بگرن کەزتان قورتار نێود.... هتد)ل١٣٤.

(مامۆستا یادگار دەیفەرموو: «گوللەی ستەمکار مرۆڤی بە باوەڕ نابڕێت، مرۆڤ کە هەر دەبێ بمرێ، بۆ بەملشۆڕی و بەڕووزەردی بژی؟ بۆ لەپێناو ئامانجێکی پیرۆز، بەسەربەرزی و بە ڕووسووری سەرنەنێتەوە.»ل١٣٧.

(تۆ و بەهۆی خاک و ئاو و بارودۆخێکی لە بارەوە چەکەرە دەدات، چەکەرەکەش دەبێتە ڕەگ و قەد و گەڵا، ڕەگ بەناخی خاکدا دەچێتە خوارەوە و لەگەڵیا تێکەڵاو دەبێت و لێی جیا نابێەوە، قەد: گەڵا و گوڵ دەردەکات، گوڵ دەبێت بە بەر، بەریش دەبێتەوە تۆ وا!. خاک: وڵاتە. ڕەگ و قەد و گەڵا: گەلە. گوڵ: خوێنی ئاڵی شەهیدانە.

بەر: سەربەستی گەل و نانی ڕەنجدەران و ئازادیی نیشتمانە)ل١٣٨.

لە پۆلینکردنەکانی پاڵنەرایەتی (هاندەرایەتی) پاڵنەرایەتی بایۆلۆژی و پاڵنەرایەتی کۆمەڵایەتی (وەرگرتووە). پاڵنەرایەتی کۆمەڵایەتی بریتییە لە (پاڵنەری سەرکەوتن، دەست بەسەرداگرتن، پاڵنەری خۆشەویستی، موڵکایەتی، خۆشەویستی نیشتمان)ە، هەر بۆیە لێرەدا پاڵنەری خۆشەویستی نیشتمان زۆر کاری کردۆتە سەری و ئامانجی هەرە پیرۆزی سەرنانەوەیە لەپێناو ئازادکردنی نیشتمانەکەی.

(نازانی ڕەوا و ڕاستی توانا و پشتیوانن. هێزی ناڕەوا هەمیشە ئەژنۆ شل و بێ هەناوە. با ملەوەزیش بێت، زوو هەرەس دێنێت)ل١٨٤.

(ئەگەر مرۆڤ داکۆکی لە مافێکی ڕەوا و ئامانجێکی پیرۆز نەکا، ئەنجامەکەی لەمانە باشتر نابێ. هەر ئەم نهێنیەش بوو، بووە هۆی سەرکەوتنی ڕەشورووتە جەزائیریە خۆڕاگرەکان، کە سەریان بەسەرکردایەتی داگیرکەری وڵاتەکەیان بەزاند. گەلی ڤێتنامیش گەورەترین زلهێزی جیهانی دەرپەڕاند.

منیش کە بەزۆرەملێ و بە ملهوڕی بیانەوێ خاکی وڵاتەکەم لەژێر پێما دەربهێنن.. ئەگەر هەموو خاکی گۆی زەمین خڕ بکرێتەوە ژێر پێم و گشت کۆشک و تەلار و باخ و بێستان و ئافرەت و شیرین و شۆخ و خۆشی جیهانم بۆ بێنن، فەرامۆشی کۆڵانە قوڕاویەکەی دێیەکەمان و تووترکەکانی قەراخ باخەکەم پێ نابەخشێت، نامۆیی و پەرێشانیم لە دڵ دەرناکات. ئەم دیمەن و بۆن و بەرامەیە لەگەڵ هەست و نەست و خوێنما تێکەڵاو بووە، ئاوێتەی یادگارە تاڵ و شیرینەکانمە، گڵکۆی باوک و باپیرانمە، هێلانەی ئارام گرتنمە، ژیانمە، مردنمە.. لە هەر شوێنێک بم هەر بە بیانیم دەزانن، هەر هەست بە نامۆیی و کەمایەتی و بێ ڕەگی و بێ کەسی خۆم دەکەم. ئیدی گیانم بەم هەراسانی و زیندە مردنە بۆ چییە؟ هەی قوڕ بەسەر ئەو دوژمنەی دەیەوێت بە داپڵۆسین و تۆقاندن ملم پێ کەچ بکا..!)ل١٨٤.

کۆمەڵەی دووەم خۆیان دوورەپەرێز دەگرن و دەبنە لای سەرکەوتووان.

هەمیشە بیر لە بەرژەوەندی ڕۆژانەی خودی خۆیان دەکەنەوە خۆپەرست دەبن و خەم بۆ دوارۆژیش ناخۆن، ئەم جۆرە کەسانە لە کەسایەتی دەروونزانیدا جۆرێکن لە جۆرەکانی کەسایەتی بە یاریەکی (دوورەپەرێزەکی) هەر کەسایەتی سادە و ساکارە و هەستیان ئاڵۆزە، یان کەسایەتی دیار و بەهێزی هەیە.. هتد: نموونە حوسێنەفەندی:

(ساڵێکمان ماوە ئەسکوردمان دەشکێنین، خانەنشین دەبین، باوکم بەرگەی تێهەڵدان و بوتڵ و کارەبا و لە دار بەستان و ئوتی کردنی کونە ڕەشەکە ناگرین، بردن و لە شاخ هەڵدانی ئەو لاشمان بۆ ببێتە سەربار، کوڕە دارێکە و هەردوو سەری نا، هەمووی، هەر هەمووی بە تەواوی پیسە، بزانم کێندەری دەگری؟..)ل٣٨. (حوسێن خۆی لە مەبەستی قسەکانی شوکر گێل کرد، پاش ماوەیەک: من فشەم بە قسەی گەورە دێت و لە کاویژکردنەوەی فەلسەفەی نێو کتێبانیش بێزار بوویم، زۆریش لەم بابەتە پەند و ئامۆژگاریانە دەزانم بەڵام خۆم باوەڕم بە هیچیکیان نییە. تا ئەو ڕۆژەی ئەو بارودۆخەی من دەیڵێم نێتە کایەوە من کورد نیم، تەنیا ساڵێکم ماوە خانەنشین دەبم، شڕە کارگەیەک و پێنج شەش دوکانم هەنە لە خۆم تێک نادەم، ماڵ و منداڵی خۆم بە دەرۆزەکردن ناخەم)ل٤٤. (هەردوو دەستی بەسەریەوە گرت: من کڵاوەکەی خۆم دەگرم (با) نەیبا خودام دەکرد ژێر و ژوور دەبوو)ل٤٤.

کۆمەڵەی سێیەمیش (بەزۆری کەمینەن) لەپێناو سامان و دەسەڵات و ویست و ئارەزووە خۆپەرستەکانیان دەبنە مقاشی دەستی ستەمکاران، دەسەڵاتداریش تا کاری پێیان مابێت ئەوا پشتگیریان دەکات و هانیان

دەدات، ئەمانە لە کۆمەڵگەی پاک و پێشکەوتوودا زۆر دەگمەنن، بەڵام لە کۆمەڵگەی چەوساوە و دواکەوتوودا بە خێرایی پەرە دەسێنن، کە ئەمانیش چەند لقێکن:

هەندێکیان بەهۆی نەزانی و برسیەتیەوە دەکەونە نێو داوی دەسەڵاتدار و هەست بە ترسناکی کارەکانیان ناکەن تا دەرەنجامی کۆتایی بەچاوی خۆیان نەبینن، نموونە: (مستۆ- کابرای ڕووگرژ): ژنەکەی مستۆی: بە گریان و پاڕانەوە گوتی: (کوڕە بۆ چەند دیناران بە نەخۆشی لەم ڕۆژە ڕەشەدا بە جێم مەهێڵە.

مستۆ: منیش گوتم بڕە پارەیەک پەیدا بکەم، زوو دەگەڕێمەوە لاتان، بەڵکو دەت بەمە لای دکتۆری و چارەت دەکەم، ئەم کۆخە و دەردە باریکەیەی تۆش ئەوە چەند ساڵە یەخەی بەرنەدای، ئەوە چەند مانگە لەنێو جێگەدا کەوتووی، منیش بە گیرفانی بەتاڵ بە دیارتەوە دانیشتووم، لە جێگەی تۆ خزمەتی منداڵان دەکەم، ماڵی دایکت ئاوابێت، کە نانمان بۆ دەکەن، ئەگینا دەبوایە وەک ژنان هەویر و هەنگوتکیش بکەم. (نەختێک دڵی ئارام بۆوە) دەبێ سلێماناغا بەهانای منداڵەکانم نەهاتبێ، چەند جار بۆ کاری گرنگ و پڕ مەترسی، بۆ دەنگوباس هێنان، منی ناردۆتە ئەودیو، هەموو جارێکیش پارەیەکی باشی دەدامێ، ئەدی ئەم وڵاخانەم بەچی کڕین؟ چێڵێ بازیم بەچی کڕی؟ دەیگوت هەر ئیشێکت لەناو میری هەبێت بە برای خۆتی بسپێرە، بڕیاربوو بە مووچە خۆر، بە مجێوری مزگەوت یان پاسەوانی قوتابخانە دامبمەزرێنێ...هتد)ل١٠٥. (زۆر بە پەشیمانیەوە: من و ئەم خەڵکە سادەیە، هەتا لە خۆمان نەقەوما لە کەسی دیکە پەندمان وەرنەگرت..)ل١٠٨.

باری دەروونی ئەم کەسانەش دەقۆزنەوە کە بەهۆی بەسەرهاتە تاڵەکانی ژیانی رابردوویان دڵیان شکاوە و ڕقیان لە کۆمەڵگەکەی خۆیانە، پتریش هەستی تۆڵەسەندنەوەیان لە دەروونیدا پەروەردە دەکەن و پلە و پایە و دەسەڵاتیان دەدەنێ و بە گژیانەوە وەدەنێن و تاوانی گەورە گەورەیان پێدەکەن کە ئیتر کەڵکی گەڕانەوەی نێو کۆمەڵگەیان نەمێنێت. نموونە: شێخۆ، مەلا سەید شێخ محەمەد ئەمین:

«شێخۆ، کەچەڵێکی ڕیویلەی ڕەنگ تەڵخ و نیمچە کۆسە و چاو گورگانی و لووت و لمووز تووڕەگانی و ددان گڕ و دەنگ باریک بوو... پەروەردەی ژێر چەپۆکی بێ بەزەیی باوەژنێکی زۆردار بوو، منداڵێکی چڵکن و شڕ و شەپڕێو بوو، کەس ڕەنگی ڕاستەقینەی جلکە دڕاوەکانی نەدەزانی، بە منداڵی خۆڵی دەخوارد و قامکی گەورەی خۆی دەمشت، وردە وردە خووی خۆڵ خواردنەکەی بە جگەرەکێشان گۆڕیەوە.

بە نەهێنی توێکڵی قەدی دار گوێز و دار سێوەکانی باخی ماڵی باوکی باوەژنەکەی تراشیبوون، دارەکان وشک بوون، کلکی ماکەرێک و جاشکێکی ئاوایی بڕیبوو، چەرمەسەری بە مریشکی گوندی دەکرد، بەدزییەوە پێستی پشتی ملی مامرەکانی بە گوێزان دەبڕی، چەرم و پەڕەکانی ڕادەکێشایە سەر سەرو چاو و دەندووکیان، ئینجا بەرەڵڵای دەکردن، لە دڵی خۆیدا زۆر بەخۆشیەوە دەیگوت: (مریشکی مل ڕووت و ئەلمۆدەتان لێ دەوەشێتەوە)، مریشکی پوورە ڕەیحانی خۆشی وا لێکردبوو، لە ناخی دڵەوە دەیگوت: (هەی دایک و باوکتان.. هەی گەورەو بچووکتان.. هەی نێر و مێتان..)ل٦٥.

(کینەبەری و ئێرەیی لە دەروونیا جێگەی خۆشەویستی و بەزەیی نەهێشتبۆوە)ل٦٧. (منیش ژەهرم لەگەڵ ماستاودا دەرخواردی زڕدایکم داوە، ڕاوێژکارێکیشم بە قسەی (أبو رسالة) بە سالیۆم کوشت.. هتد)ل٢١١.

(دەزانم لەم شەڕە سەگەی تێیکەوتووم دەرناچم. بۆیە کە بۆ ئەرکی تایبەتی ڕەوانی دەرەوەیان کردم، ویستم نەگەڕێمەوە و لە دەست ئەم گەلە نەهەنگە و ئەم حکومەتە حەزیایە دەرباز ببم، بەڵام من نەخوێندەوارم و هیچ زمانێک نازانم، جگە لە چەکداری و کوشتنکاری پیشەیەکی دیکەم لە دەست نایەت، لە هەندەرانیش جێگەم نابێتەوە، لە یانەیەکی شاری بەرلین یەکێک بانگی کردم: (شێخۆ خوێڕی! کارخانچی ئەوە لێرەش لێمان ناگەڕێیت، چ کەتنێکت لەژێر سەردایە) کەواتە لە هەندەرانیش دەمبیننەوە و دەمکوژن، لێرەش دەستم لە خواردنەوە و پایەی بەرز و سامان کۆکردنەوەی بێ ئەندازە بەرنەبوو تا پاشەڕۆژم بەم ژیانە پڕ مەینەتیە گەیشت، خۆزگە نەهاتبوومایەوە، کە خۆم لەناو چووم سامان و پایە چیم بۆ دەکەن؟ باشە خۆ زۆر کەسی دیکەش وەک من بەناڕەوا پایەی بەرز و پارەی زۆری کۆکردۆتەوە و لافی وڵاتپارێزی و نەتەوە پەروەریش لێدەدەن و کەسیش لە گوڵ کاڵتریان پێ ناڵێت، بۆ تەنیا من بە پەند چوویم، هەر من بزنم!..)ل٢٠٠. (خۆزگە جارێکی دیکە دەستم دەگەیشتەوە (أبو رسالة)، هەر بەخۆم دەمزانی چۆن دە گوللەم لە تەختی نێوچەوان و کەللەی سەری دەدا..)ل٢١١.

لە هەمان کاتدا نووسەر بیروبۆچوون و باری دەروونی تاک و چینی ستەمکاری فەرامۆش نەکردووە، دەسەڵاتدار و بەرپرسەکانیان لەمانەن کە بەدڵکوێری و تاوانکاری گۆشکرابن و ڕێبازی ناڕەوای خۆیان لە ناخی دڵیانەوە بەتاکە ڕێگەی ڕەوا و پیرۆز بزانن و لەپێناو ئارەزووەکانی خودی خۆیان و سەربەرزی سەرکردەکانیان و هێنانە دی ئامانجەکانیان سڵ لە هیچ تاوانێک نەکەنەوە، لە کانگای دڵیانەوە بیروبۆچوونەکانی خۆیان بە زۆری و

زۆرداری بەسەر خەڵکەکەدا بسەپێنن و ئەگەر خەڵکانیش نەبنە پاشکۆیان ئەوا بەرەنگاریان دەبنەوە و دەیانچەوسێننەوە. نموونە: زاوای خوشکی أبو رسالة، أبو رسالة، ئەفسەرێکی سێ ئەستێرە..

أبو رسالة لای زاواکەی خوشکی باسی ئازایەتی و گوێڕایەڵی شێخۆ دەکات:

(زۆر دڵسۆز و گوێڕایەڵە، بۆ گرتن و کوشتنی یاخیە نیشتیمان فرۆشەکان پڵنگێکی دەم گەرمە، گورگی کوڕی گورگیە، ئەگەر چوار پێنج گورگی دیکەی وەهامان هەبێ ئەوا گشت کێوەکانمان بۆ پاک دەکەنەوە.. هتد بۆ ئەوە باشە لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەی دڵسۆز حزبێکی کوردی هاوکارمانیان بۆ دابمەزرێنین و ئەو ببێتە سەرۆک و کارمان بۆ بکا، بۆ دەسخەڕۆدانیش ناوی حزبەکەیان بخەینە ناو لستی بەرهەڵستکارەکان و وا بنوێنین کە لێیان نارازین و ماوەیەکیش چەند کەسێکیان زیندانی بکەین، لەمیانی ئایدیۆلۆژی حزبەکەشەوە هەوڵ بدەین کە گیانی کوردستان پەروەریان لەلا پووچەڵ بکەین، خۆ باشتریشە ئەگەر لە هەمان کاتدا شێخۆ بکەینە نوێنەری ناوچەکە و ببێتە ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانان.)ل١٩٥.

(میوانەکە «زاوای خوشکی أبو رسالة» بە دەنگێکی نزم درێژەی بە قسەکانی دا و پلانی داهاتوویانی بۆ (أبو رسالة) ڕوون دەکردەوە: خودا سەرکرایەتیەکی بێ وێنەی ئەوتۆی بۆ ناردووین کە سەری عروبە بەرز بکاتەوە و شەرمەزاریی ڕابردوومان بسڕێتەوە و تۆڵەی فەلەستین و کەنداویشمان بۆ بکاتەوە، ستراتیژی خۆی داڕشتووە و هەنگاوەکانیشی دیاری کردوون. ئەمانە ئاگرن و ئامانیان بۆ نییە و.. چەندین ساڵە هەر خەریکی پارەدان و هێنانەوەیانین، تا یەکێک دێنینەوە دووان بە چیا دەکەنەوە، هەرچەندە سوپاکەمان چوارەمین هێزی جیهانە، بەڵام بە دەست ئەم بێچووە جندۆکانەوە هەراسان بووین. بە ڕاست دەڵێن بنەچەی ئەمانە ژنێکە و لە نێرە جندۆکان ئاوس بووە و زاوەو ئەم چەتە و ڕێگرانەی لێ کەوتۆتەوە.

با بێینەوە سەر ستراتیژیەکەی خۆمان: هەنگاوی یەکەم: زۆر بە زانایی، وردە وردە خاکەکەیان لەژێر پێدا دەردێنین و دواتریش زمان و نەریت و ڕەگەزەکەیان بە ئاسانی دەتاوێنینەوە و پاکتاویان دەکەین، بەڵام بۆ ئەوەی ڕیسەکەمان نەبێتەوە خوری پێویستە کارەکە بە کارامەیی ئەنجام بدەین، بە جۆرێک بێ کە هەموویان پێکەوە نەورووژێن و هەڵنەچن و لە دەست دەرنەچن، مرۆ ناتوانێت هێشووە ترێیەک بە جارێک قووت بدات، هەمووی بە جارێک ئاوا بکەیت دەخنکێیت، دانە دانە خواردنی خۆشە، دەزانی چ هێشوویەکی نایابە، هەموو نیشتمانی عەرەب لە لایەک و ئەم هێشووەش بەلایەک، بۆیە ناوە ناوە لە ناوچەیەکدا بەناوی شوێنی نەوت دەریان دەکەین، چەندین شوێنی ستراتیژیش بەناوی سەربازگە و فڕۆکەخانە و کۆشک و سەیرانگەی سەرۆک کۆمار چۆڵ دەکەین، لە کەناری زێ و دەشتە بە پیتەکانیش بەناوی پرۆژەی کشتوکاڵی و دامەزراندنی بەنداو هەڵیان دەگرین، ناوچە سنووریەکانی سەر تخووبی سووریا و تورکیا و ئێرانیش بەناوی پشتێنەی ئاسایشەوە ڕادەگوێزین و ئەوانی خۆمانیان لە شوێن دادەنێین..)ل١٩٦.

(لازم نتغدى بهم قبل ان يتعشوا بنا)ل١٩٩.

(سێ ئەستێرەیەکی تێر بیروباوەڕی شۆفینیەت، کە پێشتر لەم ماڵەدا قوڕاوێکی خەستی خواردبوو، بە نیازی وەگیرهێنانی کیژۆڵە جوانکیلەکەیان خۆی گەیاندە جێی هەواری، بەمراز نەگەیشت. لانکێک لەناو غەری وارەکەدا دەگریا، لوولەی دەمانچەکەی خستە ناو دەمی ساوایەکە، منداڵەکە ژێر بۆوە و کەوتە مشتنی لوولەی دەمانچەکە. دەستی بە پەلاپیتکەکەی داهێنا و بۆ هەتا هەتایی بێ دەنگی کرد. زۆر بە قینەوە: ئەوەی لە مشک بێت جەواڵ دڕە، بێچوە گورگ ماڵی نابێت، تاوەکو ئەم دەعبایانە تووبڕ نەکرێن، ئاژاوە لەم وڵاتەدا نابڕێتەوە.)ل١٦٤.

لەنێو لەشکری ستەمکارانیشدا خەڵکی هۆشیار و بە ویژدان هەن، بەڵام بێ دەسەڵاتن و بە ناچاری ڕەگەڵ سوپای ستەم کەوتوون، کە ئاشکراش دەبن ئەوا لە ناویان دەبەن، بۆ ئەوەی نەبنە کۆسپ و کەسانی دیکە چاویان لێ بکەن. نموونە: چەندین سەرباز: (...«فليح جاسم عبود و مزهر لفتە بوحي» کە دوو سەربازی عەرەب بوون و گومانیان لێدەکردن و بە ناپاک و دژی ڕژێمی خۆیانیان دەزانین و چاودێریان هەمیشە وەک سێبەر بەدواوە بووە، جارێکیان فليح گوتبووی: کەس هەڵبژاردنی شێوە و ڕەنگی دەموچاوی، دایک و باوکی، نەتەوەکەی، بگرە هەتا نیشتمانەکەشی بەدەست خۆی نەبووە، هەموومان وەک یەک ئادەمیزادین و گەلانی سەر ڕووی زەمینیش برای یەکترن و هەر نەتەوەیەکیش وەک لێرەوارێکی گەورە درکوداڵ و داری ڕاست و چەوتی تێدایە. خۆویستی یا توندڕەوی لە نەتەوەپەروەریدا مرۆڤ دەکاتە دڕندەی جەنگەڵ.. موزهیریش دەڵێ: «نەک تەنیا دەمارگیری لە نەتەوەپەرستیدا، بەڵکو توندڕەوی لە ڕامیاری و ئایینداری و زۆر شتی دیکەشدا هەر هەمان ئەنجامی دەبێت، توندڕەوی گەردەلوولێکی گەورەی تەپوتۆزاویە، بە هەر شوێنێکدا تێپەڕبێت ئەوا چاوی هۆش و ویژدان نابینا دەکات و وێرانکارییەکی زۆریش لە دوای خۆی بەجێ دێڵێت، مرۆڤە کەمهۆشەکانیش بۆ چارەکردنی گیروگرفت و کێشەکانیان هەمیشە بیر لە بەکارهێنانی

توند و تیژی و هێز دەکەنەوە و وەک ئەم گێژەلوولە کاولکاری دەنێنەوە» لەم دواییەدا لە بیانوێک دەگەڕان لەنێویان ببەن، زۆر بە نهێنی بردنیان و لە شێوێک لەولای سەربازگەکەوە لە دوو دار چناریان بەستانەوە ئینجا شێخۆیان نارد ئەویش کوشتیانی و چاوی دەرهێنان و ئەندامی نێرینەیانی بڕین و خستنیە نێو دەمیانەوە و چەکەکانی بردن و بە دەستگەرمیش چەند دەستڕێژێکی ڕووە و سەربازگەکە کرد، ئینجا بەرەو چیا بۆی دەرچوو..)ل١٨٩.

(هەتا کەی هەر چاوەڕوانی سەربازی بین، ئێمە کۆتاییمان هات و جەنگ و سەربازی کۆتایی نەهات. لەوەتی لە یەکدی مارەکراوین و جلک و ناوماڵ و ژووری نوستنمان بەکردن داوە، دەبوو ئێستا منداڵمان بەسەر پێ بکەوتایە، زۆر دەترسم..، دەبێ بتوانین لە باوەشی یەکدا ژیان بەسەر بەرین، حەزدەکەم ببمە بەلاگێڕت و تۆ لەم سەربازییە دەرباز ببیت و هیچت بەسەر نەیەت، ئارامم نەماوە، لە چاوەڕوانیتدا برژام و کوێر بووم، بۆ بیرناکەیتەوە ئەگەر ئەمجارە گەڕایتەوە دەستی یەک بگرین و بەرەو هەندەران سەرهەڵگرین، یا پێکەوە لە ڕێگەدا دەمرین یا دەردەچین، لە شوێنێکدا دوور لە سەربازی و کوژران و خەفەتخانی دەژین.)ل٢٢٦.

لە ئەنجامی بەکارهێنانی توندی و تیژیەکی لە ڕادەبەدەر، داپلۆسین بەشێوەیەکی بەرفراوان و بەپێی پلانێکی درێژخایەن و لەسەر ئاستی ڕژێمێکی دڕندە، بە مەبەستی تواندنەوە و پاکتاوکردنی میللەتێک: تالان و سووتاندن، ڕاگوێزان و شوونبزرکردن، گرتن و کوشتن و ئازاردان، تۆپباران و بەکارهێنانی فڕۆکەی جەنگی و چەکی کۆمەڵکوژ لە زۆر ناوچاندا کە زۆربەی قوربانیەکانیشیان ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە و خەڵکی بێ چەک و بێ دەسەڵات و بێ پشتیوان بووین، ڕووداوە دڵتەزێنەکان کاردانەوەی خۆیان لە ناخی ئەندامانی کۆمەڵگەکەدا هەبووە، تاکەکانی کۆمەڵگەکەش وەک یەک بەرگەی ئەم بەسەرهاتە تۆقێنەرانە ناگرن و تووشی چەندین نەخۆشی مێشک تێکچوون و هەرەسهێنان و هێدمەی دەروونی دەبن وەک:

خەمۆکی و دڵەڕاوکێ: دوای ئەوەی کە یەکەم دڵداری شەوچرا لە سێدارە دەدرێت، شوو بە لاوێکی دیکە دەکات و مێردەکەشی لە ترسی گرتن و کوشتن بەرەو چیا دەچێت، ئەویش لە ترسی گرتن و دوورخستنەوە خۆی دەشارێتەوە و ماڵ و منداڵەکانی دەباتە گەڕەکێکی دیکە و خۆی بە بێوەژن بە خەڵکەکە دەناسێنێت دەیەوێت بە جلدرووین و تەونکاری منداڵەکانی بەخێوبکات، هەمیشە بیر لە ترسی دەوروبەر و بێ دەسەڵاتی خۆی و بێ کەسی منداڵەکانی دەکاتەوە، وا هەست دەکات کە ئەو دەمرێت یاخود دەگیرێت و کەسێک نابێت یان ناوێرێت لە ترسی ڕژێمە دڕندەکە منداڵە بێ دایک و باوکەکانی بگرێتە خۆ:

(شەوچرا: «هەناسەیەکی درێژ و پڕ مەینەتی هەڵمژی) جا گەر من نەمێنم دەبێ چیان بەسەر بێت؟.. چاوەکانی وەک دوو کانیاو تەقینەوە، گوڕ گوڕ فرمێسک بەسەر ڕوومەتەکانی هاتنە خوارەوە، دەستە سارد و وشک بووەکانی بەسەر مەکینەکەی بە فرمێسکە گەرمەکانی تەڕکردن، لێوەکانی تەتڵەیان دەکرد: پیرێژنە یەک چاوەکەی خەسووم، خۆی بووە بە بار بەسەر کیژە بێوەژنە هەش بەسەرەکەی لە من قوربەسەرتر، ئینجا منداڵەکانی منیشی لێ ببێتە سەربار..)ل٧.

(جا گریان کەسیشیان هەبوو، کێ لەم ڕۆژە ڕەشەدا دەوێرێ بیانگرێتە خۆ و لایەکیان لێ بکاتەوە؟)ل٧.

(بەخۆ و بە منداڵەوە، بێ ناز نابین، لە قون حەوشەی کەس ناکەوین، ئەوەندە هەناویشمان پڕ ترس و لەرز نابێ خۆت دەزانی کەسێک نییە سووکە دەسبارێکم لەگەڵدا بگرێ، شەو و ڕۆژ لە کاردامە و چارێگەکی شەوێ ناکەومە خەوێ ئەویش نوینێکی سارد و سوڕی پڕ خەیاڵ و خەونی جڕناوفڕنا، خۆ چەند ماندووین، دە ئەوەندەش دڵمان تەنگ و پڕ ترس و کەسەرە).ل٢٣.

**پەراوێز:**

١- الحفني، عبدالمنعم (١٩٩٥) الموسوعة النفسية، ل٢١، هەروەها بۆ نووسینی پێشەکییەکە بەشێوەیەکی گشتی سوودم لە دوو بەشی (سایکولوجیة الأدب والسایکولوجیة الابداع ص١١ - ٣٦)ی هەمان سەرچاوە وەرگیراوە.

٢- دەنگدانی گوێدرێژ بۆ ئەوەی بوەستێت، هۆش: هزر.

٣- جڵەو.

٤- أنا (خۆمەکی باڵا: أنا الاعلى).

# قەولی مەیسووری زەبوون

**د. سدیق بۆرەکەیی**
**(تاران)**

**پێشەکی**

کۆنترین شوێنەوارێک کە لە ئێزیدییەکانەوە بە یادگار ماونەتەوە، کتێبی جیلوە و مەسحەفا ڕەش و قەولی زەبوونی مەیسوور و قەولی سورا ئەفرینا دونیایێ کە بە خەتی تایبەتی ئێزیدی و بە زاراوەی کرمانجی باکووری لەسەر پێستی ئاسک نووسراون و مێژووی نووسینیان بۆ سەدەی پێنجەم و شەشەمی کۆچی دەگەڕێتەوە کە هەمووویان لە بارەگای شێخ (ئادیێ)ی هەکاری لە ناو سەندووقێکدا پارێزراون.

وەک دەڵێن نزیکە هەژدە کتێب و نامیلکە بە خەتی ئێزیدی بە یادگار ماوەتەوە کە هەندێ لەو نامیلکانە بەهۆی چەند برادەرێکی ئێزیدییەوە لەم دواییەدا کەوتە دەستم و هێنامە سەر ڕێنووسی کوردی و ڕاوەتم کرد و ئەوا یەکێ لەو قەولانە بەناوی قەولی زەبوونی مەیسوور پێشکەش بە خوێنەدوارانی بەڕێز و هێژای کورد دەکەم و هیوادارم کە بە هەموو لایەکمانەوە بتوانین کەلەپووری نەتەوایەتی خۆمان کە یادگاری باووباپیرانمانە بپارێزین تا لەمە زیاتر لەناونەچن.

**تاران - مانگی خاکەلێوە (٢٦١٠)**

**قەولی مەیسووری زەبوون**

ئەوەی کە لێرەدا دەیخوێننەوە، چەکامەیێکی درێژی ئاییینییە بەناوی مەیسووری زەبوون، سەبارەت بە خولْقاندن و بەدیهێنان کە ئەبولبەرەکاتی هەکاری لە سەدەی شەشەم و حەوتەمی کۆچیدا بە هۆنراوی هیجایی بەپێی ڕێ و ڕچەی ئێزیدی هۆنیویەتەوە.

ئەبولبەرەکات کوڕی سەخری هەکاری بەپێی پەڕاوی (سماط الأمراء) لە ساڵی (٥٤٢)ی کۆچی لە شاری هەکاریدا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و لە ساڵی (٦١٥)ی کۆچی لە حەفتا ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و بەپێی ئەسپاردەی خۆی لە کێوی لالەش-دا لە تەنیشت گڵکۆی مامی شێخ ئادیێ-ی هەکاری بەخاک سپێردراوە.

یەکێ لە شوێنەوارە گرنگەکانی ئەبولبەرەکاتی هەکاری چەکامەی زەبوونی مەیسوورە کە بە زاراوەی کرمانجی باکووری هۆنراوەتەوە و بریتییە لە گەڕانی گیان بە ئاسمانەکاندا و بەدی هاتنی تیشک و خولْقاندنی هەوەڵین مرۆ کە لە پاش شەڕ و پەیکار لەگەڵ ئەهریمەندا لە جیهانی تاریکی بەرەو جیهانی ڕووناکی سەردەکەوێ و بەم چەشنە بەمراز و هیوای دڵی خۆی دەگا و تیشکی خوا دەچێتە دڵی و دەبێتە نوێنگەی خوا.

لەم قەولەدا بەپێی ڕێ و ڕچەی ئێزیدی دەبینین کە هەموو شتێک لە پادشایەوەیە و ئەو داهێنەرێکی چاک و بەرز و گەورە و پاکە و هەموو شتێک لەژێر دەسەڵاتی ئەودایە و ئەو کاتە نە زەوی بوو، نە ئاو و نە ئاسمان و پادشا دەریای بەدی هێناو لە پاشان لە دەریا مرواری و گەوهەری هێنایەدی و جارێکیان چووە سەر مرواربییەکە و مرواربییەکە لە سامی پادشادا تەقییەوە و لە تەقینەوەی مرواربییەکە دووکەڵێک هەڵسا و دووکەڵەکە بەرزبووە حەواوە و ئاسمانەکان و زەوی لێ هاتەدی و ئەوسا کێوی

لالەشیشی دروست کرد و گیا و ڕووەکی لەسەردا ڕووان و فریشتەکانی بۆ ڕازداری خۆی خولْقاند و پاشان قوڕ و هەڕگی لە خاکی پیرۆزی لالەش گرتەوە و لەشی ئادەمی دروست کرد و ماوەیەک هەروا دابنا تا ڕابێ و لە پاشان گیانی کردە لەشا و ئادەم ئا لەم کاتەدا ئەڵهای سێوی کرد و فریشتەکان بە فەرمانی پادشا ئەویان بردە بەهەشت تا لەوێدا بکەوێتە سەیران و ژیانێکی خۆش ڕابوێرێ، بەڵام ئەهریمەنی ناپاک هەربەدوویەوە بوو تا فریوی دا و بووە هۆی دەرکردنی ئەو لە بەهەشت و ئیتر ئادەم لەوەو پاش هەر لە گێرە و کێشەدابوو تا کۆچی دوایی کرد. لەم بارەوە خواجە حافزی شیرازی-ش دەڵێ:

**من بەهەشتی بووم لەوێ دەرکرام**
**بەهۆی مەشیەوە وە ئێرە خرام**
**هیچ خۆشیم نەدی لە مەڵبەندی خۆم**
**دی چی بکەم و ئەز بۆ کوێ بڕۆم**

## قەولی زەبوونی مەیسوور

**چ زەبوونە کە مەیسوورە**
**جەم عەزیز مەلک فەرخەدین دەستوورە،**
**مەتحا بدن بەهرید کوورە،**
**چ زەبوونە کە کێم تاقەتە،**
**بەهرێد گران ددن ئوسفەتە،**
**مە جەما بن ب ئەڤزارە،**
**وەرن ژ ڤێ بەحرێ بدن خەبەرە،**
**وێ بەحرێدا هەنە دوڕێد جەواهرە.**
**مەتحا بدن کبیر،**
**ئەڤ تەختێ سەر بوون میر،**
**یا ئیلاهێ توو ئاغایی، توو وەزیری،**
**خاسا مێر دناسە،**
**پادشایێ دوڕێ کاسە،**
**کرە رکنا چڤاسی ئەساسە،**
**کرە رکنا رکنی،**
**دوڕ ژ هەیبەتێ هنجنی،**
**دوڕێ تاقەت نەکرهلگری،**
**دوڕ ژ رەنگا خەملی،**
**سۆر بوو، سپی بوو، سەڤری،**
**سوور بوو، سپی بوو، گەش بوو،**
**هگێ نە ئەرد بی، نە ئەزمان بی، نە عەرش بی،**
**پادشایێ من کێرا کێف خوەش بی،**
**پادشایێ من کێرا مەڕی کر،**
**حوسنەتا ژ خوە چێ کر،**

**شاخا مۆبەتێ ژێ چێ کر،**
**ژێ چێ کر شاخا مۆبەتێ،**
**دەستوور ئاڤێتە قەلەما قودرەتێ،**
**شکر ئاڤێتمە سەر پەشکا مۆبەتێ**
**پادشایێ من ل حوکمێ خۆیی گرانە،**
**ئاڤێت ناڤ ڤان زۆر ئەرکانە،**
**وەرن بنێر خازری نووری چ نیشانە**
**خازری نووری ب ناڤە،**
**دوڕێ دوو جەواهر هاتن ناڤە،**
**یەک عەینە، یەک بەشەرە،**
**پادشایێ من دا دوڕێ نە دەرە،**
**مەخسووس چەندی بوو چاڤا،**
**سونەت، قەندیل مالغ مانەهەڤا،**
**برنە بەو پادشایێ من شکایەتا،**
**یا ئیلاهێ مە ژ تە دبە موحبەتە،**
**مەل ڤێ خۆش کر سوحبەتە،**
**حەدوو سەد چێ کر،**
**حەقیقەت، شەریعەت، تەریقەت، ژ هەڤ جهێ کر،**
**سونەت مەخبی بوو، دمار کر،**
**پادشایێ من دوڕ ئانی،**
**مۆحبەت ئاڤێتە ناڤە،**
**عەزیزە من پێ هلدا چاڤە،**
**پادشایێ من چ ژ دوڕێرا گۆ،**
**ژێ ڤوری یا ئاڤێ،**
**پادشایێ من چ گۆتە دوڕێ،**
**ئاڤ ژ دوڕێ ڤوری یا،**
**پادشایێ من سەفینە سەرە،**
**سەرکی دگەڕە چارکەنارە،**
**مالا خوەدا سەکنی گۆ: «هەق وەرە»**
**ئاڤ ژ دوڕ بێ ڤەری یا،**
**پادشایێ ل مەرکەبێ سوار بوو،**
**لێ سەیرین هەر چار یارە،**
**ئاژۆتە لالیشێ گۆ: «هەق وەرە»**
**«هەق وەرە» گۆ سەکنی،**
**هاڤەنەک ئاڤێتە بەحرێ، بەحر پێ مەینی،**
**دخانەک ژێ دخنی،**
**چاردە تەبەق عەرد و ئەزمان پێ نژنی،**
**ئەڤ جار بوو پادشایێ مە سەخر گرە گەرە،**
**کرە رکنا رقاسی مەمبەرە،**
**نک ئاخ ژێ خەبەردا،**
**شاخەکی دن ژی ژ بەردا،**
**کرە رکنا ئەزمانا، عەردا،**

پادشایێ من رەبیل و سەمەد
ئەوەل تە ئەفراندن ملیاکەت
تە پاشێ ئاڤا کر دۆژە، جنەت
پادشایێ من ئەرد چێ کرد، ئەزمان گوهاستێ،
مەجالە ئەرد ب راستێ، نۆبەتا قازا راستێ،
چقاس پادشایێ من دونیا دکر سەفەرە،
شکر دکر کەڤرێ کیەرە
پێ نژنی رۆککانە چقاسی مەخبەرە،
ئیلاهۆ رابن ئەتاتا،
تە زایرا دی چقاسی خۆی یا یاقەتا
تە هنگا ژێرا چێ کر، دۆژە جنەتە،
پادشایێ من ئەرد چێ کر، ئەزمان گوهاستێ،
مەجالە ئەرد براستێ،
نۆبەتا قازا راستێ،
لالیشێ ژ ئەزمان دماتە،
ئەرد شێن دبوو، گیها،
پێ چایران چقاسی قنیاتە،
پادشایێ من ئینی کر ئەساسە،
شەمبێ بڕی کراسە،
چارشەمبێ کر خلاسە،
پاسێ هەڤسەد سالی هەڤ سورهاتن دورا نکاسە،
هەڤسەد سالی ژ بەری ئادەم ژمارە،
ئاردێ خوەرا نەگرتی شیارە،
هەتانی لالیشێ نووری ناڤدا هنارە
لالیش ناڤدا دماتە،
ئەردێ شێن بوو نەباتە،
پێ زەینی زێندی قنیاتە،
چار قسمان ئانی، تەڤ هنجراند،
پێ غالبە ئادەم پەنژاد
نکا شێخا ڤە مەحلومە
هێ دهار نەبوو بوو ساز قوودوومە،
ناڤینا ئادەم هەڤسوور زۆر تخووبە
هەڤسوور گەری یا هات هنداڤە،
غالبێ ئادەم مابوو بێکاڤە،
بێژە، روحۆ تو چما ناچی ناڤە،
بانداڤا هەدڕی،
دەف و شبێبی هات بهرێ،
نوورا مۆبەتێ هنگاڤتە سەری
روح هات قالبی ئادەمدا هێوری،
ئادەم ژ وێ کاسێ ڤەخوار، ڤەژی یا،
مەست بوو هەژی یا،
گۆشت ژێ خواست وی روحیا،
خوین ل جانێ وی گەڕی یا،
ئادەم وێ کاسێ خار لێ خۆش تێ،
کەرەمەتا کاسێ گهێشتێ،
مەلەکا ملێ وی گرت ئاڤێت بهێشتێ،
ئادەم کاسێ ڤە دخارە،
کەرەمەتا کاسێ پیشڤا دیهارە،
خۆ بێنژی هشیار بوو،
بادێ دلێ من شیڤ ئانی،
خەومەکی رەبە دوری خۆ فایی ئیمانی
پادشایێ مە ئەڤ ژی خۆر فەندی یێ تۆفانێ.

* * *

## قەولی زەبوونی مەیسوور

مەیسوور چەندە کز و زەبوونە،
لە لای عەزیز مەلیک فەخروددین(١) دەستووری هەیە
بە دەریا قووڵەکاندا هەڵبلێین (٢)،
چ زەبوونە کە کەم توانایە،
کە دەریا گەورەکان لەبەرچاو ناگرێ
بە ئامرازەکانی جۆربەجۆر لەگەڵ ئێمەدا کۆبنەوە
وەرن و لەم دەریایەدا هەواڵێک بەدەست بێنین
لەم دەریایەدا مرواری و گەوهەر هەیە
گەلێ ستایشی بکەن و پیایا هەڵبلێین
لەوێدا تەختێک بۆ میر دانرابوو
خوایا تۆ سەرۆک و وەزیری
پیاوی چاک ئەناسی
تۆ پادشای مرواری و پیاڵەیت،
ئەو بنەڕەتی هەموو شتێکی دانا
بنەڕەتی کردە بنج و بناوانی هەموو شتێک
مرواریەکە لە سامی گەورەیی ئەودا تەقییەوە
مرواریەکە یارا و تاقەتی ئەوی نەبوو
مرواریەکە بە ڕەنگی ئەو ڕازایەوە
سوور بوو سپی بوو، زەردهەڵگەڕا
سوور بوو سپی بوو، بەجارێ گەشایەوە
ئەوکاتە نە زەوی بوو، وە نە ئاسمان و نە تەختی پادشا
پادشای من بۆ چ کەسێک کەیفخۆش بوو
پادشای من بۆ چ کەسێک قوڕ و هەڕگی گرتەوە؟
شەپاڵی و جوانییێکی لەخۆیەوە دەرخست
و لەوە کێوێکی خۆشەویستی بەدی هێنا
چیاییێکی پڕ لە خۆشەویستی لەوە هێنایەدی
و فەرمانی دایە پێنووسی هێز و دەسەڵات
کە بەر باران و سپاس بژێران بخاتە ناو خۆشەویستی

**پادشای من لە فەرمانی خۆی دا سوورە و لەسەری ئەڕوا**
**ڕێ و ڕەوشتێکی لەناو خەڵکدا داناوە**
**وەرن و ببینن کە خوا چ تیشکێکی هەیە**
**تیشکی بێ پایانی خوا بەناوبانگە**
**لەنێوان مرواریيەکەدا دوو گەوهەر دەرکەوت**
**هەوەڵی سەرچاوەیێکە و دووەمی ئادەمیزادە**
**پادشای من مرواریيەکەی ئاشکرا کرد**
**و ئەوەی تایبەت دایە چاوەکان**
**سونەت و قندیل و مالغ(٣) هەڵواسراو مانەوە**
**و لەلای پادشا سکاڵایان کرد**
**وتیان: خوایا ئێمە لە تۆ خۆشەویستیمان ئەوێ**
**ئێمە لەوێدا قسەیێکی خۆشمان کرد**
**سنوور و کەوشەنمان دانا**
**حەقیقەت و شەریعەت و تەریقەتمان (٤) لەیەک جیاکردەوە**
**سونەت ون بوو بوو، و خۆی ئاشکرا کرد**
**پادشای من مرواریيەکەی هێنا**
**وە خۆشەویستی تێکەڵاوی مرواریيەکە کرد.**



**پەراوێزەکان:**

(١) مەلیک فەخرەددین یەکێ لە میرانی ئێزیدی بووە کە لە کتێبی مەسحەفارەش-دا ستایشی ئەو کراوە و بابەشێخ کە پلەوپایەی شێخیەتی لەناو ئێزیدییەکاندا هەیە دەچێتەوە سەر ئەو.

(٢) دەریا لە زاراوەی خواناساندا بریتییە لە مرۆی خواناس کە لە مرواری سپی یا ئاوەزی یەکەم بەهرەمەند دەبێ و بە پلەوپایەی بەرز دەگا.

(٣) سونەت و قندیل و مالغ لە ڕواڵەتدا ناوی سێ فریشتەیە لە ڕێ و ڕچەی ئێزیدیدا، بەڵام لە کتێبی مەسحەفارەشدا باسێکیان لێوە نەکراوە و ناویان نەهاتووە.

(٤) لە زاراوەی خواناساندا حەقیقەت بنەڕەتی هەموو شتێکە و لەناوچوونی بۆ نییە و شەریعەت دەستووری ئایین و دێژەیە کە خوای مەزن بۆ بەندەکان بەهۆی پێغەمبەرانەوە ناردوویە و تەریقەت تایبەتی ڕێڕەوانی ڕێی خوایە وەکو وازهێنان لە خۆشییەکانی جیهان و پاڕانەوە و گۆشەگیری و پشت کردن لە جیهان. خواجە حافزی شیرازی دەڵێ:

تەریقەت ڕێیە و بە هەرا نابێ
خۆ لە ڕێی ڕاستدا کەس گومڕا نابێ

# پێکهاتە هەڵوەشێنی دەق

**کاترین بێلزەی**
**لە فارسییەوە: ئیسماعیل ئیسماعیل زادە**
**(بۆکان)**

**(١) بارت و ماشێری**

ئەم مەترسییە هەمیشە لە ئارادایە کە هەر ڕەخنەیەکی ئەدەبی ڕادیکاڵ تەنیا بەرهەمهێنەری قانوونێکی نوێ بێ بۆ وەلانان یان قبوولکردنی دەقە ئەدەبییەکان و بەجێی ئەوەی گومان لەو فەرزانە بکا کە بنچینەی داوەریە بایەخدارە کۆنەکانن تەنیا بەپێچەوانەکردنەوەی ئەوان ڕازی بێ، هەر ئەوکارەی کە بۆ وێنە ڕەخنەی نوێ کردوویەتی، مەبەستی من لەهێنانە ئارای ئەم باسە کە دەقی پرسیاری خوێنەر تووشی دژوازی دەکاو واقع خوازیی کلاسیک هەموو هەوڵی خۆی بۆ داپۆشینی دژوازی تەرخان دەکا، ئەوەنییە کە دەقی پرسیاری «باش» و واقع خوازی کلاسیک ئایدیالۆژیکەو بەلاڕێمان دادەبا و «باش نییە»، بەڵام ئەگەر نەمانەوێ بەسووک و هاسانی تەسلیمی ئایدیالۆژیا (لەهەر کام لەچەمکەکانیدا) بین پێویستە ڕێیەکی نوێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ واقع خوازی کلاسیک بدۆزینەوە.

نیشانەناسی لەیەکەم قۆناغی گەشەی خۆی لەفەڕانسەدا، پێش هەموو شتێک ئایدیالۆژیایەکی ڕیسواکرد کە لەقەوارەی بەدەڵی حەقیقەت دابوو. کتێبی «ئوستوورەکانی بارت» (١٩٥٧، وەرگێڕانە ئینگلیزیەکەی ١٩٧٢) لەو جۆرە کلاسیکانە دەدوێ کە ئایدیالۆژیا لەنێو وتە، وێنەو ئوستوورەی سەدەی بیستەمدا سروشتی دەبێ، بەڵام واقع خوازی ئەدەبی بایەخدارترو بەهێزتر لەوە بووکە سووک و ساناو بەبێ هیچ هەوڵێک تەسلیمی تاقمی دەسەڵاتداربێ. ڕوون و ئاشکرابوو کە ئیتر ناتوانرێ واقع خوازیی کلاسیک بەڕەنگدانەوەیەکی جیهانی دابنرێ، یەکێک لە ڕێگاکان ئەمە بوو کە ئەم چەشنە دەقانە بە پێکهاتەیەک دابنێ و لەبەردەم پێکهاتە هەڵوەشێنی (ئەمە سەردێڕێک بوو کە دواتر درا بەم کارە)ی دانا، یانی خۆی خەریکی توێژینەوەی پرۆسە و مەرجەکانی پێکهاتنی نێو ئەو ئاخافتنانە کرد کە بەدەستەوەن(١) لە ڕاستیدا ئایدیالۆژیا لەژێر ڕووبەندی سیستماتیکی و کاملبووندا کورت ماوەو بەرتەسکەو لەناوخۆیدا دژوازە، دەقی واقع خواز وەکو ڕەنگدانەوەیەک لە ئایدیالۆژیا بەشداری ئەم ناتەواویە بووە. تەنانەت گەشەی ڕواڵەتی گێڕانەوەیەکی تەواو بوو، واقعیەتی ناکامڵ خۆی دەشارێتەوە. پێکهاتە هەڵوەشێنی دەق باسی ئەزموونی تایبەتی نووسەری تاک ناکا، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە کە لە پڕۆسە و شێوەی بەرهەم هێنان بکۆڵێتەوە و کەرەسەو چۆن ڕیزبوونیان هەڵسەنگێنێ. هەروەها مەبەست دەست نیشانکردنی خاڵی دژوازە لە ناخی دەق-دا، ئەو خاڵەی کە تێیدا بەرتەسکی دروست بووە و دەق دەستی بەسەردادەگرێ و خۆی لەکۆت و بەندێ ڕزگار دەکا کە قالبی واقع خوازانە بەسەری داسەپاندووە. ئیتر دەق ناچێتە ژێر تەعبیرێکی تاکە ماناو هاوئاهەنگ و باوەڕپێکراو، چونکە

پێکهاتەیەکە لە دژوازیەکان. دەق لە بەرامبەر خوێندنەوەیەکی دووبارەدا دەبێتە بەرهەمێکی ئاواڵە کە ئیتر بۆ کەڵک وەرگرتنێکی مەنگ نابێ، بەڵکو دەبێتە بابەتێک بۆ خوێندنەوە کە خوێنەر تێیدا دەتوانێ مانا بەرهەم بێنێ.

لێرەشدا هەر ڕۆلان بارت باسی کلاسیکی ئەم شێوەیەی هێنا ئاراوە. بارت لە «S/Z» کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٩٧٠)دا بڵاوبۆوە (وەرگێڕانی بە ئینگلیزی لەساڵی ١٩٧٥دا بوو) بەبێ ئەوەی نێوی پێکهاتە هەڵوەشێنی بەکاربێنێ یەکێک لەکورتە چیرۆکەکانی «بالزاک»ی خستەژێر پێکهاتە هەڵوەشێنییەوە. سارازین دەقێکی واقع خوازیی کلاسیکە کە پێوەندی هەیە بەخاتوونێکی گۆرانیبێژ، یان ژنێکی دەوڵەمەند، ئەم گێڕانەوەیە لەسەر بنەمای کۆمەڵێک لەهێماکانە (سەرچاوەی ماڵ و سامان کێیە؟ پیرە پیاوی کورتە باڵا کێیە؟ زامبنلا کێیە؟ چ جۆرە پێوەندیەک لەنێوان ئەم سێ کەسەدا هەیە؟) تەنانەت لە چڕکردنەوەی چیرۆکەکەدا پێویستە بەم چەشنەش «درۆ» بکرێت: چونکە لە ڕاستیدا ئەم سێ وتەیە دووتە-ن و پیرە (پیاو)ی کورتە باڵا خودی زامبنلا-ی «مێ»یە. بارت بۆ لێکۆڵینەوە، دەقەکە بەچەند بەشی جۆراوجۆر (کورت، درێژ) دابەش دەکا و ژمارەیەک دێڕی «پەراوێزی» یان شیکردنەوەیی تێهەڵدەکێشێ- هەتاکو بەم کارە نیشان بدا کە «سارازین» «دەق- سنوور»ێکە. دەقێک کە واقع خوازانی کلاسیک وەها لەکار دەکا کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی زنجیرەیەک لە «دەست درێژیەکان» بۆ سەر خودی واقع خوازی کلاسیک، لێرەدا بەتێگەیشتنی هەمەلایەنە لەدەقی سیستماتیک کە بەرهەمی سروشتی خوێندنەوەی گێڕانەوەی واقع خوازە، هەست بەکاملبوون ناکرێ. هۆی ئەم باسەش تەنیا ئەوە نییە کە لەدەقەکانی ئەم دەورەیەدا نێوێک لەیەختەبوون نایەت. لە هەر شوێنێکدا دەق کە باسی یەختەکراو دەکاو لەجێناو کەڵک وەردەگرێ، ناچار دەبێ لەبەراوردکردنی بڕیارێک لەنێوان نێر و مێدا خۆی لادا. ئەم چیرۆکە دەروەستی ڕیسوایی پەیوەست بەیەختەبوون و مەرگی هەوەسێکە کە یەختەبوون ئاشکرا دەکا. هەروەها سەرچاوەی ڕیسوایی، دەوڵەمەندی دەدرکێنێ و لەناوچوونی زمان وەکو سەرچاوەی مانا نیشان دەدا. زمانێک کە ڕیسواییەکان ئاشکرا دەکا.

هیچ کام لە توخمەکانی دەقەکە سەرتر لەوانی تر نین، بەڵکو دەتوانن خاڵی چوونە ژووری بۆ ناو دەق بن. دۆزینەوەی ئەم ڕێیانە پلەی چەند دەنگی بوون، یان (چەند لایەنی دەقی شیاوی خوێندنەوە پێکدێنن). دەقی واقع خوازای کلاسیک لەڕووی ناچاری و بە جۆرە نەگەڕانەوەیەک، بەرەو ئاکام، بەرەو کۆیەکی سیستماتیک لە ڕووداوەکان بەرەو ئاشکراکردنی نهێنی کراوەکان دەڕوا، بەڵام تەنانەت لەدەقی واقع خوازیشدا بەشێک لەو شێوە دەلالەتیانەی نێو ئاخافتن- بەشەکانی نیشانەناسی، قاڵبەسەمبولیەکان، ئەو هێمایانەی گەڕاندراونەتەوە- ناچنە ژێرباری مەرجی گێڕانەوەی پەیتا پەیتا و دەق تاکو ئەو شوێنە چەند دەنگی بەخۆیەوە دەبینێ کە ئەم توخمانە (بتوانن بگەڕێنەوە» ، سواراو(٢)بن و خاوەن شوێنێک بۆ هەڵبژاردن نەبن. لە دەقی شیاوی نووسین [نڤیساری](٣) و تەواو چەند دەنگیدا، وتەکان سەرچاوەیەکی ناتەواویان هەیە. هیچ وتەیەک سەرتر لەویتر نییە و هیچ چەشنە بیچمێکی سیستماتیک و بەردەوام، کایەی ئازادی ئاخافتنەکان دەروەست ناکا. دەقی چەند دەنگی کە بەتەواوی شیاوی نووسین بێ، لە ئارادانییە و هەروەها دژی ئەم دەقەش، یانی دەقی شیاوی خوێندنەوە ناتوانێ چەند دەنگێ بێ. دەقی شیاوی خوێندنەوە چەشنێک کاڵای لەکارکردنە. ئەوە لەحاڵێکدایە کە دەقی فرە ڕەهەندی بەهۆی چۆنیەتی فرە دەنگی خۆیەوە داخوازی بەرهەم هێنانی ماناکانە. کاری ڕەخنە ئەوەیە کە لەسەر دەقێک پێکهاتە هەڵوەشێنێ ئەنجام بدا کە دواتر بتوانێ لە سازکردنەوەی دەقەکە وەکو بابەتێکی فرە دەنگی، تێگەیشتنی نوێتر بەدەستەوە بدا.

شێوەی نووسینی بارت ئەمە نیشان دەدا کە دەقی شیاوی خوێندنەوە بە نزم دادەنێ: S/Z دەقێکی ڕەخنەیی چەند دەنگییە. لێرەدا جێی سەرنجە کە ئەم کتێبە هیچ چەشنە دەرەنجامێکی کورت وەخۆ ناگرێ، هەروەها ناتوانرێ بە چەشنێکی باش چڕبکرێتەوە، یان بەشێوەیەکی سیستماتیک کورت بێتەوە.

بۆچوونە ناو S/Z وەکو سارازین چەند خاڵ و ڕێی جۆراوجۆری هەیە و هەڵگری ئەو ئاخافتنە ڕەخنەییانەیە کە ئەندێشەی خوێنەر پەروەردە دەکا، بەڵام ساماندان بە هەمووی ئەم ئاخافتنانە لەنێو شێوە ناسیەکی ڕێک و پێک و تاکدا کە شێوەیەکی تاک و نوێ لەخوێندنەوەیەک بێت، لەگەڵ بۆچوونی ئانارشیستی(٤) خودی بارت دژایەتی سازدەکا. هەرچەندە ئەم خوێندنەوەیە، خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنەبێ، چونکە ئەو دەکاتە نووسەری جۆرە قوتابخانەیەکی ئۆرتۆدۆکسی نوێ لەنێو ڕەخنەی ئەدەبیدا. بەم پێیە ئەزموونی خوێندنەوەی S/Z هەم ناهومێدی دێنێ و شادی هێنەرە. بەواتایەکی تر

ئەگەرچی وێنەیەک بۆ ڕەخنە پێشکەش دەکاو زەمانەتە بۆ چەشنێکی نوێ لە کردەوەی ڕەخنەیی، بەڵام لە ڕاستیدا لاساییکردنەوەیەکی کامڵ لەشێوە ڕەخنەییەکانی ناکرێ و بێ بایەخە.

ئاشکرایە کە یەکێک لە کاریگەرترین هۆکارەکانی نووسینی S/Z کتێبی گریمانەی ئەدەبی-ی «پییەرماشێری» مارکسیستە، هەرچەندە کە بارت ئاماژەی پێناکا. ئەم کتێبە بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٩٦٦)، (وەرگێرانە ئینگلیزیەکەی ١٩٧٨)دا بڵاوبۆوە. ئەم دووانە بە هەموو ئەو جیاوازیانەی کە هەیانە لەچەند لاوە لەیەک دەچن کە جێی سەرنجە. بۆ وێنە ماشێری لەپێش بارت-دا ئەمە نیشان دەدا کە یەکێک لە مەرجەکانی گێڕانەوە دژوازیە. دەقی واقع خوازی کلاسیک لەسەر بنەمای هێما سازکراوە. لەسەرەتادا بۆ دەرخستنی چەند ئاگاداریەک خۆی دەبوێرێ، بەڵام «بەڵێنی» پێدەدرێ کە لە ئاکامدا ئەم ئاگاداریانە ئاشکرادەبن و بە ئاشکرابوونی ئەم «حەقیقەت»ە چیرۆکەکە کۆتایی پێدێ. لەبەر ئەوە گێڕانەوە بەرەو ئاشکرابوونە- کۆتایی چیرۆک- و هەروەها بەرەو خۆحەشاردانە، لەم ڕێیەوە کە (گێڕانەوە) بەوەدرەنگ خستنی کۆتایی چیرۆک درێژە بەخۆی دەدا، یان بە وتەی بارت لە ڕێی ڕێژەیەک لە چاوپۆشیەکان، لەڕێی ئەو داوانەی دێنە سەر ڕێی خوێنەر و ئەو وەڵامە کورتانەی بە پرسیارەکان و ئاڵۆزی دەربڕین دەدرێنەوە، (ماشێری ١٩٧٨، ل٢٨-٩، بارت ١٩٧٥ ل٧٥-٦). بێجگە لەوانە گێڕانەوە خوێنەر ناچار دەکا هەتا لە ڕووی ناچاری و بەشێوەیەکی پێشبینی نەکراو کارێک ئەزموون بکا (ماشێری ١٩٧٨، ل٤٣)، قارەمانی چیرۆکەکە تووشی لەمپەر دێت:

ئایا هەوڵ دەدا بەسەر کەندو کۆسپەکاندا زاڵ بێ، یان ئەوەی خۆی دەرباز بکا؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ڕوون و ئاشکرایە. گەرچی خوێنەر دەبێ تەنیا لاپەڕەی کتێبەکە هەڵداتەوە هەتا لێی حاڵی بێ، بەڵام ئەم ساتە وەکو کاتی هەڵبژاردن بۆ قارەمانی چیرۆکەکە ئەزموون دەکا. لە ڕاستیدا ئەگەر بڕیار بێ گێڕانەوە درێژەی بێ، دەبێ قارەمانی چیرۆکەکە بەرەو پێش بڕوا (بارت ١٩٧٥، ل١٣٥) بەم پێیە سەربەخۆیی بەرهەم هێنەر تارادەیەک تەم و مژاویە. بەواتایەکی تر دەتوانین بڵێین کە خوڵقێنەر چۆنیەتی چیرۆکەکە هەڵدەبژێرێ: هەر ئەوەی کە دەستنیشانی دەکا چ ڕوویدا، بەڵام ئەوە مەرجەکانی گێڕانەوەیە کە خودی ئەم دەستنیشان کردنە دیاری دەکا (ماشێری ١٩٧٨، ل٤٨) یان بە وتەی بارت ئەمە دەسکەوتەکانی گێڕانەوەیە (هەم بەمانای دەروونزانی و هەم بەمانای ئابووریی ئەم وشەیە) کە ئەم داخوازیە هەڵدەبژێرێ (بارت ١٩٧٥، ل١٣٥).

لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئەدەبیدا، ڕیشەی پێکهاتەیی توێژینەوەی ماشێری لەدەستەیەک لەو مەرج و ویستە ڕواڵەتیانە پێکدێ کە قاڵبی ئەدەبی نێو پرۆسەی بەرهەم هێنانی ئەدەبی بەسەر بیچمی دەق دادەسەپێنێ. ئەگەر ئێمە دەق بە بەرهەمی هۆکارێکی تاک دابنێین، تووشی هەڵە هاتووین، ئەم هۆکارە چ ویستی بەرهەمهێنەربێ، یان ویستی پێکهاتە و کاری گێڕانەوە. بەپێچەوانە بەرهەمی ئەدەبی لە توخم گەلێکی ڕەنگاوڕەنگ و ڕاستەقینە پێکدێ کە هەوێنی سەرەکی بەرهەمن (ماشێری ١٩٧٨، ل٤٩)، ڕەنگە لەنێوان دارشتن و مەرجە ڕواڵەتیەکانی بەرهەمی ئەدەبیدا دژوازیەکی ڕاستەوخۆ بەدی بکرێ، بۆ وێنە دەتوانین لەنێوان خۆ بواردن و دەستدرێژیەک کە لەم دژوازیە دەبێتەوە لەیەکێک لە مەبەستە گرینگەکانی توێژینەوەی ڕەخنەیی بگەین.

بە بۆچوونی ماشێری (کە زیاتر لەگەڵ گێڕانەوە و واقع خوازی کلاسیک خەریک دەبێ) چیرۆکەکە پێوەندیەکی نزیکی لەگەڵ ئایدیالۆژیادا هەیە، بەڵام ئەم دووانە، شتێکی تاک نین، ئەدەبیات ڕواڵەتێکی تایبەتە لە ئاخافتن کە هەرگیز کورت ناکرێتەوە، بەڵام ئەو زمانەی کە هەوێنی دەق پێکدێنێ زمانی ئایدیالۆژیایە، لەبەر ئەوە زمانێکی ناتەواو، کرچ و کاڵ و تاک ڕەهەندیە و ناتوانێ ئەو دژوازیە ڕاستەقینانە بشارێتەوە کە دەیەوێ نەبن. ئەم زمانە کە زۆرجاران لەگەڕیاندایە بەهۆی دەقی ئەدەبی دەستی بەسەردادەگیرێ و دەمەیێ.

دەقی واقع خواز چەشنێکە لە بریسکانەوەیەکی حەتمی. پێکهاتەیەکی هەست پێکراوەو داخوازی ئەوەیە کە پێوەندی نێوان توخمە جیاجیاکانی خۆی نیشان بدا. هەرچەندە دەقەکە هەوڵ دەدا کە دنیایەکی چیرۆکی بخوڵقێنێ کە خاوەنی خۆڕاگریەکی ناوەکی بێ، بەڵام نارێکی، قرتاندن و کەمایەتی و دەست درێژکردنێک ئاشکرا دەکا کە بەنۆرەی خۆی باسی لاوازبوونی زمانی ئایدیالۆژیا دەکاو ناتوانێ سیستماتیک بوون و بێ گرێیی نیشان بدا. هۆی ئەم ئاشکرابوونەش ئەوەیە کە دژوازی نێوان هۆکارانی ئاخافتنە جۆراوجۆرەکان و هەروەها نێوان (Project)ی ئایدیالۆژیا و ڕواڵەتی ئەدەبی بوونی بەرهەم، لەناوەندی دەق-دا چەشنێک لەکەمایەتی پێکدێنێ (٥)، دەق دابەش دەکرێ، بەکەرێکی نادیار لەت و پەت دەبێ و ماشێری ئەم

کەمایەتیەی هەستکردی بەرهەم و بێدەنگیەکەی و ئەوشتەی کە ناتوانێ بیدرکێنێ، لەگەڵ دەروونی نەستکردی فرۆید-ی بەراورد دەکا (هەمان بەرهەم، ل٨٥).

نەستکردی بەرهەم (هەڵبەت لێرەدا لەسەر بەرهەم پێداگری دەکرێ نەک لەسەر نەستکردی بەرهەم هێنەر) لەکاتی چوونە ژووری بۆ نێو چوارچێوەی ئەدەبی و لەنێو کەلەبەری نێوان شێوەی ئایدیالۆژیک و ڕواڵەتی تایبەتی ئەدەبیدا سازدەکرێ. بەم پێیە دەق-یش یەکپارچەییەکی سەرتر لەبابەتی ماشێری نییە. بۆ وێنە، بەرهەمەکانی ژوول وێرن کە ماشێری تاڕادەیەک بەدرێژی باسیان دەکا ئەوە نیشان دەدەن کە «ئەگەرچی ژوول وێرن بۆ خۆی هەڵیبژارد کە ببێتە بێژەری بارودۆخێکی ئایدیالۆژیای ناسراو، بەڵام هەرگیز نەیدەتوانی خۆی بۆ ئەوشتە هەڵبژێرێ کە دەواتر پێی گەیشت» (هەمان بەرهەم، ل٤٩). ماشێری لەکتێبی «The Secret of the Island»ی ژوول وێرن-دا بەشێکی پێشبینی نەکراو و دژواز نیشان دەدا کە ئایدیالۆژیای داگیرکەری شاراوە لە بیچمی ئاگادارانەی بەرهەم، لێک ئاواڵە دەکا. لەچوارچێوەی ئەم گێڕانەوەیەدا کە تەسلیم بوونی سروشت بە بنیاتنانەوەی دەستەیەک لەکۆچبەرە شارستانی و ژیار سازەکان، دەگێڕێتەوە، باوەڕ بە ئوستوورەیەکی لەمێژینە و دژ لە ئارادایە کە ئاگاداری دەق وەلای دەنێ. بەشێک لەو ڕووداوانەی کە هیچ چەشنە ڕوونکردنەوەیەکیان لەسەر نییە هەواڵدەری ئەوەن کە لەم دوورگە چۆڵەدا هەست بە بوونی ڕەمزاوی کەسێکی تر دەکرێ. بوونی نهێنی کاپیتان «ئێمۆ» و هەروەها ئەو کاریگەریەی کە ئەو لە ئەشکەوتێکی نهێنی وەریگرتبوو و لەسەر چارەنووسی پاپۆڕە شکاوەکانی دادەنێ، سەرچاوەی زنجیرەیەک لە هێماو دوایین گرێ کردنەوەیەکە دەبێتە پێکهاتەی چوارچێوەی گێڕانەوە، بەڵام بوونی ئەو لەدەقدا بۆ ئەوەی بتوانێ نیشاندانێکی ئایدیالۆژیا ئاشکرا بکا هیچ چەشنە دەورێک ناگێڕێ، بەڵکو بە پێچەوانە نیشاندەری سەرهەڵدانی ئەم توخمە سەرکوتکراوانە لەنێو قالبی چەشنێک لەکارگێڕی دووبارەی ئوستوورەیی ڕابینسۆن کرۆزۆ دایە. ئەم ئوستوورەیە داخوازیی چەشنێک لە خزمایەتی ئەدەبییە- ڕابینسۆن کرۆزۆی دانیەل دیفۆ- تەواوی چیرۆکەکانی دواتری کە پێوەندیان بە پاپۆڕ شکاویەوە هەیە تاڕادەیەک لەژێر مەرجی ئەم ئوستوورەیەدان، هەروەها داخوازی چەشنێک پێوەندی ئەژدادی لەگەڵ سروشتە- هەوڵدانی کروزۆ بەتەنیایی، بۆ دانانی چەشنێک ئابووریە لە ڕێی بنیاتنانەوە و گۆڕینی دوورگەکە- کە ژیانی کۆمەڵگای بۆرژوازی دواتریش لە گرەوی دایە. چیرۆکی ڕابینسۆن کروزۆ لەسەرخانەی ئاگادارانەی گێڕانەوەی ژوول وێرن دانراوە و مەرجی هەبوونی ئەویشە. ڕابینسۆن کروزۆ هەر بەو شێوەیە دەگەڕێتەوە سەر ئەم گێڕانەوەیە کە ئەزموونی سەرکوتکراوی نەخۆشێک لەنێو خەون و هەڵە زمانیەکاندا دەگەڕێتەوە سەر نەستکردی نەخۆشەکە و بەم کارە نەستکرد سەرنجی ئێمە بەرەو سەرچاوە و مێژوویەک ڕادەکێشێ کە نە چیرۆکی دوورگە چۆڵەکان و نە ئایدیالۆژی سەرکەوتووی بورژوازی هیچیان ناتوانن خۆیانی لێ ڕزگار بکەن و دەبێ خۆیان یەک لا بکەنەوە. بەم جۆرە «The Secret of the Island» لەڕێگەی ناکۆکی دەروونی خۆیەوە لەنێوان شێوەی ئاگادارانەو پێداگری توخمە کێشە خوازەکانی نەستکرد، سنوورە سیستماتیەکانی ئایدیالۆژیای سەدەی نۆزدە ئاشکرا دەکا.

بەم پێیە مەبەستی ڕەخنە ئەوە نییە کە بەدوای یەک دەستی دەقدا بگەڕێ بەڵکو دەبێ چەند دەنگی و جۆراوجۆری مانای کۆمەڵایەتی، ناتەواوی و ئەو چاوپۆشینانەبێ کە دەیانخاتە بەرچاو، بەڵام ناتوانێ بیانناسێنێ و گرینگتر لە هەموویان دژایەتیەکانی دەق نیشان بدا. دەق بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئایدیالۆژیای خۆی دەخاتە ژێر تیشکی ڕەخنە، دەق لەناخی خۆیدا هەڵگری ڕەخنەی بایەخەکانی خۆیەتی. بەم مانایە کە هەڵگری پرۆسەیەکی نوێ لەبەرهەم هێنانی مانا بەهۆی خوێنەر و لەم پرۆسەیەدا دەتوانێ ناسینێکی ڕاستەقینە لە چاو سنوورەکانی بریسکانەوەی ئایدیالۆژیا بێنێتە ئاراوە.

شێوە خوێندنەوەی ماشێری دروست بە پێچەوانەی سوونەتی ڕەخنەیی ئەنگلۆ- ئەمریکاییە، کە لەودا گەڕان بەدوای یەکدەستی و یەکپارچەیی بەرهەم بەدی دەکرێ و بە ڕووتێکردن لەفەلسەفەی نووسەر، یان وێنەی دنیای هاوچەرخ، کە مایەسی و خۆڕانەگری دەق چارەسەر دەکرێ. لەم شێوەیەدا ڕەخنە بەداپۆشینی دژوازی و داخرانی دەق دەبێتە هاوبیری ئایدیالۆژیا. ڕەخنە لە ڕێگای دانانی قانوون گەلێک بۆ ئەو دەقانەی قبووڵ دەکرێن، دەبێتە هۆی ئەوە کە بەراقەی گونجاو تەیاریان بکا. ئەو توخمانەی دەق کە لەگەڵ ئایدیالۆژیای زاڵدا دەکەونە نێو دژایەتییەوە بەچەشنێکی کاریگەر سانسۆڕ دەکرێن. لەلایەکی ترەوە پێکهاتە هەڵوەشێن کردنی دەق، ئاواڵەکردنی دەقە، ڕزگارکردنی ئەو کردەوانەیە کە ڕەنگە بۆ تێگەیین بن، ئەو کردەوانەی کە تانەو بەرچاوتەنگی ئایدیالۆژیای دەق ئاشکرا دەکەن.

ئاکامی وەها شێوەیەک لەخوێندنەوە، دەبێتە هۆی دووبارە کێشانەوەی نەخشەی «ئەدەبیاتی ئینگلیزی»، لەبەرئەوەی کە بتوانین لەسەر بایەخداربوونی پەلکوتانی مەرجە باوەکان لێکۆڵینەوەمان هەبێ و هەروەها بۆ ئەوەی کە پێکهاتە هەڵوەشێنی لەسەر چەشنە ئەدەبییەکانی تر بێجگە لە ئەدەبیاتی واقع خواز، ئەنجام بدەین، لەپێشدا چیرۆکەکانی شێرلووک هۆڵمز دەخەینە بەر توێژینەوە و دواتر «زانا- قەرەج»ی مارتیۆئارنۆڵد دەخەینە بەرباس.

**٢- شێرلوک هۆڵمز:**

ماشێری بەسەرنجدان بە بەراوردکردنی ڕەخنەی ئەدەبی و دەروون شیکاری، پێی وایە کە لەبەر دۆزینەوەی گوازتنەوەکان، لێکچڕانەکان و هەمیشە حەتمی نەبوونی دەق، نابێ ئەوەمان لەبیربچێ کە جیاوازیەک لەنێوان باس لەسەر دەق لەگەڵ هەستی خودی دەق بەدی دەکرێ (ماشێری ١٩٧٨، ل٣٩)، یەکێک لە کورتە چیرۆکەکانی کتێبی «گەڕانەوەی شێرلوک هۆڵمز»- The Return of She lock Holmes، چیرۆکی (چارلز ئاگوستوس میلڤێرتۆن)ە لەم چیرۆکەدا «کانون دۆیل Conan Doyle» خوێنەر لە بەرامبەر کێشەیەکی ئەخلاقی دادەنێ. میلڤێرتۆن پووڵی بێدەنگ بوون وەردەگرێ. وەرگرتنی پووڵی بێدەنگ بوون تاوانێکە کە بەهاسانی ناکێشرێتە نێو دادگا، چونکە قوربانیەکان ناچارن پێیان خۆش نەبێ کە ئەم کێشەیە لەنێو خەڵکیدا ئاشکرابێ. بەم پێیە دەق خوازیاری ئەمەیە کە خوێنەر قبووڵی بکا کە لەوەها هەڵسوکەوتێکدا کاری بێ قانوونی، کارێکی ئەخلاقییە. هۆڵمز گەڵاڵەی دزی کردن لەماڵی میلڤێرتۆن دادەڕێژێ تاکو نامەگەلێک کە بوونەتە هۆی ئەم ڕووداوە، بدزێ و وێدەچێ کە واتسۆن و دەق دوای سەرنجدانی پێویست بەمە دەگەن کە ئەم کردەوەیە لە بابەت ئەخلاقیەوە دەسەلمێندرێ، پێکهاتەی گێڕانەوە نزیکە: قوربانیەک پیلان دادەڕێژێ و ئەویتریان کۆتایی پێدێنێ. ئەمە لەحاڵێکدایە کە هۆڵمز و واتسۆن لەژووری موتاڵای میلڤێرتۆندا خۆیان حەشارداوە. ژنێک ڕەخنە لەوە دەگرێ کە میلڤێرتۆن ژیانی لێ تێکداوە و بەگوللەیەک دەیکوژێ. کۆمیستێرلێستراد بۆ گرتنی بکوژ داوای یارمەتی لە هۆڵمز دەکا. هۆڵمز لەوەڵامدا دەڵێ کە بەشێک لەتاوانەکان تۆڵەستاندنەوەیەکی تایبەتی دەسەلمێنن، چونکە لەگەڵ بکوژ هەست بە هاوخەمی دەکاو خۆی لەم کێشەیە لادەدا. ئیتر خوێنەر ڕێی پێدەدرێ تاکو بۆ خۆی لە چارەنووسی هەڵوێستی هۆڵمز بیربکاتەوە.

لەپەراوێزی دەقدا بیچمی گێڕانەوەیەکی تر دادەڕێژرێ. ئەم گێڕانەوەیەش هەڵگری کێشەگەلێکن، بەڵام ئەم کێشانە زەق نابنەوە. «لێدی ئێوار بلەک وێل» وەکیلی هۆڵمز، ژنێکی جوان و لاوە کە بڕیارە لەگەڵ ئێرلێ دۆڤێرکۆرت ژیانی هاوبەشی پێک بێنن. میلڤێرتۆن ئەو نامانەی داگرتووە کە ئەم ژنە بۆ لاوێکی بێ پووڵ و دێهاتی لەبنەماڵەیەکی ناودار-ی لێدی ئێوا لەچیرۆکەکەدا خۆی نیشان نادا. نێوەرۆکی نامەکان ڕوون نییە، بەڵام واتسۆن، ئەوانە بێجگە لە نامەی بوێرانە هیچ شتێکی تر نین». میلڤێرتۆن ئەم نامانە «بەرۆح» دەناسێنێ. هۆڵمز و خوێنەر لەگەڵ لێدی ئێڤا هەست بەهاودەردی دەکەن، بەم حاڵە خوێنەر و هۆڵمز بەبێ هیچ چەشنە گومانێک ئەمە قبووڵ دەکەن کە لەلایەکەوە ژیانی هاوبەشی پێکهێنانی لەگەڵ ئێرلی دۆڤێرکۆرت» کارێکی باشە و لەلایەکی ترەوە ئەگەر ئەو چاوی بەنامەکان بکەوێ، بەدڵنیاییەوە خۆی لەم کارە دەبوێرێ. سەرنجی خوێنەر لەسەر ئایدیالۆژیایەک کە لەناخدا هەڵگری دژوازی زەماوەندەو لەچیرۆکەکەدا بە ئاسایی دادەنرێ، بە بەلاڕێدا چوونی دەق لەبابەت نێوەرۆکی نامەکان و ونبوونی خودی لێدی ئێڤا بۆ لایەکی تر دەڕوا.

لێرەدا دووەم گێڕانەوەش بەدی دەکرێ، لێرەشدا بکوژ ژنێکە کە ڕابووردوویەکی پڕ کێشەی هەیە. کەسایەتیەکەی دیاری نەکراوە. میلڤێرتۆن نامەکانی ئەوی بۆ مێردەکەی ناردووە و بەم شێوەیە «دڵی عاشقی ئەوی شکاندووە و بۆتە هۆی مەرگی ئەو، لێرەشدا دیسان دەق ناتوانێ سەبارەت بەنێوەرۆکی نامەکان بەدروستی بدوێ، چونکە وەها کارێک ئەم مەترسیەی هەیە کە هاودەردیی خوێنەر لەگەڵ ژن، یان مێردەکەی لەناو ببات.

لەم نێوەدا هۆڵمز خۆی نیشان دەدا. ئەو بە پێشنیاری زەماوەندکردن لەگەڵ کلفەتی میلڤێرتۆن سەبارەت بەخانوویەک زانیاری بەدەست دێنێ کە دەیەوێ دزی لێبکا. واتسۆن بە ئاماژە بە چارەنووسی دواتری ئەم کیژە هۆڵمز لۆمەدەکا، بەڵام هۆڵمز وەڵام دەداتەوە:

«بەڕێز واتسۆن، هیچ چارەیەک نییە. کاتێ دەکەویە نێو بارودۆخێکی پڕ مەترسیەوە دەبێ کارتەکانت زۆر بەباشی و ڕێک و پێکی بخەیەکایەوە. هەر چۆنێک بێ خۆشحاڵ دەبم کە پێت ڕابگەیەنم من ڕکەبەرێکی نەفرەت لێکراوم. ئەگەر کەم تەرخەم بم جێگاکەم دەگرێتەوە، با چیتر باسی ئەوە نەکەین چ شەوێکی خۆشە».

لەم چیرۆکەدا ئیتر باسی کلفەتەکە ناکرێ. کێشەی جنسی ئەم سێ ژنە نسێ ئاسایە چیرۆکەکە وەگەڕ دەخا، بەڵام هیچیان بەشێوەیەکی ئەوتۆ ئامادەنین. بۆیە لە

بنەڕەتدا ئەم گرێ کردنەوەیەی کۆتایی بە چیرۆکەکە دێنێ گرێ کردنەوەیەکی بەرچاو نییە. هۆڵمز بەشێوەیەکی سەمبولیک ئەو نامانەی سوتاندووە کە ڕاپۆرتی کێشەی جنسیی ژنانەیە. یەکەم پاراگراف لەبارەی واتسۆت-ەوە چەشنێک داوای لێبوردنە بەهۆی «بێدەنگی گێڕانەوە سەبارەت بە بەشێک لەکێشەکان»: چیرۆکەکە بەجۆرە چاوپۆشیەکی پێویست بەیان دەکرێ..»، «خوێنەر دەبێ داوای لێبوردنی من وەربگرێ کە من مێژووی ڕووداوەکان، یان هەرچەشنە ڕاستیەکی تر دەشارمەوە... (داکۆکی نووسەری بەرهەمی حازر).

بیچمی چیرۆکەکانی شێرلووک هۆڵمز پێوەندی هەیە بە بەرپەرچدانەوەی جادوو، هێما، ڕوونکردنەوەو شیکردنەوە و توێژینەوەی زانستیانەی هەموو شتێک، ئەو ڕستەیەی ئاشنای هەموو خوێنەرێکە- «سانایە، واتسۆنی خۆشەویستم» (٦) لەڕاستیدا گێڕانەوەیەکی ناڕاستە، بەڵام ئاشنابوونێکی لەخۆوە نییە، چونکە دڵەڕاوکێی سەرەکی ئەم چیرۆکانە دەگێڕێتەوە. هۆڵمز و واتسۆن پیاوانی زانستن. هۆڵمزی «بلیمەت»، پسپۆرو جادووگەرێکە کە دەیەوێ لەسەر ئاشکراکردنی فێڵ و تەڵەکەکان پێداگری بکا. ئەم چیرۆکانە لەفەزایەکی پڕ هێما، ڕاز و ڕەمزدار پڕ لەبنبەستی چارەسەر نەبوودا دەست پێدەکەن و بەم شیکردنەوەیە کە لە ئاکامدا بە گەڕیانێکی جێ متمانە و شێوازێکی زانستی، هەموو ڕازەکان تەسلیمی عەقڵ دەکاو کۆتاییان پێ دێ.

دەترسم لێدوانی من ناهومێدت بکا، بەڵام عادەتی هەمیشەیی من وایە کە ڕێچارەکانی خۆم نە لە هەڤاڵم واتسۆن و ئەوکەسەی کە هۆگرییەکی جیدی بەوان هەبێ، بەڵکو لەهیچ کەسێکی تری ناشارمەوە («رایگەت سکوایرز The Reigate squires»، بیرەوەریەکانی شێرلووک هۆڵمز.)

ئەم چیرۆکانە تەنیا بەڕێگا باوەکانی لێپرسینەوەی پۆلیسی (شوێن پێ، نیشانەیەک لەقژ، یان لیباس و قونچکی جگەرە) کە لە ڕاستیدا کاریگەریەکی تەواوی بووە، تایبەت ناکرێن، بەڵکو بەرگری لە زانست دەکەن و تەواوی بوارەکان وەخۆ دەگرن، ئەم چیرۆکانە خۆشبینی بەرینی دەورەی خۆیان نیشان دەدەن کە باوەڕی تەواوی بەهێزی هەمەگری زانستی- اثبات- خواز بوو. بۆ وێنە توانای هۆڵمز بۆ تێگەیین لە پرۆسەی ئەندێشەی واتسۆن هەمیشە دەبیندرێ، هیچ پێوەندیەکی بەمیتافیزیک نییە. پرۆسەی بەڵگە هێنانەوەش هەمیشە دوای شی کردنەوە (بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر و سادە) دێتە بەرچاو و ئاساییترین چەشنی شعووری ناسراو تێی دەگا.

بیچمی خودی چیرۆکەکانیش کە درکاندنی هێمایەک و دوابەدوای ئەویش گرێ کەرەوەیەکە دروست ڕەنگدانەوەیەکە لە پێکهاتەی دەقی واقع خوازی کلاسیک.. خودی بگێڕەوەش سەرنجی ئێمە بەرەو لای هاوسەنگی نێوانیان ڕادەکێشێ:

«من گوڕراندم، «زۆر باشە!»

ئەو گوتی: سانایە. ئەمە یەکێک لەو باسانەیە کە کەسێکی بیرمەند دەتوانێ بەو مەبەستە بگا کە لە ڕوانگەی ئەو کەسەی پەنای خۆی، سەیر دەنوێنێ، چونکە ئەم کەسەی دواتر، خاڵێکی بچووک کە بنەمای تێگەیشتەیە وەبەرچاو ناگیرێ. هاوڕێی خۆشەویست ئەمە لە بارەی شوێندانانی بەشێکە لە کورتە چیرۆکەکانی ئێوەش ڕاستە کاریگەریەک کە بەتەواوی فریودەرە فریودەرە، چونکە بنەماکەی چاوپۆشی لە بەشێک لە پاژە گرینگەکانی ئەم باسەیە کە تۆ هیچ کات بەرەو خوێنەریان ناگوێزیەوە ئێستا من لەڕیزی ئەم خوێنەرانەدام چونکە لەبارەی یەکێک لە سەیروسەمەرەترین ئەو شتانەی بە هەنووکە زەینی مرۆڤی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، شوێن پێیە کەم بەدەستەوەیە. کەچی ئێستاش بۆ تەواوکردنی بۆچوونەکەم یەک دوو نیشانە پێویست و بەدوایانەوەم بەڵام دەیاندۆزمەوە واتسۆن، دەیاندۆزمەوە (The Crooked man، بیرەوەریەکان)... ماشێڕی ئەم بەشەی لەبارەی پێکهاتەی تایبەت بەگێڕانەوە هەڵبژاردووە (١٩٧٨، ل٣٥).

هەروەها ئەم بیچمە پێویستی هەیە بە زۆرینەی «واقع خوازی» یانی ڕاست نوێنی و باوەڕمەندی. کاتی گرێ کەرەوەیی کامڵ دەبێ بە هیچ چەشنێک ئیزن نادرێ شوێنێک لەدەست و پێوەندییەکانی خەیاڵکردن، یان باوەڕنەکراو بەجێ بمێنێ بۆ ئەوەی لایانە زانستیەکان بپارێزێن. بەم هۆیەیە کە زۆر جار تەنانەت بوونی خودی ئەم چیرۆکانە وەکو نویسارێک لەنێو دەقدا دێتە بەرباس. بەم چیرۆکانە وەکو.. «بیرەوەریەکانی»ی واتسۆن ئاماژەدەکرێ. ئەو نووسراوانەی واتسۆن لەچیرۆکی خەیاڵی و ئەدەبی دەچێ. هۆیەکەشی ئەوەیە کە لە ویستێکی نازانستیەوە. بەرەو لای حەقایەت وێژی چووە:

«واتسۆن من دەبێ قبووڵی بکەم کە تۆ چەشنێک هێزی هەڵبژاردنت هەیە کە زۆرجاران ئەوشتانەی لەگێڕانەوەکانتدا دەبێتە هۆی ناهومێدی من، قەرەبوو دەکاتەوە. ئەم عادەتە کۆنەی تۆ نەک لە ڕوانگەی ئەزموونێکی زانستی بەڵکو لە ڕوانگەی چیرۆکێکەوە دەڕوانیە هەموو شتێک. ئەم عادەتە دەیتوانی کۆمەڵێک

لە سەلماندنی زانستی فێرکارو تەنانەت کلاسیک بێ کە تێکی داون (دیبەرگرانژ، گەڕانەوە). بەواتایەکی تر خودی چیرۆکەکە تەنانەت هۆی چیرۆکی بوونی خۆی شی دەکاتەوە. بەم شێوەیە دەق زۆر ڕوون و ئاشکرا دێتە بەرچاو. زۆرجاران سەرکەوتوویی چیرۆکەکانی شێرلوک هۆڵمز لە پێکهێنانی گومانێک لە ڕاستەقینە، سەلمێندراوە. مایکێل و موولی هاردویک لە پێشەکیەک لەسەر کتێبی «ڕێنوێنی شێرلوک هۆڵمز لەگومانی بەردەوامی خۆی لەسەر ئەوەی کە دەڵێی زیاتر لەگەڵ سیمایەک لە ژیانی ڕاستەقینە هەڵسوکەوت دەکەن تاکو لەگەڵ سیمایەکی چیرۆکانە» دواون. «ئەو تەنانەت لە بەراوردکردن لەگەڵ زۆربەی ئاشناکانی خودی ئێمەدا چەند زیندوو دێتە بەرچاو.»

(دیڤال- De Wall) لەکتێبنامەی شێرلوک هۆڵمزدا بیست و پێنج گۆڤاری دەورەیی شێرلوک هۆڵمز نێو دەبا کە لەسەر بنەمای نیشانەکانی نێو چیرۆکەکان و ئاماژەی زوو تێپەڕیو، باسی شک و گومان لەبابەت پەروەردەبوون، ڕۆمانتیک و عاشقانەی هۆڵمز دەکا. بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی تایمز لە دیسامبری ساڵی (١٩٦٧)دا تا بە ئێستاش نامەگەلێک بۆ شێرلوک هۆڵمز بەناونیشانی شەقامی بێیکێر، ژمارەی ٢٢١ب، دەنێردرێ، لەزۆربەیاندا داوای لێدەکرێ کە یارمەتی پۆلیسی-یان بدا.

بەڵام ئەم چیرۆکانە کە داڕشتی ئاشکرایان لەسەر بنەمای ڕاستەقینە نوێنیەکی تەواو و پاراستنی زانستی بوونە، زۆر جاران لە دوای ژنانی نسێ ئاسا، ڕەمزاوی و خامۆش دان. بێدەنگ بوونیان زۆرجار گرفتە جنسیەکان دادەپۆشێ و ئەم گرفتانە وەها دەخاتە نێو تەمێکی ڕەش و جادوویی کە دەستی هیچ ناسینێکی زانستییان پێ ڕاناگا. لە چیرۆکی «ڕاڤەکەری یۆنانی The Greek Interpreter» لەکۆمەڵەی بیرەوەریەکاندا، «سوفی کراتید Sophe kratide لەگەڵ پیاوێکە هەڵدەگیرێ. ئەگەرچی ئەو کلیلی پێکهاتن و پیلانی چیرۆکەکەیە، بەڵام تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت لەنێو چیرۆکەکەدا خۆی نیشان دەدا:

«من تەنیا توانیم ئەوەندە بڵێم کە ئەو ژنێکی جوان و باڵا بەرزو قژ ڕەشە و جلی سپی و درێژی لەبەردابوو».

جلی سپی و درێژ بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ نیشانەی کچ بوونیەتی و هەڵگیرانی لەگەڵ ئەو پیاوە زیاتر پێوەندی بە ڕۆمانس-ەوە هەیە تاکو بە ئیشتیاو هەوەس. لەم کاتەدا نسێیەکی ڕووناک کە نیشانەی نەناسیاویە و دەیخاتە بیرکردنەوە. «پیاوی بە دڵ» لەبارەی خاتوو بارکلەی دەدوێ کە ڕۆژی چاوپێکەوتن لەگەڵ خۆشەویستی ساڵانی پێشووی مێردەکەیان بەمردوویی دۆزیوەتەوە. خاتوو بارکلەی کە هەنووکە بێهۆشە، لەشەوی ڕووداوی کوشتندا «بۆ ماوەیەک شێت» بووە و ناتوانێ قسە بکا «لەچیرۆکی» ئەو پیاوانەی لە حاڵی سەمادان» (٧) لەکۆمەڵە چیرۆکی گەڕانەوەدا خاتوو ئێلسی کوبیت کە پێشتر نیشانە کراوی خوێن مژێک بووە دەیەوێ قسە بکا، بەڵام ناتوانێ بێدەنگیەکەی بشکێنێ. کاتێ هۆڵمز دێتە ژووری ئەو، نا وشیارە و تا کۆتایی چیرۆکەکە لەم حاڵەدا دەمێنێتەوە. ئەم چیرۆکە بەشێوەیەکی تەنزاوی پێوەندی بە ئاواڵابوونی هێمایەک دەبێ کە خۆشەویستی پێشووی توانایی دەدا تاکو پێوەندی پێوە بگرێ.

تەنیا یارمەتیەکی کە ئێلسی پێ دەکا درکاندنی وشەی «هەرگیز»ە. چۆنیەتی پێوەندی ئەوان پڕ ڕەمزو ڕازە و لەم بابەتەوە بۆچوون و گومانی جۆراو جۆر هەیە. هۆڵمز دەڵێ هەستی ئەو لەبابەت خۆشەویستەکەی تێکەڵاویەک بووە لە ترس و نەفرەت، بەڵام خۆشەویستەکەی دەڵێ کە «ئەو هۆگری نیشانەکراوی من بوو و بیردەکەمەوە ئەگەر ئیشێکی ترم بکردبووایە منی دەگوێزتەوە». کاتێ مێردەکەی دەیەوێ پیاوێک بکوژێ کە پەیامە ڕەمزاویەکانی سەرچاوەی سامناکیەکە» کە ئێلسی «لەناو دەبا». ئێلسی بەتواناییەوە دەبێتە لەمپەری سەر ڕێی. لە بابەت هۆکارەکانی ئێلسی بۆ ئەم کارە دەق بەشێوەیەکی ئاشکرا دوورو درێژ دەبێتەوە، مێردەکەی چیرۆکەکە ئاوا دەگێڕێتەوە:

«من ئەو شەوە لە داخی ژنەکەم تووڕە بووم، چونکە نەیدەهێشت تۆڵە لەو پیاوە بێشەرەفە بستێنمەوە. ئێلسی گوتی لەوە دەترسێ کە زەبرێکم لێبدا. بۆ ساتێک بەزەینم گەیشت ئەو شتەی بەڕاستی دەیترسێنێ ئەوەیە کە زەبرێکە لەو پیاوە بدرێ. چونکە شکم نەدەکرد کە ئەو پیاوە دەناسێ و لەمانای ئاماژە نامۆکانی دەگا، بەڵام بەڕێز هۆڵمز، لەدەنگی خێزانمدا بریسکانەوە و لە چاوانیدا نیگایەکە کە گومان وەلادەنێ و من دڵنیام کە ئەو لە ڕاستیدا نیگەرانی سلامەتی من بووە.»

ئێلسی لەدوای مەرگی مێردەکەی هەر وا بێوەژن و بە بیرەوەریەکانی ئەو وەفادار دەمێنێتەوە و ژیانی خۆی بۆ یارمەتیدان بە هەژاران تەرخان دەکا. ئەو لە ڕواڵەتدا کەفارەی تاوانێکی شاراوە دەداتەوە، ڕەنگە کردەوەیان هەستێک بێ لە ڕابوردوویەکی دوور یان نزیکدا.

«پیاوانی لەحاڵی سەمادا» باسی شێوەی ڕەمز هەڵوەشێنی هۆڵمز دەکا. بیچمی ئەو سرینەوەی هەر

چەشنە جادوویەک لە پرۆسەی هێما دۆزینەوەیە. بێدەنگی ئێلسی بەسوودی چیرۆکەکەیە، چونکە ئەو لەبارەی هێماکەوە دەزانێ، بەڵام ئاگاداری هەستی خۆیەتی لە بەرامبەر خۆشەویستی پێشوویدا. لەم چیرۆکەدا کە دۆزینەوەی تەواو کامڵی هێما باس دەکرێ، گێڕانەوەیەکی ناتەواو و ئاشکرانەکراوی تر هەیە لە سەرانسەری دەقدا دەورێکی پەراوێزی ناگێڕێ. ڕابوردووی ئێلسی خاوەنی گرینگی و نیشاندەری هۆکارە، بەم پێیە دەق هاوتا لەگەڵ بیچمی هێما سڕینەوەکەی لە چنگی حاڵ و هەوایەکی ڕەمزاوی زەینی ژنێک دایە کە ناتوانی قسە بکا.

تا ئەوکات دەقی واقع خوازیی کلاسیک هێشتا نەیتوانیبوو شێوەیەک بۆ نیشاندانی گیروگرفتە جنسییەکانی ژنان بدۆزێتەوە. مەگەر بەچەشنێکی خوازەیی، یان سەمبولیک کە کەڵک وەرگرتن لەوان ڕواڵەتی واقع خوازیی چیرۆکەکە دەشلەژێنێ. لەم کاتەدا جۆیس و لارێنس شێوەگەلێکیان بۆ نیشاندانی گیروگرفتە جنسییەکانی ئەزموون دەکرد، بەڵام بۆ بەڕێوەبردنی ئەم کارە تاڕادەیەکی زۆر هێماگەلی واقع خوازیان وەلانا. هەتا ئێرەکانە باسەکە تەواو ئاشکراو ڕوونە، بەڵام ئەوشتەی کە گرینگی زیاتری هەیە ئەوەیە کە بوونی ئەم هەموو ژنە لەچیرۆکەکانی شێرلوک هۆڵمزدا وەکو سیماگەلێکی ئاسا، ڕەمزاوی و جادوویی، بە ئاشکرایی بەمەبەستی ڕوون بوونی دەق دەکەوێتە دژایەتییەوە، دەست بەسەر بایەخەکانی دەق دادەگرێ و بەم کارە هەژاریی مانای هاوچەرخی زانست زەق دەکاتەوە. ئەم چیرۆکانە کە خوازیاری چەشنێک ڕوونی تەواو لەبارەی جیهانن، ناتوانن هەرێمێک جیابکەنەوە کە هەر چۆنێک بێ ناتوانن وەبەرچاوی نەگرن. ئەم گێڕانەوەیە لە زانست کە ئەم دەقانە پێشکەش دەکەن، بە ئاشکرایی چەشنێک. کێشە سازکردنە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیا: ڕاڤەی تەواوی ڕێبازەکانی ژیان، لەوانە گیانی، کۆمەڵایەتی و ڕەوانناسی دەبێ لەژێر لێکۆڵینەوەی عەقڵانی و پێویستەکانی بۆچوونی ڕێک و پێک بێ، بەڵام چیرۆکەکانی شێرلوک هۆڵمز لە بەرامبەر بوون لەگەڵ هەرێمێک کە تێیدا خودی ئایدیۆلۆژیا حەتمی بوونی بۆ نییە. بن بەستەکانی بیچمی خۆیان نیشان دەدەن و بەناچار لەمپەر گەلی زانستی بۆرژوازیی نیشان دەدەن، زانستی بوونێک کە لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیادا کار دەکاو بەم هۆیە ناتوانێ ئەوان بەرەو بەربەرەکانی بکێشێ.

ڕەنگە سەرنج ڕاکێشترینی ئەم چیرۆکانە (گەڕانەوە) بێ و پێوەندی بە دوونامەوە هەیە، چونکە ڕێبازێکی نوێ لە دژ ڕاوەستان و شاراوەیی دەهێنێتە نێو چیرۆکەوە. خاتوو هیلدا تریلاوێنی هۆپ دەدوێ. ئەو لەپێش شووکردنی خۆی «نامەیەکی بوێرانەی نووسیوە» نامەیەکی شێتانە، نامەیەک کە کیژێکی عاشق و ئاگا لەخۆبڕاو دەینووسێ ئەگەر مێردەکەی ئەم نامەیە بخوێنێتەوە متمانەی پێ ناکا. لێرەدا مێردەکەی ئەویش بەهاودەردیەکی تەواوەوە نیشان دراوە ئێمە بۆ جارێکی تر لەگەڵ دژایەتی ئاشنای نێوان کردەوەی زەینی مێردێک کە وەکو کردەوەیەکی دروست قبووڵ کراوە و کردەوەیەک کە دەق پێشکەشی خوێنەری دەکا ڕووبەڕووین. خاتوو هیلدا لەبەرامبەر وەرگرتنەوەی دەسنووسی نامەکەی خۆی، نامەی کەسێکە (بەرپرسیارێکی خارجی) لەسندووقی نامەکانی مێردەکەی خۆی کە وەزیری دەرەوەی وڵاتێکی ئەورووپاییە دەدزێ و دەیداتە دەستی بەرتیل خۆر، ئەم نامە سیاسیە کە وەکو سەمبولێکە لەیەکەم نامە عاشقانەکە دەچێ. ناوەڕۆکی نامەکە هەر بەو ڕادەیە چەند درێژییە، بەڵام «بوێرانە و توندوتیژانە نووسراوە» بەشێک لە ڕستەکانی نێو نامەکە «ورووژێنەر» بڵاوکردنەوەی نامەکە «هەست گەلێکی مەترسی هێنەر لەنێو خەڵکدا دەورووژێنێ» ئەو بێدەسەڵاتیە نەفامانەی خاتوو هیلدا هۆکاری دزیەکەیە: ئەو لەبارەی سیاسەتەوە هیچ نازانێ و لەهەلومەرجێکی وادانییە لە داهاتی کردەوەی خۆی حاڵی بێ هۆڵمز نامە سیاسیەکە دەنێرێتەوە و هەردووک ڕازەکان دەپارێزرێن.

لێرەشدا دەق لەدوان لەبارەی کێشەی جنسی و سیاسەت بەلاڕێ دادەڕوا. واتسۆن چیرۆکەکە بەداوای لێبوردن لەشاردنەوە و پێچ و پەناوتنی خۆی دەست پێدەکا. هەر بەو شێوەیەی کە زۆرجاران لە وەها هەلومەرجێکدا ئاساییە. لە ڕوانگەی سیاسیەوە ئەوەی کە لەبەر حەتمی نەبوونی دەقدا ئاشکرا دەبێ چۆنیەتی دژوازی ناچاریەکان و مەرجی حەقیقەت نوێنی لەچیرۆکەکەدایە. باس لە کەسایەتی خاوەن پلە و چۆنیەتی ناوشیاری ئەو ناکرێ چونکە ئەم مەترسیە لە ئارادا دەبێ کە یان خوێنەر باوەڕ بەدەق نەکا (ناساندنی وڵاتێکی تەواو خەیاڵی لەڕووی حەقیقەت نوێنییەوە مەترسی هێنەرە) یان بەباوەڕی ئەو لە بارەی شوێن و جێگەی خەیاڵکردن و سەرقاڵکردنی دەق زیان دێتە ئاراوە، یان ئەوەی هاورێی بەشێک لە مەترسیەکانی سیاسی دەبێ. پێویستی زانستی بوونی بیچمی دەق ئەوەیە کە باسی «ڕاستیەکان» بکا، بەڵام چۆنیەتی دەق بەناوی چیرۆکەوە دەبێتە لەمپەر بۆ ناساندنی

ڕاستیەکان.

دەقی واقعخوازی کلاسیک لەڕێی نواندنی ڕاستیەکی بەدەڵ کەباوەڕ پێکراوەو، بەڵام ڕاست نییە، خۆی لەپانتایی نێوان ڕاستەقینەو خەیاڵدا جێگیر دەکا. هێزی ئەم چەشنە دەقانە بەناوی ئوستوورە، لێرەوە سەرچاوە دەگرێ. زۆرجار چیرۆک ڕاستەوخۆیانە دژی سیاسەت ناوەستێ مەگەر لە چوارچێوەی مێژوو، یان تەنز دابێ، بەم هۆیەش ڕواڵەتێکی تەواو بێ تاوانی هەیە و بەپێی ئایدیۆلۆژیکیەوە کاریگەرە، بەڵام لاوازیەکەی لە پلەی «واقعخوازی»یشدا لە داکردنی لە ڕاستەقینەدا نیهان کراوە. چیرۆکەکانی شێرلوک هۆڵمز لەڕێی دەستدرێژی کردن بۆ سەر بایەخەکانی خۆی، یانی ڕوونی واقیعیەت نوێنی، چۆنیەتی بن بەست کراوی خۆی وەکو وێنەگەلێکی ڕوونی واقعخوازی کلاسیک دەخاتە ژێر ڕەخنەوە. لەم ڕوانگەیەوە کە ئەم چەشنە چیرۆکانە کاتێ لەپرۆسەی پێکهاتە هەڵوەشێنی دەقدا جێگیردەبن، جۆرە ناسینێک پێشکەشی خوێنەر دەکەن کە نەک لەبارەی «ژیان» یان «جیهان»ەوە بەڵکو لە بارەی چۆنیەتی خودی چیرۆکەکەیە.

بەم پێیە -اثبات- خوازی بەقبوڵکردنی قاڵبی واقعخوازی کلاسیک وەکو تەنیا شێوەی گونجاوی ئەدەبی، ناچار دەبێ بەرتەسکییەکانی خۆی نیشان بدا. [اثبات- خوازی] کە خۆی وەکو زانست پێشکەش دەکا لە پرۆسەی پێکهاتە هەڵوەشێنیدا چۆنیەتی ئایدیالۆژیکی خۆی دروست هەر بەو شێوەیەی کە واقعخوازی خۆی لە قەوارەیەکی واقعیەتی نوێندا نیشان دەدا، ئاشکرا دەکا، بەڵام لە هەمان حاڵیشدا چۆنیەتی چیرۆک بوونی خۆی دێنێتە بەرچاو. ئەم دەقانە بەخواستی ڕوونکردنەوە و بۆ تێگەیشتن کردنی ئەوەی کە ڕەمزاوییە دەبێتە شاهیدێک لەسەر خواستی-اثبات- خوازی بۆ ئەوەی ئەزموونێک بخاتە پەراوێزەوە کە ناتوانێ جیای بکاتەوە، یان لێی حاڵی بێ، لە چیرۆکەکانی شێرلوک هۆڵمزدا واقعخوازی کلاسیک بە چەشنێکی ناڕاستەوخۆ حەقیقەتێکە نیشان دەدا، بەڵام ئەو حەقیقەتە نییە کە تایبەت بە جیهانە و لەمەبەستی واقع خوازی کلاسیکدایە. ئەو حەقیقەتەی کە ئەم چیرۆکانە باسی لێدەکەن بە ئایدیالۆژیا پێوەندی هەیە، هەر ئەو ئایدیالۆژیایەی کە حەقیقەت سەرکوت دەکا و شتێکی تر جگە لە ئایدیالۆژیک بوونی ئایدیالۆژیا نییە.

## ۳- «زانا- قەرەج»

ئەگەر بیچمی سەرەکی چیرۆکەکانی(۸) شێرلوک هۆڵمز سڕینەوەی ڕازو هێما بەنێوی زانستە، بیچمی قەسیدەی ڕۆمانتیک پێچەوانەی ئەمە نیشان دەدا و ڕازو ڕەمزی شاراوەی نێو شتەکان دەدۆزێتەوە، هەر ئەو ناوەندە کۆکراو و شهوودیەی ئەزموونی زەبینە کەڕاکردن لە سواوی هەمەلایەنەی دنیای هەمیشەیی دەرەکی نیشان دەدا. وۆردزوۆرث لە «ئاماژەگەلێک لەبارەی تاهەتایی»(۹)، کالریج (کۆلریدج) لە «قوبیلای خان»(۱۰) شیللی لە «قەسیدەیەک بۆ با-ی ڕۆژئاوایی»(۱۱)، کیتس لە «قەسیدەیەک بۆ بولبول«۱۲»و «قەسیدەیەک لەبارەی گوڵدانێکی یۆنانی»(۱۳)دا بە ڕادەی خۆیان هەوڵ دەدەن کاتی ئیلهام وەرگرتن کە سەرچاوەی شیعرە لێک جیابکەنەوە و لەبارەی ماناو بایەخی ئیلهام وەکو شیعر بیربکەنەوە. لە «قوبیلای خان»، «بولبول» و «گوڵدانی یۆنانی»دا سەرچاوەی ئیلهام- و سەمبولی لە شیعردا- قاڵبێکی هونەریە- (ئاواز، گوڵدان) و شاعیر لەخولقاندنەوەی ئەزموونی ئیلهامی خۆیدا شیعرەکە دەخولقێنێ.

شیعری «زانا- قەرەج»-ی ئارنۆڵد لەزۆر شوێنەوە ئەوپەڕی ئەو سوونتەیە. لەم شیعرەدا داوا لەشوان (خوێنەر؟)ێک دەکرێ کە دوای بەسەرچوونی شەو، دنیای کاری ڕۆژانە وەلا بنێ و لەگەڵ شاعیر بەدوای زانایەکی توندوتۆڵدا بگەڕێ. زانایەک کە «ماندوو لە پێکدادانی دەروازەکانی پێشکەوتوویی» و «هەلومەرجی واقعی» ئینگلستانی سەردەمانی ڤیکتۆریای وەلاناوە، هەلومەرجێکی نەخشێندراو بە وێنەگەلێک کە نیشانەی نەخۆشی و ناساغییە:

**ئەم ئاهۆ سەیری ژیانی مۆدێرن**
**بەو سەرانەی پڕن لە خەیاڵی ئەو و دڵە ڕەنگ پەڕیوەکانی**
**هاوڕێ لەگەڵ بەپەلەییەکی نەخۆش و مەبەستە بێ شوێنەکانی..**

«زانا- قەرەج» بە ئاشکراترین شێوەی گونجاوئاماژە بە «قەسیدەیەک بۆ بولبول» دەکا: فۆرمی هەردووک شیعرەکە لێک دەچن، میسراع و وێنەکان بریسکانەوەی کاری کیتس-یان هەیە («پێوەندیی تاو و یاوی ئێمە»؛ «بەڵام تۆ بوویەتە خاوەنی چارەنووسێکی نەمر») و گرینگتر لە هەموان تاریفکردنی کامڵی سرووشتەکە خشتەی پێنجەمی شیعری بەناوبانگی کیتس وەبیردێنێتەوە، بەڵام «زانا-قەرەج» لە ڕوانگەی هەمەلایەنەی ڕۆمانتیکیکدا بەشدارە کە لەسەر بنەمای ڕەتکردنەوەی جیهانی بەرهەمی سەرمایەداری پیشەکاری دانراوە؛ ڕەتکردنەوەی ژیانی ماندوویی هێنەر،

میکانیکی و بەر بەرەکانیکەری شاری تەم گرتووە هەم بەهۆی ئەخلاقی و هەم بەهۆی فیزیکی بۆ دانیشتووانی مەرگاویە.

ئەم شیعرە لەبەرامبەر ئەم چەشنە ژیانەدا بەسەرچاوەی شیعری «ئاماژە گەلێک لەبابەت تا هەتایی بوون» دادەنرێ. خودی «زانا- قەرەج»سیمایەکی شاعیر پیشەیە کە بەدوای خەون و خەیاڵی شاعیرانەی تا هەتایی بووندا دەگەڕێ،

**«گوڵێکی ڕەنگ پەڕیو» لەدەستی تۆدا شەیداو سەماکارە**

**چاوەڕوانی هاتنەخوارێی پرشنگێکە لە ئاسمانەوە. ئەو لەنێو قەرەجەکان و ڕازی هوونەری ئەوان بەدوای وزەیەکدا دەگەڕێ کە بە نێوبژی کردنی ئاخافتنەوە ئەندێشەی مرۆڤەکان ئاوێتەی یەکتر دەکا.»**

بەم پێیە بیچمی ڕۆمانتیک هیچ پێویستییەکی بە پەخشانی واقعخواز نییە، بەڵکو نیازی بەشیعر هەیە کە تێیدا زۆر جاران دەلالەتگەلی ناوەکی و سەمبوولیک خۆی بەسەر دەلالەتی ئاشکراو بێ پەردەدا دەکێشێ، بەم چەشنە ئەوان ڕەمز ئاساو جادوویی-ن. لەقەسیدەی ڕۆمانتیکدا، شیعر ڕاپۆرتی لەدایکبوونی خۆی دەپەرستێ. ڕاپۆرتی شهوود، خودی شیعرە و جا بۆیە ئەم شیعرە باوەڕپێکراوی شهوود دەسەلمێنێ، یانی حەقیقەتی ئاماژە گەلێک لەبابەت هەرمانییەوە کە دەق تۆماریان دەکا. بەم شێوەیە شیعر خوێنەر بە چەشنێک بەشداری ئەم ئاماژانە دەکا و ئەم کارە سەرچاوەی هێزی شیعرە لەنێو پێ گەیین و گۆڕانی جیهان و ڕزگارکردنی لە مەرگدا. لەگێڕانەوەی «شیللی»شدا با-ی ڕۆژئاوایی هەم سەمبوولی شهوودی شاعیرانەیە کە ژیان بۆ شاعیر بە دیاری دێنێ و هەم سەمبوولی «شیعر»ی خودی کە لەنێو دنیایەک لەحاڵی مەرگدا، «لەدایکبوونێکی دووبارە» وەپێش دەخات. بەم شێوەیە شیعر جەغزێکی تەواو، سەربەخۆ و دەروەستی زاتی خۆیەتی کە نیشانە و شاهیدی بایەخەکانی خۆیەتی و بە هەرمانکردنی ئیلهامێکی چەند ساتی بەهرەی ژیان بەخوێنەرانی خۆی دەبەخشێ.

«زانا- قەرەج» ئەم بیچمە تا کۆتایی بەرێوە دەبات. «زانا- قەرەج» کە بۆشاعیر سەمبوولی سەرەکی شیعرەکەیە بۆ خۆی لە «چیرۆک»ێکدا هەرمان بووە، یانی لە کتێبی «گلەن ڤیل» Joseph Glanvill-دا لەکاتی گۆشەگیری شاعیر- وێژەر هەمیشە لەپەنایەتی. «زانا-قەرەج» کە لە کردەوەدا زۆر لەمێژە مردووە، لە لاپەڕەکانی کتێبی «گلەن ڤیل»دا دەژی و جارێکی تر لەشیعری ئارنۆڵددا زیندوو دەبێتەوە، شعرێک کە نیشانەی تا هەتاییبوونی بایەخەکانی «زانا- قەرەج»ە.

بەڵام وێدەچێ کە لەم خاڵەی نێومەنتیقی شیعردا گرفتێک بێتەسەر ڕێ (ویکێنفیلد- wilkenfeld - ١٩٦٩، ل١٢٦)، ئەوەی کە کەسایەتیەکانی کتێبەکە ناتوانن بمرن بۆ ڕەخنە لێگیران نابن، بەڵام بیچمی ڕۆمانتیک ویستێکی بەهێزتر دێنێتە ئاراوە ئەویش ئەوەیە کە «زانا- قەرەج» وەکو شاعیر نە تەنیا لەلاپەڕەی کتێبی نووسەرێکی تردا دەژی، بەڵکو لەنەفسی خۆیدا زیندووە، چونکە تەنیا بەم شێوەیەیە دەتوانێ هەڵگری سەمبوولێک لەهێزی زیندووکەرەوەی شیعربێ و لێرەدایە کە شیعرەکە بەو ڕادەیەی کە ئیستیدلالی تر دەبێ، بێ سەری و بەری ئاوێتەی دەبێ و کەمتر «شاعیرانە» دەبێ. لەخشتەکانی (١٧-١٤)دا پێش هەموو شتێک داخوازی ئەمە دەکردرێ کەچیرۆکی «گلەن ڤیل» دەگەڕێتەوە بۆ (٢٠٠) ساڵی پێشتر و «زانا- قەرەج» مردووە: و تۆ زۆر زووتر لەسەر زەوی بەجێهێشتووە و لەگۆڕستانی کەنیسەیەکدا گیرساوەیەوە». بەڵام دوابەدوای ئەمە پێچەوانەی وتەی خۆی دەڵێ: «نا، ناتۆ هەستت بە تێپەڕینی زەمان نەکردووە». زەمانی کردەکانی خشتەی دواتر لە تاریفی ئەم سیمایەی کە مردووە و لە هەمانکاتدا نەمردووە، سات بەسات دەگۆڕدرێ: «تۆ لەژیندا نەبووی» ئەگینا بۆچی دەبێ ئاوەها بزربی؟/ تۆ مەبەستێکت بوو...» («نەبووی»، «مەبەستێکت بوو»): «زانا- قەرەج» تەنیا بە گومانەوە تایبەتی زەمانی هەنووکەیە. لەکۆتاییدا وێدەچێ کە داخوازی ئەو بۆ ژیان نە تەنیا پێوەندی هەیە بە «کتێبی گلەن ڤیل» بەڵکو کەنارنشینی خۆی لەجیهان-یش وەخۆ دەگرێ: «چونکە زۆر زوو جیهانت چۆڵ کرد، بە وزە نوێیەکان، بێ سەرنجدان بەجیهانی دەرەوە....، گەڕان بەدوای شهوودی شاعیرانە، پێوەندی هەیە بە کەنارنشینی لەدنیای قەیران و گومان. بە وتەی «شیللی» هەر ئەم قەیران و گومانکاریەیە کە ناساغی کۆمەڵگایە و نیشان دەدا کە بۆچی فێرنەبووە فەرمان بەمۆخی مرۆڤەکان بدا و ببێتە یەکێک لە قانوون دانانی غەیرە ڕەسمی جیهان، بەڵام «زانا- قەرەج» لەوەها هەلومەرجێکدا ناتوانێ وەها تمثیل-ێک لە هێزو توانای شیعر بەدی بێنێ کە ساتی شهوودی شاعیرانە لە هونەردا هەرمان بکاو جیهان بگۆڕێت.

نارازی بوونی دەق لە مەنتیقی ئیستیدلالی خۆی لە هەموو شوێنێکی ئەم بەشە سەرەکیەی بەرهەمەکەدا

وەبەرچاو دەکەوێ. سەمبولی سەرەکی شیعریانی خودی (زانا- قەرەج) غەیرە مادی، تیژتێپەڕ و لە ئاکامدا نادیارە. گەڕانێک کە بەوەها تامەزرۆییەکەوە دەست پێدەکا بە ئاکام ناگا: (زانا- قەرەج) تەنا بەشێوەیەکی چەند ساڵی لەلایەن دیترانەوە بیندراوە و بگێڕەوە ئەوی نەبینیوە، شاعیر بەرهەمی خۆی بەو ویستە لەو، کۆتایی پێ دێنێ کە «بەرێگاکانی ئێمەدا تێپەڕ بە، بە هەستی تاو و یاوانەی ئێمەدا». شیعرەکە لەخشتەکانی کۆتایی خۆیدا سیمای قارەمانانەی بازرگان تیریان (١٤) بەجێ نشێنی ئەو دادەنێ. ئەم سیمایە بەو گومانانە دانەپۆشراوە کە پێشتر لە شیعرەکەدا نیشان دراوە، بەڵکو لە ڕابردوویەکی دوورەوە بانگ کراوە و نەشاعیرە و نە هەرمان، بۆیە تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ بیچمی سەرەتایی دەق نامۆیە. وێنەگەری شیعر لەگەڵ قەیران، بەدوای ئەو شێوە دەلالەتیانەیە کە لەبەرامبەر ئیلهامی شاعیرانەدا ڕاستگۆیێ. شیعرەکە بە چەشنێکی شوانانە دەست پێدەکا و دواتر دەست لەم شێوەیە هەڵدەگرێ و بەرەو کۆی وێنە گەلێک لەغەنای سرووشتی دەڕوا کە پانتاییەکی دوورەپەرێزە بۆ «زانا- قەرەج»، ئەو وێنانە کە ڕێگەیەکی دژ بەیەکیان هەیە و بەهۆی غەنای خۆیان لەسەر حەقیقەتی نادیاری ئەو لەنێو دەقدا پێداگری دەکەن. لە ئاکامدا وێنەی بازرگان تیریان چەشنێک وەهم و خەیاڵی کۆتایی، پێکدێنی، جۆرێک خۆش باوەڕی بە ئەنقەست کە پێوەندییەکی زۆر لاوازی لەگەڵ سەرجەم پێکهاتەی شیعرەکە هەیە. لەو شوێنەوە کە دەق داخوازی خۆی لە پشتگری لە شیعرەکە بە جیدی دادەنێ، تووشی دژایەتی دێ. دەق توانای نیشاندانی «زانا- قەرەج» نییە، یان خەونی هەرمانی ئەو ناتوانێ نیشانەگەلێک بە دەسەوە بدات کە داکۆکی لەسەر دەسەڵاتی شیعرەکە بکا بۆ چەشنی ژیان بەجیهان.

(زانا- قەرەج) بابەتێکی تایبەت بەخود نییە: لایەنی سەلمێندراو لە شیعری ڕۆمانتیکدا هەمیشە کورت، یان لاواز دەکرێن، لە قەسیدەی «ئاماژەگەلێک بەتاهەتایی»یشدا دژایەتییەکی هاوشێوە گومان لە سەرچاوەی ناسین دەکا. لێرەشدا کاتێ بە ئیلهام یانی سەرچاوەی هێزی «بینین»ی ڕاستەقینە دەگەین و لەگەڵ ئەزموونی تیشکێکی خەرمانەدار کە نموونەکانی شیعر چاوەڕوانییەکەی لە ئێمەدا بەدی دێنێ، ڕوو بەڕوو نابینەوە. بە پێچەوانە ئەوشتەی کە سەرچاوەی ڕاستیە نەمرەکان پێکدێنێ پێش بە نەبوونی ریشەیەکە بەگشتی چوارچێوەیەکی سەلبی هەیە یانی کۆی ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵ شتە نەناسراوەکان:

**ئاوازی سپاس و پێزانینم**
**بۆ ئەمانە نییە،**
**بەڵکو بۆ ئەو پرسیارە پێداگرانەی**
**هەست و شتی دەرەکیە،**
**ئەوشتانەی نین و بەدیهاتووی ئێمەن،**
**گومانە کوێرەکانی بوونەوەرێک**
**کە لەدنیای ناڕاستدا لەگەڕان دایە،**
**غەریزەگەلێکی بەهێز کە سروشتی خاوەنی مەرگی ئێمە لەهەمبەریدا**
**وەکو تاوانبارێکی سەرسوڕماو دەلەرزێ:**
**بەڵکو بۆ ئەو سۆزە سەرەتاییانەیە**
**ئەویادە نسێ ئاسایانە**
**کە هەرچی بن**
**هێشتا سەرچاوەی تیشکی هەموو ڕۆژەی ئێمەن**
**هێشتا درەوشاوەترین تیشکی تێگەیینی ئێمەن**
**تیشکێک کە ئێمە بۆ لووتکە دەبا، فێرمان دەکا،**
**ئەو هێزەی هەیە**
**کە ساڵە پڕ گرمەکانی ئێمە بکاتە سات گەلێک لەناخی کپی**
**هەمیشەیی ئێمەدا:**
**ئەو ڕاستیانەی سیما دەنوێنن،**
**تاکو هەرگیز نەمرن.(١٥)**

ڕوون دەبێتەوە کە ناسینی مەزنتر، چەشنێک خەیاڵ، یان گەڕانەوە بۆ ئەو ڕاستەقینەیەیە کە بڕیار وابوو ئەم ناسینە نیشاندەری دژایەتیەکەی ئەوبێ، لە هەلومەرجی نەبوونی بۆچوونێکی تەواو دەربارەی بکەر (وێنە) وەکو کەسێک لە کۆمەڵگادا یانی شوێنی یەکگرتنەوەی تۆڕێک لە پێوەندییەکانی زمانی کە ئەزموون نیشان دەدا. ڕۆمانسیەکان نەیاندەتوانی لەسەر ئەم گەڕانەوە بە خود-ە بدوێن و تەنیا وەکو چەشنێک کەمایەتی، یان (خەیانەتی شهوود) ئەزموونیان دەکرد. هاوڕێ لەگەڵ ئاشکرابوونی هەمەلایەنەی دژایەتیەکان کە لەڕەتکردنەوەی جیهان لەلایەن ڕۆمانسیەکان سەری هەڵداوە، بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەم دەبنە ناهومێدیەکی هەمەلایەنە. شیعرەکە ناتوانێ سەبارەت بە نەتوانینی تێگەیینی خۆی لەزەین بۆچوون نیشان بدا (لە ڕاستیدا لە هەمبەر بۆچوون پاڵ بە ئەزموونەوە دەدا). لەکۆتاییدا تەنیا دەتوانێ کەس-ەکە لەنێو جێنشینە تاقەت پڕووکینەکاندا دەس بەسەر نیشان بدا. یانی تووشی ئەخلاقی جیهانی مادی و ئەوشتەی کە ییتس پێی دەڵێ «بە فرەساردەکانی

خەونێک». ڕۆمانتیسیزم لە شیعرەکەدا دروست لە ڕێی ئەو ئارامی و یەکپارچەییەی کە لە بیچمی خۆیدا بەشوێنەوەیەتی، دەگا بە نەبراوەی ڕێبازی خۆی. قەسیدەی ڕۆمانتیک کە ڕەنگدانەوەی حازربوونی زەینیەتە بەرەو ناوەندێکی ڕواڵەتی دەڕوا کە بڕیارە نوێنەری نێوەرۆکی سەرەکی خودی شیعرەکە و هێنانە بەر زەینی شهوودیی بێ لەسەرچاوەی شیعرەکەدا، بەڵام ئەو شتەی کە لەنێو ئەم ناوەندی یەکگرتنەوەیەدا دەیبینێتەوە، چەشنێک نەبوون، یان کاتی بوونی ڕیشەیە کە بەجێی سەرکەوتوویی چاوەڕوان لە «قەسیدەیەک بۆ بولبول»ی بەرهەمی کیتس-دا ڕاکردن لە مەرگ بەرەو دنیایەک لە نەگۆڕیەکان لە ئارادایە. ئاوازی «شاد»ی بولبول بە چەشنێک دەبێتە «فاتیحا خوێنی» و لەئاکامداجۆرێک «نەغمەی کۆچکردن»ە و خەونی مەزن تەنیا دەتوانێ دنیایەکی لەدەستچوو وەبیربێنێتەوە کە تەواو دژ بەم هەل و مەرجەیە. لێرەدا دەقەکە ڕوون و ئاشکرایە. ئاوازی بولبول وەبیرهێنەرەوەی «ناهومێدی وڵاتی پەریلان»ە.

**ناهومێدی وشەیەکە بۆ خۆی وەکو زڕەی گازەنگێکە**
**بانگی من دەکا دڵ لەتۆ هەڵگرم و بەرەو خۆم ببمەوە.**

یەکێک لەسەرەکیترین هێرشەکانی ڕۆمانتیزمی دنیای نامۆی سەرمایەداریی پیشەکاریەکە هەمیشە بە وێنەگەلی مەرگ، نەخۆشی و گۆشەنشینی نیشان دەدرێ. شیعرەکە داخوازی ئەفراندنی دنیایەکی زیندووە کە لە سرووشت کەڵک وەردەگرێ، بەڵام لەخۆیدا لەزەینیەتی شاعیر هەڵدەقوڵێ، کە کۆلریدج پێی دەڵێ خەیاڵکردن، شێوەی تێگەیشتنێک کە زیندوویی و هێزێک بەدنیای بەدیهاتوو دەبەخشێ کە لە ئاکامدا لە خودی ڕۆحەوە سەرچاوە دەگرێ: «ئاخ خاتوون! ئێمە تەنیا ئەو شتەی وەری دەگرین، دەیبەخشینەوە/ تەنیا لە ژینی ئێمەدایە کە سرووشت دەژی». خەیاڵی ڕۆمانتیک گەرچی بۆ پێگەیشتن نیازی بەدنیای نیشانە هەیە، بەڵام دنیای مادی و بەرەو مەرگ کامڵ دەکا و گۆڕانکاری بەسەردادێنێ.

ڕەتکردنەوەی «هەلومەرجی ڕاستەقینە» بەهۆی ڕۆمانسیەکان لەسەر باوەڕ بەسەربەخۆیی زەین ڕاوەستاوە. کەسێک کە «زیاتر لە ڕادەی پێویست هەستی زیندوویی هەبێ، لەتەنیاییدا خەریکی پەرستنی ئەزموون گەلێک دەبێ کە بۆ خۆی بەرهەمی هێناون، بەڵام دەبیندرێ کە ئەم لادان، یان هەڵکشانە بەخێرایی بەرەو لای خۆی دەگەڕێتەوە:

لەدوایین ساتدا دەبێتە لاوک، یان گەڕان لەنێو نەفسدا: «ئەو نەغمەیە ڕای کردووە... خەون دەبینم، یان بەخەبەرم؟»

بکەری - لاکانی- لەسەر بنەمای دوو پارچە بوونێکی بێ گەڕانەوەدا سازکراوە شادمانی قۆناغی ئاوێنە بوونیش چەشنێک لە خۆ نامۆ بوون. کاتی دابەش بوون لەنێوان منێک کە تێدەگاو منێک کە تێی دەگەن (خەیاڵی). زۆربەی شیعرە ڕۆمانسیەکان ڕاپۆرتێکن دەربارەی گەڕان بۆ دۆزینەوەی ئەم کۆیە لەدەست چووە و هەڵکشانی قۆناغی خەیاڵی. هەوڵدان بەمەبەستی دۆزینەوەی ئاوێنەیەک لە سروشتدا کە دیمەنی زەینی تاک لەگەڵ خۆی و زەمینەی خۆی دەبریسکێنێتەوە. یەکگرتووییەک کە لەجیاوازیەکان لە پێشترە و یەکپارچەیی خەیاڵی بۆ هەمیشە لەناوچوو.

«زانا- قەرەج» یانی وێنەی ئاوێنەیی شاعیر، چەشنێک تەواویەتی تووش نەبوو، هەڵکشاو، نەمر، بۆ ماوەیەکی درێژخایەن ون و مردوویە کە هەرگیز نادۆزرێتەوە. جێگرەکەی لە پێکهاتەی شیعرەکەدا بازرگان تیریان-ە کە هاوتای پاڵەوانی بازرگانانی ئینگلستانی سەردەمای ڤیکتۆریایە و دژ بەوانە. «زانا- قەرەج» لەڕێی ڕەتکردنەوەی هەلومەرجی ڕاستەقینەی دانراو بەهۆی شۆڕشی پیشەکاری، بەشێوەیەکی دژواز کەسی کامڵی مرۆڤ خوازیی لیبراڵ قبووڵ دەکا کە دەربارەی ئایدیالۆژیا هاوپەیمانی سەرمایەداری پیشەکاریە. نادیاریی ڕواڵەتی بە دیهاتوو لەناوەندی شیعرەکەدا ناسینێک لە نەبوون و کەمایەتی پێشکەشی خوێنەر دەکا کە هەمان مەرجی بوونی ئەو زەینەیە.

**پەراوێزەکان:**

١- بەڵام ئەم مەترسییە دێتە ئاراوە کە هاوسەنگی باسەکە دەشێوێ. ئەگەر هەر تەنیا ئەم هۆیە بێنینە بەر زەین کە ئەندێشەی «دریدا» لەبیرو هزرێکی تارادەیەک نا ئاشنا سەرچاوە دەگرێ، ناتوانین لەسەر بۆچوون و کردەوەی ئەو بەسانایی و لە چەند ڕستەدا بۆ خوێنەرانی ئینگلیزی زمان بدوێین (ڕاستەوخۆتر لە هەموویان: هۆسرێل و هایدگێر). بۆ زیاتر ئاگاداربوون بڕوانە

پێشەکیەکی پڕ بایەخ سەبارەت بە پێکهاتە هەڵوەشێنی (ساختارشکنی) بەتایبەت بڕواننە ڤوود، ١٩٧٩. هەروەها نووریس ١٩٧٩، کورتکراوەیەکی ڕوونی سەبارەت بە گراماتۆلۆژیا (نڤیسار ناسی)ی دریدا-ی نووسیوە.

٢- سواراو: لەدوو وشەی سوار- ئاو دروست بووە، شتێکی کە بەسەر ئاوەوە بێ و نووقم نەبی (شناور). وەرگێڕ.

٣- Writable (Scriptable)، بارت لەنێوان دەقی «واقع خواز» و دەقی «پێشڕەو»دا جیاوازی دادەنێ. ئەو لەسەر ئەم باوەڕەیە کەدەقی «واقع خواز» خوێنەر بە کەسێک دەناسێ کە «دەکارکەرە»، بەڵام دەقی «پێشڕەو» خوێنەر دەکاتە بەرهەم هێنەر. بەدەقی «واقع خواز» دەڵێین: «شیاوی خوێندنەوە» یان «بۆ خوێندنەوە»، بەدەقی «پێشڕەو» دەڵێین: «شیاوی نووسین» یان «نڤیساری. (و.)

٤- کەسێک کە بێ قانوونی و بێ نەزمی دەوێ، شێواوی و قەیران خواز. (و.)

٥- لە بەشێک لە فۆرمولبەندی ماشێریدا ئێمە دەتوانین مانای (ئیدەئالیستی) ئایدیالۆژیا وەکو سیستمێک لە ئەندێشەی سواراوی بەرهەمی ئەدەبیدا ببینین (ماشێری ١٩٧٨، ل٣٢، ٢٦٢). هەر چۆنێک بێ لەساڵی (١٩٧٦)دا لەوەڵامدانەوە بەم پرسیارە کە دوای بڵاوکردنەوەی کتێبی «گریمانەیەکی بەرهەمی ئەدەبی» لەساڵی (١٩٦٦)دا هەڵوێستی ماشێری چۆن بوو کە گۆڕانی بەسەرداهات، ئاماژەدەکا بە وتاری «ئاڵتووسێر» بەنێوی «ئایدیالۆژیا و دەزگای ئایدیالۆژیکی دەوڵەت». هەروەها لەسەر گرینگی ئەو بەرهەمە بۆ پێکهێنانی مەرجەکانی ڕاکردن لە چنگ تێگەیینی «خراپ»ی ئایدیالۆژیا وەکو «ئەندێشە گەلێک لە مۆخی خەڵکدا» پێداگری دەکا (ماشێری، ١٩٧٧، ل٥٠). لە پێکهاتنی هەڵوێستی پێشووی ماشێری لەگەڵ هەڵوێستی ئاڵتووسیر-دا گرێ و گۆڵێکی ئەوتۆ نایەتە سەر ڕێ:

ئەدەبیات تایبەتمەندیی تایبەتی خۆی و قەوارەی دەلالەتیی خۆی وەکو کردەوەیەکی ئایدیالۆژیکی دەپارێزێ. هەروەها لەڕێی هەڵبەستنەوەی پردی نێوان ئەم دەست و پێوەندیانەو باقی وتە ئایدیالۆژیەکانە کە دەتوانێ ڕەخنەی ناوەکی ئایدیالۆژیا ئەنجام بدا.

6- Elementary, my dear watson.

7- The Dancing men.

٨- چیرۆکی خوێندکارێکە لە سەدەی حەڤدەدا زانستگای ئۆکسفۆڕدی بەجێهێشت و تێکەڵاوی دەستەیەک لە قەرەجەکان بوو. ئەو کاریگەریەکی بەهێزی لەسەر ئارنۆڵد دانا. شاعیر لەم بارەیەوە تووشی خەیاڵکردن دێت کە ئێستاش دەتوانین بچینە گوندی کونر لەپەنای ئۆکسفۆڕد و لەوێ تووشی ڕۆحی ئەم لاوە بێین، چونکە ئەم لاوە بەدوای ڕازی هەبوونی مرۆڤدا ڕۆیشتبوو و هەرمان-ی وەچنگ هێناوە (و.).

9- Intimations of Immortality.

10- Kubl khan.

11- ode to the west wind.

12- ode to the Nightingale.

13- ode on a Grecian urn.

١٤- Tyrian trader، ئارنۆڵد لەمیسراعی (٢٣٢)ی ئەم شیعرەدا «زانا- قەرەج»ی بە بازرگانی تیریانی شوبهاندووە. بازرگان تیریان کەسایەتیەکە دوای بینینی هێرشی بێگانەکان بۆ سەر وڵاتەکەی وەکو «زانا - قەرەج» دەیەوێ وڵات بەجێ بێڵێ و وڵاتێکی نوێ بدۆزێتەوە. سەبارەت بەدوو خشتەی کۆتایی شیعری ئارنۆڵد کە بەم ناوەرۆکە دەست پێدەکا، ڕاڤەگەلێکی جۆراوجۆر و جیاواز ئەنجام دراوە (لە Norton Anthology-یەوە وەرگیراوە).

١٥- ode, Intimations of Immortality = قەسیدە: ئاماژەگەلێک بۆ تاهەتایی. وردزوۆرس کەڵکەڵەی هۆنینەوەی ئەم شیعرە لەسەر ئەم بنەمایە دادەنێ کە بەهۆی دژواریی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مانای مەرگ لەسەردەمای منداڵی ئەم شیعرە پێک دێ. ئەو لەم شیعرەدا باسی تاهەتایی ڕۆح و بوونی سەربەخۆیانەی ڕۆح لەچاو لەش دەکا پێش لەدایکبوون و دوای مەرگ. ڕوانگەی ئەو لەم شیعرەدا لەبۆچوونی نوێی ئەفلاتوونیان دەچێ کە پێیان وایە ئەو شکۆ و جوانیەی کە ڕۆح پێش لەدایکبوون هەیەتی، دوای لەدایکبوون و لەدرێژەی ژیاندا ڕەش هەڵدەگەڕێ.

**سەرچاوە:**

عمل نقد، کاترین بلزی، مترجم: عباس مخبر، تهران، نشر قصه، ١٣٧٩ (٢٠٠٠ز).

# خۆرهەڵاتناسی سۆڤێتی و ئەتنۆگرافیا

و/ سەلام عەبدولکەریم
(سلێمانی)

گرنگیدانی ناوەندە زانستییەکانی ڕووسیا دواتر سۆڤێت بە مەسەلە ڕۆژهەڵاتناسیەکان بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە لەوانە:

١- پێوەندی ڕووس بە وڵاتانی ڕۆژهەڵات بەگشتی و عەرەب بەتایبەتی هەر لە سەردەمی عەبباسی یەکەمەوە ئەم پێوەندییانە لە ڕێگەی بازرگانە موسڵمانەکانەوە دەرکەوت کە بەرەو ڕووسیا چوون بە مەبەستی کڕین و فرۆشتن لەوێشەوە پێوەندی دیبلۆماسی سەری هەڵدا. لەم بوارەدا پێویستە باسی کۆنترین وەسفی ئەتنۆگرافی موسڵمان بکەین کە (ئەحمەد فەضلان)ە، (نوێنەری خەلیفە موقتەدیر لای پاشای بلقار«١» (١٩٢١ز) کە لە کەنارەکانی ڕووباری (ڤولگا) نیشتەجێ بوون. سوود لە وەسفەکەی وەرگیراوە بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنەکانی ژیانی ڕووسی لە سەدەی دەیەمی زاییینیدا، تابلۆیەکی جوانی نەخشاندووە کە وێنەی ڕێ و ڕەسمی پرسەو ئەسپەردەکردنی تەرمێکی ڕووسییە کە لە میانەی گەشتەکەیدا بینیویەتی، ئەم تابلۆیە ئەمڕۆ مۆزەخانەی مۆسکۆی ڕازاندۆتەوە.

٢- زۆربەی نیوچەکانی ڕۆژهەڵات کە لە ناوچەکانی نیوەڕاستی ئاسیا (ئۆزبەکستان) قیرغیزیاو تاجیکستان و جۆرجیاو داغستان...تاد) پێکهاتبوون کەوتبوونە ژێر زاڵگەی سیاسی ڕووسیای قەیسەری و دواتر یەکێتی شۆرەوی دوای شۆڕشی ئوکتۆبەر ساڵی (١٩١٧ز) بەم شێوەیە ئەمڕۆ زیاتر لە (٥٠) ملیۆن مرۆڤ لەم نیوچانەدا لە پێشتێنەی دەوڵەتی سۆڤێتیدایە. ئەمەش پێوەندییە ڕۆشنبیریەکانی نێوان ڕووس و ڕۆژهەڵاتی بەهێز کرد، بەڵکو سۆڤێت شانازی بەوەوە دەکات و زۆربەی ناودارەکانی کولتووری ئیسلامی لە نیوەڕاستی ئاسیای سەدەکانی نیوەڕاست بە پێشینەی خۆی دەزانێت.

**مێژووی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی**

گرنگیدانی ناوەندە زانستییەکانی ڕووسیا بە زانستی ڕۆژهەڵاتناسی بۆ سەدەی حەڤدەیەم دەگەڕێتەوە پاش ئەوەی ڕۆژئاوا بەشێوەیەکی زانستیانە ڕۆژهەڵاتناسی وەرگرت. کاتێک کە فەرەنسا نێرژەی لاوی زمانەکانی (فتیان اللغات)ی ڕێک خست (١٦٩٩ز) نەمساش قوتابخانەیەکی بونیات نا بۆ ئەوەی باڵێوز و بازرگانەکان فێری زمانە ڕۆژهەڵاتیەکان ببن (١٧٥٣ز) (بطرسی یەکەم) پێنج لە خوێندکارەکانی مۆسکۆی بۆ ڕۆژهەڵات نارد بۆ ئەوەی فێری زمانە ڕۆژهەڵاتیەکان ببن. ئیمپراتۆرە کاترینی دووەم بەهەمان ڕێچکەدا هەنگاوی نا فەرمانی کرد بەقوتابخانەی قازان کە زمانی عەرەبی (١٧٦٩ز) پاشان تەتەری (مەغۆلی) فێربن وەک خۆ ئامادەکردنێک بۆ وەرگێران، ڕووسیا پێوەندی کرد بە قوتابخانەی ڕۆژهەڵاتناسی هۆڵەندیەوە و سوودی لێوەرگرت و توانی ئەکادیمیای زانستە سۆڤێتییەکان دابمەزرێنێت (١٧٢٥ز) کە هەندێ لە ئەندامەکانی لەوانە (گ. ز بایێر) گرنگیان

دا بە ڕۆژهەڵاتناسی و ڕۆڵی کاریگەریان بینی لە سەرهەڵدانی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی (بایێر) زمانە جەزەرییەکانی (السامیة) خوێندبوو لەگەڵ هەندێ لە بابەتە عەرەبییەکان و دەرگای لەبەردەم ئەوانەی پاش خۆیدا والاکرد. پاشان زانا (کییر- kher)، (١٦٩٢-١٧٤٠ز) یەکێک بوو لە وەرگێڕەکانی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیاو لە هەمان کاتدا یەکێکیشە لە دەستەی یەکەمی ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەی کە دەستیان کرد بە خوێندنی عەرەبی لە مۆسکۆدا و فێری شیکاری خەتی کوفی بوون. ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی میخائیلتش (١٧١٧-١٧٩٠ز) بەرەو مۆسکۆ هاتووە و زمانی عەرەبی خوێند لەگەڵ ئەوەی چالاکی ئەم ڕۆژهەڵاتناسانەو ئاسەواری ئەو گەشتیارانەی کە هاتبوونە ڕۆژهەڵاتی عەرەبی و شتیان نووسیبوو وەک (ڕوبان بشکین) کە وڵاتی لوبنان و سوریا و فەلەستین گەڕابوو و، کتێبێکی بەناوونیشانی (ذكريات القائد البحري كوكوفتوف ١٧٤٥-١٧٩٣ز) نووسیبوو لە ئارادابوو پایەی ڕۆژهەڵاتناسی هەر لاواز بوو بەشێوەیەک دەرچوونی قورئانێک لەسەر ئەرکی ئیمپراتۆرە کاترینی دووەم لە بترسبۆرگ ساڵی (١٧٨٧ز) و (١٨٠١ز) لە قازان لەبەر چەند هۆکارێکی سیاسی خەریک بوو کە تێپەڕێت و بەبێ ئەوەی کەس هەستی پێ بکات لە کاتێکدا کە هەرای لەسەرانسەری ئەورووپادا نایەوە، ڕۆژهەڵاتناسی نەبوو بە زانستێکی سەربەخۆ تا ئەوکاتەی کە سیستمی زانکۆیی (١٨٠٤ز) زمانەکانی عەرەبی و عیبری و فارسی و تورکی و مەغۆلی خستە خانەی پەیمانگا باڵاکانەوە.

زانکۆی خارکوف یەکەم زانکۆ بوو کە ئەم پەیڕەوی خوێندنەی پیادە دەکرد ساڵی (١٨٠٥ز) پاشتر زانکۆی قازان (١٨٠٧ز) پەیمانگەی زمانە ڕۆژهەڵاتیەکان و ئەدەبی عەرەبی لە مۆسکۆ دامەزرا چالاکییەکانی پەیمانگەی لازارێف (١٨١٥ز) ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە لێکۆڵینەوە ڕۆژهەڵاتناسییەکاندا.

لێکۆڵینەوە ڕۆژهەڵاتناسی و عەرەبییەکان لە پترسبۆرگ گەشەی کرد بەتایبەت لە زانکۆکانیدا بەشێوەیەک کە بەشی زمانە ڕۆژهەڵاتیەکان کرایەوە لە ناویشیاندا عەرەبی کە ماوەی خوێندن تێیدا چوارساڵ بوو کە خوێندکار بەخوێندنی چەند وانەیەک لە قورئانی پیرۆزو ڕێساکانی زمانی عەرەبی و پەندەکانی (لوقمان) و مەقاماتی حەریری سەرقاڵ دەبوو.

لەدوایيدا (شێخ محەمەد عیادة الطنطاوي) سەروکاری کورسی عەرەبی دەکرد (١٨٤٧ز). چالاکی نوێنەرە دیبلۆماسییەکان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیک وەک (نیکتین) و ئەندامانی لیژنەی دیاریکردنی سنوور وەک جریکوف و ئیڤانوف ڕۆڵی کاریگەریان بینی لە دەوڵەمەند کردنی لێکۆڵینەوە ڕۆژهەڵاتناسییەکانی سەدەی نۆزدەیەم. محەمەد عەلی گەورە ئەندازیاری کانەکانی کالفالنسکی بانگهێشت کرد سەرۆکایەتی نێرژەیەکی پشکنینی دەکرد بۆ ڕۆهەڵاتی سودان و لەوێ توانیان کانی زێڕ بدۆزنەوە و هەندێک سەرچاوەی ڕووباری نیل ئاشکرا بکەن و لە میسرو سودان کتێبێکی دانا. پزیشک فالوفتش سەردانی ڕۆژهەڵاتی عەرەبی کردو، لە نەخۆشیە پەتاییەکان (الامراض الوبائية) کۆڵییەوە و هۆکارەکانی خۆپاراستنی ڕاڤەکرد و زنجیرەیەک وتاری دەربارەی میسرو سوریا و لوبنان و ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو نێوچانە بڵاوکردەوە....تاد.

قوتابخانەی ڕووسی لە سوریا و لوبنان و فەلەستین دامەزرێنرا و خانەی مامۆستایان لە (بيت حالا) کرایەوە، میخائیل نەعیمە یەکێک بوو لەوانەی لەو خانەیەدا خوێندنی تەواوکردو دواتر بۆ خوێندنی زانکۆ ڕووی لە ڕووسیا کرد. بەم شێوەیە لێکۆڵینەوە ڕۆژهەڵاتناسیەکان لەدوادوای سەدەی نۆزدەیەمدا و تا شۆڕشی (١٩١٧ز) میتۆدێکی پەتی وەرگرت، بەمەشەوە نەوەستا سەنتەری لینینگرادیش (پترسبۆرگی کۆن) دامەزرێنرا سەرەڕای پەیمانگەیەک بۆ زمانە ڕۆژهەڵاتیەکان و درایە دەست کراتشکوفسکی و پرۆگرامەکانی ماوەی سێ ساڵی دەخایاند. کۆمەڵەی (مستعربين) لە پەیمانگەدا دامەزرێنراو (١٩٣٤ز) و کۆنگرەی ڕۆژهەڵاتناسە سۆڤێتیەکان گرێدرا (١٩٣٥ز) و کراتشکۆفسکی وتارێکی لە بارەی مێژووی وێژەی عەرەبی و پەیامی ئەو وێژەیە لە یەکێتی سۆڤیەتدا خوێندەوە، باکوفوسکی دەربارەی عێراق لە سەدەی هەژدەو نۆزدەدا دووا و بۆرسیۆف دەربارەی چەند (مخطوط)ەیەکی موعتەزیلە کە لە لینینگراد دا دۆزرابوویەوە دووا (لوتسکی)یش دەربارەی شۆڕشی نیشتمانی سوریا (١٩٢٥- ١٩٢٧ز) دووا و هەر لە خودی ئەو شارەدا کۆنگرەیەکی ڕۆژهەڵاتناسی تایبەت بە (ئیبن سینا) سازدرا (١٩٣٧ز) دوو ئەڵقەی بۆ (مستعربيیەکانی) تاشقەند تەرخان کرا (١٩٥٧- ١٩٥٨ز)، پەیمانگەی ڕۆژهەڵاتناسی سەر بە ئەکادیمیای زانستی سۆڤێتی زنجیرەیەکی لێکۆڵینەوەیی ڕێکخست دەربارەی (فارابی) لە مۆسکۆ (١٩٧٦ز) خوێندکارەکانی کراتشکوفسکی پەیمانگەیەکی لێکۆڵینەوە عەرەبییەکانیان لە (تبليس) دامەزراند. حکومەتیش (١٩١٨ز) زانکۆی تاشقەندی

بونیات نا (شمیت)ی بەسەرۆکی زانکۆی ناوبراو دەستنیشان کردو (کریمسکی) ئەرکی سەرپەرشتی کردنی لێکۆڵینەوە عەرەبییەکانی لە خارکوف گرتەئەستۆ و گەورە ڕۆژهەڵاتناسەکانی پێگەیاند پاشتر خوێندنی عەرەبیش خرایە پرۆگرامی بازرگانی دەرەکی و پەیمانگەی پێوەندی نێودەوڵەتی (١٩٤١ز) کە (لفیف)ی مامۆستای بەشی عەرەبی فەرهەنگی ڕووسی- عەرەبی دانا لە مۆسکۆ (١٩٥٥- ١٩٥٧ز) خوێندنی عەرەبیشی بردە هەندێ قوتابخانەی ناوەندیەوە لە تاشقەند و ئازەربایجان و تاجیکستان (١٩٥٧ز). هەروەها زانکۆ و پەیمانگەکان گرنگیاندا بە ڕۆشنبیری ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژهەڵاتناسانیش بێبەش نەکران بە پاڵپشت و هاندانی مادی و ئەدەبی.

**پایەی ئەتنۆگرافیا لە زانستی ڕۆژهەڵاتناسی سۆڤێتیدا**

ئەتنۆگرافیا یەکێکە لە زانیارییە کۆنەکان هەرچەندە وەک میتۆدێکی زانستی ڕیزبەند نەکرابوو تا ئەوکاتەی کە ئەنترۆپۆلۆژیا وەک زانستێکی سەربەخۆ سەری هەڵدا، ئەم بیرۆکەیە هاوڕێی زۆر لە بیرە تێرامان و وەسفییەکانی کتێبی یۆنان و ڕۆمانەکان بوو، دواتریش پیاوانی هزر لە سەرەتای سەردەمی ڕێنیسانسدا و قوتابخانە شارستانیەکان کە تەفسیری شارستانیان دەکردو لە هۆکاری سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەو پێکهاتەی دەکۆڵنەوە، گرنگیان بەم لێکۆڵینەوەیەدا، دەکرێت لە قوتابخانەی ژینگەییدا ئاشکرای بکەین کە بە کۆنترین قوتابخانەی شارستانی دەژمێردرێت ئاسەوارەکانی هەر لە سەردەمی یۆنانەوە تاکو ئەمڕۆ درێژەی هەیە. پوختەی ڕایەکانیشی لەوەدا کۆدەبێتەوە کە جیاوازی نێوان گەلێک و گەلێکی تر لە ئیدراک و مۆرک و ڕەوشت و هونەردا دەگەڕێتەوە بۆ یەک مەرجەع ئەویش کاریگەربوونی هەرگەلێکە بە میکانیزمە کاریگەرەکانەوە پاشان هاوەڵانی قوتابخانەی بڵاوبوونەوە (الأنتشارية) دەرکەوتن و جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ڕەگەزە شارستانییەکان لە ڕێگەی بڵاوبوونەوە دەرکەون، ئەویش دەرهاویشتەی پێوەندی نێوان شارستانیەتەکانە. کاریگەری داروینیەت بە ئاشکرا لەسەر لێکۆڵینەوە ئەتنۆگرافیەکان دەرکەوت پاش بڵاوکردنەوەی کتێبی (أصل الأنواع)ی (چارلز داروین).

هەڵگرانی بیری پەرەسەندن میتۆدێکی نەگۆڕیان گەڵاڵە کرد لە ناوەندە ئەنترۆپۆلۆژییەکاندا. کە پشت بەو بیرە دەبەستێت کە دەڵێت: نموونە شارستانییەکان بە زنجیرەیەک گۆڕانکاری بەردەوامدا گوزەریان کردووە، ئەتنۆگرافیا لایەنێکی لێکۆڵینەوە ئەتنۆلۆجییەکان پێک دەهێنێت زیاتر لەوەی کە زانستێکی سەربەخۆ بێت. هەندێ میتۆد لە دیاریکردنیدا بە ئەتنۆلۆجی وەسفی ناودێریان کردووە واتە تۆمارکردنی بابەتی ڕۆشنبیری لە گۆڕەپانەوە مەبەستیشی لەوەیە کە لایەنەکانی چالاکی ڕۆشنبیری وەسف بکرێت بە پشت بەستن بە لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامە مێژووییەکان وەک ئەو شێوەیەی کە ئاشکراو دیارە. هەندێک لە قوتابخانە ئەنترۆپۆلۆژییەکانی جیهان بەتایبەت وڵاتە ئیشتراکییەکان و فیلندە پێیان وایە کە زاراوەی (ئەتنۆگرافیا) شیاوترە لە بری (ئەتنۆلۆجیا) بەکاربهێنرێت. لە بارەی (ئەتنۆلۆژیا)شەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە لەسەر لێکۆڵینەوەی شیکاری و بەراوردکاری ڕۆشنبیرییە مرۆییەکان. لەسەر ئەم بنەمایەش بەشێوەیەکی گشتی (ئەتنۆگرافیا) و (ئەتنۆلۆجیا) باس لە لایەنەکانی ڕۆشنبیری شەعبی دەکات لە لایەنە مادی و ڕۆحییەکەیەوە، بەڵام فۆلکلۆر باس لە کولتوری شەعبی دەماودەم دەکات، یان ئەدەبی دەماودەم.

باری جوگرافی ڕووسیا کە خۆی لە هێڵێکی درێژی سنووریدا دەبینێتەوە کە لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا بێ کۆتاییە و بوونی چەند گەلێکی ڕۆژهەڵاتی جۆراوجۆر لە پێکهاتەیدا و پێوەندییە بازرگانی و دیبلۆماسیەکان پێویستی کرد کە چەند کەسێک هەبن شارەزاییان لە بارەی حاڵی گەلانی ڕۆژهەڵاتەوە هەبێ. ئەم کەسایەتیانە لە دەوڵەتی ڕووسی (مسکوبی)دا بوونیان هەبوو بۆ ڕێکخستنی پێوەندی دیبلۆماسی و بازرگانی و بازنەکانی سنوور... تاد.

لە ئەنجامی ئەمەش (بطرس-ی گەورە) ڕووی کردە گرنگیدان بە ڕۆژهەڵاتناسی و لە (٢١)ی کانوونی دووەمی (١٧٢٤ز) مەرسوومێکی دەرکرد بۆ دامەزراندنی ئەکادیمیای... لەگەڵ بونیاتنانی خانەی کتێبخانەی ئەکادیمیاکەو مۆزەخانەیەک، ئەم هەنگاوانەش پێوەندیان بە مۆزەخانەی ئاسیاییەوە هەبوو کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی شتە ئەنتیکە و بە بەهاکان بە خێراییەکی گەورە زیادیان دەکرد بەتایبەت ماددە ڕۆژهەڵاتیەکان.

لە پرۆژەی سیستەمی ئەکادیمیایەکەدا بۆ ساڵی (١٧٦٤- ١٧٦٥ز) و لە کاتی دیاریکردنی پایە و ئەرک و کاری ئەکادیمیاکاندا ناوی ڕۆژهەڵاتناسە ئەتنۆگرافیەکان لەژێر ناونیشانێکدا هاتووە کە ئەمە دەقەکەیەتی: (پێویستە لەسەر ئەکادیمییەکان کە یەکەمجار زمانە ڕۆژهەڵاتیەکان فێربن و پێوەندی

ڕاستەوخۆ لەگەڵ زانایان و گەلانی ڕۆژهەڵاتدا ساز بدەن لە ڕێگەی گۆڕینەوەوە ئەویش بۆ ناسینی مەزاجی خەڵکانی نێوخۆیی و هەستن بەکۆکردنەوەی کتێب و هەواڵ و گێڕانەوەی جۆراوجۆر لە بارەی حاڵی نێوچە جیاوازەکانەوە لەوکاتەدا بەتایبەت لە بارەی گەلەدراوسێکان و مێژوویانەوە کە دەبێتە سەرچاوەیەک و دەتوانرێ سوودی لێ ببینێت بۆ سەلماندنی پێوەندی سیاسی ڕووسیا لەگەڵ دراوسێکانی و یارمەتی مێژوونووسان و مامۆستایانی مێژووی کۆن دەدات لە هەڵهێنجانی ڕاستیەکاندا هەروەها یارمەتی لێوەردەگرن بۆ ڕوونکردنەوەی چەند شتێکی تر..).

به بۆنەی دەست پێشخەرییەکەی قەیسەر (بطرس-ی یەکەم) و ئیمپراتۆرە (کاترین) بۆ کردنەوەی ئەو ئاسەوارە ڕۆژهەڵاتیانەی لەسەرانسەری ئیمپراتۆریەتەکەدا هەنە و چەند نێوچەیەکی گەورەی نێوەڕاستی ئاسیاو قەفقاس و ڕۆژهەڵاتی دوور و کردنەوەی باڵێک لە ئەرمتیاج (کۆشکی زستانەی قەیسەر).

دواتریش مۆزەخانەیەک لە بینایەکی بچووکی سەر بە ئەودا لە پترسبۆرگ. ڕێگەی دا بە ڕۆڵەکانی چینی دەوڵەمەند کە بۆ کاتی خۆش بەسەربردن بچنە نێوی، لە کاتی بەرپابوونی شۆڕشی سۆڤیێتی بینایەکە کرا بە مۆزەخانەیەکی ئەتنۆگرافی و بەشی خوارەوەی تایبەت کرا بەلقی پەیمانگەی ئەتنۆگرافی سەر بە ئەکادیمیای زانسی سۆڤیێتی، نهۆمەکانی تریشی تەرخان کران بۆ شتە بەنرخە ئەتنۆگرافیەکان کە لەسەرانسەری زەویدا و لە ڕۆژگاری قەیسەرەکاندا کۆکرابوونەوە، لەوانەش مۆزەخانەی ئەتنۆگرافی گەلانی یەکێتی شورەوی لە شاری ناوبراوداو چەند مۆزەخانەیەکی تر لەسەرانسەری یەکێتی سۆڤیەت کە لە ساڵی (١٩٢١ز)یەوە فەرمانگەیەکی مەرکەزی سەرپەرشتی دەکرد.

ئەتنۆگرافیای سۆڤیێتی گرنگیدا بە ڕۆژهەڵات و نێوەڕاستی ئاسیا پایەیەکی دیاری داگیرکرد نیگارکێشی ڕووسی ناسراو ف.ف. فیرمنشاجین (١٨٤٢-١٩٠٤ز) بەچاوی خۆی داگیرکردنی تورکستانی لە لایەن سوپای قەیسەریەوە دیبوو. چەند تابلۆیەکی خۆی یەکلا کردەوە بۆ سەمەرقەندو تاکو ئێستاش لە مۆزەخانەی مێژوو و ڕۆشنبیری و هونەری ئۆربەکستاندا پارێزراون بەشی تورکستانی کۆمەڵەی جوگرافیناسی ڕووسی هەستان بەکارێکی بەرهەمداری گەورە بۆ لێکۆڵینەوەی ئاسەوارە کۆنەکانی سەمەرقەندو تاشقەند و بوخاراو تورمز و شاری هەرێمەکانی تر کە ئارەزوومەندانی ئاسەواریش شوێنیان کەوتن. ئەمەش کاریگەری گەورەی لەسەر پێکهاتەی ڕۆژهەڵاتناسی ئەتنۆگرافی هەبوو و سەرنجی ڕاکێشان بۆ گرنگیدان بە ڕابردووی شارستانی هەرێمەکە و یارمەتی نزیک بوونەوەی ڕۆشنبیری، پاش ئەوەی تورکستان خرایە سەر ڕووسیا هونەری شانۆو ڕۆشنبیری مۆزیکی ڕووسی سەری هەڵدا کە لە ساڵی (١٨٩٤ز) کۆمەڵەیەکی مۆسیقی تورکستانی ڕێک خرا پاش ئەوەی تیپە تەتەری و ئازەربایجانیەکان کە زمان و هونەریان زۆر لە گەلی ئۆزبەکییەوە نزیک بوو، دەستیان کرد بە نمایشکردنی هونەری خۆیان لە سەمەرقەند و شارە گەورەکانی تری هەرێمەکە سەمەرقەند و مێژووەکەی لە شاکارەکەی (مەکسیم گۆرکی)دا ڕەنگی داوەتەوە و لەوەی کە نووسیویەتی بەپشت بەستن بە ئەفسانەی تەیمورلەنگ و سەردەمەکانی پێشتری ئەو، لەژێر دەسەڵاتی سۆڤیێتی و لەنێوەڕاستی ئاسیادا لە ساڵی (١٩٢٤ز)ەوە چەند لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیری و مێژوویی و ئاساری و ئەتنۆگرافی و ئەنترۆپۆلۆژی (رسیە) ڕێک خرا.

لە ساڵی (١٩٤١ز) نێرژەیەکی زانستی تایبەت گۆڕی (تەیمورلەنگ و شاهێرخ)ی کوڕی و میرانشا و هەردوو کوڕەزاکەی (محەمەد سوڵتان و ئۆلۆنج بەگ)یان کردەوە و چەند زانیارییەکی زانستیان دەست کەوت. زانای ئەنثرۆپۆلۆژی ڕووسی بەنێوبانگ م. م جیرا سیموڤ وێنەی تەیمورلەنگ و شاهێرخ و میرانشاو محەمەد سوڵتانی کێشا بەپێی جومجومەکانیان لێکۆڵینەوەکان لەسەر ئێسک و پرووسکی ئەوان ڕاستی ئەو بەڵگە مێژووییانە دەردەخەن کە باس لە شەلی تەیمورو ئیفلیجیەک لە دەستەکانی و کوژرانی ئۆلۆغ بەگ دەکەن و تێبینی کراوە کە لە کاتی ناشتنیاندا سرووتی (طقس) ئیسلامی پیادە کراوە. پاش کۆتایی هاتنی لێکۆڵینەوەی ئەنثرۆپۆلۆژی لەسەر پەیکەرە گەورەکان، گۆڕەکان داخرانەوەو دیمەنی ناشتنەکە گێڕدرایەوە بۆ ئەو شێوەیەی کە پێش کردنەوەکە لە سەری بوون و لە هەریەک لە گۆڕەکاندا دۆسیەی گۆڕکردنەوەکە بەچوار زمانی ئۆزبەکی و فارسی و ڕووسی و ئینگلیزی دانراو زەخرەفەی جوانکاری و داهێنەرانەش لەناو مەزارەکەدا نەخشێنران. مۆزەخانەی ئاسیایی لە سەردەمێکی زووەوە سەنتەرێک بووە لە سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەی ئەتنۆگرافی بۆ پەرەپێدانی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی و بابەتەکانی مێژوو و ڕۆشنبیری وڵاتە ئیسلامیەکان ڕۆڵێکی پێشەنگ و دیاریان هەبووە(١٠) ساڵی یەکەمی ژیانی مۆزەخانەی ئاسیایی پێوەندییەکی پتەوی بەناو چالاکییەکانی (خ. دیفرین)ەوە هەیە کە لەنێوان خوێندکارەکانیدا زۆر لە

زانای ڕۆژهەڵاتناسی بەناوودەنگ هەن کە ئاسەواری زیاتری ئەتنۆگرافیای ڕۆژهەڵاتناسیان بەجێ هێشتووە و زیاتر خۆی لە ناسینی عەرەب و ڕۆشنبیریاندا دەبینێتەوە لە چارەکی کۆتایی سەدەی هەژدەیەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا کاتێک کە لێکۆڵینەوەی ئەتنۆگرافیا لە دیدی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە بوو بەبابەتێکی گرنگ نەک هەر لە نەخشە و پلانی ئەکادیمیای زانسی ڕووسیدا بەتەنیا، بەڵکو لە کاروبارەکانی دەوڵەتیشدا بە هەمان شێوە و بۆ یەکەمجار چەند هەوڵ و کۆششێک خرایە گەڕ بۆ چارەسەرکردنی پێوەندی بازرگانی ڕووسیاو وڵاتانی ئیسلامی ڕۆژهەڵات. ئامادەکردنی و جێبەجێ کردنی ئەم مەسەلەیە زۆر گرنگ بوو بۆ لێکۆڵینەوەی مێژووی ڕووسیای کۆن. ڕۆژهەڵاتناس (فرین) توانی سوود لە سەرچاوە عەرەبییەکان وەربگرێت لە لێکۆڵینەوەی مێژووی ڕووسیادا، توێژینەوەیەکی دەربارەی (ابن فضلان) نووسی بەشێوەیەکی تر (ب. س. ساخلیف) بەدیمەنی سەرەکی چالاکیە زانستیەکانی (فرین)«٢» وەسفی دەکات. ئەو زانیارییە سەرەتاییانەی کە لە بارەی ئەم گەشتیارە عەرەبییەوە کۆکرابووەوە زانای دانیمارکی «ل.أسمویسن، (١٨١٤) لە معجم البلدان»ی یاقوتی حەمەوی وەری گرتبوو. لەگەڵ ئەمەشدا سەراپای ئەو هەوڵ و تێکۆشانانەی کە لە پێناو بەدەستهێنانی شاکارێکی زانستی گەورە لە بارەی (ابن فضلان)ەوە دەگەڕێتەوە بۆ لێهاتوویی و کۆششی زانای ئەکادیمی (خ. فرین) کە لەوەو دوا و لە ساڵی (١٨٢٩)دا هەواڵەکانی (ابن فضلان)ی لە بارەی خەزەرییەکان و بەشکیرییەکان بڵاوکردەوە لەگەڵ وەرگێڕانێکی لاتینیدا و لە توێژینەوەکەدا دەقە عەرەبییەکانی (ابن حوقل) تۆمار کرابوو، لە ساڵی (١٨٣٢)دا چەند بەشێک لە بابەتەکانی (ابن فضلان) لە بارەی (بلقار)ەوە بڵاو کرایەوە. یەکێکی تر لەو ڕۆژهەڵاتناسانەی کە ئاسەواریان لە مێژووی ڕۆشنبیریدا بەجێ هێشتووە (د.ف سیمویوف)ی مامۆستای زانکۆی بترسبورگ بووە لە سەدەی (١٩)دا بەپشت بەستن و لەژێر ڕووناکی ئەو بابەتانەی کە (شێخ طەنطاوی)«٣» ئامادەی کردبوو. ڕۆژهەڵاتناس (دورن. ب«٤»، Donb) چەند یارمەتیەکی زۆری پێشکەش بەدامەزرێنەری لێکۆڵەری کوردی ڕووسی (ب، لیرخ) کرد لە ڕێکخستن و چاپکردنی لێکۆڵینەوەکانی لە بارەی مێژوو و ئەتنۆگرافیا و دەستخستنی ئاسەوارە ڕۆشنبیری و دەقە فۆلکلۆرییەکانی مۆزەخانەی ئاسیایی کە یەکێک لەو شتانەی تێیدا بوو (شەرەفنامە)ی شەرەفخانی بەدلیسی بوو کە (خ. د. فرین) گرنگی شەرەفنامە و زەروورەتی چاپکردن و وەرگێڕانی ڕوون کردەوە و (ف، ب. شارموا) وەریگێڕا لەگەڵ چەند پەراوێزێکی ئەتنۆگرافی کوردی بەهێز. لەپاش ئەمە گرنگی زیاتر درا بە لێکۆڵینەوەی ئەتنۆگرافی کوردی و قونسولی ڕووسیا لە ئەرزڕۆم (أ. ژابا) کتێبێکی لە بارەی ئەتنۆگرافیای کوردەکان نووسی، هەر لە نیوەی سەدەی (١٩)ەمەوە ئەکادیمیای زانستی دەستی کردە لێکۆڵینەوەی ژیانی گەلی کورد بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و بەرنامەدار تا ئەندازەیەکی دیاریکراو. بەم شێوەیە ڕێسایەکی زانستی و ماددی گەورە بنیات نرا بۆگەشەپێدانی لێکۆڵینەوەی ئەتنۆگرافی کوردی لە ڕووسیا بەرهەمی گەورەی گەشتەمەیدانی و زانستییەکانی نیوەڕاستی ئاسیا (١٨٤١-١٨٤٢) بریتی بوو لە دەوڵەمەند کردنی کتێبخانەی ئەتنۆگرافی بە لێکۆڵینەوە وەک کتێبی (بخاری)ی ڕۆژهەڵاتناس (خاینکوف ن.ف) ل.ن.ف ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەزموونێکی وەسفی (خانیة) بوو بەشێوەیەکی تەواو و ڕێکوپێک و ئەو کتێبە بە گرنگترین شتی بەردەستی لێکۆڵەرەوەکان دادەنرێت لە وەسفکردنی (خانیة) و شاری (بخاری)دا لە سەدەی نۆزدەیەمدا و لە ساڵی (١٨٤٥)ەوە خاینکوف دەستی کرد بەکار لەم ڕێچکە دیبلۆماسییەدا و زانیاری ئەتنۆگرافی لە بارەی (قەفقاسیا) و (خوراسان)ەوە کۆکردەوە. لە کاتی دامەزراندنی بەشی قەفقاس لە کۆمەڵەی جوگرافی ڕووسی (خاینکوف. ن.ف) هەڵبژێردرا بە یاریدەدەری سەرۆکی بەش لەگەڵ (ف. ف میلیانوف زێرنوف)ی پورزایدا کە چەند لێکۆڵینەوەیەکی ڕۆژهەڵاتناسی و ئەتنۆگرافی بۆ ئامادەکرد کە تایبەت بوو بە واقیعی مادی (قوازقاو بەشاکیر و تەتار) لە پارێزگاکانی بەشی نیوەڕاستی ڕووسیای ئەورووپی و کەوتە کۆکردنەوەی پاشماوە میللییەکانی گەلانی ڕۆژهەڵاتی دراوسێی ڕووسیا بەم شێوەیە نێرژە زانستییەکانی لێکۆلکاری ئەو گەلانە پەرەی سەند و پشکی بەشە ڕۆژهەڵاتییەکانی وڵاتانی عوسمانییش کەم نەبوو. ئەکادیمی ن. ن. مار زیاتر لە لێکۆڵینەوەیەکی ئەتنۆگرافی هەیە لە بارەی گەلانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و قەفقاسیاوەکە تێیدا هەوڵی داوە بنچینە مێژووییەکانیان بەیەکەوە پەیوەست بکات لە وتارێکی بەناوبانگدا لەژێر ناونیشانی (جارێکی تر لە بارەی وشەی جلبی).

لە گرنگترین بەرهەمەکانی (ب. أ لیرخ)یش لێکۆڵینەوەیەکە لە بارەی کوردەکانی ئێران و باپیرە باکورییەکانیانەوە هەروەها ئەکادیمی (ی. أ ئۆربلی)

ڕۆڵێكی گەورەی دیوە لە لێكۆڵینەوەی ئەتنۆگرافیای كوردو زمان و ڕۆشنبیریان و ڕۆڵی كوردی دەرخستووە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی نزیكدا و زیاتر جەختی لەسەر مەدلولەكان و گرنگی سەردەمی ئەیوبی و شەدادی، لە مێژووی گەلانی پشت قەفقاسدا كردووە بەهەوڵەكانی خۆی بۆ یەكەمجار دامەزراوەیەكی زانستی سەربەخۆ دابمەزرێنێت كە ناسرا بە دیراسەكردی گەلی كورد، كە بەشی كوردی بووە لە پەیمانگەی ڕۆژهەڵاتناسی لە ئەكادیمیای زانستە سۆڤێتییەكان لە لنینیگراد. كە بەشێكی ئەو دیراساتە تەرخان كرابوو لە بارەی ئەتنۆگرافیای گەلی كورد. لە ساڵی (١٩٥٧ز) (ق. ك. كوردیف) وتارێكی بڵاوكردەوە (الاكراد) كە تێیدا زانیاری ئەتنۆگرافیا لە بارەی پیشەی كوردەكان و پیشەسازییە بنەڕەتییەكانیان و پێوەندییە كۆمەڵایەتی و خێزانییەكانیانەوە تێدابوو، هەروەها لە بارەی زمان و ڕۆشنبیری ڕۆحی، بەڵام (م. ب. رودینكو) هەستا بە وەرگێڕانی دانراوی گەورەی كورد (مەلا مەحموودی بایەزیدی) لەژێر ناوونیشانی (عادات و رسومات نامه الكرادية).

لە پێشەكی كارە ئەتنۆگرافیە كوردییەكان بەرهەمەكانی مامۆستا (ع.ش. شامیلۆف)ە و لە بەنێو بانگترینیان (حول معالم الأقطاع بين الكرد)ە، ئەوەی كە وەرگێڕا بۆ سەر زمانی عەرەبی پێش دكتۆر (كەمال مەزهەر ئەحمەد) ئەمەو دیراساتی ئەتنۆگرافی كوردی لە بارەی كوردەكانی یەكێتی سۆڤیەت دەركەوت لەوانە كتێبی (اكراد ماوراء القفقاس) كە هی دكتۆرە (ئەریستوڤا)یە كە بەڕاستی بەتاجی بەرهەمە داباریوەكانی دادەنرێ لە ئەتنۆگرافیای گەلی كورددا. زۆرێك لە لێكۆڵەرەوە ئەتنۆگرافیە كوردییەكان نامەی دكتۆراكانی خۆیان موناقەشە كردووە لە بارەی كوردەكانی سۆڤیەت لەوانەش (محەمەد نازارۆف) لە بارەی ژیانی كوردەكان لە توركمانیا و (مموكوردیان) لە بارەی كوردەكانی ئەرمینیا.

پێویستە كارە گرنگەكانی زانا (فیلجیفسكی) لەبیر نەكەین لە بارەی ئەتنۆگرافیای كوردی (الثقافة المادية و الروحية للأكراد).

هەروەها لە بارەی هەوڵ و كۆششی مامۆستا عەرەبەكان ئەوانەی كە (لە ڕووسیا دەژیان و بەرهەمەكانیان بەو زمانە بڵاودەكردەوە، ڕۆڵیان هەبووە لە دۆزینەوەی هەندێ دیاردەی ژیانی كۆمەڵایەتی و ئابووری عەرەبی یەكێك لەوانەی كە لەو بوارەدا بووە كارەكانی (سەلیم نەوفل)«٥»، (١٨٢٨- ١٩٠٢ز) كە تایبەتە بە ژن هێنان و میراتەوە لە ئیسلامدا، یاخود كارەكانی (جەرجیس مەرقۆس)«٦»، (١٨٤٦-١٩١٢ز) كە هەستاوە بە وەرگێڕانی گەشتەكەی (بەطریك)، (مكاريوس الحلبي) بۆ ڕووسی یاخود ئاسەواری (بندلي جوزي)«٧»، (١٨٧١-١٩٤٢ز) لە وەرگێڕانی كتێبی بە نەتەوەبوون (الأمومة) لای عەرەب كە تێیدا هەندێ بۆچوونی لێكۆڵەری ئینگلیزی (ڕۆبرت مس سمث)ی هێناوە، یاخود (كلثوم عودة فاسيليفيا)«٨»، (١٨٩٢-١٩٦٧ز) ئاسەوارە ئەتنۆگرافیەكانی لە سروتەكانی ژن هێنان لای عەرەبی فەلەستین و سروشتیەكانی مەراسیمی نوێژە باران لای فەلەستینییەكان لە بەنێوبانگترین ئەتنۆگرافیەكان كە گرنگیان داوە بە مەسەلە ڕۆژهەڵاتیە عەرەبییەكان (أ. بی. بیرشتس)«٩» و لە بەنێوبانگترین كارەكانی بونیادی ئابووری و كۆمەڵایەتی و سیاسییە بۆ عەرەبی باكوور لە سەدەی نۆزدەو بیستەمدا. هەروەها...تاد).

**پەراوێزەكان:**

* ئەتنۆگرافیا: زانستێكە وەسف و باسی گەلان و هۆزەكان دەكات و هەڵدەستێ بە دیاریكردن و تۆماركردنی كەرەستە ڕۆشنبیرییەكان لە مەیدانەكەدا هەروەك مانای وەسفكردنی چالاكی و ژیانیان وەك زانراوە كە وشەی (Ethnic) خاوەنی ڕەگێكی زمانەوانی ئیغریقییە بەمانای (گەلێك یاخود هۆزێك) دێت.

١- بلقار گەلانی ئیسلامی نیشتەجێ كراوە لە قەفقاسیاو زمانەكەیان ئینتمای بۆ كۆمەڵێ زمانە توركییەكان هەیە و كۆمارێكیان هەیە كە خاوەنی حوكمی زاتییە (ئۆتۆنۆمی). كە (بلقاریا، لە چوارچێوەی كۆمارە سوسیالیستیەكانی سۆڤێتی ئەمڕۆدایە).

٢- فرین (١٨٧٢- ١٨٥١)، Franhnch، بە ڕەچەڵەك ئەڵمانیە و لە ڕوستوك لە دایك بووە و بە پشوو درێژە ڕۆژهەڵاتناسەكان دادەنرێت لەسەر لێكۆڵینەوە و دڵسۆزی تێیدا، دواتر بانگ كرا بۆ ڕووسیا لەسەر بانگهێشتی قەیسەر بۆ وتنەوەی عەرەبی و بەسەربردنی ژیان.

٣- الشيخ محمد عيادة الطنطاوي (١٨١٠-١٨٦١ز) خەڵكی میسرەو لە ئەزهەر فێربووە و كەسانی تریشی فێركردووە پاشان قەیسەر (١٨٤٠ز) بانگهێشتی كردووە بۆ وانەوتنەوە لە قوتابخانەی زمانە شوێنكەوتەكانی وەزارەتی دەرەكی پاشان بەپلەی مامۆستایەتی عەرەبییەوە لە پترسپورگ (١٨٤٧-١٨٦١ز) سەرقاڵ بووە.

٤- دورن (١٨٠٥-١٨٨١ز) لە ئەڵمانیا لە دایک بووە و لە (لایزگ) دەرچووە و پاشان لە لایەن قەیسەرەوە بانگهێشت کرا بۆ وانەوتنەوە لە زانکۆی خارکوف (١٨٢٩-١٩٣٦ز) پاشان زانکۆی پترسبۆرگ و دواتر سەرپەرشتیاری کتێبخانەی ئاسیاوی و مۆزەخانەی ئیمپراتۆری بووە و پاشان سەفەری کردووە بۆ هامبۆرگ پاشان لەندەن، ئۆکسفۆرد توانی سوودی لێ وەربگرێت لە ڕێکخستنی مۆزەخانەکانیداو بەباشی زمانی عەرەبی و هەندێ لە زمانە ڕۆژهەڵاتیەکانی وتووەتەوە.

٥- سلیم نوفل (١٨٢٨-١٩٠٢ز) خەڵکی لوبنان بووە و چاودێری وانەوتنەوەی کردووە لە زانکۆی پترسبۆرگ کە لەوێدا فێری ڕووسی بووەو لە وەزارەتی دەرەوەدا کاری کردووە.

٦- اللواء جرجیس مرقص (١٨٤٦- ١٩١٢ز) خەڵکی دیمەشق و یەکەم مامۆستای عەرەبی بووە لە کۆلێجی لازارێف پەیمانگەی دیراساتی ئاسیاوی- ئەفریقی.

٧- بندلی جوزی (١٨٧١-١٩٤٢ز) خەڵکی (قودس)ەو پسپۆری وەرگرتووە لە قازان لە دیراساتی ڕۆژهەڵاتیدا و بەمەرجەعێک لە مەرجەعەکانی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی دەژمێردرێت.

٨- کلثوم عودة فاسلیڤیا (١٨٩٢- ١٩٦٧ز) خەڵکی ناسرەی فەلەستینە و شووی بە پزیشکێکی ڕووسی کردووە و لەگەڵ نێژرەیەکی پزیشکیدا ڕۆیشتووە بۆ ڕووسیا، پاشان مێردەکەی مردووە و لە قوتابخانە وەکو یاریدەرێک دانراوە و لە زانکۆی مۆسکۆش بووە بە مامۆستا و نازناوی (دایکی عەرەبە بە سۆڤێتی بووەکانی پێ بەخشراوە و حکومەتی سۆڤێتی دیاری و خەڵاتی کردووە بە (مەدالیای شانازی- وسام الفخر)ساڵی (١٩٦٢ز) وەک دان پیانانێک بۆ هەوڵ و کۆششەکانی.

٩- بیرشتس: واتە بونیادی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی عەرەبەکانی باکوور لە سەدەکانی نۆزدەو بیستەمدا. مۆسکۆ (١٩٧٢ز) بیرێکیش، پێوەندیە دەرەبەگایەتیە باوکایەتیەکان (البا توسیارکیە) بۆ عەرەبە دەشتەکییەکان.

*** وەرگێڕی ئەم بابەتە (سەلام عەبدولکەریم) بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری (ڕووناکبیری)یە کە لە شاری سلێمانی دەردەچێ.**

**سەرچاوە:**

مجلد (الأستشراق) عدد(٣)، د. مجید حمید عارف، (الأستشراق السوفیتي و الأثنوغرافیا)، ص(١٢٩-١٣٥)، سنة (١٩٨٩ز)، سلسلة کتب الثقافة المقارنة تصدر عن دارالشؤون الثفافیة العامة- افاق عربیة.



# د. عەباسی وەلی:
# هیچ کاتێک مێژوو ڕابردوو نییە، بەڵکو تەفسیری ڕابردووە

هەڤپەیڤینی:
ئازاد عەبدولواحید - مەحموود زامدار

ناوی (عەباسی وەلی) وەک کەسایەتییەکی زانستی و ئەکادیمی لەناو ناوەندە ئەکادیمییەکانی ڕۆژئاوا ناوێکی ئاشناو ناسراوە، ئەمەشی بەهۆی سەنگینی لێتوژینەوەکانی لە بواری زانستی سیاسەت و سۆسیۆلۆژیا و کولتوورەوە بەدەست هێناوە.

وەک ڕووناکبیرێک لەناو کورد بەپێی پێویست نەناسراوە، هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کارەکانی کە نزیکەی سێ کتێب و نامیلکە و نزیکەی (٣٠) سی لێتوژینەوەی جۆراوجۆرن کە ڕاستەوخۆ بەزمانی ئینگلیزی نووسراون و تا ئێستا زۆر بە دەگمەن ئەو بەرهەمانە کراون بە کوردی، بێجگە لە نامیلکەیەک و چەند لێتوژینەوەیەک بەرهەمەکانی دیکەی ئاشنای خوێنەرانی کورد نەکراون.

ئێمە لە گۆڤاری (ڕامان)دا لەپێش دەستپێکردنی گفتوگۆیەکەمان لەگەڵیدا زۆرمان دواند، وەک خاوەن دید و بۆچوونی تایبەت بەخۆی ناسیمان، چونکە زۆر بە قووڵی چووبووە ناو تیۆر و میتۆدە فیکری و فەلسەفی و مەعریفییەکان و لە بارەی هەمووشیانەوە بیروڕای تایبەتی خۆی هەبوو، بۆیە لە گفتوگۆیەکی سێ سەعاتیی تۆمارکراودا ویستمان ئەو بیروهزرە بدوێنین تا خوێنەرانی گۆڤارەکەشمان لەو بیروڕایانە نزیک بکەینەوە و زیاتر پێی ئاشنا بن.

**ڕامان:** سەرەتا با بزانین لە کوێ لە دایک بوویت و لە کوێ خوێندووتە و گەیشتوویە کوێ؟

**د. عــەباسی وەلی:** لە ساڵی (١٩٤٩) لە شاری مهاباد لە دایک بووم، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیم لە شاری تەورێز تەواو کردووە، دواتر لە تەمەنی (١٨) ساڵی بۆ خوێندنی زانکۆیی چوومە تاران. لەوێشدا لیسانسی زانستی سیاسی و ئابووریم وەرگرت. دوایی بۆ بەردەوامبوون لە خوێندنی زانکۆیی لە ساڵی (١٩٧٣) چوومە ئینگلتەرا. لە ساڵی (١٩٧٦) پلەی ماستەرم لە زانستی سیاسی و ئابووری لە زانکۆی (کیل) وەرگرت. لە ساڵی (١٩٨٣) چوومە شاری لەندەن و دکتۆرای زانستی سیاسی و کۆمەڵایەتیم لە زانکۆی لەندەن وەرگرت. هەر لەم زانکۆیەدا، دوو ساڵ خولی خوێندنی پاش دکتۆرام خوێندو لە هەمان کاتیشدا سێ ساڵ بووم بە مامۆستای ئەم زانکۆیە. لە ساڵی (١٩٨٦) چوومە زانکۆی (وێلز) لە (سوانزی) و لەوێش وەک مامۆستای زانستی سیاسی دامەزرام و تاوەک ئێستاش بەردەوامم.

ماستەرنامەکەم لە بارەی پێکهاتنی پێوەندییەکانی سەرمایەداری لە ڕوسیا بوو، ئەوەش لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری بوو لەنێوان مارکسیست و (نارۆدلیکان پاپۆلیتان) و بەناوی (سیاسەتی سەنعەتی بوونی سەرمایەداری) بوو. تێزی دکتۆراکەم بەناوی (زەوی کارو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێرانی پێش سەرمایەداری) بوو. هەر لەم ماوەیەشدا بەر لەوەی ببمە مامۆستا، دوو سێ وتارم لەسەر ئەو مەسەلانە بڵاوکردەوە. لێکۆڵینەوەکەی دوای دکتۆرام بەناوی (ڕۆڵی ئینتلجنسیا لە شۆڕشی ئیسلامی ئێران) بوو.

دوای ئەوەی لە زانکۆی وێلز بوومە مامۆستا، دەستم بە نووسین کرد. یەکەم کتێبم لە ساڵی (١٩٩٣) لە بەریتانیا نووسیوە و چاپ کراوە و ساڵی (١٩٩٤)یش لە ئەمریکا چاپ کراوەتەوە و بەناوی (مێژووی تیۆریکی ئێرانی پێش سەرمایەداری) بووە. ئەم کتێبەم هەوڵێک بوو بۆ ئەوەی مێژوویەکی تیۆری بۆ ئێرانی پێش سەرمایەداری بنووسرێتەوە. هەر لەم ماوەیەدا لەسەر ئەم بابەتە هەندێک وتاری تریشم بڵاوکردۆتەوە. من لە ساڵی (١٩٩٢)ەوە لە بارەی سیاسەت و فەرهەنگی کوردییەوە دەنووسم، لەو کاتەوە تا ئێستا نزیکەی سێ کتێب و سی وتارم نووسیوە. کتێبی یەکەمم بەناوی (چەند لێکۆڵینەوەیەک لەسەر سەرهەڵدان و ڕیشەی ناسیۆنالیزمی کورد) بووە و لە ساڵی (٢٠٠٣) چاپی یەکەمی کراوە و لە ساڵی (٢٠٠٤) جارێکی تریش چاپ کراوەتەوە.

کتێبی دووەمم بەناوی (مۆدێرنیتەو بێ دەوڵەتی)یە و لە بارەی مۆدێرنیتەی بێ دەوڵەتی کێشەی کوردە لە ئێراندا، ئەم کتێبەم ئێستا لەژێر چاپدایە و هێشتا بڵاونەکراوەتەوە. من هەموو ئەم کتێبانەم بە زمانی ئینگلیزی نووسیوە. کتێبی سێیەمیشم لە هەولێر چاپ کراوە و چەند لێکۆڵینەوەیەکە لە بارەی ناسیونالیزمی کوردی.

هەندێک وتاریشم بەیەکەوە لەنێو کتێبێکدا کۆکراونەتەوە بەناوی (کوردەکان و ئەوانی تر) بە کوردی وەکو کتێبێک لە سوید لە ساڵی (٢٠٠٠) لە لایەن هاشمی ئەحمەد زادە و نەزەند بەگیخانی کراونەتە کوردی و چاپکراون، چونکە ئەوانە بە ئینگلیزی نووسراون و لە ساڵی (١٩٩٨) بڵاوکراوەتەوە.

وەک ئاماژەم پێدا سی لێکۆڵینەوەم لە بارەی کوردەوە نووسیوە، کێشەی کورد لە ئێران و لە تورکیا، ئەم لێکۆڵینەوانە هەموویان بە زمانی ئینگلیزی نووسراون.

کاک حەسەنی قازی یەکێک لە لێکۆڵینەوەکانی منی کردۆتە کوردی بەناوی (پەیدابوون و بناغەی ناسیونالیزمی کوردی لە ئێران)، یەکێکی تریشم لە بارەی کۆماری مهابادە و ئەویش لە لایەن (حەسەنی قازی)یەوە کراوەتە کوردی.

**ڕامـــان:** بۆچی ماستەرنامەو تێزی دکتۆراکەت تایبەتمەندی کوردیی تێدا نەبوون، بەمانای ئەوەی وەکو کتێب و لێکۆڵینەوەکانت لە بارەی کوردەوە نەبوون؟

**د. عــەباسی وەلی:** من کە دەستم بەنووسینی تێزی ماستەرنامەکەم کرد، بە توندی کەوتبوومە ژێر کاریگەری فۆرمێکی تایبەتی مارکسیزم بەناوی مارکسیزمی بونیادگەری لویس ئەلتۆسێر. کێشەی تیۆری نێوان مارکسیست و پۆپۆلیستە ڕوسەکان کەیسێکی باش بوو بۆ کارکردن، بۆیە ئەوەش بۆ من وەک ڕاهێنانێک وابوو تاوەک دواتر کتێبەکەم لەسەر ئێران بنووسم. دوای ئەوەی تێزەکەشم تەواو کرد، هێدی هێدی لە هزری مارکسیستی دوورکەوتمەوە و ئەو باوەڕەم نەمابوو کە مارکسیزم تیۆرێکی پتەو و گونجاوە، ئێستاش بیردەکەمەوە دەکرێت هەندێک چەمکی مارکسی بەکاربێت بۆ ئەوەی هەندێک


مەحموود زامدار، د. عەباس وەلی، ئازاد عەبدولواحید

شت ڕوون بکاتەوە، بەڵام بە مانای ئەوەی بتوانێت وەکو تیۆرێکی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی تەواو دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دیراسەت بکات، بەڕای من کێشەی زۆرە.

**ڕامان:** باسی ناسیونالیستی کوردیت کرد، لە کوێوە شوێن پێی ناسیونالیستی کوردت هەڵگرتووە، لە کوردستانی گەورەوە بوو، یان کوردستانی ئێران؟

**د. عەباسی وەلی:** هەندێک لە کارەکانم لەسەر کوردستانی گەورە بوو، دوای ئەوە کارم لەسەر جیاوازییەکانی چوار پارچەکەی کوردستان کردووە، بەمانای ئەوەی چۆن ئەم چوار پارچەیە لەژێر چوار ڕژێمی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی جیاوازدا ماونەتەوە و ڕوشتیان کردووە و ئەو ڕوشتە چ جیاوازییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری هێناوەتە پێشێ و کاریگەری لەسەر پێکهاتنی ناسنامەی سیاسی یەکگرتووی کوردی چییە، سەرەتا لەسەر مەسەلەی کورد لە تورکیا نووسیومە، دواتریش لە ئێرانێ، لە عیراق تەنیا لەسەر سەرەتاکانی سەرهەڵدانی بیری ناسیۆنالیستی کوردم نووسیوە.

**ڕامان:** باشە مێژووی سەرهەڵدانی بیری ناسیۆنالیستی کوردی هەم لە پارچەکان و هەم لە کوردستانی گەورەدا بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

**د. عەباسی وەلی:** بە باوەڕی من ناسیۆنالیستی کوردی دیاردەیەکی مۆدێرنە، لە سالانی کۆتایی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دەست پێدەکات.

**ڕامان:** بەڵام دکتۆر جەمال نەبەز واناڵێت، ئەو دەیباتەوە بۆ سەردەمی ئیمارەتی بەدلیسی و ئەحمەدی خانی، نزیکەی چوار سەد ساڵێک دووری دەخاتەوە، (مەم و زین)ەکەی ئەحمەدی خانی بۆ خۆی ئاماژەیەکە بۆ بیری ناسیۆنالیستی کوردی، چۆن دەڕوانیتە ئەو جیاوازییە؟

**د. عەباسی وەلی:** لەو کتێبەدا لێکۆڵینەوەیەکم هەیە بەناوی (چەمکەکانی نەتەوە و روئیای نەتەوەیی لە مێژوو نووسینی کوردیدا) و تێیدا کار لەسەر نووسینەکانی محەمەد ئەمین زەکی و جەمال نەبەز و ئەمیری حەسەنپوور دەکەم و ڕەخنەیان ئاراستە دەکەم. من پێم وا نییە ناسیۆنالیزمی کوردی دەچێتەوە سەردەمی ئەحمەدی خانی، بە بڕوای من دەگەڕێتەوە بۆ سالانی کۆتایی رووخانی دەوڵەتی عوسمانی و لەوکاتەوە دەست پێدەکات. لای من خانی کەسێکی نیشتمانپەروەرە، بەڵام پێم وانییە ناسیۆنالیست بێت، چونکە ناسییۆنالیزم دیاردەیەکی زۆر جیاوازە.

پێم وایە لە سەدەی شازدەیەم و حەڤدەیەمدا ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزم نییە و دیارە ئەحمەدی خانی لە بەرانبەر دەوڵەتی فارس و تورک باسی دەوڵەتی کوردی دەکات، بەڵام دەستنیشانکردنی تێدا نییە، ئەو باسی تایبەتمەندی دەوڵەتی کوردی ناکات، دەسەڵات و شەرعییەتی سیاسی لەگەڵی کورد وەرناگرین، باسی پاشایەکی کورد دەکات بۆ ئەوەی فەرمانڕەوایەتی کورد بکات لە بری ئەوەی فارس یان تورک یان عەرەب فەرمانڕەوایەتی کورد بکات، ئەلتەرناتیڤەکەی خانی باسی ئازادی گەل ناکات، ئەحمەدی خانی نیشتیمانپەروەرە، بەڵام ناسیۆنالیست نییە، ئەگەر بێینە هەندێک نزیکتر لای حاجی قادر شتێکی لەم جۆرە بەدی دەکەین، ئەو زیاتر لەژێر کاریگەری ناسیۆنالیزمی ئەرمەنی و سربی و یۆنانی و لە ناسیۆنالیزمی ئەرمەنیش دەترسێت نەوەکو کوردان قووت بدەن و ببێتە ئەرمەنستان. ئەو لە کاتێکدا دەژیا کە ئەم چەمکە هاتبووە نێو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، خۆی دەوڵەتی عوسمانی ڕاستە لەژێر کاریگەری ئەوروپا بوو، بەڵام ئەم کاریگەرییە زیاتر ئابووری و کارگێڕی بوو، کەمتر کاریگەری فەرهەنگی بوو. بۆ نموونە: شۆڕشی گەورەی فەرەنسا لە ساڵی (١٧٨٩) کاریگەرییەکی زۆر کەم دەکاتە سەر دەوڵەتی عوسمانی، کاریگەری فەرهەنگی ئەوروپای خۆرئاوا لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا دەست پێدەکات، بە مانای ئەوەی کاریگەرییە ئابووری و کارگێڕییەکان دەگۆڕێن بۆ سەرهەڵدانی ڕێکخستنەکانی ساڵی (١٨٣٧) کاتێک شەریفی گوڵخانە و ریفۆرمەکانی ئەوکاتە هێدی هێدی گەشە دەکەن و وتاری عوسمانییە لاوەکان لە ساڵی (١٨٧٦) دەست پێدەکات و گۆڤار دەردەکەن و تێیدا باسی دروستکردنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەکەن لەسەر بنەمایەکی میللی و نەتەوەیی و دیموکراسی، دوای بیست سی ساڵ ئەم ڕەوتە زیاتر گەشە دەکات.

دواتر ئێمە پرۆسەیەک دەبینین بەرەو ئەوە دەڕوات ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەگەڵ تورکیزم یەک بگرێتەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی گەشەکردنی ناسیۆنالیزمی عەرەب و کورد و ئەرمەنی و میللەتانی تری ناو ئیمپراتۆریەتەکە. ئێمە ڕەنگە وتارێکی سیاسی و ڕۆژنامەوانی کوردی ببینین کە باسی نەتەوەی کورد بکات بەناوی (سەرچاوەی ئۆتۆریتەی سیاسی و شەرعییەتی سیاسی) کە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیست.

**ڕامان:** باشە ئەی ڕۆژنامەی (کوردستان)ی میقداد بەدرخان چی لێدەکەیت کە لەوێدا ئەم پرسە بە ڕاشکاوی دیارە؟

**د. عەباسی وەلی:** منیش هەر مەبەستم ئەوەیە، چونکە ئێمە کاتێک دەڵێین ئەوکاتە سەرهەڵدەدات زۆر زەحمەتە بتوانین دەستنیشانی وردی کاتەکە بکەین و باسی ساڵ و

ڕۆژەکە بکەین. پێم وایە ئەگەر بمانەوێت هەڵەی مێژوویی نەکەین، دەبێت بڵێین لەو ماوەیەدا. دیارە بەدرخانییەکان ڕۆڵێکی سەرەکییان لەم مەسەلەیەدا هەبووە، هەروەها کەسانی وەکو عەبدوڵڵا جەودەت و ئیسحاق چکوتی ڕۆڵیان هەبووە. بە باوەڕی من ناسیۆنالیزمی کوردی هەر ئەوەیە و لەو کاتانەوە دەست پێدەکات. هۆیەکەشی ئەوەیە کە ناسیۆنالیزمی کوردی بایەخ بە ناسنامەیەکی کوردی دەدات، لەو کاتە نەبووایە نەدەبوو، چونکە لە سەردەمی ئەحمەدی خانی مەسەلەی ناسیۆنالیزمی عەرەب یا فارس یا تورک خۆیان باسیان لێوە دەکرا، جگە لەوەش هەردوو دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانی دەوڵەتی نەتەوەیی نەبوون، بۆیە باسی ناسیۆنالیزمی کوردی لەو کاتانەدا هەڵەیەکی گەورەیە، لەبەر ئەوەی باسی ناسیۆنالیزمی عەرەبی یا فارسی یا تورکی لە گۆڕێدا نەبووە. لە ڕووی تیۆریشەوە هەر ئاوا دەبێت باسی بکەین، چونکە ناسنامەی نەتەوەیی وەکو هەر ناسنامەیەکی تر وایە و لە ڕابیتەیەکی یەکسانی و جیاوازی دروست کراوە. ڕابیتە یەکسانەکە ئەوەیە توخمی ناسنامە دروست دەکات وەکو زمان و فەرهەنگ و مێژوو، ئەوانە یەکسانی کۆمەڵگاکە نیشاندەدەن، بەڵام ئەم یەکسانییە بێ مانایە ئەگەر لە بەرانبەر جیاوازیەکدا نەبێت، ئەو جیاوازییە ناسنامەی یەکگرتووی تورک و فارس و عەرەبە. ئەو جیاوازییە مانا بە یەکسانییەکە دەدات. بۆ نموونە، ئەگەر ئێمە لە شوێنێکدا بین هەر هەموو بە کوردی بدوێین و فەرهەنگمان کوردی بێت و هیچ کەسێکیش لە دەوروبەرمان نەبێت ئەم جیاوازییە نیشان بدات، ناسنامەکە بێ مانا دەبێت. ناسنامە ئەوکاتە ماناداره کە لە پێوەندی لەگەڵ جیاوازییەکدا بێت. ئەم جیاوازییەش نە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی نە لە ئیمپراتۆریەتی سەفەویدا نەبوو. لەنێو دەوڵەتی عوسمانیدا ناسنامەیەکی گشتی هەبوو بەناوی ناسنامەی عوسمانی دەوڵەتی عەرەب و تورک و هەموو میللەتانی ناو دەوڵەتەکەی دەگرتەوە. بە ڕای من ئەو قسەیەی محەمەد ئەمین زەکی دەیکات، قسەیەکی زۆر دروست و ڕاستگۆیانەیە، کاتێک لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێت کاتێک ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەڵدەوەشایەوە، ئێمە ناسنامەی کوردیمان نەبوو، خۆمان بە عوسمانی دەزانی، تازە ئەوکاتە خەڵک باسی تورکایەتی و عەرەبچێتیان دەکرد، ئێمەش هێدی هێدی باسی کوردایەتیمان کرد. ئەوە قسەی من نییە، قسەی محەمەد ئەمین زەکییە کە یازدە جاران لێرە بۆتە وەزیر. تەنانەت نموونەی تریش دێنێتەوە و دەڵێت دەوڵەتی میللی و دەوڵەتی نەتەوەیی زمان دەکاتە کێشەیەکی سیاسی، بەر لە ئەوکاتە زمان کێشەیەکی سیاسی نییە، بە مانای ئەوەی تۆ لەنێو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بە کوردی قسەت بکردبووایا بتنووسیبووایە کێشە نەبوو، دەوڵەتی عوسمانی یاسای بۆ تۆ دانەدەنا، ئەو بۆ خۆی زمانی دەرباری تورکی بوو، زمانە ئەدەبییەکەی فارسی بوو، زمانی شەریعەت و قەزاشی عەرەبی بوو، هیچ کێشەیەکیش لە ئارادا نەبوو. هەتا ئەو دواییەش ئەگەر بچینە دانیشگای کۆنی ئیستەنبوول کە لە سەرەتای سەدەی بیست دروست کراوە، دەبینین تابلۆی سەر دەرگاکەی بە فارسی نووسراوە. ئەوکاتە زمان کێشە نەبوو، ئێستا ئەگەر کارێکی وا لە تورکیا بکەیت دەچیتە زیندان و ناکرێت. مەسەلەکە ئەوەیە، ئەوەی زمان و فەرهەنگ و مێژوو دەکاتە توخمی پێکهێنەری ناسنامەی میللی هزری ناسیۆنالیستە. پێش ناسیۆنالیزم مۆدێرنیتە هەیە و ناسیۆنالیزمیش ئایدیۆلۆژیایەکی مۆدێرنە و بۆ یەکەمجار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئایدیۆلۆژیایەکمان هەیە دەڵێت سەرچاوەی دەسەڵاتی سیاسی و شەرعیەتی سیاسی نەتەوەیە و نەتەوەش سەرچاوەی دەسەڵات و شەرعیەتی سیاسییە. ئەگەر ئێمە ئەوە بخەینە بەرانبەر پێش مۆدێرنیتە، دەبینین سەرچاوەی شەرعیەتی سیاسی لە ئاسماندایە و خوایییە، سەرچاوەی ئۆتۆریتە و دەسەڵاتی سیاسیش پاشایەکە سێبەری خوایە. ئەوە ناسیۆنالیزمە ئەم سەرچاوەیە لە ئاسمانەوە دادەبەزێنێتە سەر زەوی و مەبەستی ئەوەیە سنووری فەرهەنگی و سنووری سیاسی گەلێک لە چوارچێوەیەکی یاساییدا یەکبگرێت، ئەم چوارچێوە یاساییە دەوڵەتی نەتەوەییە، کاتێک سنووری فەرهەنگی و سنووری سیاسی لەنێو ئەم چوارچێوەیەدا یەکدەگرنەوە، ئەم گەلە دەبێتە نەتەوە. ئەوە ناسیۆنالیزمە کە لە چوارچێوەی دەوڵەتدا گەل دەکات بە نەتەوە. نەتەوە لە بنچەدا چەمکێکی سیاسییە.

**بە بڕوای من هەندێک لە چەمکەکانی فوکۆ شتێکی هێندە گەورە نین و لەپێشدا باسکراون، هەندێکیشی زۆر گرنگن و دەبێت فێریان بین**

**ڕامان:** باشە بەڕای تۆ کورد ئێستا نەتەوەیە؟

**د. عەباسی وەلی:** بەڕای من کورد لە ڕووی فەرهەنگی و مێژووییەوە، نەتەوەیە، بەڵام لە چوارچێوەیەکی یاسایی دەوڵەتیدا نییە و بەدەستی نەهێناوە. من زۆرجار ئەم قسەیەم کردووە و لەگەڵ ناسیۆنالیستەکان تووشی کێشە

هاتووم، ئەوان دەڵێن ئەم کابرایە دژی کوردە و دەڵێت نەتەوەی کورد وجودی نییە، من واناڵێم، دەڵێم نەتەوەی کورد وجودی هەیە و لە مێژووشدا هەبووە، بەڵام وەکو شتێکی فەرهەنگی و مێژوویی بووە، نەوەکو بەناوی شتێکی سیاسی.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هەموو ناسیۆنالیستێک دروستکردنی ئەفسانەیە و بەم ئەفسانەیە دەژی. من هیچ قسەیەکم لەسەر ئەوە نییە و لەوە تێدەگەم بۆ ناسیۆنالیستێک ئەسڵی خۆی دەباتەوە بۆ سەر مادەکان، دەزانم ئەوە کارێکی دروست نییە، بەڵام تێدەگەم بۆ وادەکات، عەرەب و فارس و تورکیش هەمان شت دەکەن. ناسیۆنالیزم هەمیشە ئەفسانە بۆ خۆی دروست دەکات و ئەسڵی میللەت دەباتەوە نێو مێژووی کۆن و دەبێتە هەڵسووڕێنەری ئەم مێژووە بەشێوەیەک هەموو بزاڤەکانی ئەم مێژووە بەیەکەوە بەستراونەتەوە تا دەگاتە ئەمڕۆ، هەمیشە ئەم میللەتەش لە خەباتدا بووە بۆ بەدەستهێنانی ئازادی. کەچی ئەگەر لە ڕوانگەی تیۆرییەوە بڕوانیتە مەسەلەکە، لە ڕاستیدا دەبینیت ئەوە میللەت نییە کە خەبات دەکات، ناسیۆنالیزم بۆ ئەوە خەبات دەکات تاوەکو میللەت دروست بکات، بە مانای ئەوەی ناسیۆنالیزم میللەت دروست دەکات، میللەت ناسیۆنالیزم دروست ناکات، ئەوەش کێشەی زۆری بۆ ناومەتەوە، ئەوەیە من دەڵێم لە کوردستاندا ناسیۆنالیستمان زۆرە، بەڵام ناسیۆنالیزممان نییە.

ئێمە خەڵکی ناسیۆنالیستمان زۆرە، بەڵام بزاڤی ناسیۆنالیزمیمان نییە، تایبەتمەندی کوردستان و دابەشبوونی بەسەر چەند پارچەیەک و دابەشبوونی ناسنامەی کوردی، بۆتە هۆی ئەوەی ئامانج و ستراتیژییەتی کورد بگۆڕێت. بڕوانن، تا ئێستاش بزاڤەکانی کورد، یا داوای ئۆتۆنۆمییان کردووە، یا داوای فیدراڵییان کردووە، هەندێ کات بزاڤێک دروست دەبێت داوای دەوڵەتی سەربەخۆ دەکات، پاش چەند ساڵێک وازی لێدێنێت، بارودۆخەکە وایە. ئەگەرچی ئێمە پێمان خۆشە بە خەڵکی بڵێین خاوەنی بزاڤێکی ناسیۆنالیزمین، بەڵام لە ڕاستیدا وانییە. هەتا بڵێی ناسیۆنالیستی کوردی هەیە، بەڵام ناسیۆنالیزم بەو مانایەی بزاڤێک بێت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی، من ئەوەندەی بزانم، نیمانە.

**ڕامان:** باشە، کەواتە تۆ کەموکوڕی لە پەیڕەو و پرۆگرامی حزبە کوردستانییەکاندا دەبینی، کەموکوڕی لە جۆری بیرکردنەوەیان؟

**د. عەباسی وەلی:** پرۆگرامی ئەو حزبانە لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمیدایە. ئەو پرۆگرامە نابێتە بنەمایەکی سیاسی تیۆری بۆ ناسنامەی نەتەوەیی کوردی، بەڵام سەرکەوتنی ئەو پرۆگرامە دەتوانێت کوردان لە یەکتر نزیک بکاتەوە. ئەگەر واقیعی بین، ئەو پرۆگرامانە لەسەر بنەمایەکی ناسیۆنالیستی دانەنراون بۆ ئەوەی ببنە ژێرخانێکی تیۆری.

**ڕامان:** هەست ناکەیت وەکو کۆنە مارکسییەک هانا دەبەیتەوە بەر شیکردنەوەکانی مارکسیزم بۆ ناسیۆنالیزم؟

**د. عەباسی وەلی:** من هەمیشە ڕەخنەم لە شیکردنەوەکانی مارکسیزم هەبووە بۆ ناسیۆنالیزم، تەنانەت لە کاتی لاویشدا دوو شتم لە مارکسیزم پێ قبووڵ نەدەکرا، ئەوکاتەی مارکسیش بووم نەمدەتوانی مەسەلەی کۆمۆنیزم قبووڵ بکەم و پێم وایە بانگەشەکردنێکی میتافیزیکانە بوو، باسی سیاسەتێکی مێژوویی دەکرد کە بەرەو ئامانجێک دەڕوات بۆ خۆی لە دەرەوەی مێژوودایە، من بەوە دەڵێم میتافیزیک. دووەم، بۆچوونی مارکسیم لە بارەی مەسەلەی نەتەوایەتی پێ هەڵەبوو. مارکسیزم نەتەوەی بە وێنەی فۆرمی سیاسی مۆدێرنیتە دەبینی، بەمانای ئەوەی مۆدێرنیتە هاوشانی کاپیتاڵیزمە و دەوڵەتی نەتەوەیی سەرخانی کاپیتاڵیزمە، لەبەر ئەوەی پێی وایە کاپیتاڵیزم شتێکی کاتییە لە فیۆدالیزم دەست پێدەکات و بەرەو سۆسیالیزم هەنگاو دەنێت، ئەو پرۆژەیە کاتییە، چونکە ئەگەر کاپیتاڵیزم ژێرخانەکەی کاتی بێت، ئەوە سەرخانەکەشی کاتییە. جا نەتەوە و دەوڵەتی نەتەوەیی دوو شتی کاتین، لەبەر ئەوەی سەرخانی کاپیتاڵیزمە، واتا دەوڵەتێکی چینایەتییە. کاتێک سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم سەرهەڵدەدەن، ئەو دەوڵەتە لەناو دەچێت. بە باوەڕی من ئەوە هەڵەیەکی گەورەی مارکسیزمە، هەر لەبەر ئەوەش ناسنامەی نەتەوەیی لەنێو مارکسیزمدا ناسنامەیەکی چینایەتییانە بوو. هەرکە باسی ناسنامەی نەتەوەیی دەکرا، دەگوترا بۆرژوازی. ئێستاکە دەبینین دەوڵەتی نەتەوەیی ژیانی تایبەتی خۆی هەیە، تەنانەت لەنێو سیستەمی یەکێتی شورەویشدا سەرخانی سیستەمەکە و خودی یاسای بنەڕەتی بەناوی دەوڵەتێکی فیدراڵیدا بوو. من ئێستا لە مارکسیزم لامداوە، بەڵام وەک هەندێک مارکسیستان ناکەم کاتێک وازدێنن پشت دەکەنە مێژووی خۆیان، من ئێستاش ڕێزم بۆ مارکسیزم هەیە.

**ڕامان:** بۆچی ئێستا لەنێو نووسیدا مانایەکی یەکگرتوو دیاریکراو بۆ مۆدێرنیتە نییە. ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی هزر و فەلسەفە لەنێو مۆدێرنیتەدا چۆن ڕەنگ دەدەنەوە؟ بۆچی مانایەکی یەکگرتوو و بۆ مۆدێرنیتە بەدی ناکەین؟

**د. عەباسی وەلی:** لەبەر ئەوەی مۆدێرنیتە لەنێو زۆر بوار و کایەی جۆراوجۆردا خۆی نیشان دەدات. دەسکەوتی گەورەی مۆدێرنیتە لە سیاسەتدا دەوڵەتی

نەتەوەییە، لە فەلسەفەدا عەقلانییەتە، لە ئابووریدا سەرمایەداری و کاپیتالیزمە، لە فەرهەنگدا لیبرالیزمە. بڕوانن بۆچی دەڵێم لیبرالین، بەر لە سەرهەڵدانی مۆدێرنیتە خوێندن و نووسین تەنیا بۆ توێژێکی بچووکی کۆمەڵگا بوو، کاتێک مۆدێرنیتە فەرهەنگ لیبرالایز دەکات، دێت خوێندن و نووسین بۆ هەموو کەسێک دابین دەکات، بۆیە دەوڵەتی نەتەوەیی کە تایبەتمەندی سیاسی مۆدێرنیتەیە دێت پەروەردەو فێرکردن بەگشتی دەکات، دەوڵەتی نەتەوەیی پێویستی بەوەیە بیروکراسیەتی گشتی هەبێت، ئەرتەشێکی گشتی هەبێت، کارگێڕییەتی گشتی هەبێت، هەر هەموو ئەوانە خوێندنیان تەواو کردبێت و بەبێ ئەوە ناتوانێت بژی. ئەگەر تەماشا بکەین دەبینین لەو مەسەلەیەدا مارکس هەڵەیەکی گەورە دەکات و دێت ڕەخنە لە فەلسەفەی هیگڵ دەگرێت و مۆدێرنیتە و ژێرخانی ئابووری مۆدێرنیتە لەگەڵ کاپیتالیزم دەکاتە یەک، بەوەش چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی لەنێو تیۆرەکەی خۆیدا بەلاوە دەنێت و چین جێگاکەی دەگرێتەوە. مۆدێرنیتە چەمکێکی زۆر فراوانترە لە کاپیتالیزم. کاپیتالیزم بەشێکە لە مۆدێرنیتە.

**تیۆری بۆخۆی مەبەست و ئامانج نییە، چونکە بۆیە فێری تیۆر دەبین تاکو دیاردەکانی پێ شی بکەینەوە**

لایەنی سیاسی و فەرهەنگی و کولتووری و هونەری مۆدێرنیتە بەشێک نین لە کاپیتالیزم، بڕوانن، کانت ڕایەکی تری هەیە و کاریگەری زۆری بەسەر مۆدێرنیتەدا هەبووە، ئەو کاتێک باسی ڕۆشنگەری دەکات، دەڵێت یەکێک لە هێماکانی ڕۆشنگەری ئەوەیە مرۆڤ لە نابالغی هزری، بەرەو بالغبوون دەبات. مرۆڤ چیتر ڕێگانادات عەقڵ لە لایەن شتێک لە دەرەوەی عەقڵەوە ئاراستە بکرێت، کەواتە پێگەیشتنی مرۆڤ هاوشانە لەگەڵ سەروەری و باڵادەستی عەقڵ، دواتریش باڵادەستی عەقڵ بە چەمکی ئازادی دەبەستێتەوە، ئەوە عەقڵێکە بایەخ بە ئازادی دەدات و خۆی هەم لە ژیانی تایبەتی مرۆڤدا دەنوێنێت، هەم لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا. ئەوەی لەنێو ژیانی کۆمەڵایەتیدایە، عەقڵی سیاسییە. عەقڵی سیاسی دەتوانێت ببێتە پاشکۆی ئۆتۆریتەی سیاسی، بە مەرجێک ئۆتۆریتەی سیاسی لەگەڵ ئوسوڵی عەقڵ و ئازادی یەک بێت.

**ڕامان:** پێت وایە لەگەڵ ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەرهەڵدانی بیری ناسیۆنالیستی کوردی، چاخی ڕۆشنگەری کوردی سەری هەڵبدابێ و عەقڵی کوردی پێگەیشتبێت؟

**د. عەباسی وەلی:** دیارە سەرهەڵدانی بیری ناسیۆنالیستی لەنێو بەشێک لە ڕۆشنبیرە ئەریستۆکراتەکانی کورد نیشانەی گۆڕانێکی کۆمەڵایەتییە، ئەگەرچی لەسەر ئاستێکی بچووکیشدا بێت. ئەوەی کاریگەری لەسەر کۆمەڵگای کوردی دادەنێت لەنێو دەوڵەتی عوسمانیدا، یەکیان پرۆسە کولتوورییەکەیەتی کە چەمکی نەتەوە و نەتەوایەتی و ئازادی و عەقڵی مرۆڤ و هزری دیموکراتییە. دووەمیان پرۆسەی سیاسی و نیزامییە، ئەو پرۆسەیە بەم جۆرە دەست پێدەکات کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە کۆتایی سەدەی حەڤدەیەم بەو لاوە لە لایەنی نیزامییەوە بەرانبەر خۆرئاوا شکست دەخوات، کاتێک شکست دەخوات بیر لەوە دەکەنەوە سیستەمی دەوڵەت و سوپا بگۆڕن. ئەم گۆڕانە پێویستی بە فاینانس و پارە هەیە، ئەمە چۆن بە دەست دێت؟ بەوە بەدەست دێت کە سیستەمی لامەرکەزی دەوڵەتی عوسمانی هەڵبوەشێننەوە و لە بری ئەوە سیستەمێکی مەرکەزی بەهێز دابمەزرێنن بۆ ئەوەی بتوانێت داهاتی دەوڵەت لە یەک ناوەندا کۆ بکاتەوە، بەوەش مەرکەزییەتی سیاسی دەبێتە بنەمای مەرکەزییەتی ئابووری. ئەم مەرکەزییەتە ئابوورییەش دەبێتە بنەمای ڕیفۆرمی لەشکری و دەوڵەتی. ئا لە کاتی ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیەدا ئیمارەتە کوردییەکان لەناو دەچن. لێرەوە بەدرخانییەکان بەرەو ناسیۆنالیزمی کوردی دێن، شەمزینییەکانیش بە هەمان شێوە. تەنانەت ناکۆکی نێوان بەدرخانی و شەمزینییەکانیش لەوەوە دێت کە میرنشینەکان دەڕووخێن و دەوڵەتی عوسمانی بە مەرکەزی دەکرێت، بۆشایی سیاسی لە کوردستاندا دروست دەبێت، بۆشایی سەرکردایەتی سیاسی، کێ ئەم بۆشاییە پڕ دەکاتەوە؟ شێخ و ئاغاکان دێنە پێش و سەرکردایەتی کورد دەگرنە دەست، بۆیە بەشێک لە ناکۆکی نێوان بەدرخانی و شەمزینییەکانیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە.

**ڕامان:** ئەوانەی خۆیان بە نوێنەری بیری ناسیۆنالیست دەزانن، زیاتر جەخت دەکەنە سەر دوو چەمک، ڕەسەنایەتی و ناسنامە، تۆ ئەوە چۆن دەبینیت؟

**د. عەباسی وەلی:** من لەگەڵ ناسنامەدام، بەڵام لەگەڵ ڕەسەنایەتیدانیم. ڕەسەنایەتی پێی وایە هەموو نەتەوەیەک ڕەسەنێکی خودی خۆی هەیە، هەر کارێکی ئەم نەتەوەیە دەیکات ئەم ڕەسەنایەتییەی وەک

دیاردەیەکی ئەم خودەی تێدایە، من لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا نیم، چونکە لە ڕوانگەی سیاسی و ئایدیۆلۆژییەوە ڕاماندەکێشێتە جێگای زۆر خراپ. پێم وایە هیچ نەتەوەیەک زاتەن چاک نییە و هیچ نەتەوەیەکیش زاتەن خراپ نییە. ڕەسەنایەتی مێژوویش بەبێ سیاسەتێک بێمانایە و لە چوارچێوەی ئەم سیاسەتەوە مانادارە. ئەگەر ئێمە بێین ڕەسەنایەتییەکی مێژوویی بۆ خۆمان دابنێین کە ئەسڵی دەچێتەوە سەر مادەکان، بڕوام وانییە کەسێک بەشێوەیەکی زانستییانە تەماشای مێژوو بکات، ئەم بۆچوونە قبووڵ بکات. لە هیچ کات و شوێنێکی جیهاندا مێژوو پرۆسەیەکی بەردەوام نەبووە لە خاڵی ئەلف دەست پێبکات و بگاتە خاڵی بێ، ئەوانەی باوەڕیان بەم ڕەسەنایەتییەش هەیە، هەرگیز ناڵێن لە خاڵی ئەلف دەست پێدەکات و دەگاتە خاڵی بێ. دەڵێن خاڵی بێ هەمان خاڵی ئەلفە و ئێستا دوای دوو هەزار ساڵ خۆی دووبارە دەکاتەوە. پێم وایە مرۆڤ دەبێت زۆر ئایدیالیست بێت بۆ ئەوەی بتوانێت شتێکی وا قبووڵ بکات.

**ڕامان:** ئەی باشە تۆ چۆن دەڕوانیتە هاوکێشەی ڕابردوو، ئێستا، ئاینده؟

**د. عەباسی وەلی:** ڕابردوو شتێکی زۆر تایبەتییە و بە مێژوو دەیناسینەوە. بۆ نموونە، ئەحمەدی خانی بە مێژووەکەی دەناسینەوە. ئەوانەی باوەڕیان بەو ڕەسەنایەتییە هەیە، یا ئەو مێژوونووسانەی بەڵگە خوازن، هەڵەیەکی زۆر سادە دەکەن کە خۆی هەڵەیەکی زۆر گەورەیە. ئەوانە لەو باوەڕەدان مێژووی ڕابردوو لەگەڵ خودی ڕابردوودا یەکە. مێژووی ڕابردوو حەکایەتی ڕابردووە کە بە چەمکی مێژوویی و سیاسی نووسراوەتەوە و لەژێر هەل و مەرجێکی سیاسی تایبەتیدا بووە. ئەگەر بیانەوێت لە ڕوانینی تیۆری و فەلسەفییەوە تەماشای بکەین، دەبێت بڵێین هیچ کاتێک بەڵگە لەگەڵ ڕابردوودا یەک نییە، لەگەڵ ئەو شتەی دەیەوێ نیشانی بدات. لە ڕاستیدا ئەوە وێنە و نمایشکردنی ڕابردووە لە وتارێکی مێژووییدا. کەسێکی کە ئەوەی نووسیوە هزری خۆیشی تێکەڵاو کردووە و ئەو چەمکانەی سوودی لێ وەرگرتوون لە سیستەمی هزری ترەوە هاتوون. ئەو شتەی ناوی ڕاڤەکردنی ڕابردووە، لەگەڵ خودی ڕابردوو خۆی، جیاوازی هەیە، ئەوە ڕابردوو نییە، ئەوە تەفسیرە، تەفسیریش شتێکە هەمیشە سیاسەت و ئایدیۆلۆژیاو بەرژەوەندی شەخسی و چینایەتی و نێودەوڵەتی کاری تێدا دەکەن. بۆ نموونە،(١٠) مێژوونووس بێنە، یەکیان لیبراڵ بێت، یەکیان مارکسی بێت، یەکیان سۆسیالیست بێت، یەکیان فاشیست بێت، یەکیان ناسیۆنالیست بێت، هەر هەموویان دابنێ و هەمان یەک جۆر بەڵگەیان بدەنێ و پێیان بڵێ ئەو بەڵگانە ڕاڤە بکەن. ئەوانە (١٠) دانە تەفسیری جیاواز بۆ یەک جۆرە بەڵگە پێشکەش دەکەن. ئەوەی ئەوانە بە ناوی مێژووی ڕابردوو دایدەنێن، تەفسیری خۆیانەو بەپێی زانست و ئەو چەمکانەی خۆیان دەیزانن تەفسیری دەکەن. بە مانای ئەوەی هیچ کاتێک مێژوو ڕابردوو نییە، بەڵکو مێژوو تەفسیری ڕابردووە.

لە بارەی ئێستا، دیسان دەچینەوە سەر مێژوو، چۆن مێژوو تەفسیری ڕابردووە، هەمیشە زانستی مێژوو بە زانستی ئەمڕۆی ئێمە بەستراوەتەوە. من کاتێک مێژووی (٤٠٠) ساڵ لەمەوپێش باس دەکەم، لەسەر بنچینەی زانستی ئەمڕۆدا دەیکەم. زانستی ئەمڕۆی من لەگەڵ زانستی شەرەفخانی بەدلیسی زۆر جیاوازە، ئەمڕۆ ئەو شتانەی من دەیانبینم، ئەو نەیدەبینین. ئێمە ئەگەر بڵێین شەرەفنامە مێژووی کوردە دروستە، بەڵام دروست نییە بڵێین هەمان ڕابردووە. ئەوە تەفسیری ڕابردووی کوردە. تەفسیری مێژوویی بەردەوام پەیوەستە بە زانستەوە، چونکە هیچ تەفسیرێکی مێژوویی نییە کە لەژێر کاریگەریی زانست و چەمکی سەردەمی نەبێت، بۆیە لیبراڵەکان لەسەر بنەمای بۆچوونی لیبراڵی خۆیان تەفسیری سەردەمی شەرەفخان دەکەن، مارکسیست و فاشیست و ناسیۆنالیستەکەش هەروا دەکەن.

**ڕامان:** ئەی باشە چی لە بۆچوونەکەی دکتۆر جەمال ڕەشید دەکەی کە دەیباتەوە بۆ سەر وڵاتی سوبارتۆ؟ ئەوەش هەر تەفسیری مێژووە؟

**د. عەباسی وەلی:** بەڵێ، تەفسیرە، ئەوە شتێکی تایبەت نییە، ناسیۆنالیست هەروا دەکەن و نامەشروعیش نییە. ناسیۆنالیست هەمیشە گەرەکیەتی مێژوو بۆ خۆی دروست بکات.

**ڕامان:** مانای وایە تەفسیر و هەوڵەکەی دکتۆر جەمال ڕەشید ناسۆنالیستییە؟

**د. عەباسی وەلی:** بەڵێ، زۆر کەم ڕێ دەکەوێ مێژووی ناسیۆنالیستی مێژوویێکی دروست بێت، ئەوە لەنێو هەموو نەتەوەیەکدا هەیە. بڕوانە، ئەتاتورک هاتە تورکیا، لە باسک هاتە تورکیا و دەوڵەتی تورکیا دامەزرا، چییان کرد؟ ئەتاتورک بایەخی زۆری بە کۆلیژی مێژوودا و دەستیان دایە ئەوەی مێژوویێک بۆ دەوڵەتی تورکیا دروست بکەن و سوودیان لە کۆمەڵێک چەمک و تیۆر وەرگرت، بۆ ئەوە مێژوویێکی ناسیۆنالیستی بۆ تورکان دروست بکات کە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هەزار ساڵ لە ئاسیای ناوەڕاست، ئەوە هەموو نەتەوەیەک دەیکات. ناسیۆنالیزم هەمیشە وەسواسی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەر ڕەسەنایەتی، ئەگەر پێی بڵێی ناسنامەی نەتەوەیی بەبێ جیاوازی لەگەڵ ناسنامەی نەتەوەی تر شتێکی بێ

مانایە، لێت قبوڵ ناکات و دەڵێت تا ئەوە ناسنامەی نەتەوەییمانە. ناسنامەی نەتەوەییش بەلای ناسیۆنالیستان شتێکی سیاسی نییە، هەر کەسێک لە بنەماڵەو خانەوادەیەکی کورد لە دایک بووە، دەبێت ناسنامەکەشی لەگەڵی لە دایک بووبێت، ئەگەر شتێکی واش دروست بێت، ئەوە هەر کوردێک لە مێژوودا لە دایک بووبێت دەبێت خاوەنی ناسنامەی نەتەوایەتی بووبێت، کە نییەتی، ناسنامەی نەتەوایەتی پرۆسەیەکی سیاسییە و تایبەتمەندی خۆی هەیە دروست دەبێت یا نابێت، لە زۆر کاتیشدا کز دەبێتەوە یا شل دەبێتەوە.

## لەلای من خانی کەسێکی نیشتمانپەروەرە، بەڵام پێم وا نییە ناسیونالیست بێت

**ڕامان:** بۆچی پۆست مۆدێرنیتە ئاوا بەشێوەیەکی توندوتیژ ڕەخنە لە مۆدێرنیتە دەگرێت؟

**د. عەباسی وەلی:** بەشی زۆری پۆست مۆدێرنیزم ناسنامەی تیۆری و فەلسەفی خۆی لە ڕێگای جیاواز بوون لەگەڵ مۆدێرنیزم دادەنێت. ڕەخنەی توندوتیژ لە مۆدێرنیزم بەشێکە لە ناسنامەی پۆست مۆدێرنیزم. **هۆی سەرەکی ڕەخنەکانی پۆست مۆدێرنیزم لە مۆدێرنە، ئەو گریمانەیەی مۆدێرنەیە کە دەڵێت عەقڵ بایەخ بە ئازادی دەدات. پۆست مۆدێرنیستەکان دەڵێن ئەوەی تائێستا ئێمە بینیومانە وانەبووە، عەقڵ نەوەکو هەر بایەخی بە ئازادی نەداوە، بگرە بنەمای ئازادیشی ڕووخاندووە.** عەقڵ کاتێک دەبێتە میحوەری سازمانی سیاسی و کولتووری و ئابووری، ئەوە دەبێتە ئەبزاری دەسەڵاتی سیاسی. ئەوانە دەڵێن پرۆژەی مۆدێرنیتە کە گوایە پرۆژەی بالادەستی عەقڵە، پرۆژەیەکە بۆ کۆنترۆڵی سیاسیش و عەقڵیش وەکو ئامرازێک بەکاردێنێت بۆ بالادەستی و کۆنترۆڵی سیاسی بەسەر کۆمەڵگادا و جیاوازیشی هەیە لەگەڵ ئەو دەسەڵاتەی بەر لە سەردەمی مۆدێرنیتەدا هەبووە. ئەوە سیستەمێکی دەسەڵاتی پتەوەو لە ڕێگای زانست و مەعریفەوە کۆمەڵگا کۆنترۆڵ دەکات. هەروەها باسی ئەوە دەکەن کە مۆدێرنیتە لە خەمی خۆی لەگەڵ ئازادی لادەدات و کۆمەڵێک دیاردەی وەکو نازیزم و فاشیزم و ستالینیزم سەرهەڵدەدات. پۆست مۆدێرنەکان پێیان وایە گریمانکردنی ئازادی کارێکی هەڵە بوو. عەقڵ نەوەکو هەر ناتوانێت ببێتە بنەمای ئازادی، بەڵکو نەفیشی دەکات. ڕەخنەکەی ئەوان لە مۆدێرنیتە ئەوەیە کە ئەو بۆچوونە زاتییەی کە پێوەندییەکی زاتی لەگەڵ عەقڵدا هەیە و عەقڵیش سازمانی ئازادی لەنێو کۆمەڵگا و سیاسەتدا نیشاندەدات بە ئازادی ڕەوتی عەقڵی لە مێژوودا نیشاندەدات وەکو ئەوەی هیگڵ یا مارکس و ئەوانی تر دەیڵێن، ئەوە دروست نییە. پۆست مۆدێرنەکان دەڵێن لە ڕاستیدا پێوەندییەکی وانەبووە و نییە و بە پێچەوانەی مۆدێرنیتە شتێکی وا لە ئارادا نییە، بەڵام ئەو هزرانەی پۆست مۆدێرنە لە کوێوە دێن؟ بنەمای ئەو هزرانە لە فەلسەفەدا دەچێتەوە سەر نیچەو هایدگەر و فوکو، دواتریش دریدا. فوکو و دریدا کە هاوچەرخ بوون ڕەخنەی زۆر توندوتیژیان لە مۆدێرنیتە گرت، لە عەقڵی مۆدێرنیتە، لە سیستەمی بالادەستی عەقڵی مۆدێرنیتە، لە سیستەمی فەلسەفی مۆدێرنیتە گرتووە، بەو مانایە نا خۆیان بە پۆست مۆدێرن بزانن، ئەوانە ئەوە ڕەت دەکەنەوە پۆست مۆدێرنیست بن، بەڵام ئەو پرۆژەیەیان هەیە کە دەڵێن دەبێت عەقڵی سیاسی و چەمکی عەقڵی سیاسی و چەمکی دەسەڵاتی سیاسی و چەمکی ئازادی سیاسی دەبێت سەرلەنوێ دابڕێژرێنەوە. پۆست مۆدێرنەکان ئەم لێکۆڵینەوە و ڕەخنانە دەکەنە بنەمای کاری خۆیان، تەنانەت ئەوانەی کە لێی نازانن و پێیان دەڵێن پۆست مۆدێرنەی کەم سەواد، وەکو هەندێک لە پۆست مۆدێرنەکانی خۆمان کە فوکو و دریداش بە پۆست مۆدێرن دەزانن، کارێکی دروست نییە.

ئەگەر تەماشای نووسینە سیاسییەکانی فوکو بکەین لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان بەرلەوەی بمرێت، دەبینین فوکو لە مەسەلەی ئارکیۆلۆژییەوە دێتە سەر مەسەلەی جینالۆجی و بایەخ بەوە دەدات تەفسیرێکی تر بۆ عەقڵی سیاسی بەدەستەوە بدات، تەفسیرێکی تر بۆ ئازادی و جۆری حکومەت بە دەستەوە بدات، کە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ سیستەمی پۆست مۆدێرنیتە ناگونجێت، بەڵام پۆست مۆدێرنیتە سوودی لە هزری ئەوانە بینیوە. خودی دریداش کە پێمان دەڵێت تەواوی فەلسەفەی خۆرئاوا پاش ئەفلاتون فەلسەفەیەکە کێشەی ئەوەیە بوون یا ئامادەگی تەفسیر بکات، ئەو فەلسەفەیەش هیچ کاتێک ناتوانێت بوون بە مانای ڕەوتێکی زیندوو یا بوونایەتی تەفسیر بکات، بۆیە دەڵێت فەلسەفەی خۆرئاوا دووچاری میتافیزیکای ئامادەگی بووە، هەمیشە ئامادەگی ئەو شتەیە کە لەوێدایە، ژیانی تۆ ئەوەیە کە تۆ هەی. ئەو جیاوازییەی لە پشت یەکسانی کە من دەیبینم و ئامادەگی تۆیە، ئەوە نیشان نادات، دریدا ڕەخنەی زۆر لەوە دەگرێت کە فەلسەفەی خۆرئاوا تەفسیری ئەم ئامادەگییە لەسەر جۆرێک لە دوالیزم داناوە: ڕۆح-

جەستە، خود- بابەت، جەوهەر- ڕوخسار، ئەوەش بەلای دریدا شتێکی ئایدیالیانەیە و هەمیشە لێکۆڵەر دەبێت. (سەبگێکت) لە دنیای دەرەوەی جیابکاتەوە. ئەو جیاکردنەوەیە لە تێڕوانینی ئەو فەلسەفەیەی کە پێی دەڵێن ئامادەگی، دەڵێن لە بری ئەوە ئێمە دەبێت ژیان وەک بوونایەتی ببینین، ئەوەش لە ڕێگای ئەپستمۆلۆژیاوە نابینرێت، بەڵکو دەبێت بەشێوەیەکی وجودیانە ئیش بکەین، بەڵام لە کۆتاییدا تەنانەت لەنێو نووسراوەکانی دوایی دریدادا، دەبینین دریدا خۆی هەنگاوێک دەکشێتەوە، دریدا کە خۆی ئەم ڕەوتەی داهێناوە دەڵێت بەم ئەنجامە گەیشتووم ئەو زانستەی کە جیاوازی دەخاتە نێوان شت و دنیای دەرەوە ڕەنگە لە لایەنی ئەخلاقییەوە پێویست بێت، ئەخلاق لە لایەنی سیاسییەوە- مەبەستم ئەوەیە کەسانی زانای وەکو فوکو و دریدا کە زۆریان بەخشیوەتە هزری پۆست مۆدێرنستی، ئەوان خۆیان لە دەرەوەی ئەم پرۆژەیە نەبوون کە ئەم چەمکانە نابێت ڕەت بکرێنەوە، بەڵکو دەبێت دابڕێژرێنەوە. وەلێ پۆست مۆدێرنەی ئازاد حالەتێکی عاتفی بەرامبەر بەم مەسەلەیە پەیدا کردووە. نەوەکو تەنیا هەر پرۆژەکەی قبوڵ نییە، نە تەنیا نایەوێت بەم پێوەندییانە قبوڵ بکات، بەڵکو کێشەیەکیش هەیە بەناوی بوونایەتی سیاسی، من کە کێشەیەکم لەگەڵ پۆست مۆدێرنەکان هەیە، ئەوەیە کە ئەو فەلسەفەیە ناتوانێت ببێتە بنەمایەک بۆ هزری سیاسی بۆ من جێگەی بایەخ بێ، لەبەر ئەوەی ئەگەر بمەوێت بۆچوونێکی میتافیزیکم لە بارەی مەسەلەی ئازادی هەبێت ئەوە تەنیا لە پێوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیدا دەیبینم، بۆ ئەوەی لەم پێوەندییەش تێبگەم پێویستم بە زانستێکی سیاسی هەیە، بەڵام لە پۆست مۆدێرنەدا فەلسەفە نە تەنیا لە ناوەرۆکی سیاسییانەی خۆی بەتاڵ دەکرێت، بەڵکو فەلسەفە دەگاتە حالەتێک وەک ئەو بۆچوونەی کە بۆ شیعر هەیە. بەو مانایەی ستاتیک جێگای سیاسەت دەگرێتەوە، ڕەنگە ئەو بۆچوونە لەنێو شیعر و هونەردا زۆر کۆن بێت، بەڵام بۆ سیاسەت و فەلسەفە تازەیە، فەلسەفە جێگای شیعر دەگرێتەوە بۆ تەفسیری ئەو بەیانەی کە هەیە، چونکە هیچ پێوەندییەکی لۆژیکی گونجاو لەنێو ئەو بەشانەدا نادۆزێتەوە کە چەمک پێک دێنێت لە فەلسەفەدا. ئێمەش پێویستمان بەو پێوەندییە لۆژیکییەی نێوان بەشەکانی ئەم چەمکە هەیە ئەگەر بمانەوێت دیاردەیەکی پێ تەفسیر بکەین، **بۆیە من پۆست مۆدێرنەی زانایانە قبوڵ دەکەم و شتی باشیان هەیە، بەڵام من لەگەڵ ئەو تەفسیرەی پۆست مۆدێرنە کەم شارەزایانەدا نیم کە ڕەخنە لە مۆدێرنە دەگرن.**

**ڕامان:** تۆ باسی شتێکت کرد من دەمەوێ بگەڕێمەوە سەری، بەڕێزتان لە سەرەتاوە باگراوندێکی مارکسییانەتان هەبوو لەژێر کاریگەری ئاڵتۆسێردا لێی دوورکەوتنەوە. تەنانەت ئاڵتۆسێر خۆی لە خوێندنەوەیدا بۆ هزری مارکس زۆر گومان دەخاتە سەر ڕستەکانی. دەکرێت باس لە ڕەخنە جەوهەرییەکانی ئاڵتۆسێر بکەن کە ئاراستەی هزری مارکسی کردووە و کاریگەری بۆچوونەکانی ئەو لەسەر بیرکردنەوەی خۆت ڕوون بکەنەوە؟

**د. عەباسی وەلی:** ئاڵتۆسێر دەروازەکانی کردەوە، ئاڵتۆسێر ئاگاداری ئەوەبوو کە مارکسیزم هەڵەی تیۆری و فەلسەفی زۆری تیایە. گەیشتبووە ئەو بڕوایەش کە ئەم هەڵانە لەنێو دەروونی تیۆری مارکسیدا جێبەجێ نابن، ئەگەر بمانەوێت ئەمانە جێبەجێ بکەین، دەبێ لە تیۆری فەلسەفەی تر وەریان بگرین، ئەوەشی کرد. ئاڵتۆسێر شتی زۆری لە سپینۆزا وەرگرت، شتی لە سایکۆلۆژیای سپینۆزا وەرگرت، بەتایبەتیش شتی زۆری لە سایکۆلۆژیای (جاک لاکان) وەرگرت. ئاڵتۆسێر هەندێک پرسیاری خستە ڕوو، گەیشتە ئەو ئەنجامەش کە ئەم پرسیارانە لەنێو مارکسیزمدا وەڵام نادرێنەوە، ئەم پرسیارانە بوون ئەم دەروازەیەی کردەوە. ئەوەی کە پێیدەڵێن پۆست بونیادگەری کە فوکو و دریدا و هەندێکی تر پەیدا بوون. ئەگەر ئێستاکە بۆچوونی فکری منتان بوێ ئەوە پردێکە لە ئاڵتۆسێرەوە هاتووە بۆ فوکو و دریدا. بەمانای ئەوەی نووسراوەکانی من زیاتر لەژێر کاریگەری ئەوانەدایە، لەگەڵ ئەوەشدا سەردەمی پێش ئاڵتۆسێر لە زۆر جێگا ماوەتەوە. زۆر کەسیش کە من دەیانناسم خاوەنی ئەم ڕەوتە فکریە بوون، من لە پێشەکی وەرگێڕانی کتێبەکەم بۆ فارسی کە لە ئێرانێدا چاپ کراوە، وەرچەرخانی فکری خۆم لە مارکسیزمەوە بۆ دریدا ڕوون کردۆتەوە. چۆن بووە و چۆن هاتووە و چ کێشەیەک هەبووە و مارکسیزم نەیتوانیوە وەڵامی ئەم کێشانە بداتەوە کە دوو ڕێگا زیاتر نەبووە. یان مرۆڤ دەبێت قەڵەم دابنێت و ببێتە پاشکۆی ئەرتەدۆکسێکی سیاسی و بڵێ ئیدی لەوە زیاتر ناتوانم ڕەخنە لە مارکسیزم بگرم و بنەمای سیاسی مارکسیزم تێک دەچێ، یا دەبوو بڵێی نابێت لە ڕەخنە بترسێ و ڕەخنەگری بکەین، کاتێکیش ڕەخنەگری بەکاردەکەوێت ڕۆژ بە ڕۆژ لە ئسوڵی مارکسیزم دووردەکەوێتەوە، جا ئەم دوورکەوتنەوەیە لەسەر دەستی ئاڵتۆسێر دەستی پێکرد چوو بۆ لای فوکو و دریدا.

**ڕامان:** شتێک هەیە کورد بە دەستییەوە دەناڵێنێ ئەویش (پاشکۆیەتییە) بۆ ڕابردوو یا بۆ لاساییکردنەوە. لاساییکردنەوەیەکی میکانیکی لە فکری خۆرئاوا کە خوێندنەوە و تێڕوانینی تایبەت بەخۆی نییە بتوانێت

کولتوور و واقیعی خۆی پێ بخوێنێتەوە لەم بارەیەوە تۆ دەڵێی چی؟

**د. عەباسی وەلی:** بەڕای من مرۆڤێکی پسپۆڕ و لێکۆڵ کە دەیەوێ کۆمەڵگا و سیاسەت و سیستەمی دەسەڵاتی خۆی تێبگات، نابێت تەماشای هیچ سیستەمێکی فکری و فەلسەفی و تیۆری بکات بەو مانایەی کە خاوەنی حەقیقەتە، هیچ سیستەمێک ناتوانێت حەقیقەتمان پێ بڵێ هەر سیستەمێک ئەوپەڕی بتوانێت بەشێک لە حەقیقەتمان پێ بڵێ، بۆیە بە باوەڕی من مرۆڤێک گەر ئەم ڕاوبۆچوونەی هەبێ ناتوانێت هیچ سیستەمێک و هیچ تیۆرێک وەکو سیستەمێکی تۆتالیتار قبوڵ بکات.

مرۆڤ دەتوانێت ڕەهاو سەربەخۆ قبوڵ بکات، مرۆڤ تەنیا دەتوانێت بڵێت کە هەر سیستەمێک چەند چەمکی تێدایە، ئەم چەمکانە دەتوانن ببنە ئامرازی شیکردنەوە و زانستی سیاسی. بۆ نموونە، من زۆر سوود لە نووسینەکانی فوکو وەردەگرم، بەڵام هیچ کاتێک وەکو فەلسەفەکارێک تەماشا ناکام کە خاوەنی سیستەمێکی فەلسەفی سەربەخۆ بێت. **بە بڕوای من هەندێک لە چەمکەکانی فوکو شتێکی هێندە گەورەنین و لە پێشدا باس کراون. هەندێکی زۆر گرنگن و دەبێت فێریان بین، بەو مانایە نا کە ببینە پاشکۆیان، بەڵکو بەو ناوەی کە بتوانین وەکو ئامرازێک بۆ شیکردنەوەی دیاردەکان بەکاریان بێنین.** تیۆری بۆ خۆی مەبەست و ئامانج نییە، ئێمە بۆیە فێری تیۆر دەبین تاوەکو دیاردەکانی شی بکەینەوە، ڕوونیان بکەینەوە، تێیان بگەین. بۆ ئەوە فێری تیۆر نابین تاوەکو ببینە کۆیلەی دەستی.

**ڕامان:** گرفتەکەی ئێمە لەوەدایە کە خاوەنی تیۆرێک نین بتوانین کۆمەڵگای خۆمانی پێ بخوێنینەوە.

**د. عەباسی وەلی:** بە باوەڕی من تیۆرێک بۆ خوێندنەوەی کۆمەڵگا، یا داوامان لە تیۆر ئەوە بێت کارێکی وامان بۆ بکات، پێم وایە هەڵەمان کردووە. باشتر وایە تەماشای تیۆرەکان بکەین بۆ ئەوەی بزانین چ چەمکێک لەم تیۆرانە بەسوودن. کام چەمک نزیکە لەوەی بتوانێت شت بکات، بە بڕوای من تەفسیرەکانی فوکو بۆ دەسەڵاتی سیاسی مۆدێرن زۆر گرنگن. تەفسیرەکانی بۆ عەقڵی سیاسی مۆدێرن و گوزارشتەکانی بۆ ئازادی گرنگن. هەروەها ئەو ڕەخنەیەی دریداش زۆر گرنگە لە میتافیزیکای ئامادەگی گرتووە. ئەوە ڕێگامان پێدەدات بەرەو بوونایەتی بچین، ئەوا لە ڕەوتێکی نێوان یەکسانی و جیاوازی دیاردەیەک شی بکەینەوە. ئەوانە گرنگن. کەچی بە باوەڕی من نە سیستەمی فوکو و نە سیستەمی دریدا فەلسەفەیەکی سەربەخۆنین خاوەنی تیۆرێکی سەربەخۆ بن و ئەم تیۆرە ببێتە ئامرازێک بۆ تەفسیرکردنی جیهان. فەلسەفەیەک ئەگەر ئەم بانگەشەیە بکات ئەوە مەبەستی وایە دەتوانێت حەقیقەتمان پێ بڵێت، هیچ فەلسەفەیەکیش ناتوانێت حەقیقەت بڵێت، تەنیا دەتوانێت بەشێک لەم حەقیقەتە بدرکێنێت.

**ڕامان:** بەپێی ئەم بۆچوونەی خۆت، ئەگەر دەوری هەموو ئەوشتانە بکەیت، هەندێک کەسمان هەیە خۆی وەکو هزرڤانێک دەرخستووە، یا خەڵک وا ناوی دەبەن. بەپێی خوێندنەوەی خۆت کێت لەوانە بە دڵە کە نزیک بێت لە بۆچوونەکانی خۆت؟

**د. عەباسی وەلی:** کاتێک قوتابی بووم لەژێر کاریگەری یەک دوو مامۆستای خۆمدا بووم لە زانکۆ و لەژێر دەستی ئەواندا تێزی دکتۆراکەم نووسیوە. بۆچوونەکانی ئەوان کاریگەری زۆری لە سەرم هەبووە.

**ڕامان:** کێ بوون؟ ناویان چییە؟

**د. عەباسی وەلی:** یەکیان بە داخەوە پارساڵ کۆچی دوایی کردو ناوی پۆل هێرست بوو، کاتێک قوتابی بووم زۆری لێ فێربووم، کە مرۆڤ چۆن دەتوانێت کاری تیۆری ئەنجام بدات و چۆن ئیستیدلال لە تیۆر وەربگرێت، بەڵام وەکو باسم کرد، من زیاتر لەژێر کاریگەری ئەڵتۆسێردا بووم، دواتریش فوکو و دریدا.

**ڕامان:** ئەو عەقڵە تۆتالیتارییەی باست کرد بەو فراوانییەی، نەوەک فەلسەفەیەک بێنێت کە بەشێک لە حەقیقەت بخاتە ڕوو، یەکێک لەوانەی بەهزرڤانی کورد بزانرێ، بۆ نموونە، هەیە دەڵێت مەسعود محەمەد وای کردووە، من دەمەوێ بزانم بەڕای تۆ کێن ئەوانەی کاریکیان بۆ کورد و کۆمەڵگای کوردی کردووە؟

**د. عەباسی وەلی:** من ناتوانم قسە لەسەر ئەوە بکەم، من دەڵێم ڕێزم هەیە بۆ تەواوی ئەوانەی لەسەر سیاسەت و کولتووری کوردی کاریان کردووە، جا من لەگەڵیان بم یا لەگەڵیان نەبم. من دیسان دەڵێم ڕێزم هەیە، چونکە ئەو کابرایە هەوڵی داوە شتێک ڕوون بکاتەوە، ئەگەر بە هەڵەشدا چووبێت، پێم وایە هەموومان هەڵە دەکەین. هەوڵدانەکەی خۆی لە خۆیدا زۆر گرنگە، ڕەنگە بەشێک لە واقیعی بۆ ئێمە ڕوون کردبێتەوە، ڕەنگە ئێستاش ئەوە نەزانین و دوای (١٠) ساڵی تر بزانین وای کردووە و خزمەتێکی گەورەی کردووە، نازانین. لەگەڵ ئەوەشدا بە ڕاستی کەسێک نییە پەنجەی بخەمە سەر و بڵێم ئەو کەسە زۆر شتی کردووە. ئەوەندەی من لە بارەی نووسینەکانی مامۆستا مەسعود محەمەد دەزانم، ئەوەیە کە ئەو بۆچوونێکی تایبەتی هەبوو زیاتر بیری چەپ تێیدا زاڵ بوو، بەڵام ئەو چۆن لە بیری چەپ لایدەداو

بەرەو کوێ دەچوو، ئەوە تایبەتمەندییەکەی زەق دەکردەوە، من ڕێزم بۆی هەیە، بەڵام مانای ئەوە نییە لەگەڵ بۆچوونەکانی تەبابم، ئەو کابرایە کە کاری کردووە جێگای ڕێزە.

**ڕامان:** ئەی جگە لە ئەو، کەسێکی تر هەیە لە زەینی جەنابت کە لە وێناکردنی فیکری و فەلسەفی تۆ نزیک بێت؟

**د. عەباسی وەلی:** بە باوەڕی من لە نێو کورداندا ئەوکەسانەی کاردەکەن، دەتوانم ئاماژە بۆ هاوڕێیەکی خۆم بکەم، ئەویش حەمید پوز ئەرسەلانە، کوردی تورکیایە و لە پاریس دادەنیشێت، بۆچوونەکانی ئەو لە بارەی کوردو مێژووی کورد زیاتر لە من نزیکە. من ڕێزێکی زۆرم بۆ ئەمیری حەسەنپوور هەیە، هەم وەکو هاوڕێیەک و هەم وەکو پسپۆڕ و هەم وەکو مرۆڤ. مرۆڤێکی زۆر چاکە، هاوڕێیەکی زۆر چاکە و پسپۆڕێکی تێگەیشتووشە. من لە بۆچوونەکانی حەمید پوز ئەرسەلان نزیکم، بە باوەڕی من کەم کەس وەک ئەمیری حەسەنپوور مێژووی زمان و ئەدەبی کوردی دەزانێت، بەڵام من لەگەڵ بۆچوونە سیاسییەکانی ئەمیری حەسەنپوور نیم، لەگەڵ تەفسیرەکانی بۆ مێژوو و سیاسەتی کوردی نیم، ئەویش ڕەخنەی لێ گرتووم و لەسەری نووسیوم، منیش ڕەخنەم لێ گرتووە و لە سەرم نووسیوە.

**ڕامان:** تۆ باسی ئەوەت کرد کە گۆڕانێک لە مارکسیزم روویداوە، پێت وایە مارکسیزم چۆن سەیری ئازادی و عەقڵ دەکات؟

**د. عەباسی وەلی:** بە باوەڕی من مارکسیزم بۆچوونێکی میتافیزیکی بۆ ئازادی هەیە، لە وێنەی دیاردەیەکی ئایندەییدا دەیبینێت، ئازادی و ئازادبوونی چینێک و دواتریش ئازادی مرۆڤایەتی لەنێو ڕەوتێکی مێژووییدایە، بەڵام ئامانجەکەی لە دەرەوەی مێژووە. من کێشەم لەگەڵ ئەو میتافیزیکایە هەبوو، ئەوەش یەکێک لەو شتانەی بوو کە بیرم لێدەکردەوە. دووەم وەختێک فەلسەفەیەک یا سیستەمێکی فیکری ئەم بۆچوونە میتافیزیکییەی بۆ ئازادی هەیە، ئەوە مانای وایە کە هەر کارێکی کە ئێستا دەیکات ئەنجامەکەی لە پاشەڕۆژدا وەردەگرێت. بۆ نموونە ئێستا دەبینی لەگەڵ حزبێکی، با بڵێین لەگەڵ بەعسیان هاوپەیمانێتی دەکات، پاشەڕۆژ ئەوە بە سوودی پرۆلیتاریا کۆتایی دێت. بە ڕای من ئەوە کارێکە جێگای گومانە، چونکە لۆژیکی سیاسەتی هەر ڕۆژێک لە خودی ئەو کاتەدایە نەوەکو لە پاشەڕۆژ. ئەگەر بیانەوێت ئازادی چەمکێکی میتافیزیکی نەبێت، ئەوە دەبێت هەمیشە لەنێو زەمەندا بێت و لەنێو فەرهەنگ و کولتوور و کایەی کۆمەڵایەتی و سیاسەت و ئابووریدا ببینرێت. ئەگەر واش بێت، ئەوە پێوەندییەکی زۆر نزیکی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیدا هەیە، ئەگەر تۆ بتەوێت ئازاد بیت دەبێت لە ئێستادا ستراتیژییەتێکت هەبێت بۆ ئەوەی لە دەسەڵاتی سیاسی نزیک بێت، نەوەکو خۆت بە پاشەڕۆژێکی نادیار ببەستیتەوە.

**ڕامان:** مێژووی کورد دەکرێت لە ژێر ڕۆشنایی چ تیۆر و فەلسەفەیەکدا شەرح بکرێت؟

**د. عەباسی وەلی:** من گوتم مێژوو و سیاسەتی ئێمە پێویستی بەوە هەیە شی بکرێتەوە، بە باوەڕی من هەر پسپۆڕێک بەشێوەیەک شی دەکاتەوە. هەموو تێڕوانینێکیش لە بنچینەدا وەکویەک نرخ و بایەخیان هەیە، هەتا ئەو ڕۆژەی یەکێک لە تێڕوانینەکان سەردەکەوێت. ئەم تێڕوانینە کە سەردەکەوێت هەژموونی فیکر بەرهەم دێنێت، کاتێکیش هەژموونی فیکری بەرهەم هێنا تێڕوانینەکانی تر پووچ دەردەچن، بەڵام تا ئەو ڕۆژەی کە ئەم هەژموونە فیکرییە نەهاتۆتە پێش، پێم وایە هەموو تیۆر و تێڕوانینەکان گرنگی و بایەخی یەکسانیان هەیە.

**ڕامان:** بۆچی دەبێت عەقڵی سیاسی خاوەنی ناوەرۆکێکی ڕەخنەگرانە بێت؟

**د. عەباسی وەلی:** عەقڵی ڕەخنەگر تایبەتمەندی مۆدێرنیتەیە. ئەگەر عەقڵ ڕەخنەی نەبێت، ڕەخنە ئامرازی عەقڵە لە پێوەندی لەگەڵ ئازادیدا، عەقڵ ئەگەر ڕەخنەگر نەبێت دەبێتە عەقڵێکی ئامرازی کە دەسەڵاتی سیاسی سوودی لێوەردەگرێت. بۆ نموونە، کاتێک دەوڵەتان دەبنە فاکتەری پرۆژەی ئابووری، ئەوکارەی دەکەن، بەڵام بەخۆیان بەعینوانی نوێنەرایەتی عەقڵ دەکەن بە گشتی. ئەم عەقڵ و زانستەی ئەوانە ئاستی ڕەخنەگرانەی نابێت، بۆیە ئەوانە دەڵێن پرۆژەی مۆدێرنیتە لەگەڵ مۆدێرنیزم یەکدەگرێت و دەڵێن ئەگەر بونیادی تەکنۆلۆژی کۆمەڵگا بەهێزبکەیت بەرەو مۆدێرنیتە دەچێت. بەو مانایەی کە کۆمەڵگا پێش دەکەوێت، بەڵام لە لایەکی ترەوە دروست نییە، چونکە ڕۆحی ڕەخنەگرانەی عەقڵ کە دەبێت ڕەخنە لە دەسەڵاتی سیاسی بگرێت، بەو مانایەی کە دەسەڵاتی سیاسی بەقەد ڕەخنەکەی سنووری بۆ دیاری دەکات. ئەگەر ئەو حاڵەتەی خۆی لە دەست بدات، دەبێت بەهیچ. ئەگەر بڵێین ڕۆشنبیر دیوێکی عەقڵی ڕەخنەگرە. ڕۆشنبیر کەسێکی جیاوازە، زۆر کەس دەچێتە زانکۆ، دەخوێنێت، ڕەنگە کتێبیش بنووسێت، بەڵام مانای وا نییە کە ئەو کابرایە ڕۆشنبیرە. ڕەنگە کەسێک پێنج دانە پلەی دکتۆرای هەبێت و پازدە کتێبیشی نووسیبێت، بەڵام ڕەنگە ڕۆشنبیر نەبێت، ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە ڕەخنە

دەکاتە بنچینەی بیرکردنەوە و نووسینەوەی خۆی و پارێزگاری لە ئوسوڵی ڕەخنە دەکات لە بەرانبەر دەسەڵاتی سیاسی و هیچ کاتێک نابێت ئەو سنوورەی خۆی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی بپچڕێنێت.

**ڕامان:** پێکهاتەی عەقڵی خۆرهەڵاتی بەگشتی و عەقڵی کوردی بەتایبەتی، چۆن تەماشایان دەکەیت، چۆن تەماشای پێکهاتنی ئەو عەقڵییەتە مێژووییە دەکەیت؟

**د. عەباسی وەلی:** ئەگەر شتێکی یەکگرتوو بەناوی عەقڵی خۆرهەڵاتی هەبێت و عەقڵی کوردیش بەشێک بێت لێی. عەقڵی کوردی بەڕای من عەقڵێکە بەو شێوەیەی کە پێویستە نەچۆتە ژێر کاریگەری مۆدێرنیتە. کێشەی من لەگەڵ پۆست مۆدێرنەکان لێرەدا ئەوە نییە کە مۆدێرنیتە ئیدی ئێمەی خراپ کردبێت، من دەڵێم خۆزگە مۆدێرنیتە زۆربایە لێرەو قەیدی ناکات ئێمەشی خراپ کردبا، بەڵام کێشەی ئێمە ئەوەیە بە ئەندازەی پێویست مۆدێرن نەکراوین. لە وەزعێکی وەکو ئێستادا بڕۆ بەنێو شەقامەکانی هەولێر و سلێمانیدا بگەڕێ بزانە ئایا بیر لەوە دەکەیەوە کە ماکدۆناڵدیز لێرە مەبنای هەیە؟ بڕۆ تەماشای منداڵەکان بکە بە پێخواسی دەگەڕێن و زۆریشن. تۆ دواکەوتوویی زانکۆ دەبینی کە کێشەی ماکدۆناڵدیز هەر پێوەندی پێوە نییە. من حەزم دەکرد مۆدێرنیتە ئێسک و پێست و پشتی ئێمەی لەنێو مەنجەڵی خۆیدا بکوڵاندبایە، بەڵام ئەنجامەکەی ئەوە بووایە کاریگەرییەکی ڕیشەیی لەسەر هزری ئێمە دانابایە. ئەوەی جێی داخە، نەوەکو مۆدێرنیتە و ماکدۆنالدیز و ماشێن و تەکنۆلۆژی. تەکنۆلۆژیای چی؟ تەماشای ئەو زانکۆیە بکە، ئێمە ناتوانین بەشێوەیەکی بەردەوام و بەبێ پچڕان سێ سەعات کارەبامان هەبێت. مەبەستم ئەوەیە کە کێشەی ئینگلیز و فەرەنسا نییە. من دەڵێم ئارەزووم دەکرد مۆدێرنیتەیەکی ئاوا بەدەسەڵات هەبایە کە ئێمەی بکوڵاندبایە، من ئەوکاتە دەمگوت باشە. ئەوکاتە دەمانتوانی بڵێین عەقڵێکی مۆدێرنی کوردیش هەیە.

**ڕامان:** باشە ئایینە کۆنەکانی خۆرهەڵات، بە تایبەتیش لە کوردستان، لەگەڵ ئەو ئایینانەی دواتر هاتوون، چ کاریگەرییەکیان لەسەر ئەم پێکهاتەی عەقڵی کوردی هەیە، ئایینی میترایی و زەردەشتی لە کوردستان و ئایینەکانی هیند و چین. کورد بەشێک بووە لەم ئایینە کۆنانە، دواتر ئایینی تر هاتوون؟

**د. عەباسی وەلی:** ئەگەر بمەوێت وەڵامێکی دروست بدەمەوە، دەڵێم ئەوە پرسیارێکە دەبێت مێژووناسێک وەڵامی بداتەوە، من نازانم، نازانم چ کاریگەرییەکی هەبووە. ڕەنگە هەندێک کەس کە ئێستا دژ بە ئیسلامن و خۆیان وا تەماشای بکەن کە ئێمە خاوەنی ناسنامەیەکی میترایی یا زەردەشتین. لە ڕاستیدا من ناتوانم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە و زانستێکی وام نییە بتوانم وەڵامی بدەمەوە.

**ڕامان:** خوێندنەوەی کورد بۆ سیستەمی نوێی جیهان، بەڕای تۆ هەڵە نییە، کاتێک بەردەوام پێ لەسەر ڕابردوو و مێژووی خۆی دادەگرێت و خۆی زۆرتر لەنێو مۆدێرنیتەدا قەتیس دەکات، لەکاتێکدا ئەمریکا کە ڕابەرایەتی ئەم سیستەمە دەکات ڕەنگە هەر بڕوای بە مێژوو نەبێت وەکو پۆست مۆدێرنیزم. بەڕای تۆ ئەم خوێندنەوەیە چۆنە؟

**د. عەباسی وەلی:** پۆست مۆدێرنیزمی زانا بڕوای بە مێژوو هەیە بەو مانایەی مێژوو لەگەڵ ئەو شتەی ئاماژەی بۆ دەکات یەک نییە، واتا مێژوو لەگەڵ ڕابردوودا یەک نییە، ئەوە دەبێت ڕوون و دیار بێت. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ناسیۆنالیزم گەورەکردنی مێژووە و ناسیۆنالیزم لە هەموو ئایدیۆلۆژیایەک زیاتر پێویستی بە مێژوو هەیە، چونکە دەبێت ئەسڵی نەتەوەیی ڕەسەن دابمەزرێنێت و مێژووش لەسەر ئەم بنچینەیە ڕاڤە بکات. هیچ ئایدیۆلۆژییەکی مۆدێرنە نییە کە بە ئەندازەی ناسیۆنالیزم پێویستی بە مێژوو هەبێت. لە هەمان کاتیشدا مێژوو خاڵی لاوازی ناسیۆنالیزمیشە، چونکە ئەوانەی ڕەخنە لەناسیۆنالیزم دەگرن دەڵێن ناسیۆنالیزمەکان مێژووی خۆیان بەپێی ویستی سیاسی خۆیان دەنووسن، نەوەکو بەشێوەیەکی واقیعی.

**ڕامان:** تۆ لەگەڵ کۆتایی مێژوودایت؟ بڕوات بەکۆتایی مێژوو هەیە وەکو ئەوەی فۆکۆیاما دەیخاتە ڕوو؟

**د. عەباسی وەلی:** ئەوە جۆرە تەفسیرێکی خۆ پەسندانەیە لە سەرکەوتنی ئایدیۆلۆژیای دیموکراتی خۆرئاوا کە لەچوارچێوەیەکی هیگڵی دانراوە کە سەرکەوتنی خۆرئاوا بە شکستی یەکێتی سۆڤیەت لە پرۆسەیەکی دیالیکتیکی هیگڵیدا مێژوو کەوتۆتە کۆتایی خۆی، بە بڕوای من ئەم تەفسیرانەی لە فەلسەفەدا پێیان دەڵێن تیلۆلۆژیکاڵ بەو مانایەی کە کۆتایی مێژوو لەسەرەتای مێژوودا دیارە، ئەگەر تەماشای هیگڵ و مارکس بکەین دەبینین کۆتایی دیالیکتیک لە سەرەتای ئەو شتەدایە، من ئەو بۆچوونە بە شتێکی میتافیزیکی دەزانم.

**ڕامان:** ئالێرەدا گلۆبالیزم دەورنابینێت؟

**د. عەباسی وەلی:** بە باوەڕی من هیچ زانایەکی سیاسەت و فەلسەفە ناناسم کە فۆکۆیاما بەجدی وەربگرێت. کاریگەری فوکویاما لەسەر سیمینار و کۆڕ و کۆبوونەوە فەلسەفییەکاندا نەبوو، بەڵکو زیاتر لەسەر

لاپەڕەی ڕۆژنامەکاندا بووە، بە بڕوای من شایانی ئەوەش نییە بەجدی وەربگرین.

**ڕامان:** ئایا لەو ماوەیەدا نەهات کە گلۆبالیزم گەشەی سەند؟

**د. عەباسی وەلی:** پرۆسەی گلۆبالیزم (١٥٠) ساڵە هەیە، بەڵام ئێستا زیاتر گەشەی سەندووە، ئەو گلۆبالیزمە پرۆسەیەک باس دەکات کە دوو لقی هەیە لقێکی بریتییە لە ئابووری سەرمایەداری کە دەبێتە سەرمایەیەکی جیهانی، بەشێکی تری سیستەمی تازەی تەکنەلۆژی و (ئینغۆر مەیشنە). ئەوان دەڵێن دنیای کردۆتە گوندێک، من ئەوەم قبوڵە کە گلۆبالیزەیشن هەیە، هەم لەلایەنی ئینغۆرمەیشن و هەم لەلایەنی ئابووری هەیە و کاریگەرییەکی زۆری بەسەر جیهاندا هەیە، وەلێ من لەگەڵ ئەو مەسەلەیە نیم کە تایبەتمەندی سیاسی و کولتووری نەتەواتیش لەم پرۆسەیە ئەنجامی هەبێت، ئەو دوو پرۆسەیە ناتوانن تایبەتمەندی کولتووری نەتەوان بخەنە ڕوو. بە باوەڕی من تاوەکو ماوەیەکی تر، کە ئەوە پێشبینی کردنە دەتوانین بڵێین دەوڵەتی نەتەوەیی دەبێتە پێوەر و بنچینەی لێکدانەوەی سیاسی و ستراتیژی سیاسی.

**ڕامان:** ئایا پێت وایە زیان بە ڕەوتی نەتەوەکان دەگەیێنێت؟

**د. عەباسی وەلی:** نا مەرج نییە، بە باوەڕی من ئەو کەسانەی دەڵێن گلۆبالیزیشنی ئابووری و گلۆبالیزەیشنی ئینغۆرمەیشن و سیاسی و فەرهەنگی دێنێتە پێشێ، ئەوانە دەتوانن بانگێشەی ئەوە بکەن کە بەڵێ ڕۆڵی دەوڵەتی نەتەوەیی کەم دەبێتەوە، بەڵام ئەوکەسەی کە وەکو من باوەڕی بەوە نییە دەڵێ بەڵێ پرۆسەی گلۆبەلەیزشنی ئابووری هەیە. ئینغۆرمەیشن و تەکنەلۆژی هەیە، وەلێ ئەوە مانای ئەوە نییە کە سیاسەت و فەرهەنگیش گلۆبەلەیزیشن بێت هەتا ئەو جێگایەی کە دەتوانم بڵێم دەوڵەتی نەتەوەیی چوارچێوەی ماف پێوەری ستراتیژی سیاسییە.

**ڕامان:** ئێمە لەنێو بواری خوێندندا هەر لە قۆناغی ناوەندی تاوەکو زانکۆ زۆر بایەخمان بە بواری فکر و فەلسەفە نەداوە، بۆیە دەبینی عەقڵێکی زانستی پەیدا نەبووە تاوەکو لە عەقڵی ئەفسانەیی دوورکەوینەوە. بە باوەڕی تۆ چی بکەین باشە؟

**د. عەباسی وەلی:** بە گشتی لە جیهانی سێیەمدا و لەنێو کوردیشدا بەتایبەتی، دیارە لە نێو فارس و عەرەبیشدا هەیە، تەفسیرێکی پۆزەتیڤیستیان لەبەرامبەر دنیادا هەیە و پێش ڕەوتەکە لەگەڵ زانستە دەقیقەکان یەکدەگرن لەگەڵ فیزیاو کیمیاو پزیشکی و ئەم جۆرە زانستانە و ئەوەی لە دەرەوەی ئەم زانستانە بێت کە قابیلی سەرنجیش بێت بە زانستی نازانن، جا بۆیە دەبینێت هەمیشە تەنانەت کاتێک قوتابیش دەنێردرێتە دەرەوە دەبینین خێزانەکەی فشاری زۆری دەخەنە سەر بۆئەوەی پزیشکی و ئەندازە بخوێنێ. کەس ناڵێ بڕۆ سیاسەت و مێژوو بخوێنە بچۆ فەلسەفە بخوێنە، وەختێک بیرکردنەوە ئاوابێت چاوەڕێی چی بین. لە زانکۆی ئێمەدا ئەم جۆرە شتانە بە زانست نازانرێت هەرکەسێکی لەسەر شەقام قسەی لەگەڵ بکەی بۆ خۆی سیاسەتمەدارێکە تەواوی دنیات بۆ شی دەکاتەوە، فەلسەفەش دەزانێ و ئابووریش دەزانێ. هیچ کاتێک زانکۆ و کۆمەڵگای ئێمە بایەخمان بەوە نەداوە، من لەبیرمە ئەو دەمی لە ئێرانێ وەختێک تاقیکردنەوەیان دەکرد بۆ ئەوەی بچینە زانکۆ قوتابییە زیرەکەکانیان دەگرت بۆ ئەوەی بچین پزیشکی و ئەندازە بخوێنین ئەوکەسانەی کە نمرەیان نەدەهێنا ئەوان دەچوون مێژوو و ئەدەبیات و ئەم جۆرە بابەتەیان دەخوێند، دیارە ئەمە بۆچوونێکی زۆر هەڵەیە ئەگەر تەماشا بکەین لە ئینگلترا دەبینین بەرزترین شت ئەوەیە کە پێی دەڵێن (P.P.E) واتە (فەلسەفە، سیاسەت، ئابووری) ئەوە دەبێت بەرزترین نمرەت هەبێت بۆ ئەوەی بچیت فەلسەفە و سیاسەت و ئابووری یا مێژوو بخوێنی. لە کۆمەڵگای ئێمەدا فکری تیۆری ئەوەندە بایەخی پێنەدراوە، کەسانێک هەن شتی خۆرئاوایی دەخوێننەوە فکرێکیان هەیە وەلێ ئەوەی بۆچوونێکی فیکری لەم بابەتەوە هەبێت و شتی وا بنووسێت نییە، با من لێرەدا شتێکتان پێ بڵێم، چەند ساڵە لە کوردستانی عیراقدا ئازادی هەیە، نزیکەی (١٣) ساڵ دەبێ، کوردستانی عیراق تا ئێستا نزیکەی (٨٠) ساڵە هەیە من یەک کتێبم نەبینیوە لەسەر سیستەمی ئابووری کوردستانی عیراق نووسرابێ، چەندین ساڵە کورد خەباتی سیاسی دەکات، وەلێ تائێستا یەک بەیانی فەلسەفی ئەم خەباتەتان دیوە؟ نییە. من وەختێک لە زانکۆی بەریتانیا مامۆستایەتی دەکەم باسی خەباتی کورد و ناسیۆنالیزمی کورد دەکەم، قوتابی لێیە پێم دەڵێت بەیانی فەلسەفی ناسیۆنالیزمی کوردی لەکوێیە و چییە با بیخوێنمەوە. پێی دەڵێم نییە، دەڵێت چۆن نییە مەگەر ئەی ئێوە ناڵێن سەد ساڵ و هەندێک دەڵێن چوارسەد ساڵە و هەندێکیش دەڵێن (٢٠٠٠) دوو هەزار ساڵە وەکو نەتەوە بوونمان هەیە، ئەی بۆ بەیانێکی فەلسەفیتان نییە؟ بۆ مێژوویەکی یەکگرتووی نییە؟ بۆیە ئێمە لەم بارەیەوە کارمان زۆر زۆر کردووەو زۆرمان قسە کردووەو بانگەشەمان کردووە، بەڵام ئیشمان نەکردووە.

**ڕامـــان:** ئەی باشە دکتۆر ڕۆڵی ئەم کوردانەی لە دەرەوەن بەشێکیان خەریکی خوێندنن هەست ناکەیت ئەوانیش کەمتەرخەمن؟

**د. عــەباسی وەلی:** من کەمتەرخەمیەکەی ئەوانیش دەبینم، بەڵام کوردانیش ئێستا بە نەزعەیەکی تازەوە دەچنە زانکۆ هەست دەکەین ئێستا تەمەنیان لەنێوان (١٧-١٨ تا ٢٧- ٢٨)ساڵیدایە، ئەوانە بۆچوونیان تێڕوانینیان جیاوازە، چونکە لەدەرەوە دەژین، ئەوانە زۆربەیان منداڵی ئەوکەسانەن کە پاش شکستی ساڵی (١٩٧٥) چوونە دەرەوە و لەوێ گەورەبوون یا ئەوانەی پاش شۆڕشی ئێران هاتوونەتە ئەوێ لەوێش لەدایک بووینە یا گەورە بووینە، ئەوانە بۆچوونێکی تریان هەیە، ئەگەر شتێک هەبێت لە دەرەوەی وڵات و جێگای ئومێد بێت ئەوانەن ئەگەرێکی زۆر هەیە ئەم نەوەیە بۆچوونێکی لۆژیکی و ناعاتیفیان هەبێت، بەڵام ئەوەی ماوەتەوە شتێکی هێندە تایبەتیم نەبینیوە.

**ڕامـــان:** ئێمە زۆر بە شان و باڵی زانکۆکانمان هەڵدەدەین گوایە مەڵبەندی پێشکەوتن و شارستانیەت و کۆمەڵگای مەدەنی و زۆر زاراوەی تری لەم شێوەیە، یان ڕۆڵیان هەیە لە دامەزراندنی ئەم کۆمەڵگایە، بەڵام بە پێچەوانەشەوە بیروڕای تر هەیە ئەو ڕۆڵە لە زانکۆ بەدی ناکات، تۆ لەم سەردانەتدا چی پێشبینی دەکەیت یا چۆنی دەبینی؟

**د. عــەباسی وەلی:** بە باوەڕی من زانکۆکانی ئێرە هەروەک لەگەڵ خۆشیان قسەم کردووە کەم و کوڕی زۆر گەورەیان هەیە، یەک ئەوەیە کە ئاستی زانینیان زۆر کەم و لاوازە. ئەوکەسانەی شارەزاییان لە فیکرو زانستی مۆدێرن هەبێت زۆر کەمە، ئاشنایی بە زمانی زانستی زۆر کەمە، زانکۆی ئێرە ڕۆڵی لێکۆڵینەوە و ڕۆشنبیری کەمە ئەو بابەتانەی لێرە دەوترێنەوە زۆر کۆنن و مۆدیان نەماوە دەبێ بگۆڕدرێن.

بە باوەڕی من زانکۆی ئێرە لەیەک شتدا دەوڵەتێکی گەورەیە کە بایەخی پێنادەن کە ئەویش قوتابییەکانیەتی. من چوومە چەند پۆلێک لەگەڵ قوتابییەکان قسەم کرد بینیم قوتابییەکان زۆر حەزیان لە فێربوونە، بەڵام توانا نییە فێر بکرێن، ئەوە عەیبە زانکۆیەکی چەند هەزار قوتابیت هەبێت، بەڵام کتێبخانەیەکت نەبێت (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار کتێبی نەبێ. هەر زانکۆیەک ئەوەندە قوتابییەی هەبێت بە لایەنی کەم (١٢٠٠٠٠) کتێبی لە کتێخانەکەیدا هەیە.

من کاتێک ئەم قسەیەم لەگەڵ هەندێک لەبەرپرسان کرد وتیان ئێمە بودجەیەکی گەورەو دیاری نەکراومان بۆ کڕینی کتێب تەرخان کردووە، بەڵام نایکڕن.

کاتێک بەو بەرپرسەم گوت من چوومە نێو بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە (١٥-٢٠) کۆمپیوتەری زیاتری لێ نەبوو لە وەڵامدا گوتی ساڵی ڕابردوو (١٢٠٠) هەزار و دووسەد کۆمپیوتەرمان بۆ کڕیون باشە ئەم (١٢٠٠) کۆمپیوتەرە لە کوێیە؟

من پێم وایە کێشەی زانکۆکان ئەوەیە لە لایەنی فکرییەوە ئیفلیج بووین، ئەوەش نەخۆشییەک نییە چارەسەری نەبێت، چارەسەرییەکەشی ئەوەیە کە دەبێت ڕیفۆرمێکی ڕادیکاڵ هەیە لەسەرەوەڕا بێتەخوارێ.

دەسەڵاتی سیاسی لە هەردوولا باوەڕیان بەوە هەیە کە دەبێت پارە لە زانکۆ خەرج بکرێت و ئامادەن خەرجی بکەن، بەڵام دەبێت بەرنامەیەک هەبێت. بەلای منەوە پێش ئەو ڕیفۆرمە دەبێت ئەو ئیفلیجییە فیکرییە چارەسەر بکرێت.

**ڕامـــان:** جگە لە زانکۆ، ڕۆڵی ڕۆشنبیران چۆن دەبینیت، باشە ئەی ئەوانیش ئیفلیج نین کە ناتوانن ئەو واقیعە بە بارێکی تردا بگۆڕن؟

**د. عــەباسی وەلی:** ئینتلجینسیا جیاوازییەکی لەگەڵ ڕۆشنبیراندا هەیە بەوەی کە گرووپێکن سەرەڕای جیاوازی فیکری بڕوایان بەوە هەیە فیکر دەتوانێت کاریگەری سیاسی هەبێت و ببێتە بناغەی پڕۆژەیەکی سیاسی. ئەوانە فیکرەکەیان ئاماژە بە مەبەستی سیاسی دەکات، ئەوە ئینتلجینسیایە.

ئەوەندەی من دەزانم تایبەتمەندی ئینتلجینسیای کوردی ئەوە بووە کە، لە مەیدانێکدا چالاکی فیکری و ڕۆشنبیرییان هەبووە لە سنووری هێزە سیاسییەکاندا، ئەنجامی ئەوەش بەڕای من ئەوەبووە کە ڕۆشنبیر بە باوەڕی من ئامرازی عەقڵێکی ڕەخنەگر بە تەرتیبێک کە دەبێت ڕۆشنبیر هەبێت، لێرەدا نەیبووە. ئەو تایبەتمەندییەش بەشێکی زۆری تایبەتمەندی کۆمەڵگای کوردی و پێوەندی لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی بووبێت، چونکە هێزە سیاسییەکانی ئێمە هەمیشە کۆمەڵگایان لە بەرامبەر سیستەمی مەرکەزیدا پاراستووە، ڕۆشنبیرەکانمان هەمیشە بە تەرتیبێک لەگەڵ دەسەڵات بوون، بۆیە توانای سەرهەڵدانی ڕەخنەی دامەزرێنەر زۆر کەم بووە. بەشێک لە ڕۆشنبیران ستایشی دەسەڵاتیان کردووە، بەشێکیش سەریان داخستووەو دەنگیان نەکردووە، بەشێکیش بە زەحمەت شتی نووسیوە. لای من ئەوە کەمتەرخەمی لە هێزە سیاسییەکاندا نییە، بەڵکو دەڵێم تایبەتمەندی ڕەوشەکەیە و ڕۆشنبیرانیش چوونە ژێر کۆنترۆڵی ئەم باوەرە لە کوردستانی عیراق. بە بڕوای من ئێستا ڕەوشێک هاتۆتە پێش ڕۆشنبیران کە ئەرکێکی گەورە هەیە دەتوانن ڕۆڵێکی گەورەشی تێدا

بگێڕن، ئەویش ئەوەیە دەبێت دووبارە بە بیروبۆچوونی خۆیاندا بچنەوە لەگەڵ دەسەڵات و جێگای خۆیان لە کۆمەڵگای کوردیدا لە پێوەندی لەگەڵ جەماوەری کوردو دەسەڵاتی سیاسیدا لەسەرڕا هەڵبسەنگێننەوە و بزانن کە خزمەتی ئەوان بە کۆمەڵگای کوردی بەدەسەڵاتی سیاسی بەستراوەتەوە بەوەی کە بتوانن تایبەتمەندی عەقڵی کوردی ڕەخنەگری دامەزرێنەر لە بری عەقڵێکی ئامرازی گوێڕایەڵ بونیاد بنرێت، ئەوکاتە بە بڕوای من بنچینە و بناغەی ئینتیلجینسیا دێتە پێش، ئینتیلجینسیایەکی سەربەخۆ بۆ کۆمەڵگایەکی مەدەنی، دواتر دەسەڵاتێکی سیاسی دروست پێویستە. دەسەڵاتی سیاسی ئەگەر خاوەنی عەقڵێکی ڕەخنەگرانە نەبێت، ئەوە بێگومان دەسەڵاتی سیاسی خۆشی لەو مەسەلەیەدا زەرەر دەکات. دەسەڵاتی سیاسی دەتوانێت ئەم کارە تەشویق بکات بە دوو ڕێگا یەکیان ئەوەیە دەبێتە برەو پێدەر و هاندەری فەرهەنگێکی دیموکراتی، دووەم دەبێت سنووری مەیدانی ڕۆشنبیری جا نووسین بێت یا ڕۆژنامەنووسی یا کتێب و قسەکردن دەبێت لە ڕێگای یاساوە دەستنیشان بکرێت و بپارێزرێت. ئەگەر ئەوانە بە یاسا نەپارێزرێن نابێت. ئەگەر لەبیرتان بێت نموونەی دەورەی چوار ساڵ لەوەو پێش ئێران کاتێک خاتەمی هات حەوزەی ڕۆشنبیری گەشەی کرد، چەندین ڕۆژنامە و کتێبی نوێ دەرچوون، بەڵام ئەوانە لە مەیدانێک کاریان دەکرد کە بە یاسا نەپارێزرابوون، بۆیە دەبینی دەسەڵاتی سیاسی لە هەڵمەتێکدا (٥٠) پەنجا ڕۆژنامەی سیاسی لە یەک ڕۆژ داخست، مەبەستم ئەوەیە ئەو مەیدانەی چالاکی ئینتلجنیسیا دەسەڵاتی سیاسی لە ڕێگای یاساوە بپارێزێت، چونکە کاتێک بە یاسا دەپارێزرێن ئەوە یاسا فەرهەنگێکی دیموکراتی دەچەسپێنێت. بۆیە کەسێک لەسەرووی یاساوە نابێت. ئەوەی خۆشی یاسا دادەڕێژێت دەبێت ملکەچی یاسا بێت.

**ڕامان:** بەشێوەیەکی گشتی باس لەوە دەکرێت کە ئینتمای نیشتمانی و نەتەوەیی لاوازە تۆ لەم بارەیەوە چی دەڵێیت؟

**د. عەباسی وەلی:** بە باوەڕی من ئەم ڕایە دروستە، بەڵام من لێرەدا ئەم تۆمەتە ئاراستەی جەماوەری کورد ناکەم لێرەدا دوو شت هەیە دەبێت پەنجەیان بخرێتە سەر، یەکەم: دەسەڵاتی سیاسی ئەو هەلومەرجەی دروست نەکردووە پەروەردەیەکی لەم شێوەیە بلاوبێتەوە. دووەم: ئەو مەیدانەی ئینتلجنسیای نەکردۆتە مەبەستی ڕۆشنبیر دەبێت ڕەخنەگر بێت ئەو ڕەخنەگرییەش دەبێت شێوەیەکی ئامۆژگاریانەی پێوە بێت، یا دەبێت لە فەرهەنگی دیموکراتیدا بەشدار بێت و ئامۆژگاری خەڵک بکات یا ئەوەتا دەبێت بەشێوەیەک لە شێوەکان شت بنووسێت و خەڵک سوود لەم نووسینانە وەربگرێت، جا ئەوە ئەرکێکی هاوبەشی ئینتلجنسیاو دەسەڵاتی سیاسییە، ئەو کارە لە چوار چێوەیەکدا دەکرێت کە پێی دەڵێن کۆمەڵگای مەدەنی، مەبەستم لە کۆمەڵگای مەدەنی ئەوە نییە بڵێین لێرە تا ئێرە سنووری کۆمەڵگای مەدەنییە، بەڵکو لە کۆمەڵگای مەدەنی سنوور و دەسەڵاتی سیاسی دیاری کراوە، لەکوێ دەست پێدەکات و دەگاتە کوێ؟ لەوێ بەولاوە کۆمەڵگای مەدەنییە کە بە یاسا پارێزراوە. مەبەستم ئەوەیە ئامۆژگاری هەستی نەتەوەیی بکرێت، بێگومان مەبەستم ئەوە نییە لە قوتابخانەکاندا مێشکی قوتابیان بشۆنەوە، نا، مەبەستم ئەوەیە مێژووی دروستیان فێربکەن، جوگرافیای دروستیان فێر بکەن، کەم کەم چەمکی فەلسەفییان فێربکەن، زانستی مەدەنییان فێربکەن، چونکە ئەگەر زانستی مەدەنی نەبێت مەدەنییەت بەو شێوەی ناچێتە پێش.

**ڕامان:** ئێستا لە کوردستان لە بارەی گلۆبالیزم قسەو باسی زۆر هەیە، شتی زۆر نووسراوە، باش، خراپ. تۆ وەکو پسپۆڕێک لەو مەیدانە ڕات چییە بەرانبەر ئەو ڕایەی دەڵێت تا سەرمایەداری بمێنێت گلۆبالیزم بەردەوام دەبێت؟

**د. عەباسی وەلی:** دروستە، سەرمایەداری لە بنەڕەتدا سیستەمێکی جیهانییە و گریمانەکانیشی هەروان. کاتێک لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا مارکس لە بارەی سەرمایەداری دەینووسی، یەکێک لە گریمانەکانی ئەوەبوو پاشکۆی بازاڕی سەرمایەدارییە، ئەوە گریمانەیەکی تیۆری بوو لە ساڵی (١٨٦٠)دا دەبوایە بیکات، بەڵام دەیزانی کە سەرمایەداری سیستەمێکی جیهانییە و مەرزەکەی ناشکێنێ، بەڵام دەتوانێ بەسەریدا باز بدات و بڕوات، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە زۆر جاران دیومانە پرۆسەی بە جیهانی بوونی ئابووری لەلایەکی دیکەوە پرۆژەی دەوڵەتی نەتەوەیی بەتەقەنیەت کردووە، بورژوازی دنیای لە تێڕوانینی ئابوورییەوە خسووەتە نەزەری سیاسییەوە کە دیدی زۆر نەتەوەیی هەبووە، دەتوانین ئەوەی لە یەکێتی ئەورووپای ئەوڕۆدا ببینین هەندێک لە ئینگلیزو سویدییەکان کێشەیان لەگەڵ بە جیهانی بوونی سیستەمی سیاسیدا هەیە، ئەو کێشانە لەگەڵ سیستەمە ئابوورییەکە نییە. ئەوان دەڵێن ئێمە نامانەوێت (کولیەتی) سیاسی دەوڵەتی خۆمان لە دەست بدەین، نامانەوێت بارەکەمان بگۆڕدرێت. بە باوەڕی من ئەوانە لەکۆتاییدا ناچار دەبن بچنە ژووری، بەڵام بەو مانایەش نییە کە ئێستاش یەکێتی ئەورووپا سیاسەتێکی گشتی هەبێت یا سیاسەتێکی بەرگری گشتی هەبێت، ئەوەتا تا

ماوەیەکی زۆر لەنێو چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەییدا دەمێننەوە.

**ڕامان:** جەنابتان بەشێوەیەکی زۆر فراوانی فکری و ئەپستمۆلۆژی دەدوێن. دۆستایەتیت لەگەڵ هەندێک لە بیرمەندانی گەورەی خۆرئاوادا هەیە ئەی لەگەڵ کورداندا؟

**د. عەباسی وەلی:** بەڵێ لەگەڵ کوردانیشدا هەمە.

**ڕامان:** لە ئەوروپا وەکو کێ؟

**د. عەباسی وەلی:** من لە ئەوروپا لە ئینگلترا لەگەڵ گرووپێک بووم کە پێیان دەوتن گروپی (پراکسیسی تیۆری) لەگەڵیاندا کارم کردووە، وەکو (پۆل ڕیست، باری هیندس، ئەنتۆنی کانتلێر).

**ڕامان:** لەگەڵ دریدا و چۆمسکی؟

**د. عەباسی وەلی:** نا، لەگەڵ ئەوانە نا، من چوومەتە هەندێک لە وانە بێژییەکانی دریدا، بەڵام هیچ کاتێک بەو شێوەیە ئاشنای نەبووم. من لەگەڵ گرووپێکی تر لە ئینگلترا کارم کردووە کە پێیان دەڵێن چەپی تازە و تا ئێستاش پێوەندیم لەگەڵیاندا ماوە.

**ڕامان:** شیعر دەخوێنیتەوە؟

**د. عەباسی وەلی:** شیعر دەخوێنمەوە و زۆرم پێخۆشە، بەتایبەتی شیعری کلاسیکی فارسی و لاتینی، ئەمریکای لاتین. پێشتر ڕۆمانم زۆر دەخوێندەوە، بەڵام ئێستا کاتم نەماوە.

**ڕامان:** ئەی تەماشای فیلم دەکەیت؟

**د. عەباسی وەلی:** زۆر تەماشای فیلم دەکەم.

**ڕامان:** هیچ شیعرێکی لای موکریانت لاماوە؟

**د. عەباسی وەلی:** ناوەڵڵا بیرم نەماوە.

**ڕامان:** ئەی دوو دێڕە شیعری فۆلکلۆری موکریان؟

**د. عەباسی وەلی:** نا، من زۆر بیری لێناکەمەوە.

**ڕامان:** ئەی باشترین و جوانترین سەمات دیبێت؟

**د. عەباسی وەلی:** سەمای تانگۆ لای من جوانترین سەمایە لەلایەنی ئێستاتیکییەوە.

**ڕامان:** ئەی شیرینترین گریان کە بینیبێت؟

**د. عەباسی وەلی:** وەڵڵاهی ئەوە زۆر تایبەتییە!

**ڕامان:** گریاوی؟

**د. عەباسی وەلی:** بەڵێ، بەڵێ.

**ڕامان:** ئەی باشترین فیلم لای تۆ؟

**د. عەباسی وەلی:** فیلمی زۆرم بینیوە، ئەوە دەمێنێتەوە سەر ئەوکاتەی فیلمەکە دەبینیت، بە ڕاستی زەحمەتە یەکێک دیاری بکەیت.

**ڕامان:** ئەی خۆشترین شانۆگەری، چونکە لە لەندەن شانۆی زۆر هەیە؟

**د. عەباسی وەلی:** وەڵڵاهی ماوەیەکە نەچوومەتە شانۆ، دوا شانۆ کە بینیبێتم شانۆیەکی شکسپیر بوو بەشێوەیەکی مۆدێرن نمایش کرا.

**ڕامان:** کامە شانۆگەری بوو؟

**د. عەباسی وەلی:** ماکبێس بوو.

**ڕامان:** ئەمانە بەیەک دێڕ وەسف بکەن:

**ئەفلاتون:** بە باوەڕی من یەکێک لە گەورەترین بیرمەندی جیهان بووە و تەواو بڕوام بەو قسەیەی نیچە هەیە کە دەڵێت: فەلسەفەی خۆرئاوا لە دوای ئەفلاتون تەنیا دیالۆگێک بووە لەگەڵ ئەفلاتون.

**کانت:** خاڵی وەرچەرخانە لە مۆدێرنیتە.

**دیکارت:** هزرڤانێکی زۆر گرنگە و ئەو بنچینەیەی بە سۆبژێکتی داوە تا ئێستاش ماوە.

**هیگڵ:** زۆر گرنگ بوو، بەتایبەتی چون هێڵێک دەکێشێت لە کانت بۆ مارکس. هیگڵ لەو لایەنەوە گرنگ بوو کە لە هەموو کەس زۆرتر هەوڵی بە عەقڵانیکردنی مەزهەبی داوە.

**سارتەر:** بە باوەڕی من لەو بابەتە گرنگتربووە کە لە فەلسەفەی وجودی بوو، چونکە فیکری وجودی خۆی کردبووە بنەمایەک بۆ هەندێک باوەڕ کە هەر مارکسیستی مابوون.

**ئەنگلس:** بە باوەڕی من دوو کەموکوڕی لە مارکسیزمدا هەبووە، یەکیان مەنفی بووە کە هەندێک لە بیروباوەڕەکانی مارکسیزمی لە ڕۆحی سیاسی بەتاڵکردۆتەوە.

**د. سادق جەلال عەزم:** بە باوەڕی من مەحسوبی فەرهەنگێکی مارکسیستی تایبەتییە کە حزبی کۆمۆنیستی لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی و لە سایەیەوە گەورە بووە و ئێستاش هەر لەو چوارچێوەیەدا ماوەتەوە.

**سپینۆزا:** لەگەڵ کانت یەکێکە لە گەورەترین فەلسەفەکاران و کاریگەرییەکەی لەسەر مارکس لە کاریگەریی هیگڵ کەمتر نەبووە.

**گۆڵدمان:** گرنگییەکەی لەوەدا بوو فەلسەفەی دیالیکتیکی مارکسی هێناوەتە ناو ڕەخنەی ئەدەبی.

**د. عەباسی وەلی:** نازانم چۆن باسی خۆم بکەم، مامۆستایەکم لە زانکۆ وانە دەڵێمەوە بیردەکەمەوە و جار جارەش دەنووسم.

**ڕامان:** بەگشتی چۆن تەماشای ئەو چاوپێکەوتنە دەکەیت؟ ئایا توانیوتە قسەی خۆت بکەیت؟

**د. عەباسی وەلی:** بەردەوام پێم وایە ئەوەی دروستە دەیڵێم.

**ڕامان:** تا چ ڕادەیەک توانیت قسەی دڵی خۆتمان بۆ بکەیت؟

**د. عەباسی وەلی:** ئەوەی گوتم هەموو ئەو شتانەیە کە باوەڕم پێی هەیە.



# ئۆکتاڤیۆپاز: شاعیر لەنێو شاردایە

لە فەرەنسییەوە: نەجات حەمید ئەحمەد

لە (٧٤) ساڵیدا، پاز یەکێکە لە کەسایەتییە هەرە گەورەکانی ئەمریکای لاتینی، پێش هەموو شتێک لەبەر گرنگی شیعرەکانی و جۆراوجۆربوونی بەرهەمێکی کە لە هەقایەت نووسینەوە بەرەو لێکۆڵینەوە دەچێت، دواییش لەبەر دەوری هۆشیاری ڕەخنەیی کە لە چوارچێوەی گۆڤاری (ڤۆڵتادا) دەیگێڕێ، ساڵانێکی دوور و درێژە جێگەیەکی دیاری هەیە لە پانتایی ئەدەبی ئەمریکای لاتینیدا. ئەو بەجودا جارێک شاعیر و جارێک لێکۆڵەرەوەیە و لە ڕێکەوتیشدا گفتوگۆکارە. بەشێوەیەکی پراکتیکیش ڕۆمان تاقە جۆرێکە کە نووسینەکانی خۆیان لێی نەداوە. بەرهەمی پاز دەوڵەمەند و جۆراوجۆر و جودان. کە ناتوانین لە سەرجەمیاندا بیرێکی گشتگیر پێکەوە بنێین. لەگەڵ ئەودا نووسین هەموو بەربەستە سەپێندراوەکانی جۆر و تەوژمە ئەدەبییەکان هەرەس دێنن کە لە هەمان کاتدا بۆی هەیە ببێتە لیریکی و ئیحائی و بە شێوەیەکی ڕاستەقینەش واقیعی بێ، بەڵام هەموو کاتێک نووسین لای ئەو یاخی و نەگونجاوە لە شێوەدا، لەگەڵ ئەمەشدا یاخی بوونەکەی یاخی بوونێکە بەشێوەیەکی یەک لاکەرەوە گەییوە و گرووپ کاری ڕەت دەکاتەوە.

لە (٧٤) ساڵیدا ئۆکتاڤیۆپازی گۆشەگیر، ژمارەیەکی زیاد لە لایەنگیران بە دەوری گۆڤاری ڤۆڵتادا کۆ دەکاتەوە کە بە درێژایی زەمەن بووە پەیمانگەیەکی ڕاستەقینە لە لایەنی هەموو باڵە ئەدەبییەکانی زمانی ئیسپانییەوە، بەڵام مەبەستی ئەو تەنیا مەبەستێکی شیعرییە، با گوێ لە ئۆکتاڤیۆپاز بگرین باسی بەرهەمەکەی خۆی بکات کە بەناوی (Nocturnede Sanidefenso) کە هەموو ڕستەیەک و هەموو وشەیەک شیتەڵ دەکاتەوە، هەر وەک کۆمەڵێک پیتی سەرسوڕهێنەر تاکو ئەو بیرەمان بۆ دەرخات بەشێوەیەکی نیمچە عەفەوی کە ئەو دەشێ بەو چاوەوە سەیری بکەین هەروەک ئەوەی گەورەترین شاعیری زیندووی ئەمریکای لاتینی بێت.

*** تۆ لە هەمان کاتدا شاعیر و لێکۆڵەرەوەی، بە واتایەکی تریش ڕۆژنامەنووسی لە مەکسیک گۆڤاری ڤوڵتا دەبەیتەڕێوە، کە وابێ ئەو ڕەوتەی بەرهەمەکانت دەبێ چیی بێت کە تۆ لە ڕیزی یەکەمی دادەنێیت؟**

– من خۆمیش نازانم زۆر گرانە بەلامەوە موڵکداری لە نووسینەکانمدا باس بکەم، من میراتگری شاعیرانێکم کە لە یەک ئاستدا زانا بوونە لەوەی تێرامانێکی قووڵ بخەنە هونەری شێوەکاری یا مۆسیقاوە، بۆ نموونە بۆدلێر و ڤالێری و بریتۆن، بەلایەنی منەوە، من پێش هەموو شتێک دەمویست ببم بە شاعیر.

ئەمەش بە تەنیا هەر شیعر بنووسیت. لە لایەکی ترەوە، ڕۆژنامەگەری و ڕەخنە دوو جۆری تەواو لێک نزیکن من زیاتر خۆم بە ڕۆژنامەنووس دادەنێم لەوەی خۆم بە ڕەخنەگر دانێم، پەخشانەکانم زیاتر هەوڵێکی ڕۆژنامەگەریی لەسەرەخۆن.

*** تۆ داکۆکی لە جۆرایەتی و دژ بە یەکبوون دەکەیت، لەگەڵ هەموو شتێکیشدا، حەزدەکەم بزانم یەکێتی و گرێی ناوەکی لە کوێی بەرهەمەکانتدایە؟**

– لە ڕاستیدا مافی بەدبوون یەکێکە لەو مافانەی لە لایەنی یاسازاناکانەوە لەبیرکراوە، ئەو کاتەی مافەکانی مرۆڤیان بلاوکردەوە. بۆدلێر لە دوو توێی مافە سەرەکییەکاندا مافی سەفەرکردنی زیادکرد، ئەو کاتەی باسی خۆکوژی نێرڤال و مافی بە پێچەوانە وتنی دەکرد. بەڕای من وشەی یەکێتی وشەیەکی ترسناکە، من جۆراوجۆرم و گەڕان بەدوای یەکێتیدا سەرابە.

*** ئەوەی پێوەندی بە مەفهوومی تۆوە هەبێ دەربارەی شیعر. لە کۆمەڵەیەکی شیعریدا کە لە ساڵی (١٩٨١)دا دەزگای. سێزبارێل چاپکراوە، تۆ لە چوارچێوەی شیعردا، چەندەها دەقی زۆر جودا لە (هەڵۆ یا خۆر) کۆ دەکەیتەوە، بەشێوەی شیعر یا پەخشان و زۆریشی پۆلێن نەکراون هەروەک یەکەم ئاماژەی ڕێزمانی لەم حاڵەتەشدا مەفهوومی شیعر بە لایەنی تۆوە چییە؟**

– ئەو دەقانەی تۆ ئاماژەت بۆیان کرد، ئەو خاکانە کە لە سنووری شیعردان، لە (هەڵۆ یا خۆر)دا هەندێک لە دەقەکان شیعری پەخشانن، بە مانای کلاسیکی وشەکە، بەڵام ئەوانی تر هەقایەتن، هەقایەت جۆرێکە کە شاعیرە تازەگەرەکان بەکامەرانییەوە بەکاریان هێناوە، بۆ نموونە شاعیرانی وەک ماکس جاکوب و بنجامین پیرێت، شیعری پەخشان ڕێگەی ئەوەت لە بەردەم دەکاتەوە کە خۆت لەو مەیدانانە بدەی کە ئەستەمە بە شیعر بوترێت، ئەم شیعرە پەخشانییە بارێکی گرژیی زیادە بە زمان دەبەخشێت، ئەوەی لە (هەڵۆ یا خۆر)دا سەرنجڕادەکێشێت گەڕانێکە بەدووی بنەما دەروونی و ئەفسانەییەکانی مەکسیک لەبەر ئەوە شیعری پەخشان زۆر سوودی پێم گەیاندووە، یەکەم ئاماژەی ڕێزمانی لە هەمان کاتدا پەخشانە شیعر و وردبوونەوەیەکی شیعرییە باسی حاڵێک دەکات کە ڕاڕاییە و لە ڕووناکی و لە شەو هەڵدێت. خاکێکە دەچێتە دووتوێی دەمەوبەیانەوە لە سەحەردا لەو ساتەی کە من لە هەموو کاتێک زیاتر، مامەڵە لەگەڵ شیعردا دەکەم، ئەو ڕیتمەیە کە لەگەڵ وێنەدا دێتە ئاراوە، وێنە لەگەڵ وشەدا. ڕیتم وشەیە، وشە وێنەیە. ئەمەش ڕێچکەی پێداچوونەوەی شیعرییە. بە لایەنی (ئیلهامیشە)وە، ئیلهام ئەوە نییە کە شتمان پێ دەنووسێتەوە قسە نییە، قسەی سەیر و وتەی خودا و وتەی جیهان یان وتەی بێ ئاگایی بوون، نەخێر ئیلهام نایەتە قسە، ئەو بێ دەنگە، هەمیشە بێ دەنگە، هەر بێ دەنگیشە کە لەودیوی ئێمەوەیە و ئیشارەتمان بۆ دەکات.

*** لە باسی فلۆبێرا، تۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکەی کە (من سۆر جوانام) بە چ پێوانەیەک تۆ لەگەڵ سۆرجواناادا خۆت لێک دەچووێنیت؟**

– کە من ئەم شتەم وت تۆزێک بەخۆم پێدەکەنیم و لەوانەش تۆزێک بە فلۆبێر پێکەنیبێتم، بەڵام دوای هەموو شتێک و لە ڕاستیشدا هەندێک لێکچوون لە ئارادایە، پێش هەموو شتێک پێوەندییەکی ئاڵۆز لەنێوان سۆرجوانا و زمان و دابونەریتی ئیسپانیدا هەیە، لەبەر ئەوەی مەکسیکین... دواییش مەسەلەکە پێوەندی بە ئافرەتێکەوە هەیە کە تەواو هەستیارە، بەڵام هەروەها بیریش دەکاتەوە، بەم مانایەش لە هەموو کەسە هاوچەرخەکانی خۆی سەرکێشتر بوو. ئەوەی گرنگی سۆرجوانا دەستنیشان دەکات پێش هەموو شتێک خاسیەتی بیرییەتی، لەدواییشدا ئەو بووە قوربانی دەسەڵاتدارانی سەردەمی خۆی. بەشێوەیەکی جەوهەریش ئەو قوربانی ئەکلیرۆس بوو منیش هەروەها، هەرچەندە قەت نەبوومەتە قوربانی، لە چەند ڕێکەوتێکدا بەرەو ڕووی ئەکلیرۆس بوومەتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی تایبەتی بەرەو ڕووی دەسەڵاتداران بوومەتەوە.

*** شتێکی سەیرە کە جەخت لەسەر ئەوە بکەی کە لە ناخی ئەو شتەی ناوی (بە مەکسیکی بوون)ی لێ دەنێی، هەندێک جار ئافرەتەکانمان بەرچاو دەکەون کە لە هەندێک لایەنەوە زۆر جودان لە یەکتری: مالینش پێرج گوادالوپی، سۆرجوانا تۆ چۆن ئەمە ڕوون دەکەیتەوە لە وڵاتێکدا بەشێوەیەکی گەلێک بناغەیی (ماشیستە)؟**

– من دەربارەی ئەم بابەتە ڕوونکردنەوەی تایبەتم پێ نییە، بەڵام ئەمە لە هەمان کاتدا دەشێ وەک نموونەیەک و وەک وانەیەک بۆ (ماشۆ)کانی وڵاتەکەم بەسوود بێت، لە هەموو حاڵەتێکدا ڕاستە گەورەترین نووسەری مەکسیکی بەشێوەیەکی کاریگەر ئافرەتێکە کە ئەویش سۆرجوانا دولاکروزە.

*** بەڵام سۆرجوانا ڕەفزی ئەوە دەکات تۆژینەوەکانی لە بارەی زانینەوە تاکو کۆتایی بەرێت، ناچار کراوە بەهۆی هەندێک تەگەرەوە خۆی لە توێژینەوەکانی بکێشێتەوە؟**

– سۆرجوانا لە لایەنی ئەکلیرۆسەوە ناچار کراوە بە یەکجاری واز لە وشە قەدەغەکراوەکان بێنێ، بەرامبەر بە وشە بێکەڵکەکان لە سەرووی ئەمەشەوە ئەم مەسەلەیە تەنیا یەک مەسەلە نییە، حاڵەتەکان لە سەردەمی دژ بە چاککردنەوەی وڵات زۆر ببوون، بەڵام بە لایەنی ئەوەوە شتەکە ڕوون و ئاشکرایە و لە هەندێک واتادا پێشبینی کردنی شێوەی مەسەلەکانی چەرخی بیستەمە بەرامبەر ڕۆشنبیر و شاعیرە دابڕاوەکانی چەرخی بیستەم. هەروەها ئەمەش بێگومان تیشکدانەوەی دەستەڵاتی پیاوانە بەرامبەر بە ئافرەتان، بەڵام هەروەها نارەسەنایەتییەکی تایبەتە.. لە ڕاستیدا پیاوان زۆر زیاتر لە ئافرەتان تەبا و گونجاون لەگەڵ کەنیسەی کاسۆلیکدا. تەنانەت بوونی ئەم ئافرەتە لە خودی خۆیدا پێداچوونەوەی نیزامێکی چەسپاو و جێگیر کراوە، ئەمانەش هەندێک شتن کە تۆژەرەوە کاسۆلیکەکان قەت نەیان ویستووە لە سۆر جوانایدا ببینن، منیش لەودا بەشێوەیەکی گرنگ تێیان دەڕوانم.

*** خۆ لێکچوواندنت بەسۆرجوانا ڕەتکردنەوەی بۆ نییە. واش پێدەچێت تۆ خۆت لە کەسایەتی (مارسیلدۆ شامپ)یشدا ببینیت بە هەمان شێوەی سۆرجوانا، ئاخۆ نەدەشیا بڵێی (من مارسیل دوشامپ)م؟**

– نەخێر بەهیچ شێوەیەک، من بەهیچ جۆرێک خۆم لەگەڵ مارسیل دوشامپدا لێک ناچوێنم.

*** بەڵام تۆ سەرنج و جۆشێکی گەورەت بەرامبەری هەیە؟**

– لە ڕاستیدا من ڕام وایە دوشامپ لە وێنەکێشێک زیاترە، وێنەکێشان لای ئەو ڕەنگدانەوەی بیرە، بەلایەنی منەوە وێنەکێشێکی نموونەییە و لە کارەکانیدا هەموو ئەو مەسەلە گەورانە دادەماڵێت کە تەقلیدی ڕۆژئاوا هێناویانە ئاراوە و هەموو کاتێکیش زۆر سەردەمانەیە لە گیروگرفتەکانی مەعریفەدا کە ئەویش بەلایەنی ئەوەوە بوونی ڕاستییە یا خۆشەویستییە، هەموو ئەمانەش بەشێوەیەکی سەربەستانە و گاڵتەئامێز دەخاتە ڕوو.. هەموو لە شێوەی نوکتەدایە.. بەڵام نوکتەی زۆر جدییانە کە بابەتی لێکۆڵینەوەی فیزیا و زانستی نوێیە بەشێوەیەکی گشتی. لە هەمان کاتیشدا لە بەرهەمەکانیدا پرسیاریان تیایە دەربارەی خۆشەویستی لێرەشدا هەر بەشێوەیەکی گاڵتەئامێز دەربڕین لەم مەسەلانە دەکات، هەروەک ئەوەی بەرامبەر ئاوێنەیەک بوەستێت شێوەت بگۆڕێت، بە لایەنی (مارسیل دوشامپ)ەوە... بەتایبەتی لە (ئافرەتێکی ڕووتەوە کراو لە لایەن لاوێکەوە) هەوڵێکی تاک و تەرا دەبینین کە دەیەوێت وێنەکێشان بکاتە تاقە بیرێکی زیندووی سەدەی بیستەم، لە هەمان کاتیشدا لە دووتوێی بەرهەمەکانیدا هەوڵی داوە، دەست ڕەنگینی بنوێنێ لە وێنەکێشاندا.

*** پێوەندییەکانی تۆ بە سورياليیەوە چین بە تایبەتی بە ئاندرێ بریتۆن و بنجامین بیرێتەوە؟**

– کاتێک چوومە فەرەنسا... یەکسەر هەستم بەوە کرد کە ئاڵای شیعر، جەنگ لەپێناوی شیعردا و بەرەو شۆڕشێکی ڕاستەقینەی شیعری لەگەڵ کەسایەتی ئاندرێ بریتۆن و سوریالییەکاندا لێک چوێنرابوو، من یەکسەر لەگەڵیاندا بەجۆش کەوتم، ماوەیەک پاش ئەمە لویس بونێل پرسیاری ئەوەی لێم کرد کە بۆچی بەرامبەر بە سوریالییەکان بەم شێوەیەم، منیش لە وەڵامدا وتم: (لەبەر گەلێک هۆی ئیستاتیکی، بەڵام بە تایبەت لەبەر هەندێک هۆ کە خاسیەتی ڕەوشتیان هەیە. لەلای سوریالییەکاندا جۆرە جەخت لەسەرکردنێکی ڕەوشتی هەیە کە هەوڵم داوە بەرەو خۆمیان ڕاکێشم کە جیهانی نوێ پێویستی پێیانە، من هەستم دەکرد کە میراتگری بیر تێکدەرانە و لە هەمان کاتدا دەوڵەمەندی ئەوانم، کە ئەویش لەوەدا بوو گۆڕان بخەنە مرۆڤەوە و شێوەی پێوەندییەکانی نێوان مرۆڤ بگۆڕن بەرامبەر بە دەسەڵات و سروشت) بونێل وەڵامی دامەوە کە ئەویش هەروەها لەبەرهەمان ئەم هۆیانە لە سوریالی نزیک بۆتەوە، بە جۆرێکی ئاسایش پێوەندیم بە دەستەی سوریالییەکانەوە هەبوو، نەک تەنیا لەبەر هۆی سیاسی و ڕەوشتی، بەڵکو من ڕام وابوو کە شیعر لە ناخی جموجۆڵەکانی ئەواندایە. لەم حاڵەتەشدا شیعر ناوەندێک بوو ناوکی نهێنی ژیانی ڕاستەقینە بوو، نەک بەوەی لەو دیوی شتەکانەوە بێت، بەڵکو شیعر لێرەدایە، ئەوسا ئەم جەختکردنە لەسەر ئێستاکێ، کە لە تاقیکردنەوەی خۆشەویستیدا دەیبینین، لە تاقیکردنەوەی مەسەلەی خۆشەویستیدا، لە

تاقیکردنەوەی شیعری و لە یاخیبووندا، بە لایەنی منەوە وانەی بناغەیی سوریالی بوو.

*** بەڵام تۆ لە هەندێک کاتدا هەڵوێستێکی ڕەخنەییت هەبوو بەرامبەر بە تیۆریی سوریالییەکان؟**

– بە لایەنی منەوە سوریالیزم ساتێک لە مێژووی بیرێکی گەردوونی، کە نە یەکەم و نە دوا شیعر بوو، جیاوازییەکانی من لەگەڵ ئەم بزووتنەوەیەدا بە تەواوی قووڵ بوون. من دەچمەوە دووتوێی دابونەریتی نەوەیەکی زۆر لاوترەوە.

من ئەزموونێکی شیعری نوێم پێیە بە زمانێکی تر، دوای ئەمانەش ڕوانینی سوریالی بەلای منەوە زۆر ئۆرتۆدۆکسییە. سوریالییەکان باوەڕیان وابوو کە شیعر کۆتایی شتەکان بێت و گرنگترین شتیش لەمەدا ئەوەبوو کە ژیان بەهۆی خەیاڵی شیعرییەوە بگۆڕدرێت، بەڵام لەم حاڵەتەدا، چی لەنێو بکەین، بەتایبەتی لەگەڵ شیعری درێژدا، کە دەسکەوتێکی جەوهەریی ئەم چەرخەی ئێستامانە؟ لێرەدا، بێگومان دژ بەیەک بوون دەبینین، چونکە لەم چەرخەدا ئێمە مەحکومین بەوەی شیعر بنووسین بیخوێنینەوە، جیهانیش لە دووتوێی ئەم شیعرەدا ببینین، لە ئەنجامدا ئەنجامیش ئەوەبوو کە سوریالی لە شۆڕشێک کەمتر بوو لە هەمان کاتیشدا لە شۆڕشێک زیاتر بوو. لە ڕاستیدا جیهانی نەگۆڕی، بەڵام شیعری گۆڕی.

*** ئەمڕۆکە تۆ چۆن بە دووی ڕێچکەی سیاسی و ڕەوشتیدا دەچیتەوە، ئەو ڕێچکەیەی وای لێت کرد لە سوریالی بیبیتەوە؟**

– ئەوکاتەی من ئاندرێ بریتۆن و بنجامین پێرێتم ناسی، بیۆگرافیای کەسایەتیم شکستییەکی گەورەی تێکەوتبوو نوشووستی لە هیوا شۆڕشگێڕییەکان شکستی نوشووستی یەکێتی سۆڤیەت و باوەڕەکانی، ئەوساش سەرنجی ئەوەم دا کە ئەوان لەگەڵ مندا بێگومان گەیبووتر لە من هەمان بێ ئومێدییان چەشتبوو، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا باوەڕیان بە یاخیبوونێکی سەرتاپاگیر لە دەست نەدا، ئەمە بەلامەوە شتێکی نموونەیی بوو لە دوادوای ئەم سەدەیەدا، خەممان جودایە، بێگومان پێویستە داکۆکی لە دیموکراتییەت بکەین، بەڵام تەنیا داکۆکی لە دیموکراتییەت بەس نییە، پێویستە دیموکراتییەتی ڕۆژئاوایی بکرێت بەشتێکی زیندووتر، کاریگەرتر داهێنەرتر.

*** ئەلفۆنسۆرەیس، یەکێک بوو لەو نووسەرانەی کە کاریگەرییەکی دیاریکراویان لە سەرت هەبوو؟**

– ئەلفۆنسۆرەیس یەکێک بوو لە مامۆستاکانی زمانی ئیسپانی، بۆرخێس ڕای وابوو کە ئەو یەکێکە لە مامۆستا پەخشان نووسە هەرە باشەکانی زمانەکەمان لەوانەیە ئەمە زێدەڕەوییەکی تێدا بێت، لەبەر ئەوەی باشترینی مامۆستاکان بۆرخێس خۆی بوو.

*** بە لایەنی تۆوە گرنگیی جوان ڕۆڵفۆ لەچیدایە؟**

– بەڕای من یەکێکە لە ڕۆماننووسە هەرە گەورەکانی ئەمریکای لاتینی، بەتایبەتیش وانەیەکی بچووکی بەزۆربەی نووسەرانی ئەمریکای لاتینی داوەتەوە. کە ئێستاکە بەرەو ئەوە دەچن ڕۆمانی زۆر درێژ بنووسن.

*** ئەو فاکتەرانە چین کە جەوهەری بە (مەکسیکی بوون) دیاری دەکەن؟**

– (بە مەکسیکی بوون) بوونی نییە، بە هەمان شێوەش (بە ئیسپانی بوون) ئەمانە زیاتر وشەن لەوەی جەوهەری بن، بەڵکو مێژوویەک و ڕاستییەکی مێژوویی هەیە کە دەگۆڕێ و دەبێ گۆڕان بێتە کایەوە، لەم بەینەشدا چەند بەردەوامی و چەن سیما و چەند خاسیەتێکی دووبارەوە هەن و بە هەمان شێوەش بە لایەنی (بە ئیسپانی بوون)ەوە، بەڵام بە لایەنی (بە مەکسیکی بوون)ەوە لە هەموو حاڵەتێکدا جەوهەری نین.. کەواتە دەبێ حاڵەتێکی بیر بێ؟

من زیاتر لەگەڵ ئەوەدام کە ئەم سیمایانە دابونەریتێک بن، ڕێگەیەک بێت کە جیهانی پێ ببینی، هەروەها زمانیشە... بیرۆگرافیایەکە.. مێژوویەکە... شتێکە کە تێپەڕ دەبێت، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونیدا بزر دەبێ... مێژوو دیمەنی سروشتی گەردوونی مرۆیە.

*** تۆ نیوە ئیسپانییەک و نیوە هیندییەکی، نموونەیەکی لە تێکەڵبوونی ڕەگەز و لە هەمان کاتدا جۆرە پردێکی لە سەرەوەی ڕۆشنبیرییە جوداکان، گرنگی مێژوویی تێکەڵبوونی ڕەگەزایەتی چییە؟**

– مێژوو و دابونەریت ئاماژەن بۆ تێکەڵبوونی شارستانێتییەکان، ئەمە گریمانێکە کە دەتوانرێ لە هەموو لایەکدا لە ڕاستی بکۆڵدرێتەوە، تراژیدیا مەزنەکانی میللەتە نیمچە کۆلۆمپییەکان، لە کاتی هاتنی ئیسپانییەکاندا هیچ بۆچوونێکیان لە بارەی ئەوانی ترەوە نەبوو نە (ئەزتێک) و نە (پێست سوورەکان)ی ئەمریکای باکوور بوونی کەسایەتی تریان نەزانیوە. بە پێچەوانەش تاقیکردنەوەی ئەوروپییەکان لەم بازنەیەدا، بەشێوەیەکی دیاریکراو تێکەڵکردنی شارستانێتییەکانە، ئێمە ناتوانین لە شارستانێتی (چین) بگەین بەبێ پاڵپشتی هیندییەکان، هەروەک چۆن ناتوانین لە

پاڵپشتی هیندییەکان بگەین بەبێ کاریگەری یۆنانییەکان. ئەمەش هەروەک شێوەی ئەوروپییەکانە، لە توانادا نییە بۆچوونێک لە بارەی شارستانێتی یۆنانییەوە پێکەوە بنێین، بەبێ کاریگەری میللەتەکانی تری دەریای ناوەڕاست، ئەم ئاوڕدانەوەیە لەنێوان کەلتوورەکان، واقیعێکە نەک تەنیا لە مێژوودا، بەڵکو لە دەوڵەمەندیشدا، فەرەنسییەکانیش، هەروەها ڕەگەزی تێکەڵاون پێیان نازانین.

*** لەمەوە دەگەڕێینەوە سەر شیعر، هەستیاری و تایبەتگەرێتی لە بەرهەمی تۆدا چییە؟**

– پێش هەموو شتێک شیعر شێوەیەکی پەیوەستدارە بە هەستەوە، لە دەنگ و شێوە و هەست و سۆزەوە لە دایک دەبێت، لێرەشدا سۆز لەلای مرۆڤدا دەسەڵاتی سەرەکییە، هەروەها سێکس و هەڵچوونی سێکسیش بابەتی زۆربەی شیعرەکانی یەکگرتنی دژ بە یەکییەکانە کە لە وێنەی شیعریدا دەبینین، لە ژیاندا و لە هەموو ڕۆژێکدا و لە خۆشەویستیشدا.

*** بۆچوونی تۆ دەربارەی خۆشەویستی چییە کاتێک پەیوەست دەبێت بە سوریالییەتەوە هەروەها بە پەیوەست بوونی بە هەڵچوونی سێکسی و بەسێکسەوە؟**

– سوریالییەکان داخوازی بیرێکی دیاریکراویان دەکرد دەربارەی خۆشەویستی، بەڵام بە هەمان شێوە بە لایەنی شیعریشەوە بیری خۆشەویستی لە لای ئەواندا بەجارێک بەسەرچوو مردووە. لەوانەیە خۆشەویستی هەروەک دێنیس ڕۆژمونت ڕای وابوو داهێنانێکی ڕۆژئاوایی بێت، بەلایەنی منەوە من باوەڕ بەخۆشەویستی ناکەم، من ڕام وایە کە خۆشەویستی لە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتیشدا دەرکەوتووە، بۆ نموونە ئەدەبی چینی لە شیعری هیندیشدا، کریشنا خواوەندێکی دڵدارییە. کەواتە خۆشەویستی مۆنۆپۆلێکی ڕۆژئاوایی نییە، لە لایەکی ترەوە من هەوڵم داوە جیاوازییەک بخەمە نێوان سێکس و هەڵچوونی سێکسییەوە، سێکسایەتی بەشێوەیەکی جەوهەری بایۆلۆژی، زیندووە، سێکسایەتی لە لای گیانەوەرانیشدا هەیە، لەنێو سروشت و درەختیشدا، لەنێو گژوگیا و گوڵیشدا... هتد لەوانەیە هەندێک خاسیەتی هەڵچوونی سێکس لە لای هەندێک جۆر لە گیانەوەرانیشدا هەبێت، بەڵام هەڵچوونی سێکسی پێش هەموو شتێک داهێنانێکی کۆمەڵایەتییە، سێکسایەتی گیانەوەران قەت ڕەنگاوڕەنگ نابێت هەرچەندە مرۆڤ بە خەیاڵیش بەکاری سێکسی هەڵدەستێت، ئەمەش شتێکی زۆر نییە، چونکە لە توانادا نییە شتێکی گەورە لەم میانەدا دابهێنرێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا مرۆڤ بە داهێنان هەڵدەستێت، خەیاڵ فانتازیای چێژ وا لێ دەکات هەست پێکراو بێت، هەر بەهۆی خەیاڵەوە چێژی هەڵچوونی سێکسییەوە تەنیا هەر بایەخ بە خۆشی دەدرێت خۆشیش هەموو کاتێک بە سادیزم و ماسۆشیزمەوە لێک دەچوێندرێت و ڕەگەزی ئازار چەشتن بە هەڵچوونی سێکسییەوە دەبەسترێتەوە، چاو نوقاندن لە ئاستی ئەم دیمەنە سامناک و سەیرەی هەڵچوونی خۆشەویستی شتێکە تەواو بێ مانایە.

*** ئاخۆ شوێنێکی جیاوازی تر هەیە بۆ خۆشەویستی؟**

– لە خۆشەویستیدا سیمای گۆڕین و شوێن گۆڕینی هەڵچوونی سێکسی هەیە، ئەمەش زۆر گرنگ نییە، چونکە لاشە، جەستەیی و تەندارە، لێرەدا لاشە دەبێتە بابەت، بیرێکی نوێ لە دایک دەبێت، ئەو بیرەی لەوەوە دێ کە ئێمە تەنیا کەسێکمان خۆش دەوێت لە هەمان کاتیشدا بیرێکی گیانیش دەردەکەوێت، ئەمەش بەشێوەیەکی قووڵ خۆشەویستی و هەڵچوونی سێکسی لە یەک جودا دەکاتەوە.

*** تۆ بیروبۆچوونی خۆت دەربارەی خۆشەویستی دەخەیتە نێوان د. هـ لۆرەنس و سان جۆن دولاکرواوە، ئایا دەتوانیت ئەم دژ بەیەکییە ئاشکرایە ڕوون کەیتەوە؟**

– لە لای لۆرەنسدا هەوڵێک بەدی دەکەین کە خۆشەویست پیرۆز دەکات، ئەو هەوڵی ئەوە دەدا هێزێکی پیرۆز بخاتە سێکسەوە، بەلایەنی سان جوان دولاکراوەوە بە تەواوی مەسەلەکە پێچەوانەیە.. خۆشەویستی سۆفیگەرێتییە، بەڵام سۆفیگەرێتییەک کە خۆی لە خۆشەویستی خودا دەدات لە بارێکی تەواوی شەهوەت بازییەوە. خودای سان جۆن دولاکروا خودایەکی چێژدار و خۆشی پەرست و لاشە پەرستە، لێرەشدا هەموو دژ بەیەکییەکی مەزنی سەرتاپای شیعری سۆفیگەرێتییە کە بەشێوەیەکی لەبەرچاویش بە جەستەکردنی خواوەندە، جیاوازی د. هـ لۆرەنس لە دەسەڵاتی پیرۆزکردنی سێکسییەوە. لەنێوانی ئەم دوو بیروبۆچوونەشدا خوێندنەوە تایبەتییەکانی من دێتە کایەوە.

*** تۆ شیعرت بەوە پێناسە کرد، هەروەک مەعریفەی سێیەم وابێت، لەم بارەی کە تۆ بۆ شیعری دیاری دەکەی، تۆ دڵنیایت لەوەی ئەلتەرناتیڤێک بەخشیتە کێشەکانی ئەم سەردەمەوە؟ ئاخۆ چاوەڕوانی زۆر لە خەڵکی بەلایەنی تۆوە پاساوی هەیە؟**

– من هەموو کاتێک بیرم لەوە دەکردەوە بەشێوەیەکی ساکار شاعیر ئەو کەسە نییە کە دەدوێت، من خۆم

دەمویست ئاماژەی پرسیارکردنێک ئاڕاستە بکەم و بەرەو پێشی بەرم، بەو پێوانەیەی کە ئێمە خۆمان لەبەردەم بەتاڵاییەکدا ببینینەوە. لەبەردەم بزربوونی سەرتاپاگیری پرۆژەیەکدا، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا دەوری من ئەوە نییە پرۆژە بخولقێنم، شاعیران قەت بەم کارە هەڵنەستاون، شاعیران هەمیشە هەوڵی ئەوەیان داوە ڕاستییەک لە قسەکردندا ڕاڤە بکەن، بەڵام لەهیچ یەکێک لە حاڵەتەکاندا شاعیران خوداوەند نین خۆشبەختانە، لەلایەکی ترەوە و بەلایەنی منەوە من ڕەفزی ئەوە دەکەم ببمە پێغەمبەر بەهەر شێوەیەک بێت.

*** بەڵام تۆ زۆر جار ئاماژەت بۆ بزربوونی هەستیارییەکی فەلسەفەی ڕەخنە کردووە لە ئەمریکای لاتینیدا، لە ڕاستیدا دەتوانین ئێستاکە بڵێین کە تۆ بەدەوری وتەبێژی سەرەکی ئەم هەستیارییە ڕەخنەییە هەڵدەستیت کە تۆ بایەخی پێ دەدەی، ئەمەش بە لایەنی دیکتاتۆرە نیمچە کیشوەرییەکانەوەیە، بێ شک بە هەمان شێوەش بە لایەنی ئەم ڕژێمانە ئەوەیە کە ئێستاکە لەسەر حوکمن لە کوبا و نیگاراگوادا، هەندێک جار تۆ هەست بە هەندێک دابڕان ناکەیت لە پڕکردنەوەی ئەم شوێنانەدا؟**

– من بە هەموو بارێک بە تەنیا نیم، ڕاستە ئێمە هەندێک دوورەپەرێزین لە مەکسیکدا بین یاخود لە سەرتاپای ئەمریکای لاتیندا بین، لەوەی کە هەڵوێستێکی زۆر بێگەرد و زۆر یەک لاکەرەوە و زۆر ڕەخنەیی هەڵدەگرینەوە. ئەوەش هەروەها ڕاستە زۆربەی ڕۆشنبیرانی ساکاریان هەڵبژاردووە، کاتێک هەڵدەستن بە تەقدیس کردنی هاتنی مارکسیزمێکی بازاڕی و هاتنی دیکتاتۆرە بیرۆکراتە سوپاییەکان، بەڵام لەنێوانیاندا کەسانی وا هەن هاوبەشی هەندێک لە بیرەکانم دەکەن، بە دەور و پشتی گۆڤاری ڤۆڵتاوە، هەموو دوورخراوە و هەموو باڵە نەیارەکانی کوبا کۆبوونەتەوە، وەکو (گێلیر موکابریرا ئانفلت) و (سیرڤو ساردوی) هەروەها هەندێک لە نووسەرە بەناوبانگەکانی ئەمریکای لاتینی وەک (هارۆڵد کامپۆس) یاخود هەندێک لە ئیسپانییەکانی وەک (جوان گۆتییۆلۆ).

*** کەواتە ڤۆڵتا نوێنەرایەتی پرۆژەیەکی بە ئەلتەرناتیڤ کراوە، پڕکردنەوەی بزربوونی ئایدۆلۆژیایە لە ئەمریکای لاتیندا؟**

– بەڵێ... بێشک...بەڵام بە بیری زۆر جوداوە، بۆ نموونە ئێمە جەخت لەسەر ئەوە دەکەین کە هەندێک ئەلتەرناتیڤی پەرەسەندنی سەربەخۆ لە ئەمریکای لاتیندا هەیە، بەڵام لەپێناوی ئەوەشدا پێویستە واز لەوە بێنین بیرەکانمان لە ئەوروپا و ئەمریکاوە هەڵێنجێنین، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ بەهای تر و نزیکتر لە ئێمە.

گابریل زەید لە هەوڵە ئابوورییەکانیدا هاوکارمانە لە ڤۆڵتادا و لە هەمان کاتدا ئابووروناس و شاعیریشە، ئەوەی خستە بەرچاو کە وەهمی پەرەسەندن لە زۆر جاردا وڵاتەکانی ئەمریکای لاتینی تێکداوە، (هەرەسی پێ هێناوە) هەروەها ئەوەشی نیشانداوە، کە دەسەڵاتدارە خراپەکارەکانی سەرەک کۆمار لە مەکسیکدا و ئەو ڕژێمە تایبەتەی حوکمی پێ دەکات مایەی چارەڕەشی بوونە نەک تەنیا لە لایەنی سیاسییەوە، بەڵکو بە هەمان شێوەش لە لایەنی ئابووریشەوە. بەلایەنی ئێمەوە هەوڵ دەدەین ڕەخنەیەکی ڕاستەقینە دابمەزرێنین، بەڵام لە هەمان کاتدا هەوڵی ئەوە دەدەین چەند ئەلتەرناتیڤێکی شیاو بخەینە بەر دەست بەم مانایەش.. بەڵێ ئەمانە پرۆژەن بەڵام پرۆژەی لە دایک نەبوون.

*** بۆ نموونە ئەلتەرناتیڤ بۆچی شتێک؟**

– پرۆژە گەورەکانی تازەکردنەوە زۆرجار کارەساتێکیان لە ئەمریکای لاتیندا هێناوەتە کایەوە، ئەو پرۆژانە پرۆژەی فیرعەونین بێ پێوانە، ئەم گەشبینیە زۆر سەیرو سەمەرە و تایبەتە.. ئەمڕۆکە لە تواناادا نییە ئەم پرۆژانە جێبەجێ بکرێن، بەشێکی گیروگرفتی قەرزاریی دەرەوەی وڵات لەمەوە دێت، لەم گەشبینییە موزمینە نەک تەنیا لە بۆگەنی حوکمڕانییەوە و نەک لە مەیلی کۆمەڵەی سەرمایەدارێتییە گەورەکانەوە، ئێستا هەموو ئەمانە وەستاون ئێستا وا پێویست دەکات پرۆژەی مرۆڤایەتی تر شوێنی ئەو پرۆژانە بگرنەوە.

*** پێش ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ مەکسیک لەوانەیە پێویست بکات لایەک لە تاقیکردنەوە ڕۆژهەڵاتییەکانت بکەینەوە، کاریگەری ڕاستەقینەی ڕۆژهەڵات چییە لەسەر کەسایەتی و بەرهەمی تۆ؟**

– لەنێوانی خوێندنەوە هەرزەکارییەکانم یەکێک لەو کتێبانەی کە زۆر کاری تێ کردووم ئەنتۆلۆژیایەکی شیعری عەرەبی بوو، من ئێستاش بیر لەو وێنە سەرسوڕهێنەرانە دەکەمەوە کە ئەم کتێبۆکەیە لە دوو توێی خۆیدا هەڵی گرتبوو، کتێبی هەقایەت، هەروەها ئەم کتێبانەش کاریگەرییان لەسەرم هەبووە، دەتوانم بڵێم ئەدەبی عەرەبی سەرچاوەی ئیلهامم بووە لە کاتێکی دیاریکراودا، دوای ئەمەش ڕێکەوتی گەشت کردنم بۆ هەڵکەوت و گەیشتمە هیندستان.

*** تۆ ساڵانێکی دوور و درێژ باڵیۆز بوویتە لە**

**هیندستان لە ساڵی (١٩٦٨)یشدا دوای قەسابخانەی قوتابییەکان لە (تاتلۆکۆلۆ) دەستت لەکار کێشایەوە، چیت لەسەردانی هیندستان لەلا مایەوە؟**

– کاتێک باسی ڕۆژهەڵات دەکەین بە گشتگیری کردنیکی ناماقوڵ هەڵدەستین، ئەدەبی ئێرانی وەرگرە، ڕاستە لەگەڵ ئەدەبی عەرەبیدا تەواو جودایە، بەڵام پەیوەستییەکی قووڵ لەنێوان هەردوو لاماندا هەیە، بەلایەنی هیندەوە ئەوا مەسەلەکە زۆر جودایە، هیندستان ڕۆژهەڵات نییە، بەڵکو ڕۆژئاوایە بەشێوەیەکی ئاوەژوو. بناغەکانی شارستانێتی هیندی هەمان بناغەی ئەوروپین تەنیا لەلایەنی کاسۆلیکییەت و یەهودییەتەوە نەبێ، ئەمەش تۆزێک وەک ئەوە وایە کە ئەوروپا نە مەسیح و نە عەهدی کۆنی نەناسیبێت، هیندستان سەرنجمی ڕاکێشاوە و کاریگەری لەسەرم هەبووە بەهۆی بیروباوەڕەکانییەوە نەک بەهۆی شیعرەکانییەوە، هونەری شێوەکاری و هونەری مۆسیقای هیندی زیاتر لە شیعری هیندی گرفتارمیان کردووە، هەروەها بۆ ماوەیەکی دیاریکراویش لە یابان ژیاوم، تاقیکردنەوەی یابان بەشێوەیەکی مەزن سەرسامی کردووم. ئەمەش بەهۆی شیعری یابانییەوە بوو، کاتێک دەستم بە خوێندنەوەی شیعری چینی کرد، بە داخەوە بە ئینگلیزی شیعری چینیم خوێندەوە من چینیم نەدەزانی، ئەم شیعرە درەوشانەوەیەکی سەیری لەلام بنیاتنا، یەکێک لە جیاوازییە گەورەکانی جیهانی نوێ لەگەڵ سەدەی فیکری نۆزدەدا ئەوەیە کە کلاسیکییەکانمان تەنیا یۆنانی و لاتینی نین. بە تەنیشتی ئەوانەوە ئەدەبی مەزنی چینیش هەیە ئەدەبی یابانی و هیندی و عەرەبیش، کلاسیکییەتی ئێمە لە سەرەوەی کلاسیکییەتێکی ئاساییە، شیعری چینی زۆرجار هاوبەشێک بووە لە میراتی ڕۆشنبیریم.

**سەرچاوە:**

Magazine Literaire-no. 263- 1989- Paris.

# تیپی شانۆی (ئارارات) لە سوید بەرهەمێکی کەم و داهێنانێکی زۆر

ئا: فەخرەدین تاهیر
(سوید)

لە کۆتایی ساڵی (١٩٨٢)دا دەستەیەک هونەرمەندی کورد یەکیان گرتەوە بۆ ئەوەی تیپێکی هونەری کوردی دامەزرێنرێت لە سوید، ئەم هونەرمەندانە نزیکەی چەند ساڵێک لە مشتومڕی ئەوە دابوون بە چ شێوەیەک ئەم تیپە دروست بکرێت، لە ئەنجامدا لەنێوەڕاستی ساڵی (١٩٨٥)دا لە شاری ستۆکهۆلم کۆمەڵی هونەری کوردی لە سوید دامەزرێندرا و نزیکەی ماوەی دوو ساڵ لە چالاکی هونەری بەردەوام بوون، چالاکییە هونەرییەکان بریتی بوون لە ئاهەنگ سازکردنی هونەرمەندان و کۆکردنەوەیان لە دەوری یەکتری و هەروەها کۆڕی هونەری دەربارەی شانۆ و لە چاپدانی چەندان کتێبی ئەدەبی و هونەری و شانۆنامەی وەرگێڕدراوی جیهانی لە زمانە زیندووەکانی وەک: (سویدی، فەرەنسی) سەرەڕای ئەوەش بۆ یەکەمین جار لە مێژووی شانۆی کوردی گۆڤاری (شانۆ) بە زمانی کوردی لە ستۆکهۆلم چاپ و بڵاوبکاتەوە، هەوڵدەدەین لە درێژەی باسەکەماندا ئاماژە بە هەموو ژمارەکانی گۆڤاری (شانۆ) بدەین. ئەو هەموو چالاکییە هونەرییانە بوونە هەوێنی دامەزراندنی تیپی شانۆی کوردی ئارارات لە سوید، کە بە ڕاستی بیرۆکەی دامەزراندنی تیپی ئارارات دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵ و کارکردنی بێوچانی دکتۆر فازڵ جاف، هەر بەڕێزیشیان دڵسۆزانە تیپی شانۆی ئاراراتی وەک سیمبۆلێک بۆ شانۆکارانی کورد لە سوید هێشتۆتەوە. پێشموایە تاکە تیپی شانۆی کوردی بووە لە سوید کە بەبێ وچان کاری بۆ دامەزراندنی شانۆیەک کرد کە هەنووکە بۆتە خاوەن ناسنامەی شانۆی کوردی لە هەندەران. لەو باوەڕەشدام کە ببێتە بنەمایەکی گرنگ و بەرچاو ئەگەر لە داهاتوودا هەوڵبدرێت تیپی شانۆی نەتەوەیی لە کوردستان دروست ببێت، پێموایە تیپی شانۆی ئارارات ئەوە دەهێنێت ببێتە سەرچاوەیەکی زانستی و ئەکادیمی لە بواری شانۆدا. تیپی شانۆی ئارارات لە ساڵی (١٩٨٧)دا، لەگەڵ یەکەم بەرهەمی شانۆیی بەنێوی شانۆنامەی (گێژەن) بوونی خۆی ڕاگەیاند، لەوکاتەوە ناوە ناوە بەرهەمێکی هونەری بە شێوەیەکی زۆر پرۆفیشنێل دەخاتە سەر تەختەی شانۆ. ڕاستە لەم ماوە دوور و درێژەدا تیپی شانۆی ئارارات لە سوید بەگوێرەی تەمەنی بەرهەمی کەم بووە، بەڵام دەتوانین بڵێین داهێنانی مەزنی هەبووە.

**بەرهەمەکانی تیپی شانۆی ئارارات لە سوید ئەمانەن:**

١- شانۆنامەی (گێژەن) نووسینی سلاڤۆمیر مرۆژیک، ئامادەکردن و دەرهێنانی فازڵ جاف، لە مانگی ئابی ساڵی (١٩٨٧)دا لە شاری ستۆکهۆلم و ئۆپسالا نمایش کرا.

٢- شانۆنامەی (گەڵاوێژ و گورگ) ئامادەکردن و دەرهێنانی فازڵ جاف، ئەم شانۆنامەیە لە مانگی



دیمەنێک لە شانۆگەریی «مەرگ و کچ»

ئەیلوولی ساڵی (١٩٨٨)دا لە ستۆکهۆلم و چەند شارێکی دیکەی سوید نمایش کرا و نزیکەی (١٥٠٠) بینەری لە سوید هەبوو. دواتر لەسەر کاسێتی ڤیدیۆ تۆمار کراو بڵاوکرایەوە.

٣- شانۆنامەی (ڕووتبوونەوە) نووسینی سلاڤۆمیر مرۆژیک، وەرگێڕان و ئامادەکردن و دەرهێنانی فازڵ جاف. ئەم شانۆنامەیە لە مانگی دیسێمبەری ساڵی (١٩٨٩)دا لە شاری ستۆکهۆلم نمایش کرا و دواتریش لەسەر کاسێتی ڤیدیۆ تۆمار کراو بڵاوکرایەوە.

٤- شانۆنامەی (ترێ و شووشە) نووسینی فازڵ جاف، دەرهێنانی کوردۆ گەلاڵی، شانۆنامەیەکی منداڵان بوو، لە ساڵی (١٩٩٠)دا لە شاری ستۆکهۆلم نمایش کرا.

٥- شانۆنامەی (دوو پێغەمبەر) نووسینی سلاڤۆمیر مرۆژیک، وەرگێڕان و ئامادەکردن و دەرهێنانی فازڵ جاف، ئەم شانۆنامەیە لە ساڵی (١٩٩٤)دا لە شاری ستۆکهۆلم و یۆتۆبۆری نمایش کرا، تەنیا بۆ ئەرشیفی تیپ لەسەر کاسێتی ڤیدیۆ تۆمار کراوە.

٦- شانۆنامەی (نازە و ورچ) نووسین و دەرهێنانی فازڵ جاف، مۆسیقاو ئاوازی گۆرانییەکانی ئەنوەر قەرەداغی، لە ساڵی (٢٠٠٠) دا لە شاری ستۆکهۆلم و یۆتۆبۆری نمایش کرا. تۆمارکراو دواتر کەناڵی تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کوردستان، بەرهەمەکەی کڕی و پێشموایە یەکەمین بەرهەمی هونەرییە لە ئەورووپاوە کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کوردی بیکڕێتەوە.

٧- شانۆنامەی (مەرگ و کچ) نووسینی ئارییێل دۆرفمان، وەرگێڕان و دەرهێنانی فازڵ جاف. ئەم شانۆنامەیە لە کۆتایی مانگی گوڵانی ساڵی (٢٠٠٤)دا لە شاری ستۆکهۆلم بۆ ماوەی سێ ڕۆژ نمایش کرا، بڕیار وایە لە چەند شارێکی دیکەی سوید نمایش بکرێتەوە.

گۆڤاری شانۆ یەکەمین گۆڤارە کە تایبەت بێت بە هونەری شانۆ. ئەم گۆڤارە لەنێوان ساڵانی (١٩٨٦-١٩٩١)دا، (٥) ژمارەی لێدەرچووە. گۆڤاری شانۆ لە ژمارە یەکەمەوە تاوەکو ژمارە چوار لەسەر بەرگی پێشەوە نووسراوە: (گۆڤارێکە تایبەتە بە ئەدەبی درامای بێگانە)، بەڵام لە ژمارە (٥)دا کراوە بە گۆڤارێکی شانۆ بە گشتی و لەدوا ژمارەیدا کە ژمارە (٥) لە وتەی ژمارەدا هاتووە: (بەڵام ئێمە وامان بە باش زانی کە گۆڤاری شانۆ ببێ بە گۆڤارێکی شانۆیی گشتی لە بری گۆڤارێکی تایبەت بە درامای بێگانە..). بێگومان لەبەر نەبوونی دارایی و گەلێک هۆکاری دیکە ژیانی بە کۆتا هاتووە.

دوا بەرهەمی تیپی شانۆی ئارارات (مەرگ و کچ) بوو. هەروەک لە پێشدا ئاماژەمان پێداوە، ئەم شانۆنامەیە لە نووسینی نووسەری شیلی ئارییێل دۆرفمان و وەرگێڕان و دەرهێنانی فازڵ جافە. هەر کەسێک تەنیا یەک بەرهەمی تیپی شانۆی ئاراراتی بینیبێت ئەوا یەکسەر وەستاکەی دەناسێتەوە و دەزانێت چ

هونەرمەندێکی شانۆکاری پرۆڤیشنێل لەدوای ئەم کارە هونەرییە بەرزە وەستاوە. کارە هونەرییەکانی فازڵ جاف وەک زێڕ وایە لە دوورەوە بەبێ ناوهێنانی خاوەنەکەی دەناسرێتەوە. ئەگەر هەرچەند شێواز و میتۆدی بینای درامی شانۆنامەکەشی گۆڕیبێت، هەر دەزانرێت کە ئەمە کاری وەستایێکی کارامەی شانۆکارە کە هەموو ژیانی لەپێناو شانۆییێکی ڕەسەندا خەڵات کردووە. شانۆنامەی (مەرگ و کچ) شانۆنامەیەکی سیاسی- سایکۆلۆژی بوو، بەڵام ئەوەندە جوانکاری و فەنتازی هونەری بەرزی تێدا بەرجەستە کرابوو، نەدەکرا وەستا کارامەکەی نەناسیتەوە، هەر زوو پێی دەوتیت بەڵێ فازڵ جافە ئەم شانۆنامەیەی بۆ سەر تەختەی شانۆ دەرهێناوە. بەرزی هونەری شانۆنامەکانی دکتۆر فازڵ جاف لەوەدا دیارن کاتێ نمایشەکە تەواو دەبێت، هەردەم بەرهەمەکانی ئەو زاتە وابووە بە قووڵی بیربکەیتەوە.

ئەمن ئەگەر بمەوێت باس لە ناوەرۆکی ئەم شانۆنامەیە بکەم، هەرچۆنێ باسی بکەم ناتوانم وەکو وتەی تیپ کە (تیپی شانۆی ئارارات) نووسیویانە، بنووسم، چونکە هەر چۆنی بنووسم، لەوان باشتر نانووسم، هەر بۆیە بە پێویستی دەزانم وتەی تیپی ئارارات بەبێ زیاد و کەم وەک خۆی لێرەدا بنووسمەوە بۆ ئەوەی خوێنەرانی بەڕێز لە ناوەرۆکی ئەم شانۆنامەیەدا ئاگاداربن کە ئەمە دەقەکەیەتی: (شانۆنامەی مەرگ و کچ لەو جۆرە شانۆنامانەیە کە بە شانۆی سیاسی- سایکۆلۆژی نێوزەد دەکرێ. ئەمەش خۆی لەخۆیدا شێوازێکی نوێیە کە تیپی شانۆی ئارارات پاش بەرهەمەکانی مرۆڤ تاقی دەکاتەوە، پاش ئەوەی ئەم شانۆنامەیە لەسەر گەلێ لە شانۆکانی ئەوروپادا پێشکەش کراوە و برەوی هێناوە. ئەم شێوازە نوێیە، لایەنەکانی تێکست و نواندن و ستروکتوور و دارشتنی هونەری دەگرێتەوە. جا ئەم بەرهەمەی ئێمە چەند سەرکەوتووە ئەوە تەنیا ئێوەن بڕیاری لەسەر دەدەن. مرۆڤ دەبێ چۆن ڕەفتار بکات و چۆن هەڵسوکەوت و مامەڵە لەگەڵ واقیعی نوێی پاش ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆر بکا؟

ئەمەش پرسیاری سەرەکی ئەم بەرهەمەیە.

شانۆنامەی (مەرگ و کچ)ی ئاریێل دۆرفمانی شیلیایی، ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگای شیلییە پاش ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆر، بەڵام نووسەر سەرکەوتووانە وێنەیەکی هونەریی ئەوتۆ دەکێشێ کە بۆ هەموو شوێن و سەردەمێک بگونجێ کاتێ کە دیکتاتۆرییەت تێیدا سەقامگیر دەبێ).

شانۆنامەی (مەرگ و کچ) پەیامێکی ڕاستەقینەیە و لە شێوەی پرسیارێک ئاراستەی هەر هەموو ئەو کەسانە دەکرێت، کەبەدوای حەقیقەتێکدا وێڵن کە ڕژێمە دیکتاتۆرەکان تەفر و توونایان کردووە.

لە شانۆنامەی (مەرگ و کچ)دا بۆ یەکەمین جار لە مێژووی هونەری شانۆی کوردیدا فازڵ جاف دێت زۆر بە بوێری و بە جورئەتەوە لە ڕێگای ڕۆڵی پاولینا سالاس کە ژنە ئەکتەری کورد (تەلار هیرانی) ئەم ڕۆڵە دەبینێ. بە پەیڤە حەرامەکان سنوورەکان دەبەزێنێ کە هەتا هەنووکە پێموایە لەنێو شانۆی ڕۆژهەڵاتدا ڕووی نەداوە، لەم ڕووەشەوە شانۆی کوردی لە ڕێگای تیپی شانۆی ئاراراتەوە لە سوید ئەم دەستپێشخەرییەی کرد و وشەی حەرام و بڤەکانی بەزاند.

شانۆنامەی (مەرگ و کچ) لە ڕۆژانی نمایش کردنیدا لەلایەن فازڵ جاف پێشکەش کرا بەم ئافرەتە کوردە تێکۆشەرانەی لە زیندانە تاریکەکانی ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستاندا دەستدرێژی جنسی پێدەکرێ و ژیانی زەوت دەکرێت.

ئەمن پێموایە ئەم شانۆنامەیە دەکرێت پێشکەش بەو مرۆڤانەش بکرێت کە لەپێناوی دۆزینەوەی حەقیقەتدا لە تێکۆشان بەردەوامن.

بەشداربووانی شانۆنامەی (مەرگ و کچ) بریتی بوو لەمانە:

**ئەکتەرەکان:**

تەلار هیرانی    پاولینا سالاس
مەریوان کەمال    گیرادۆ ئێسکۆبار
عادل عەبدوڵڵا    ڕۆبێرتۆ میراندا

**کارە هونەرییەکان:**

یاریدەدەری دەرهێنەر: شادە عومەر
سینۆگرافیا و جلوبەرگ: ئەندامانی تیپ
ڕووناکی: فەرمان جاف
جێبەجێ کردنی دەنگ: شادە عومەر
وێنەکان: ئاریا ئوسیتالو

نووسەر: ئاریێل دۆرفمان
وەرگێڕ و دەرهێنەر: فازڵ جاف

**شوێنی نمایش:** شانۆی ڤۆرتیاتر لە تێنستا سێنتروم لە شاری ستۆکهۆلم. ڕۆژانی (٢٩، ٣٠، ٣١)ی مانگی گوڵانی (٢٠٠٤) نمایش کرا.

ئەوەی شیاوی باسە دوای تەواوبوونی نمایشی ئەم شانۆنامەیە بەچەند ڕۆژێک، بڕیارمان دا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەچوون و نمایشکردنی ئەم شانۆنامەیە کە گەلێک پرسیاری لەلا دروست کردبووم


مەریوان کەمال

دابنیشین و دوای گفتوگۆیەکی تێر و تەسەل ئەم مێزگردەی لێ کەوتەوە، هەر بۆیە بە پێویستی دەزانم خوێنەرانی قەدرگرانی گۆڤاری (ڕامان)ی لێ بێبەش نەکەم.

* تیپی شانۆی ئارارات لە سوید، هەروەک دەزانین ئەزموونێکی دوور و درێژی هەیە، لەو ماوە دوور و درێژەی خۆیدا هەر چەندە بەرهەمی کەم بووە، بەڵام دەتوانین بڵێین داهێنانی مەزنی هەبووە. ئێوەش وەک ئەکتەرێک ماوەیەکە لە ئارارات و لەگەڵ فازڵ جاف لە بواری شانۆدا کار دەکەن، دەکرێت بزانین ئەو جیاوازییانە چی بوون کە لەدوا بەرهەمتاندا، ئەگەر بەراوردکردنێکی خێرا لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشووترتان لەگەڵ ئەم تیپەدا باسیان لێوە بکەن؟

**مەریوان کەمال:** لە ڕاستیدا جیاوازییەکان زۆرن، دەتوانین لە چەند خاڵێکدا کۆیان کەینەوە، ئەگەر لە خاڵەکانی سەرەتاوە دەست پێ بکەم، بۆ نموونە شێوەی پرۆڤەکردنم لەم جارەماندا جیاواز بوو، لەگەڵ پرۆڤەکردنمان لەگەڵ جارەکانی تردا، چونکە ئەم جارەیان پرۆڤە کردنەکانمان تەنیا لەسەر شێوەی بیومیکانیک نەبوو، بە قەدەر ئەوەندەی بە هێڵی تەریب کاری بیومیکانیک و کاری سایکۆلۆژی لە شێوە پرۆڤەکاندا ڕەنگی دابۆوە. ئەگەر باس لە خاڵی دووەم بکەم کە تایبەتە بە تێکستی شانۆنامەکەی ئەم جارەمان، تێکستەکە پێموایە جیاوازییەکی زۆری هەبوو، لەبەر ئەوەی ئەم جارە تێکستەکەمان زیاتر هەوڵی دابوو، بڵێین بابەتی کۆمەڵایەتی لەناو تێکستەکە هەبوو، چارەسەرکردن و باسکردن لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، ئەو کارانەی پێشوو کردوومانە ڕێک پێچەوانەی دوا بەرهەممان بوو، چ وەک کاری نواندن و چ وەک کاری دەرهێنان.

* بەڵام لە بیرتان نەچێت، شانۆگەرییەکە شانۆگەرییەکی سیاسی- سایکۆلۆژی بوو. زێدەتر باسی حاڵەتێکی دەکرد کە لە کۆمەڵگەیەکی دیکتاتۆردا ڕووی دایە. بەتایبەتیش ڕۆڵی ئافرەتەکە کە لە شانۆنامەکەدا ژنی تۆ بوو. لە وەڵامی پێشتردا باسی میتۆدەکانی شانۆتان کرد، هەروەک دەزانین لە ڕێبازی (ستانیسلاڤسکی)دا هاتووە کە کاتێ شانۆگەرییەک نمایش دەکرێت، ئەوانەی دەچن شانۆنامەیەک ببینن، ستانیسلاڤسکی لەو باوەڕەدایە کە دەبێ بینەرانی شانۆگەرییەکان بە هەست و نەستەوە تێکەڵ بە جیهانی شانۆگەرییەکە بن و هەموو ئەندێشەیان تێکەڵاوی نێو ڕووداوی شانۆگەرییەکە ببێت، کەچی لە ڕێبازی (برێخت)دا ڕێک ئەم بیر و بۆچوونانە جیاوازە، بەڵام ئەگەر سەیر بکەین لە بەرهەمەکانی فازڵ جافدا چ ئەوانەی پێشووی چ لە دوا بەرهەمتاندا، بینەرانی ئەم شانۆگەریانەی ڕاکێش دەکرد بۆ نێو ڕووداوی شانۆگەرییەکە و لەگەڵیدا دەژیان. فازڵ جاف لەم شانۆگەرییەدا چ جۆرە میتۆد و ڕێبازێکی شانۆی جیهانی لەم شانۆنامەیەدا بەرجەستە کردبوو؟

**مەریوان کەمال:** من وەک پێشتریش ئاماژەم پێدا، ئەوە دوو شێوە میتۆدە با بڵێین هەم ڕێبازی ستانیسلاڤسکی و هەم ڕێبازی مایرهۆڵد تێکەڵاو کرابوون. ڕاستە بینەران زۆربەیان وایان لێهات دەهاتنە نێو شانۆگەرییەکە و هەتا کە نمایشەکە تەواو دەبوو، زۆربەیان دەهاتن پێیان دەوتین هەستمان نەکردووە نمایشەکە تەواو بووە، هەستمان دەکرد خۆمان لەگەڵ شانۆگەرییەکە دابووین، بەڵام تێکەڵاوکردنی ئەو دوو میتۆدە خۆی لە خۆیدا کارێکی زۆر قورس بوو، چ وەک کاری دەرهێنان چ وەکو کاری نواندن چ بۆ فازڵ و چ بۆ ئێمەش بە ڕاستی زۆر زۆر هەوڵمان دا بەم شێوەیە بەرجەستەی بکەین، کە فازڵ دەیەوێ، جا ئەوەشیان دەکەوێتە سەر فازڵ خۆی و بینەر چۆن بڕیاردەدەن، ئایا چەند سەرکەوتوو بووین تیایە یان نا..؟ ئەوەی لەم شانۆگەرییە بەدی کرا، ئەوە بوو کە وتمان ئەو دوو ڕێبازە تێکەڵ بوو، تۆ دەبێ لەو دوو ڕێبازە هەم وا لە بینەر بکەی کە بە شێوەیەک ئەگەر لەسەر ڕێبازەکەی ستانیسلاڤسکی بێ وای لێ بکەی خۆی لەبیر بچێتەوە و بێتە ناو شانۆگەرییەکە، کە لەسەر ڕێبازەکەی مایرهۆڵدیش بێ وای لێ بکەی بمێنێتەوە لەسەر شوێنەکەی خۆی کە تێبگات بابەتەکان لە خەیاڵی خۆیدا ڕوون بکاتەوە، بزانێ دەگاتە چ خاڵێک، دەگاتە چ


عادل عەبدوڵلا

لێکدانەوەیەک، دەگاتە چ ئامانجێک لەو بابەتانەی کە بینراوە.

* پێتوایە ئەم ڕێبازە شانۆییانەی کە لە شانۆی جیهانیدا باون، بێجگە لەو دوو ڕێبازەی ئاماژەتان پێدا، لەم شانۆگەرییەدا فازڵ جاف ئیزافەکانی خۆی لەگەڵ ئەو دوو ڕێبازەدا بەرجەستەی یەکتری کردبوون، تۆ وەک ئەکتەرێک کە ئەزموونتان لەگەڵ فازڵ جاف لە کاری شانۆدا هەیە، هەستتان بە ئیزافەکانی دەکرد لە کاتی پرۆڤە کردندا؟

**مەریوان کەمال:** هەر دەرهێنەرێک کە کارێک دەکا، دەکەوێتە سەر زیرەکی ئەو دەرهێنەرە، هەر دەرهێنەرێک کە کارێکی شانۆیی دەکا دەبێ کەم تا زۆرێک ئیزافاتی خۆی هەبێ. ئەم ڕێبازەش کە فازڵ گرتوویەتی، هەر بوونی ڕێبازەکە ئیزافەیە بۆ سەر شانۆی کوردی، سەرەڕای ئەوەش هەر خۆشی تایبەتمەندە بە کاری مایرهۆڵد، ئەوەش هەر خۆی لەخۆیدا پێموایە ئیزافەیەکە بۆ سەر شانۆی کوردی. ئەو شێوە بیومیکانیکەی کە ئێمە بەکارمان هێناوە، بێگومان بە ڕێنماییکردنی دکتۆر فازڵ جاف پێموایە ئێستا لە شانۆی کوردیدا نەکراوە.

* عادل هەڵبەتە گوێبیستی گفتوگۆی نێوان من و مەریوان بووی، تۆش وەک ئەکتەرێک ئەزموونی خۆت لەگەڵ فازڵ جاف چۆن باس دەکەیت، مەبەستم ئەوەیە بەرهەمەکانی پێشترتان لەگەڵ دوا بەرهەمتان چۆن بەراورد دەکەن، لەم بەرهەمەدا خۆتان چۆن دەبیننەوە؟

**عادل عەبدوڵلا:** ئەو کارانەی کە لەگەڵ فازڵ کردوومن، ئەگەر بەراوردی بکەم، مەبەست ئەو دوو بەرهەمەی پێشترمە کە شانۆگەری (دوو پێغەمبەر) و (نازەو ورچ) بوون. بە گوێرەی خۆمەوە بەڵێ جیاوازی هەبوو، کاتێ شانۆگەری دوو پێغەمبەرمان خستە سەر شانۆ، وا هەستم دەکرد کە هەندێ ئازاد تر بووم چ لە جووڵانەوە و چ لە دەربڕینی حیوارەکاندا. ڕەنگە ئەویش بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شانۆگەری دوو پێغەمبەر ئەکتەرەکان زۆرتر بوون، ئەو قوتابخانەی کە پەیڕەوی کرا جیاوازی هەبێ لەگەڵ ئەم شانۆگەری ئەمڕۆکەمان، بەڵام من لەم شانۆگەرییەدا هەستم کرد کە فازڵ بۆ ئێمەی ئەکتەر میتۆدێکی دیاریکراوی لەسەر ئەم دوو ڕێبازە هەیە کە مەریوان ئاماژەی پێدا، واتە ڕێبازی ستانیسلاڤسکی و مایرهۆڵد. لە دوا بەرهەمماندا ئێمە هەتا چ ڕادەیەک توانیومانە دەقە شانۆییەکە لەسەر تەختەی شانۆ وەک دەڵێین بەرجەستەمان کردبێ. لە هەموو حیوارێکدا هەر لە سەرەتاوە هەتا کۆتاییەکەی دەبوایە لەسەر شێوازی مایرهۆڵد بوایە و هەروەها لەلایەنی سایکۆلۆژیشەوە حیوارەکان جێبەجێ بکرایە و جیاوازییەکانیش ڕوون بوون. دەتوانم بڵێم سەرکەوتنی ئەو شانۆگەرییە لەو میتۆدە بوو کە ئێمە وەک ئەکتەر لەسەر شانۆ پەیڕەومان دەکرد. خەڵکیش هەستیان پێ دەکرد کە ئەمەیان شێوازێکی تازەیە لە نمایشکردندا واتە جووڵانەوە لەگەڵ حیوار جێبەجێ دەبێ و لەسەر دوو هێڵی ڕێک دەڕۆن، هەر بۆیە لەو باوەڕەدام فازڵ بە بەکارهێنانی ئەم شێوازە وای لێ کردین کە ئەو چوار چێوەی بۆی دانابووین لێی دەرنەچین و بتوانین بە داهێنانی خۆمان پڕی بکەینەوە بە قەد خۆی بەگوێرەی حیوارەکان ئەو شتانە بدەین کە فازڵ مەبەستی بوو. واتە ئەو ئیلتیزامەی ئێمە وەک ئەکتەر کردمان لەسەر شانۆ کە دەبێ پەیڕەوی ئەو شێوازی دەرهێنانە بوایە کە فازڵ کاری لەسەر دەکرد. هەڵبەتە جوانکاری لەوە دایە کە تۆ پەیڕەوی ئەو شێوازە بکەی کە دەرهێنەر دەیەوێت.

* فازڵ جاف لە بەرهەمەکانی پێشتریدا کە نمایشی کردوون، وەک (گێژەن، ڕووتبوونەوە، دوو پێغەمبەر) بەشی زۆری بینەرانی شانۆگەرییەکانی دوای بە کۆتا نمایشەکان وای لێدەکرد مشتومڕی زۆر دروست بکەن، بێگومان بەشێک ڕەفزی دەکرد و بەشەکەی دیکەشیان پشتگیری لێدەکرد، بەڵام لە دوا بەرهەمی تیپی شانۆی ئاراراتدا کە شانۆنامەی (مەرگ و کچ) بوو، ڕێک پێچەوانەی بەرهەمەکانی پێشتر بوون. مەبەست لەم بەرهەمەدا بەشی هەرە زۆری بینەرانی ستایشی بەشداربووانی ئەم بەرهەمەیان دەکرد، پێتان وایە هۆکارەکەی بە بڕوای ئێوە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

**عادل عەبدوڵلا:** وابزانم هۆی ستایشکردنی ئەم شانۆگەرییە دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی شانۆگەرییەکە بەو


تەلار هیرانی

قۆناخەی کە میللەتی کوردمان بە تایبەتی و سەرجەم خەڵکی عیراق بەگشتی پێدا تێپەڕ دەبێ. هەڵبەتە ئێستا جیاوازە، ئازادی هەیە لە کاتێ کە گێژەن، یان هەر شانۆگەرییێکی دیکەی کە فازڵ کردوویەتی بێگومان هەندێک بە دڵی نەبووە و ئەوانی دیکەش بە دڵیان بووە. ئەمەشیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زمانی ڕەخنەگرانەی شانۆگەرییەکانی پێخۆش نەبووە. خەڵکەکە بە دڵیەتی لەبەر ئەوەی تۆ مەسەلەیەکی گرنگ دەورووژێنی. شانۆگەرییەکە سیاسییە، دەتوانین بڵێین جیاوازییەکەی لەوەدایە کە تەنیا قۆناخەکە خۆی جیاوازە. جارێ شانۆگەرییەکە زۆری ماوە نیشان بدرێت.

دوور نییە ئەو بینەرانەی هاتبوون بۆ بینینی خەڵکانێک بووبن، تێنووی شانۆن، هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ماوەیەکی دوور و درێژ لە سوید نمایشی شانۆیی بە کوردی نەکراوە. ئێمە وەکو ئەکتەر وامان هەست دەکرد بینەرانی ئەم جارەی شانۆگەرییەکەمان خەڵکانێکی تازە بوون، ئەو جۆرە بینەرانە نەبوون کە پێشتر دەهاتن بۆ بینینی شانۆگەرییەکانی وەک گێژەن و ڕووتبوونەوە و ئەوانی دیکە.. دوور نییە بینەرانی ئەمڕۆ وەک بینەرانی (٢٢) ساڵ لەمەوبەر نەبێ کە ئێمە لەو کاتەوە لێرە دەژین. ئەو کاردانەوەی لەدوای گێژەن ڕوویان دا بەلای بینەری ئەمڕۆکە لەوانەیە گرنگ نەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا بینەری ئەم شانۆگەرییە هەم بەلایەوە هونەری ئەم نمایشەی پێ گرنگ بوو، هەم لایەنە سیاسییەکەشی فەرامۆش نەکردبوو.

* ئێوە بۆ یەکەمین جار لەگەڵ تیپی شانۆی ئارارات و فازڵ جافدا لەدوا بەرهەمی ئەو تیپەدا وەک ئەکتەرێکی ئافرەت کە ڕۆڵی سەرەکیتان لەو شانۆنامەیەدا هەبوو، بەشداریتان کرد. وەک ئاگادارین دوای نمایشکردنی ئەم شانۆگەرییە لە چەند لێدوانێکی ڕۆژنامەوانی چ لە سوید چ لەم دواییانەدا سەردانی کوردستانتان کرد، لەوێش هەر بە هەمان شێوە لە ڕۆژنامەکاندا دیمانەتان لەگەڵ سازکراوە لە هەر هەموویاندا، وایان نیشان دەدەیت کە ئەو بەرهەمە لەگەڵ فازڵدا بەشداریتان کرد، بۆخۆت بەسەرەتایەکی هونەری لە بواری نواندندا دەیگەڕێنیتەوە، ئایا دەتەوێت ڕابردووی خۆت لەم ڕووەوە ڕەش بکەیتەوە، یان ئێوە چۆن دەتوانن ئەو حاڵەتەی خۆتان کە دوای نمایشکردنی ئەم شانۆنامەیە لەلاتان دروست بوو، باسی لێوە بکەن؟

**تەلار هیرانی:** دیارە ئەمن ڕابردووی خۆم ناسڕمەوە، بەڵام بە کاڵی دەیبینم (پێدەکەنێ) لەبەر ئەوەی ئەو ئیشانەی کردوومە، ئەو دەرهێنەرانەی ئیشم لەگەڵ کردوون بە شێوەیەکی زانستی کاریان لەگەڵ نەکردووم، لە بەرهەمەکانی پێشترمدا کارەکانمان زۆر بە سادەو ساکاری پێشکەش کراون. لە هیچ بەرهەمێکدا نەگەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی کە بتوانم لە شانۆگەرییێکدا ڕۆڵێکم هەبووبێت بە تەواوی کاری کاراکتەری شانۆگەرییەکە ببینم. جاری وا هەیە ئەکتەر دەتوانێت کاراکتەری شانۆگەرییەکە نمایش بکات، بەڵام خۆ کاریگەری دەرهێنەریش لەم ڕووەوە زۆر گرنگە، بۆیەش من ئەو شانۆگەرییە بە بەرهەمی یەکەمم دادەنێم، چونکە بە ڕاستی فازڵ جاف یەکەمیان دەرهێنەر بووە بە شێوەیەکی زانستی و هونەری کارم لەگەڵدا بکات. هەنووکە وای دادەنێم بەم بەرهەمە من بوومەتە ئەکتەر.

* تۆ لەو شانۆگەرییەدا وەک ڕوون و ئاشکرابوو کاراکتەرەکەت ڕۆڵێکی لە ڕادەبەدەر بوێری و پڕ لە جەرائەت بوو، چونکە خۆت دەزانی لە ڕەوشی کۆمەڵگەی کوردەواری و ژیانی ئافرەتی کورددا دەیان بەربەست و کۆت و پەیوەند هەن کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە، تۆ خۆشت پێش هەر شتێک وەک ئافرەتێکی کورد قودسیەتی خۆت هەیە، بەڵام لەم نمایشە شانۆییەدا زۆر بوێرانە گەلێک وشەی حەرامتان بەکار دەهێنا، کە لەوانەیە هەتا ئێستاکە ئەم جۆرە وشانە لە شانۆی کوردی و هەتا لەنێو کۆمەڵگەی کوردیشدا قەبووڵ نەکرێن. ئێوە لەم ڕووەوە هەستتان بە چ دەکرد، یان ئەو حاڵەتانە بۆ تۆ چیبیان دەگەیاند؟

**تەلار هیرانی:** دوای ئەوەی نمایشی شانۆگەرییەکە تەواو بوو، هەستم بەوە نەدەکرد کە ئەمن هیچ وشەیەکی حەرامم گوتووە، چونکە کاردانەوەی بینەرانی ئامادەبوو و کەسوکار و هەروەها هاوسەرەکەم پێموایە شتەکان زۆر بە سادەیی وەرگیرا بوو. ئەمن کەسێکی وا پێی نەگوتم ها..

تۆ شتێکی حەرامت گوتووە... ناوەرۆکی شانۆگەرییەکەش کە ئەمن دەورم تێدا دەبینی، ئەگەر بیر لە ناوەرۆکەکەی بکەیتەوە، بیر لەوە نەکەیتەوە کە تۆ تێدا وشەی حەرامت گوتووە... بە پێچەوانەوە هەر چەندی شتەکان بڵێیت، ئەو ڕق و شتە ناخۆشانەی کە لە ناخی پاولینا دا هەیە کە تاکو ئێستا هەر کەمە، دەرنەبڕاوە.

✱ شانۆنامەی (مەرگ و کچ) کە هەنووکە ئێمە گفتوگۆی لەسەر دەکەین، لەوانەیە لەلای خەڵکانی ئەوروپایی ئەگەر ئەو جۆرە وشە حەرامانە بەکار ببرێت شتێکی زۆر ئاسایی بێ. هەتا ئێستاکە لەنێو عەرەبیشدا بەم شێوەیە وشە حەرامەکان لە شانۆدا سنووریان نەبەزاندووە، بۆیە پێموایە یەکەمین جار شانۆی کوردی بەهۆی تیپی شانۆی ئاراراتەوە لە سوید ئەم سنوورە ببەزێنێ. باشە کە لە سەرەتاوە هاتی ئەم ڕۆڵەتان وەرگرت بە تایبەتی لە کاتی پرۆڤەکردندا هەستتان بەچی دەکرد، هەستت بەوە نەدەکرد کە ڕوو بەڕووی گرفتێکی گەورە دەبیتەوە لە بەرامبەر بینەراندا؟

**تەلار هیرانی:** لەگەڵ بینەر نا، بەڵام لەگەڵ خودی خۆمدا بۆ من قورس و زەحمەت بوو ئەو شتانە بڵێم. سەرەتا هەر دەگەیشتینە ئەو وشانە دەمپەڕاندن، بەڵام فازڵ دەیگوت نا دەبێ بیڵێی (پێیدەکەنێ) دوایی وام لێ هاتبوو کەوا وشەی عادی دەڵێم، بیرم لەوە نەکردبۆوە کە بینەر چۆن بیری لێ دەکاتەوە. چی دەڵێیت هەتا چەند کەسێکیش لەسەریان نووسی بەتایبەتی (شەهلا دەباغی). دوایی بیرم لێ دەکردەوە ئا.. خەڵک چۆن وەریان گرتووە و شتی وا، دەنا قەت بیرم لەوەی نەدەکردەوە بینەران کاردانەوەیان چۆن دەبێ کە دێن ئەو شانۆگەرییە دەبینن. بەس لەسەرەتاوە بۆ من زۆر زەحمەت بوو، چۆن بتوانم ئەو وشە حەرامانە بڵێم. ئێستاش گەیشتینە ئەوەی پێشکەشمان کرد، لەدوایشدا هەر وام هەست دەکرد کە وشەی عادی دەڵێم.

✱ ئەم شانۆگەرییە لە ڕووی داڕشتنی دەقەکەوە و هەروا هەتا لە ڕووی کاری دەرهێنان وەک دەڵێن وەستاییێکی لە دواوەیە، تۆ ئەو وەستاییەی فازڵ جاف وەک ئەکتەرێکی ئافرەت چەند کاریگەری لەسەرت دروست کردووە. زۆر ئەوە دووبارە دەکەیتەوە کە ئەم بەرهەمەی لەگەڵ فازڵ جافدا بەشداریتان کرد، بەسەرەتایەکی هونەری بەرز بۆ خودی خۆت دەینرخێنی، لەوێ مەبەستم لە کوردستانە کاردانەوەی خەڵک بە تایبەتی شانۆکارانی کوردستان چی بوو و چیان پێدەگوتی؟

**تەلار هیرانی:** هەندێکیان کە هاوڕێی خۆم بوون، یان مامۆستام بوون، دەیان گۆت نەخێر تۆ خۆت ئەو بەهرە و ئەو توانایەت هەبووە، بەڵام بەهرە و توانا چی لێدەکەیت ئەگەر دەرهێنەرێکی باش نەبێت دەری خات، ئەمن دەڵێم بەشێوەیەکی زۆر جوان و زانستی و شێوازێکی ڕێک و پێک فێرکرام و پرۆڤەم پێکرا لەلایەن فازڵ جافەوە. بۆیە هەست دەکەم کە زۆر زۆر کارتێکردنی ئەو پێمەوە دیارە. لەبەر ئەوەی هەست دەکەم لەم شانۆگەرییەدا پەنجەکانیشم حیسابی بۆ کرابوو، وا هەست دەکەم جێدەستی فازڵ جاف بە ڕوونی دیارە.

✱ شادەخان وەک ئاگاداربین تۆ لە کوردستان لە شانۆدا کارتان نەکردووە، پێموایە سەرەتای هونەریتان لە شانۆدا لە تیپی شانۆی ئارارات لەگەڵ فازڵ لە سویدەوە دەست پێدەکا، لەو شانۆگەرییەشدا تۆ وەک یاریدەدەری دەرهێنەر کارتان کردووە. ئەو ئەزموونی یاریدەدەری دەرهێنەر بۆ تۆ چی دەگەیێنێ، چونکە لە لێدوانێکی ڕادیۆی کوردی لە ستۆکهۆلم وتت دەمەوێ بچم شانۆ بخوێنم و ببمە کادیرێکی شانۆکار، ئەمەیان بۆچی دەگەڕێتەوە؟

**شادە عومەر:** هەڵبەتە من لەم شانۆگەرییەدا وەک یاریدەدەری دەرهێنەربووم، کارە هونەرییەکان کاریگەرییێکی زۆر زۆری هەبوو بۆم، پێموایە زیرەکییەکە دەگەڕێتەوە بۆ فازڵ، کە هەموو کاتێک هانی داوم بخوێنم، ئێستاکەشی لەگەڵدابێ پێم دەڵێت تۆ دەبێ بخوێنیت، چونکە تۆ بۆ کاری دەرهێنەر باشی و دەتوانیت ئەو کارە بکەی. بۆیە من هەتا دەتوانم هەوڵ دەدەم لە داهاتوودا لە بەشی دەرهێنان بخوێنم.

✱ بەڵام مەریوانی هاوسەرت کە ئەکتەرە لە تیپی شانۆی ئارارات و لەو بەرهەمەشدا ڕۆڵی سەرەکی هەبوو، ئەو لە لێدوانێکی ڕادیۆیی لێیان پرسی، دەرچووی کام ئەکادیمیای شانۆیی، مەریوان لە وەڵامدا وتی: دەرچووی ئەکادیمیای شانۆی دکتۆر فازڵ جافم... مادام مەریوانی هاوسەرت وا بیر دەکاتەوە، پێویست دەکات تۆ بچیت شانۆ بخوێنیت؟

**شادە عومەر:** (بە پێکەنینەوە) هەڵبەتە من وتوومە فازڵ کاریگەری لەسەرم زۆرە و زۆریش هانم دەدات. بێگومان من ئەگەر نەخوێنم چ وەک ئەکتەر چ وەک دەرهێنەر لە داهاتوودا ئەگەر لە شانۆ کار بکەم، زۆر شت هەیە ئەو کاتە ناتوانم لەسەر شانۆ بەرجەستەیان بکەم. هەر دەبێ لەو ڕێگایەوە خۆم ئامادە بکەم، ڕاستە فازڵ زۆر هاریکاریم دەکات، بەڵام دەبێ خۆشم خۆم پێ بگەیێنم هەوڵ بدەم زیاتر فێر ببم و بخوێنم.

✱ مادام باسی وشەی بەرجەستەتان کرد کە ماوەیەکە لە ئەدەبیاتی شانۆی کوردیدا زۆر دووپات دەکرێتەوە، تۆ وەک یاریدەدەری دەرهێنەر لە چ ڕوویەکەوە توانیت


شادە عومەر

کارەکان بەرجەستە بکەیت، کاری تۆ زێدەتر چی بوون؟

**شـادە عـومـەر:** ڕۆژانە هەمـوو کـاتێک لەگـەڵ ئەکتەرەکاندا دەقیقە بە دەقیقە و هەنگاو بە هەنگاو دەقەکەم بۆ ئەکتەرەکان دەخوێندەوە، هەستم دەکرد خۆشم دەوردەبینم، چونکە دەقەکە وا تەئسیری تێکردبووم، زۆرجار ئەو حاڵەتەی خۆم بۆ فازڵ جاف باس دەکرد. زۆرجار کە فازڵ لەوێ نەدەبوو پرۆڤەکانم بەڕێوە دەبرد. هەروەها زۆر ئەرکی تەکنیکی تریش کە کەوتبووە سەر کارەکانی یاریدەدەری دەرهێنەر.

* دەڵێن لە هونەردا تەمەن نییە، ئەفراندن هەیە. گرنگ نییە هونەرمەند خاوەن ئەزموونێکی دوور و درێژ بێت. گرنگ ئەوەیە هونەرمەند داهێنەر بێت. ئێوە لە تیپی شانۆی ئاراراتدا چ جۆرە داهێنانێک دەبینن. لە بەرهەمێک هەتا بەرهەمێکی دیکە جیاوازییەکان چین؟

**شادە عومەر:** هەڵبەتە من یەک جار لە تیپی شانۆی ئاراراتدا دەورم بینیوە، ئەویش لە شانۆگەری (نازە و ورچ)، بەڵام ئەمەشیان ناتوانم لەگەڵ شانۆگەری گەورەکان بەراوردی بکەم، شانۆگەری منداڵ زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ هی گەورە. لەم شانۆنامەیەدا جیاوازی لەگەڵ شانۆنامەکانی پێشتر ئەوەیە شانۆنامەکانی پێشوو بۆ گەوران ئافرەتی تیادا نەبوو، بەڵام لەم شانۆگەرییەدا ڕۆڵی ئافرەتی تیایە، کە قورسترین ڕۆڵە. هەڵبەتە ئەمەیان هاندانێکە بۆ ئێمەش کە بتوانین لە داهاتوودا زیاتر بەشداریمان هەبێ و لەگەڵ کاک فازڵ جافدا بەردەوامیمان هەبێ.

**تەلار هیـرانی:** من وەک ئیشی یەکەمم لەگەڵ ئەو تیپەدا، بە هەنگاوێکی زۆر گرنگ و گەورەی دەبینم، واش هەست دەکەم وەک خەڵکی ئاسایی دەڵێن بەختێکی گەورەم هەیە فازڵ لێرەیە، هەتا بۆم بکرێت هەوڵ دەدەم سوود لە بیروبۆچوون و هونەرە جوانەکانی وەربگرم.

**عادل عەبدوڵلا:** ڕەنگە من ئەزموونم زیاتر بێت لە ئەندامانی دیکەی تیپی ئارارات، وەک ئەکتەرو وەک تەمەنیش، ئەوەندەی پێوەندی بە بیروبۆچوون و سەلیقە و خوێندنەوە هەبێ. من یەک شت دەڵێم دەربارەی فازڵ جاف، زۆرجار ئەو تەجروبانەی بەسەر خۆمدا ڕەتبووە، لەگەڵ چەندەها دەرهێنەردا کارم کردووە، جیاوازی فازڵ لەگەڵ ئەواندا ئەوەی فازڵ برادەرتە و مامۆستایە، لە کاتی کاردا مامۆستایە ئەوە زۆر گرنگە، واتە هەندێ شت قەبووڵ ناکات. فازڵ بۆ ئێمە مامۆستایە، بەڵێ وەک مامۆستایەکی شانۆ کارمان لەگەڵدا دەکات. کاتێ تۆ لەسەر تەختەی شانۆی ڕێنمایی دەکات، ڕەخنەت لێ دەگرێ، ڕەنگە تووڕەش بێت، بەڵام دواتر ئەو هەر خۆی وەک برادەرێک لەگەڵت دەمێنێتەوە. ڕەنگە من وەک تەجروبەی خۆم هەندێک برادەرم هەبووبێ دەرهێنەر بووبێ ڕووی نەهاتبێت بڵێ ئەم جووڵانەوەیەت هەڵەیە، یاخود نەیویستبێت دڵم بشکێنێت ئەگەر شتەکەش بە هەڵە ڕۆیشتبێت کراوە، ئەمە خۆی لەخۆیدا هەڵەیە. بۆیە دەڵێم تەجروبەی من وەک ئەکتەر لەگەڵ فازڵدا جیاوازە، من ڕێزی لێ دەگرم وەک قوتابی، ئەویش ڕێزم لێ دەگرێت وەک مامۆستایەک.

**مەریوان کەمال:** لە شانۆدا تەمەن نییە، لە شانۆدا عیشق هەیە، ئیلتیزام هەیە، تێگەیشتن هەیە، تۆ عیشقت چەندە بۆ شانۆ؟ ئیلتیزامت چەندە بەرامبەر بە شانۆ؟ تێگەیشتنت چەندە بەرامبەر بە شانۆ؟ پێموایە ئەم سێ خاڵە تەمەنی شانۆیی تۆ، یان تەمەنی کارکردنی تۆ لەسەر شانۆ دیاری دەکەن. پێموایە هەتا عیشقت زیاتر بێ تەمەنت گەنجترە و هەتا تێگەیشتنیشت زیاتر بێ تەمەنت گەنجترە، بە بۆچوونی من ئەوەیە مەسەلەکە، چونکە هەروەک دەیبینین زۆر ئەکتەر هەیە بەناو ئەکتەرن، چەندین ساڵە لەسەر شانۆ کار دەکا، هەتا ئێستاکە کارێکی دەبینین، پێتوایە هەمان کاریەتی کە پێش چەندین ساڵ کردوویەتی، واتە هیچ ئیزافەیەک و هیچ داهێنانێکی لەسەر کارەکانی خۆی لەسەر ڕۆشنبیری خۆی، لەسەر بۆچوون و بیروباوەڕی خۆی، کەواتە چەندین ساڵە لەجێگای خۆی لە بازنەییێکی داخراو دەخولێتەوە، بەڵام پێموایە کارکردن لە شانۆدا ئەگەر تۆ کارێکت کرد لە کاری داهاتوودا هیچ ئیزافەیەکت نەخستە سەر خۆت، سەر بۆچوون و ڕۆشنبیری خۆت، سەر تێگەیشتنی خۆت، پێموایە لەدوای ئەوەوە واز لە کاری شانۆ بهێنی باشترە. هەروەک لە پێشدا ئاماژەم بۆ کرد کاری شانۆ

خۆشەویستی و ئیلتیزام و تێگەیشتنە، کەواتە ئەگەر هیچ ئیزافەیەکت نەخستە سەر، هیچ تێنەگەیشتووی لە شانۆ.

* پێموایە هەموو شانۆکارێک دەتوانێت سوود لە هەموو ڕێبازێکی شانۆی جیهانی وەرگرێت، بە مەرجێک کتومت وەک خۆی نەیگوازێتەوە. تەجروبەی ئێوە لە ڕووی زانستی شانۆوە، یان باشتر وایە بڵێم لە ڕووی ئەکادیمییەوە چییە و فازڵ جافیش هەردەم لە کاتی کارکردنیدا پەیڕەوی کۆمەڵێک ڕێبازی شانۆی جیهانی دەکات. ئێوە لەو بڕوایەدان کاتێ فازڵ ڕێبازە شانۆییە جیهانییەکان دەهێنێتە نێو بەرهەمەکانی خۆی، هەتا چەند ئیزافەکانی خۆی لە شانۆنامەکانیدا بەرجەستەی یەکتری دەبن؟

**مەریوان کەمال:** خۆی خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە، کە سەبارەت بە دەرهێنەر کە دەبێ بەم شێوەیە بێت. دەبێ مەسەلەی تیۆری بخوێنێ و تا بتوانی ئەوکارە بە شێوەی پراکتیک بەرجەستە بکەی فازڵ ئەو بابەتانەی خوێندوویەتی، یان ئێستاش بە بەردەوامی دەیانخوێنێ و لێکدانەوەی خۆی بۆیان هەیە، سەرەڕای ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەسەر زۆر شێوازو قوتابخانەی جیاجیا هەیە، بەڵام ئەو زیاتر پەیڕەوی ڕێبازی مایرهۆڵد دەکات. فازڵ توانیویەتی هەتا ئێستا ئەوەندەی من ئاگادارم و شارەزاییم هەبێ لە هەر کارێکیدا، ئەو تیۆری شانۆیی دەهێنێت و بە پراکتیک لە کاری شانۆییدا بەرجەستە دەکات. هێنان و بەکارهێنانی ڕێبازە جیهانییەکانی شانۆ بۆ نێو شانۆی کوردی و زۆر بە شێوەیەکی ئەکادیمی ئاوێتەی یەکتریان دەکات. بێگومان دەقاو دەق نابێت، ئەگەر بێت و وەک خۆی دەقاو دەق بیکات، ئەوە دەبێ بەشێوەی بۆچوون و بیر و فیکری خۆی ئەم داڕشتنە تیۆرییە بهێنێت و بیکاتە پراکتیک و ئیزافەی هێنانی بیرو بۆچوون و ڕێبازی شانۆی جیهانی بۆ ناو شانۆی کوردی لە ڕێگای فازڵەوە بەشێوەیەکی زۆر باش بەرجەستە کراوە.

* تۆ لە میانەی قسەکاندا ئاماژەت بە ڕێبازی مایرهۆڵد کرد، زێدەتر فازڵ لە کاتی کارکردنیدا تەرکیز لەسەر ڕێبازی مایرهۆڵد دەکات لە شانۆ بەگشتی و شانۆی کوردی بەتایبەتی. لە میدیای کوردیدا خوێندومەتەوە هەندێک لە شانۆکارانی کورد لە لێدوانەکانیاندا وتوویانە: کە ڕێبازی مایرهۆڵد لە ئەورووپادا باوی نەماوە، ئێوە لەم ڕووەوە چی دەڵێن؟

**مەریوان کەمال:** (بە پێکەنینەوە) پێموابێ تۆ بۆ نێو مەسەلەیەکی دیکەوە ڕامدەکێشی، بەڵام هەرچۆنێک بێت، من وەڵامت دەدەمەوە، زۆر کەس پێیانوایە کە ستانیسلاڤسکی و مایرهۆڵد هەتا برێختیش بەسەرچوون نەک تەنیا مایرهۆڵد، من سەد لەسەد بە پێچەوانەی ئەوانەوەم. خۆی حەقمەن ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆشنبیری ئەو کەسانەی ئەو شێوە قسانە دەکەن. لە وڵاتی ئێمەدا، لە کوردستان بەپلەی یەکەم مەسەلەی سەرچاوەکان لە بواری شانۆدا کەمن، ئەو سەرچاوانەش کە هەبن هەتا ئێستا دیارە بەزمانی فارسی و عەرەبی و کەم تا زۆرێکیش لەوانەیە بەزمانی تورکی بووبێت. ئەمانەش حەقمەن ئێستا کەمبوونەتەوە، دووەمیش ئەو شێوە وەرگێڕانانە زۆربان کە دادەنیشی و دەیانخوێنیتەوە سەیر دەکەی بەشی زۆری هەڵەی زۆر زۆری تیایە، تۆ لێرە لە وڵاتێکی وەک سوید و وڵاتانی دیکەی ئەوروپا، کەسێکیش کە بتوانێت زمانە بیانییەکان وەکو زمانی ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی، ڕوسی و سویدی، ئەمانە بتوانێت لەو زمانانەوە وەرگێڕێتە سەر زمانی کوردی، بێگومان قەبارەی خۆی دەبێ. بێگومان مانایەکی پڕ تری لە بابەتەکان دەبێ. ئێستاکە ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە لای خۆمان دەربارەی ستانیسلاڤسکی تەنیا کتێبی (ئامادەکردنی ئەکتەر)مان هەیە، ئەویش کراوەتە عەرەبی، پێموایە ئەگەر سەرچاوەکانی دیکەش هەبن، زۆر کەم بن و دەستی زۆر کەسیش نەکەوتوون، بەڵام ئەگەر لێرە مەبەستم ئەوروپایە بۆی بگەڕێیت سەرچاوەی وات دەست دەکەوێت، پێموا نییە بە کاتێکی زۆر زۆر زەمەنی دوور و درێژیش بگاتەوە ئەو کەسانەی ئەو جۆرە قسانە دەکەن.

* لە کوردستان زۆر ئیدیعای ڕێبازێک لە شانۆدا دەکەن کە پێی دەوترێت (ئەزموونگەری)، بەڵام هەندێک لە شانۆکارانمان دەڵێن ئەزموونگەریی ڕێباز نییە، بەڵکو هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی شێوازێک لە شانۆدا، شێوازێکی تازە، هەندێکیش پێیانوایە تەمومژێکە هاتووە و بەسەر دەچێت، لەم ڕووەوە فازڵ جاف وەک ئەزموونگەرێک بۆ شانۆی کوردی هاتووە شتی تازە بهێنێتە ناوەوە، یان شێوازی کارکردنی سەد لە سەد جیاوازە؟

**عادل عەبدوڵڵا:** ئەگەر باس لە ئەزموونگەری لە شانۆی کوردیدا بکەین پێموایە هێشتا زۆر زووە. بە تایبەتی بۆ میللەتێک کە خۆی شانۆی نەبێت، بەڵام من دەڵێم ئەو شێواز و ڕێبازی فازڵ بەکاری دەهێنی لە ڕێبازی مایرهۆڵددا، بۆ فێرکردنی ئەکتەر باشترین فێر کردنە، چونکە تاوەکو ئەکتەر نەتوانی ئەو جووڵانەوە لەسەر شانۆدا وەک دەرهێنەر گەرەکیەتی جێبەجێ بکات. ئەمجا لە ڕووی سایکۆلۆژیشەوە کاراکتەرەکەت لە نمایشەکەدا دەربخەیت و بە هەمان شێوە ناتوانیت ئینجا داهێنانی تیادابکەیت، بەو پەیژەیە بچێتە سەرەوە یەکسەر بۆ ئەزموونگەری، ڕێباز و قوتابخانەیەکت گرت

وەک ئاماژەمان پێدا. هەروەها ڕێباز و قوتابخانەکانی ستانیسلاڤسکی مایرهۆڵد وابزانم باشترین شێوەیە بۆ پێگەیاندنی ئەکتەر و خۆ پەروەردەکردن، ئەو دوو ڕێبازەیە کە باسمان لێوە کرد. هەڵبەتە فازڵ جاف لە شانۆ لەگەڵ ئێمەدا ئەم ڕێبازانە بەکاردەهێنێ. ئەو کارانەی فازڵ وەکو ئەکتەر لەگەڵ ئێمەدا ئەنجامی دەدات، شێوازێکە بۆ دامەزراندنی قوتابخانەیەکی شانۆیی لەنێو شانۆی کوردیماندا. بێگومان دەبێ کەسێک بەم هەموو قوتابخانانە دا بڕوات ئینجا بگاتە ئەزموونگەری، ئەگەرنا ئەزموونگەری لەوانەیە بە هەڵە دەربچێت.

* فازڵ جاف لە هەڵبژاردنی دەقە شانۆییەکانیدا هەستی وروژاندنی زۆر باڵادەستە، کە ڕەنگە بینەر بخاتە پێکەنین، یان گریان یانیش هەر دەربڕینێکی دیکەوە، هەروەها ئاستی پردی نێوان ئەکتەر و بینەر لە نواندنی کاراکتەری شانۆگەرییەکاندا لەلای ناوبراو گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە، گرنگیش ئەوەیە کە دەبینین زۆربەی زۆری فازڵ جاف کە دەقێک هەڵدەبژێرێت لە کۆتایی شانۆنامەکەدا ئەوەی بینەر دەیەوێت ئەوە نادات بەدەستەوە، هەردەم بینەر تووشی بیرکردنەوە دەکات، لەم شانۆگەرییەشدا هەروا کەوتەوە. بێگومان تەوەری گفتوگۆی ئەم دانیشتنەشمان بەشی زۆری لەسەر تیپی شانۆی ئارارات و کارە شانۆییەکانی دکتۆر فازڵ جافە، هەر لەبەر هەندێش زێدەتر ناوی بەرێزیان دێتە گۆڕێ. تۆ لەم ڕووەوە چ ئەزموونێکتان لە کارکردندا لەگەڵ فازڵ بەدەست هێنا؟

**تەلار هیرانی:** بە بڕوای من ئەوە جوانییێکی بە شانۆگەرییەکە دا، پێموایە پرسیارێکی گەورەی لەلای بینەر دروست کرد، دوور نییە هەندێک لە بینەران هەتا ئێستا بیر لە بەکۆتا هاتنی ئەم شانۆگەرییە بکەنەوە، کە بۆچی بەم شێوەیە بە کۆتا هات. پێموایە فازڵ بەم شێوەیە کار دەکات، بۆ ئەوەی وا لە بینەر بکات هەردەم بیربکاتەوە.

**شادە عومەر:** منیش بیروبۆچوونم لەگەڵ تەلارخانە، هەڵبەتە شێوازی بەکۆتا هاتنی شانۆنامەکانی پێشووتریش هەروا بوو، هەردەم لە کۆتاییدا ئاکامی شانۆگەرییەکانی بۆ بینەرانی بەجێ هێشتووە تا بیر بکەنەوە.

* بینای شانۆگەری لە دەقەوە دەست پێدەکات و دوای دەرهێنەر، ئەکتەر و بینەر دێن. زۆر کەسیش دەڵێن نەخێر دەق لە شانۆدا ڕۆڵی خۆی نابینێ. باشە بەبێ تێکست. دەرهێنەر و ئەکتەر لە شانۆدا چ مانایەک دەگەیێنێ؟

**مەریوان کەمال:** من پێموایە پێش تێکست، واتە نووسەر، دەرهێنەر، ئەکتەر و بینەر، ئەمەیان هاوکێشەیەکی کۆمەڵایەتییە، هیچ یەکێکیان بەبێ ئەوی تریان گوزارشت ناکات. هەروەک چۆن لەفیزیادا ($H_2O$) دەکاتە ئاو، هیچ یەکێکیان بەبێ ئەوی دیکە ئاو دروست ناکات. دیسانەوە لە مەسەلەی شانۆشدا هەروەکو وتم بەم چوار خاڵە، تێگەیشتن لە شانۆدا دروست دەبێ. ئەگەر هەر خاڵێک لەو خاڵانە نوقسانی هەبێ، شانۆ نوقسانی دەبێ.

**عادل عەبدوڵلا:** بۆچوونەکانم لەگەڵ مەریوان یەک دەگرنەوە، بەڵام دەمەوێ ئیزافەی یەک شت بکەم، مەریوان وتی: نووسەر، دەرهێنەر و ئەکتەر و بینەر، بەس پێش تێکست دەبێ ڕووداوێک ڕووی دابێت بۆ ئەوەی نووسەرێک بتوانێت بینووسێتەوە، ئەم ڕووداوە خۆی لەخۆیدا شانۆیە، درامایە شتێک ڕووی داوە ئەو نووسەرە نووسیویەتی، واتە هەموو ڕووداوێک دەگەڕێتەوە بۆ شانۆ بۆ ئەو هەموو قوتابخانەی کە پێیدا تێپەڕ دەبێت.

* ئێوە پێتان وایە دەقی شانۆیی لە دەرهێنەرەوە بەرجەستە دەبێت، یان ئەو بەرجەستە کردنە زێدەتر کاری ئەکتەرە؟

**عادل عەبدوڵلا:** من پێموایە تەواوکەری یەکترین، ناکرێ تێکستێک ئەگەر نەخرێتە سەر شانۆ وەک خوێنەر پێشتر دەیخوێنێتەوە تام و چێژی لێوەردەگرێت، بەڵام ئەم تام و چێژە جیاوازترە کاتێ بینەر لەسەر تەختەی شانۆدا دەیبینێت.

* زۆرجار نمایشی شانۆیی ئەگەر چەند چڕو پڕتر بێت و ئاماژە هونەرییەکانی لە ڕووی کاری دەرهێنانەوە دیارتر بێت، کە ئەو دەقە بە چ شێوەیەک لەسەر شانۆ بەهۆی ئەکتەرەکانیەوە بەرجەستە بکرێت. چەندە کاریگەری بینای کردنی دەقە شانۆییەکە لە ڕاهێنان و نمایشکردنی لەسەر تەختەی شانۆ دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەمەندی دەرهێنەرەکە لە ڕووی پاشخانی ڕۆشنبیرییەوە، ئایا ئەو شانۆگەرییانەی هەتا ئێستا تیپی شانۆی ئارارات کە بەشێوەیەکی زۆر پرۆفیشنێل پێشکەش کراون، پێتانوایە لە ڕووی پاشخانی ڕۆشنبیرییێکی دەوڵەمەندەوە کە لەلای دەرهێنەرەکەیەوە سەرچاوە دەگرێت. باشە ئەم ڕۆشنبیرییە دەوڵەمەندە دوای بەکۆتا هاتنی هەر بەرهەمێکی ئەم تیپە شانۆییە، چەندە کاریگەری خۆی لەسەر ئەکتەرەکانی بەجێ دەهێڵێ؟

**عادل عەبدوڵلا:** فازڵ تەجروبەییێکی زۆر زۆر کۆنی لەم کارەدا هەیە، دەتوانم بڵێم پتر لە نیوەی ژیانی خۆی بۆ ئەم کارە تەرخان کردووە، لەبەر ئەوە ئەو قۆناخانەی فازڵ پێیدا تێپەڕیوە لە بەدەست هێنانی ماجستێر و دکتۆراو ئەو ڕێباز و قوتابخانانەی شانۆ. ئەو کارانەی کردوویەتی

له کوردستانیش پێش ئەوەی بێته هەندەران ئەمانه بنەمایەکی تایبەتمەندی خۆیان هەیە، کاتێ فازڵ کاری کردووه، کارەکانی جیاوازن لەگەڵ دەرهێنەرەکانی دیکە. ئێمە وەک ئەکتەر لەگەڵ فازڵدا کار دەکەین جیاوازیمان هەیە، بەڵێ جیاوازییەکان له دوو قوتابخانەی شانۆ ڕەنگیان داوەتەوە. کارەکانی فازڵ ڕۆشنبیرییەکی تەواوی بەدواوەیە. کاتێ ئەو دێت تێکستێک بۆ سەر شانۆ هەڵدەبژێرێت بۆ نمایشکردن و نیشاندان، بینەرانی تایبەتی خۆی له سوید، یان له هەر شوێنێکی دیکەدا هەیە، ئەو بە وریاییەوە و بە ئاگا له ڕەوشتی وڵاتەکەی خۆی تێکست بە گوێرەی قۆناخەکه هەڵدەبژێرێت، ئەو دەزانێت قۆناخەکە چی گەرەکە، ئەوەش بەو مانایە دێت کە فازڵ جاف هونەرمەندێکە خاوەن ئەزموونێکی دەوڵەمەندە، پێویستە شانۆی کوردی فەرامۆشی نەکات، چونکە بێگومانم شانۆی کوردی ئەمڕۆمان پێویستییێکی زۆری بە هونەرمەندانی وەک دکتۆر فازڵ جاف هەیە کە تەکانێک بەو قەیرانەی شانۆی کوردی بدات و له مردن ڕزگاری بکات.

* کاتێک فازڵ جاف بەو زەخیرە زۆرەوە له شانۆدا کارتان لەگەڵدا دەکات، بێگومان ئەو زەخیرە زۆرەی کە لەلای ئەودا گەڵاڵە بووە، هەروا بە ئاسانی نەهاتۆتە ئاراوە، بێگومانم ئەو شەونخوونێکی له ڕادەبەدەری لەگەڵدا کردووه. بەش بەحاڵی خۆم لەو باوەڕەدام کە فازڵ تۆبەکاری شانۆیە و لەسەر دەستی شانۆ تۆبەی کردووه و بۆ شانۆ دەژیت و بۆ شانۆ کار دەکات و هەموو ژیانی بۆتە شانۆ. ئەو چەندە کاریگەری لەسەر ئێوە له کاتی کارکردندا بەجێ هێشتووه، دیارە مەبەستم له ڕووی پێداگۆگییەوە، واتە وەک مامۆستایەکی شانۆ بە چ شێوەیەک ئەو زەخیرە دەوڵەمەندەی خۆی دەدات بە ئێوە له کاتی پرۆڤەکردندا؟

**عادل عەبدوڵڵا:** ئەگەر من بەش بەحاڵی خۆم باسی بکەم، زۆر زۆر سوودم له فازڵ وەرگرتووه، من وەک ئەکتەرێک کاردەکەم بە گوێرەی ئەو قوتابخانە و ڕێبازە شانۆییانەی ئەو دەیەوێ، بە گوێرەی ئەو بۆچوونانەی ئەو دەیەوێ له گەڵاڵەکردنی ئەو تێکستەی کە هەڵیدەبژێرێت بۆ شانۆ، کە ئەمە خۆی لەخۆیدا بۆ کاتێک و زەمەنێکی تایبەتمەند هەڵیدەبژێرێت. بێگومان سوودمان له فازڵ زۆر زۆر وەرگرتووه. دەتوانم بڵێم ئێمە وەک قوتابی و ئەویش وەک پێداگۆگ و مامۆستایەکی شانۆ کاری لەگەڵدا دەکەین.

* تەلارخان تۆ لەم شانۆگەرییەدا ڕۆڵێکی سەرەکی و سەرکەوتووت دەبینی. من دەڵێم هیچ کاتێک پردی نێوان ئەکتەر و بینەر دروست نابێت، ئەگەر دەقێکی سەرکەوتوو لەگەڵ دەرهێنەرێکی سەرکەوتوو ئاوێتەی یەکتری نەبن. ئەگەر هاتوو ئەو دەرهێنەرە بێت کۆمەڵێک میتۆدی شانۆی جیهانی بهێنێت و لەگەڵ شێوازی خۆی له دەقە شانۆییەکەدا بەهۆی ئەکتەرەکانییەوە لەسەر شانۆ بەرجەستەیان بکات. تۆ لەبەر ئەوەی جاری یەکەمت بوو لەگەڵ فازڵ جافدا ئەو پێوەندییەی لەنێوان ئەکتەر و بینەر له لایەک و پێوەندی نێوان دەرهێنەر و ئەکتەر و دەقەکە لەلایەکی دیکەوە، چۆن لێک دەدەیتەوە؟

**تەلار هیرانی:** یەکەم جار هەڵبژاردنی دەق زیرەکییەکی تەواوی تێدا بوو. دوای شێوازی دەرهێنەر له کارکردندا ئاوێتەی یەکتری دەبوون و له هەمووشی گرینگتر شێوازی کارکردنی دەرهێنەرە لەگەڵ ئەکتەردا هەر هەموو ئەمانە وایان کرد کە ئەم شانۆگەرییە سەرکەوتنێکی له ڕادەبەدەر بەدەست بهێنێت.

* ئێوە هەر هەمووتان له قسەکانتاندا دەردەکەوێت کە لەگەڵ تیپی شانۆی ئارارات بەگشتی و فازڵ جاف بەتایبەتی گەشبینن. ئەگەر هاتوو ڕۆژێک له ڕۆژان بیر له دامەزراندنی تیپی شانۆی نەتەوەیی له کوردستان کرایەوە، ئەو شێوە کارکردنەی ئێوە له سوید دەکرێت ببێتە بنەمایەکی زانستی بۆ کارکردن له تیپێکی شانۆی نەتەوەیی له کوردستاندا؟

**تەلار هیرانی:** بە دڵنیاییەوە، چونکە هەتا ئێستاکە له شانۆی کوردیدا بەم شێوە ئەکادیمیا و زانستییە کارنەکراوە، دڵنیاشم ڕۆژێک له ڕۆژان شانۆی نەتەوەیی له کوردستان دروست ببێت، دەبێت لەسەر دەستی کەسانێکی وەک فازڵ جاف دروست بکرێت. پێشموایە هەتا ئێستاکە کەسانی وامان نییە لەو زیاتر، بە دڵنیاییشەوە دەڵێم ئەگەر کارێکی وا بێتە پێشەوە، من ئامادەم یەکەم کەس بچمەوە کوردستان و لەبن دەستی فازڵ جاف وەک قوتابی و ئەکتەر کار بکەم.

* لەبەرچی شانۆی کوردی له کوردستاندا هەتا ئەمڕۆکە له قەیراندایە، ئایا ململانێی شانۆکارانە، یان بێ توانایی هەندێک لەم شانۆکارانەیە، بە بڕوای تۆ قەیرانەکە بۆ چ هۆیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە؟

**تەلار هیرانی:** یەکەمین ململانێ هەیە، بەڵام ئەوەش بۆ قەیرانی شانۆ، دەگەڕێتەوە، چونکە خەڵکانی زیرەک له بواری شانۆدا زۆر کەمن، دەتوانین لەم ڕووەوە بڵێین شانۆکارانی هەڵبژاردە و زیرەک لەنێو کورددا بە پەنجەی دەست دەژمێردرێت. پێموایە هەم ململانێ و هەم قەیرانی شانۆ وایان له بزاوتی شانۆی کوردی کردووە له جێگای خۆیدا چەق ببەستێت. هەر بۆیە لەم ڕووەوە هیچ گۆڕانکارییەکی بەرچاو له پێشڤەچوونی ئەمڕۆی شانۆی کوردی له کوردستاندا بەدی ناکرێت، زانا و لێزانێکی

شانۆیی دەوێت کە تەکانێک بەم قەیرانە بدات و گۆمی مەنگی شانۆ بهەژێنێت و پەیامی ڕاستەقینەی خۆی بگەیێنێتە مرۆڤایەتی و لەم ڕێگایەوە تێبکۆشێ بۆ بەرز ڕاگرتن و سەرکەوتنی کولتووری نەتەوایەتی کوردی لەم قۆناخە هەستیار و پڕ لەو گێرمە و کێشەیەی لە ڕێگای دۆزی ڕەوای نەتەوەی کورددا لە ئارادایە. بێگومان لەم قۆناخەشدا گەرەکە شانۆی کوردی بەشێوەیەکی ئازاد و هوشیاری نەتەوەییەوە بێتە مەیدان و ڕۆڵی دیاری خۆی ببینێت.

**مەریوان کەمال:** دروستکردنی شانۆی نەتەوەیی پێوەندییەکی زۆر زۆر گەورەی هەیە بە جیاکردنەوەی دامودەزگا مەدەنییەکان لە دامودەزگا سیاسیەکان. ئەگەر تۆ نەتوانیت دامودەزگای مەدەنی دروست بکەیت، ئەوکاتە کۆمەڵێک بەربەستت دێتە ڕێگا، ئەوکاتە تۆ ناتوانیت بەشێوەیەکی ئازاد کار بکەیت. ناتوانیت ماف بدەیت بە بوارە جیاجیاکانی نێو کۆمەڵگەی مەدەنی بەتایبەتی لە بواری هونەردا. ئەوکاتەی دامودەزگای مەدەنی جیاکرایەوە لە دامودەزگای سیاسی، بێگومان ئەو کاتە تیپی شانۆی نەتەوەیی بەئاسانی دروست دەبێت. مەسەلەی قەیرانەکەش بۆ هەمان مەبەست دەگەڕێتەوە، ئەگەر تۆ وەک دامودەزگایەکی مەدەنی بوونت نەبێت، هەڵبەتە ناتوانیت ڕێگا خۆش بکەیت بۆ شانۆکاران لەم بوارەدا کار بکەن. تۆ ئەگەر نەتوانیت ئەو ڕێگایە خۆش بکەیت، قەیران دروست دەبێت، ئەوکاتە ململانێش سەرهەڵدەدات.

**عادل عەبدوڵلا:** من پێموایە دامەزراندنی شانۆی نەتەوەیی پابەندە بە سەقامگیری سیاسییەوە، ئەگەر ئێمە سەیری ئەو کۆمەڵگە پێشکەوتووانەی جیهان بکەین، شانۆ بووە بە بوونێک لە هەموو بوارێکی ژیاندا خۆی دەنوێنێ، واتە کە خەڵک دەچێت شانۆیەک دەبینێت، هەر چەندە هەندێک تیپی شانۆ لە ئەورووپا هەن، بینەرانی تایبەتی خۆیان هەیە دەچن بۆ بینینی ئەو جۆرە نمایشە شانۆییانە تەنیا بۆ کات بەسەربردن، بەڵام ئەگەر بێت و ئێمە باسی ئەو قۆناخە بکەین کە کۆمەڵگەی خۆمان پیادا دەڕوات، بەڵێ بێگومان کارێکی زۆری دەوێت، ئەو کارانەش دەبێ خەڵکانێک دەستی پێوە بگرن کە دەبێ لەم بوارەدا پسپۆڕ و لێزان بن، وەک مامۆستایەک کار بۆ دروستکردنی ئەکتەر بکات. هەروەها لە ڕووی ئیدارییەوەش زۆر گرنگە دەبێ کەسانێک کاری تیا بکەن پسپۆڕ بن لە بواری بەڕێوەبردنی دامودەزگایەکی لەم بابەتە و دەبێ بزانن بە چ شێوەیەک ئەم دەزگا نەتەوەییە بەڕێوە دەبرێت.

**مەریوان کەمال:** هەروەکو پێشتر (عادل)یش باسی کرد، ئەگەر بتەوێت شانۆیێکی نەتەوەیی دامەزرێنی، واتە تۆ دەزگایێکی مەدەنی دامەزرێنی، دروستبوونی دەزگایێکی مەدەنی وەکو شانۆی نەتەوەیی، دەکرێ بە دوو بەشەوە، بەشی یەکەم هونەرییە، بەشی دووەم بەشی ئیدارییە. هەڵبەتە بەشە ئیدارییەکە زۆر گرنگ دەبێ، چونکە تۆ ئەو کەسانەی لە بەشە ئیدارییەکەی دایان دەنێیی دەبێ زۆر پسپۆڕ بن لەم بوارەدا دەبێ بزانن چ کارێک هەڵدەبژێرن، چ کارێک ئەنجام دەدەن بۆ ئەم میللەتە، چ کارێک پێویستە بۆ بینەرانی شانۆ و چ کارێک پێویستە بۆ ئەو قۆناخەی تیادەژی، تۆ بەم شێوەیە دەتوانی شانۆیێکی نەتەوەیی دامەزرێنی. ئینجا دیسانەوە لە بارەی هونەرییەوە کەسانێکی پسپۆرت هەبێ و ئەکادیمی بن لە شانۆدا.

* هەتا چ ڕادەیەک میدیا و ڕۆژنامەنووسانی کورد ڕۆڵی خۆیان لە پێشڤەچوونی بزاوتی شانۆی کوردیدا بینیوە. هەروەها ئەگەر باس لە ئەورووپا بەگشتی، سوید، بەتایبەتی بکەین، میدیای کوردی لێرە چ سایتی ئینتەرنێت و چ ڕادیۆ کوردییەکانی ستۆکهۆلم لەلایەکەوە و هەروا کەناڵە تەلەڤزیۆنە ئاسمانییەکانی کوردستان چەندە ڕۆڵیان هەبوو بۆ پڕوپاگەندە کردن بۆ شانۆنامەی (مەرگ و کچ) کە دوا بەرهەمی تیپی ئارارات بوو لەسوید، بە بڕوای ئێوە ئەو میدیایەی کە باسی لێوە دەکەین، چەندە کاریگەری خۆی بۆ کۆکردنەوەی بینەرانی هەڵبژاردە بۆ بینینی ئەم شانۆنامەیە نواند؟

**تەلار هیرانی:** بێگومان زۆر زۆر، بە ڕاستی خەڵکانێکی ڕۆشنبیر و هونەرمەند و ڕۆژنامەنووسان و ئارەزوومەندانی شانۆی لە چوار دەوری خۆی کۆکردەوە. هەڵبەتە میدیا بەشێوەیەکی گشتی ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕێ.. هەندێکیان بە پۆزەتیڤیش لەسەر شانۆنامەکەیان لە سایتی ئینتەرنێت بەتایبەتی سایتەکانی (کوردستانپۆست و کوردستان نێت و دیمانە و کۆنتراکت) نووسی و هەروا با لە بیریشمان نەچێت ناسر سینا لە ڕادیۆی زایەڵە کە ڕادیۆیەکی سەرانسەرییە لە تەواوی سوید پرۆگرامی دەربارەی کردووە هەر هەموو ئەو بەڕێزانەی لەسەریشیان نووسی جێگای سوپاسن. بێگومان وا هەست دەکەم تەئسیری زۆری هەبووە.

* دوای نمایشی ئەم شانۆنامەیە لێرەو لەوێ گوێبیستی ئەوە دەبین کە نیازوایە تیپی شانۆی ئارارات لە سوید ئەم بەرهەمەی خۆی بباتەوە بۆ کوردستان، هەتا ئێستاکە چی کراوە بۆ بردنەوەی ئەم بەرهەمە بۆ ئەوەی لە کوردستاندا نمایش بکرێت؟

**تەلار هیرانی:** دیارە ئیشی تێدا دەکرێ، بە نیازی ئەوەین ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم بەرهەمە ببرێتەوە بۆ

کوردستان، چونکە بە ڕاستی ئەم شانۆگەرییە بۆ ڕەوشی ئەمڕۆی کوردستان دوای ڕووخانی دیکتاتۆرییەت لە عیراقدا زۆر پێویستە خەڵکی ئەوێ ببیبنن، بەتایبەتی ژنانمان، چونکە زۆر ژنمان هەن ئەو جۆرە کارەساتەیان بەسەر هاتووە هەروەک لە نێوەرۆکی شانۆنامەکەدا بە ڕوونی و ئاشکرایی درکی پێدەکرێت.

* ئەی ئومێدتان بۆ دوارۆژ وەک ژنە ئەکتەرێک لەگەڵ تیپی شانۆی ئاراراتدا چییە، پێتانوایە هەر بەردەوام دەبن یان نا؟

**تەلار هیرانی:** وەکو ئەوەی بە خۆم بیری لێدەکەمەوە، بەڵێ بە دڵنیاییەوە دەڵێم تاوەکو تیپی شانۆی ئارارات و فازڵ و ئەندامەکانی هەبن، ئەمنیش یەکێکم لەوان و قەتیش بەریان نادەم (بە پێکەنینەوە) ئەگەر ئەوان بەخۆیان پشتگوێم بخەن، ئەگەرنا هەر لەگەڵیاندا بەردەوام دەبم.

* عادل با ئەم پرسیارە دووبارە ئاراستەی جەنابتانیش بکەم، بەڵام ئەم جارەیان بەشێوەیەکی دیکە دەیخەمە ڕوو، ڕۆڵی میدیای کوردی چەند کاریگەری خۆی بەجێ دەهێڵێ بۆ ئەوەی بینەران بۆ شانۆگەری ڕابکێشێ.. هەروەک دەزانرێت بۆ ئەم بەرهەمە پروپاگەندە و ڕیکلامێکی زۆری بۆ کرا، چ لە هەردوو کەناڵی ئاسمانی تەلەڤزیۆن لە کوردستان چ لە سایتی ئینتەرنێت و ڕادیۆکانی ستۆکهۆلم، ئەوە چەند کاریگەری هەبوو بۆ ئەوەی بینەرانێکی هەڵبژاردە بێن بۆ بینینی ئەم شانۆنامەیە؟

**عادل عەبدوڵڵا:** بێگومان ڕۆڵی میدیا ڕۆڵێکی زۆر زۆر سەرەکییە لە نمایشکردنی شانۆدا. ئەوەی سەرنجی ئێمەی بۆ ئەم شانۆگەرییە وەک پروپاگەندە و ڕیکلام ڕاکێشا، کارێکی ئێجگار باشی بۆ کرا. ئەو کاتانەی ئێمە (٢٢) ساڵ لەمەوبەر لە سوید دەستمان بە کاری شانۆ کرد بەم شێوەیەی ئەمڕۆکە کاری میدیای کوردی بەڕێوە نەدەچوو، هەتا ڕیکلامی شانۆگەرییەکانیش هەر خۆمان جێبەجێمان دەکرد. ئەویش کۆمەڵێک خەڵک دەیانزانی و خەڵکێکی زۆریش لێی بێبەش دەبوون. ئەمڕۆ بە هەرحاڵ میدیا ڕۆڵی بەرچاوی خۆی دەبینێ. ئێمە وەک ئەندامانی تیپی شانۆی ئارارات سوپاس و پێزانینی خۆمان بۆ میدیای کوردی بەتایبەتی ئەوانەی هاوکارمان بوون، دووپات دەکەینەوە.

**مەریوان کەمال:** من دەخوازم هەندێک ئیزافات دەربارەی بردنەوەی ئەم شانۆنامەیە بۆ کوردستان و لەوێ نمایش بکرێت بخەمە ڕوو. لە ڕاستیدا نیمچە هەوڵێک بۆ بردنەوەی ئەم شانۆنامەیە بۆ کوردستان و لەوێ نمایش بکرێت لە ئارادایە، ئەمەشیان هەتا ئێستا زێدەتر قسەیە و هیچ شتێک بە فەرمی (ڕەسمی) پێمان نەگەیشتووە، تەنیا هەر قسەیەک لەم ڕووەوە کراوە. هیوادارم ئەگەر بخوازن ئەم بەرهەمەمان بچێتەوە بۆ کوردستان زۆر پێمان خۆش دەبێ کە بە زووترین کات لەم ڕووەوە بەشێوەیەکی فەرمی ئاگادار بکرێینەوە، ئێمەش لەم ڕووەوە ئامادەین. لە ڕاستیدا ئەم بەرهەمە زۆر پێویستە کە لە کوردستاندا نمایش بکرێت.

من پێموایە شانۆ میکرۆسکۆپێکە گرفتەکانی کۆمەڵ ئەگەر هەرچەندە بچووکیش خۆ بنوێنن، ئەو گەورەیان دەکاتەوە و جارێکی دیکە بە گەورەیی نمایشیان دەکات، بەڵام بەشێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی و هونەری نیشانی میللەتەکەی خۆی دەداتەوە، بۆ ئەوەی لە هەموو شتە شاراوە و نهێنییەکانی ئەو جۆرە گرفتانە تێبگەن.

* لە دوماهی ئەم مێزگردە هونەرییەماندا لەگەڵ ئێوەی بەڕێزدا، دەمی دوا پرسیارمان ئاراستەی شادەخان دەکەین و دەڵێین دەکرێت لە پرۆژەی داهاتووی تیپی شانۆی ئارارات لە سوید ئاگادارمان بکەنەوە، ئایا پرۆژەی داهاتووتان، یان بەرهەمی تازەتان بە دەستەوەیە یان نا؟

**شادە عومەر:** جارێ بۆ ئەم بەرهەمەی ئێستاکە لەبەر دەستماندایە، نیازمان وایە بێجگە لە شاری ستۆکهۆلم لە چەند شارێکی دیکەی سوید وەک (یۆتۆبۆری، ئۆپسالا، ڤێستەرۆس) چەند شارێکی دیکە ئەگەر ڕێک بکەوێت نمایشی بکەین. هەروەها ئەگەر لە داهاتوویەکی نیزیکیشدا ڕێک بکەوێت بیبەینەوە بۆ کوردستانیش کە بۆ ئەوێش ئێجگار پێویستە نیشان بدرێت و خەڵکی کوردستانیش لێی بێبەش نەبن. هەڵبەت بەرهەمی تازە، یان باشتروایە بڵێم پرۆژەی تازەمان بەدەستەوەیە بۆ گەنجانی کورد لە ستۆکهۆلم، کە نیازوایە لە هەفتەکانی داهاتوودا دەست بەکاربین.

* بە ڕاستی ماندوومان کردن، زۆر سوپاس بۆ هەر هەمووتان.

**هەموو پێکەوە:** زۆر سوپاس بۆ ئێوە.

**ستۆکهۆلم (٢٠٠٤/٧/٤)**



# كۆمەڵگەی زانیاریی نوێ و ئاكامی گۆڕانكارییەكان
# گفتوگۆ لەتەك مانوێل كاستێلس

ئازاد حەمە
(سوید)

**«بەشی چوارەم»**

لەڕاستیدا ئەم دژایەتی و دووبەرەكایەتییە دوولایەنانە هەمیشە لەتوانایاندایە سەرلەنوێ بژیێنەوە و لەلایەن هێزە شەڕانگێز و بكوژەكانیشەوە بەكاربرێن و مانای تایبەت و گشتیشیان بدرێتە پاڵ. مرۆڤایەتی ئەوەندە كەلێنی گەورەو مەودای بێپایانی تێكەوتووە كە ئەم جۆرە دیاردانە زۆر بە ئاسانی دەتوانن شوێن بۆخۆیان بدۆزنەوە و لەفۆرمی سەیر سەیردا وەبەربهێنرێن. كاتێ كە دیاردەی تیرۆریزمی ئیسلامیش خۆی بەجۆرێكی ترسناك چڕكردەوە، بووە هۆی دروستبوونی ڕووداوەكانی (٩/١١) و هۆكاری پۆلكردنی زۆربەی تەماشاكردنە سیاسی و مەزهەبی و ئاینییەكان. ڕوناكبیرو ئەكادیمیكار و ڕۆژنامەنووسی وڵاتانی نێتۆرك هەروەك ئەوەی وڵاتانی جیهانی عەرەبی- ئیسلامی كەوتنە خۆ دابەشكردن و هەڵوێستی هەڵە وەرگرتن و وتاربێژتنی گومانئامێز و نابینا. هەردوو ئەوەیان لەبیركرد ئەم جۆرە خۆدابەشكردن و خۆ پۆلكردنە چ گاڵتەكردنێكە بەمرۆڤ و بەو گرفتانەی كە زۆر لەدیاردەی تیرۆریزم هەنووكە ترن، یان ئەو هەقایەتانەی ئەم جۆرە دیاردە و ڕووداوانە بەرهەم دێنێ. كۆمەڵناس و بیریار و ئابووریناسانی كۆمەڵگەی نێتۆرك چاك ئەوە دەزانن كە زانیاریگەری و ئابووریخوازی سەردەم و ئەو فۆرمە كۆمەڵایەتی و كولتووری و ئابووریانەی سەرمایەداری گلۆبال دەیخاتە ناو ژیانی ڕۆژانەوە، چەند ترسناكتر و وێرانكارانەتر و هەمیشەییترە لەدیاردەیەكی پڕ لەتووڕەیی و ڕەقئامێزی وەك تیرۆریزمی ئیسلامی. هەروەها ئەو دەستەبژێرە رادیكال و ڕەخنەگرانەی وڵاتانی عەرەب- ئیسلامیش دەبێ چاك لەوە تێڕامێن. كە دیاردەیەكی وەك تیرۆریزمی ئیسلامی لەلایەن ڕژێمە دیسپۆتیستی و بكوژەكانی وڵاتەكانیانەوە بۆ گەلێ مەبەست بەكاردەبرێ و تەنانەت زۆرترین سیاسەتیشی پێوە دەكرێ. ئەو ڕژێمانە كە هەریەكێكیان تیرۆریستێكی وڵاتانی خۆیانن بەوپەڕی ئاگاییەوە هەوڵ دەدەن ئەم جۆرە ڕێكەوتانە بقۆزنەوە و بۆ ئەو مەبەستانەش بەكاری بەرن كە مانەوەی خۆیانی پێ پەرەبدەن. ئەگەر جیهانگیری ئابووری و

زانیاری ولاّتانی نێتۆرک لەناوچەرگەی ولاّتانی خاوەن وتاری جیهانگیری لەپشت سەرهەڵدانی جۆرە هەژارییێکی نوێ و بێکارییێکی بەردەوام و کرمینالیتێیێ ئابووری ئۆرگەنیزەکراوەوە بێ، ئەوا دیاردەهایەکی وەک فۆندەمینتالیزم و فەنەتیزم نەک هەر بەرهەمی ئەو ناتەباییەیە کە جیهانگیری ناوبراو لەناوچە کەمدەرامەتەکان بەرپرسیارە لەدروستبوونی، بەڵکو ئەو دەستکورتی و نەخوێندەواری و بێ مالی و ستەمەش کە لەوێدایە شمەکی لەوە باشتر بەرهەم ناهێنێ. ئەو ستەمەی لەکارگەکانی بەرهەمهێنانی شمەکی دیگیتال و ئامرازی ئەلەکترۆنی ئاڵۆزدایە کەمتر نییە لەو ستەمەی لەناو ڕێکخراوە چەکدارو خۆتەقێنەرەکان دایە. ئەو ستەمە ئۆرگەنیزەی زانیاریگەری ئابووریخوازی دروست کردووە کەمتر لەو ستەمەی فۆندەمینتالیزم فەنەتیزمی بەدیاری بۆ هێناوین، هەرەشەئامێزتر نییە.

پێمانوایە کە گرنگە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە قسەکردنمان لەسەر ئەو لایەنانەی کە لەسەرەوە ئاوڕمان لێدایەوە، هاتنە دەرەوە نییە لەناواخنی باسەکە، بەڵکو جەختکردنە لەمانەوەمان لەناو چەقی ئەو گفتوگۆیانەی کە هەر لەسەرەتاوە دەستمان داوەتێ. ئەمەش یەک لەبەرئەوەی کە لەڕووی مێتۆدییی باسەکەوە پێویستمان بەوەیە کە هەندێ لە خەسڵەتەکانی دەوڵەتی نێتۆرک و دامەزراوەکانی و ئەمجار یارییە سیاسی و ئابوورییەکانی ئەم دامەزراوانە و هەروەها بەهەڵەتێگەیشتنەکانی ولاّتانی دەرەوەی نێتۆرک روون کەینەوە. دووش لەبەرئەوەی کاستێلس لەو توێژینەوە نێودەوڵەتییەی لەبارەی چاخی زانیارییەوە هیچ بایەخێکی بەولاّتانی عەرەبی- ئیسلامی نەداوە. ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر یەکێکە لەو لاوازییانەی کە لەم کارەدا بەرجەستەیە. واتە ئەوەی پێی دەڵێن جیهانی عەرەبی- ئیسلامی شوێنی دیاریکراوی لە تیپۆلۆژیای توێژینەوەکانی ئەم کۆمەڵناسە لەمەڕ کۆمەڵگەی زانیاری نوێ نییە، ڕەنگە ئەمەش بەزۆری پێوەندی بەپلەی سفری بەشداری ئەم ولاّتانەوە هەبێ لەبەرهەمهێنانی زانیاری و تەکنیکی نوێ و کاریگەریشیان بەسەر بازاڕی ئابووری گلۆبالەوە، بەلاّم هیچ نەبێ دەبایە پەراوێزی و دواکەوتوویی، یان گەشەی هەندێ دیاردەی نوێ کە بەشێکی بەهۆی جیهانگیری ئابووری و زانیارییەوە دروست بووە و بەشەکەی تریشی فاکتەی سیاسی و کولتووری و مەزهەبی دروستیان کردووە بۆ کاستێلس شایانی باس بوایە. ئەوەی بەزۆری و بەقووڵی لەتوێژینەوە تیۆری و ئیمپیریەکانی کاستێلس لەڕووی ئابووری و کۆمەلایەتی و کولتوورییەوە شوێنیان دراوەتێ، هەندێ ناوچە و شوێن و هەرێم و ولاّتن کە گرنگی سەرەکی و بناغەییان بۆ چاخی زانیاری هەیە.

ئەمەش بەمجۆرە کراوە. ڕوونکردنەوەی، ورد و بەرین بۆ ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ولاّتانی ڕۆژئاوا و ڕۆڵی دامەزراوە نێو دەوڵەتییەکان کارگە مولتی ناسۆنالیەکان. ڕوونکردنەوەی بەرتەسک و ڕووکەش بۆ ولاّتانی ئەورووپای ڕۆژهەلاّت و بایەخێکی باشتر بەرووسیا و خوێندنەوەیەکی جدی و وریا بۆ یەکیەتی سۆڤیەت و ئاوڕێکی قووڵ لە یابان، چین و ئەو ناوچانەی وەک ولاّتهایەکی تازەگەشەکردووە دێنە ناو بازاڕی گلۆبال کە ئەوەش ناوی زۆنی ئۆقیانووسی ئارامی ئاسیایی (تایوەن، سەنگافوورە، هۆنکۆنگ، تایلاند) لێنراوە. ئەلبەتە لەسنوورێکی دیاریکراویشدا بایەخ بەولاّتانی ئەمەریکای لاتین و ئەفەریقاش دراوە.

ئەوەی کە کاستێلس لەم توێژینەوە گلۆبالەدا بایەخی خستۆتە سەر، ئەوەیە کە کۆمەڵگەی (دەوڵەتی) زانیاری تەکنەلۆژی ببێ بەشوێنی دروستبوونی ڕەفاهیەت، بەلاّم ئەم ڕەفاهیەتە تەنێ لەتەک ئابووری نوێدا دەکارێ هاوڕێگابێ. بۆیە بێبەش بوونی بەشێکی زۆر لە چوونە ناو ئەم نێتەوە، دوورکەوتنەوەشیەتی لە ڕەفاهیەتی ئابووری، تەنانەت ئەوانەش کە لەکۆمەڵگەی زانیاری نوێدا لەبواری کەرتی تەکنەلۆژیای زانیاری کاردەکەن دانیشتووانی خودی ئەو کۆمەڵگەیانەن و بێگانە و پەناهەندەکان نین. ئەم کەرتە جارێ بەجۆرێکی تایبەت ماوەتەوە و بەباشی ئینتگرێرەی (لەئینتگرەیشنەوە وەرگیراوە- واتە یەکخستن) نەکردووە و تا ئێستاش لەگەلێ لەولاّتانی نێتۆرکدا بێگانەکان لەم کەرتە دوورخراونەتەوە و ئەو جۆرە خوێندن و پسپۆریەشیان دەست ناکەوێ کە بتوانن بەئاسانی بێنە ناو و نەک هەر ئەم کەرتەوە، بەڵکو هەندێ کەرتی تریشەوە. واتە نەک هەر کەرتی تەکنەلۆژیای زانیاری، بەڵکو ئەو کەرتانەش کە تایبەتن بە تەکنیکی گەیاندنی دگیتاڵ و کاری نەختی ئەلەکترونی و ئیشە بانقییە نێودەوڵەتییەکان و کار لەدامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و کارگە مولتی ناسیۆنالەکان. کەچی کاستێلس پێیوایە کە ئەم کەرتە لەولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا زۆر مولتی ئیتنییە و ئەوانەی لەوێ لەم کەرتەدا کاردەکەن بەزۆری ئاسیاییەکانن. لە سەفەرێکیش بۆ ولاّتی سوێد دەرکی بەوە کردووە کەئەم کەرتە لەم ولاّتەدا مولتی ناسیۆنال نەکراوەو بگرە زۆر سوێدیشە، بەلاّم دان بەوەدا دەنێ کە ئافرەت ئامادەبوونێ باشی لەم کەرتەدا هەیە. (٢٠). ئەم جۆرە کەرتانە لە ولاّتانی نێتۆرکدا ئاوا بە ئاسانی و بەپەلە نابن بەشوێنێ کە پێشوازی لەگشت کەسێ بەبێ جیاوازی بکا یەک لەبەرئەوەی دیاردەی ڕق لە بێگانەبوون و دوژمنایەتی پەناهەندە جارێ هەر لە گەشەدایە و دووش لەبەرئەوەی کە باری سیاسی و

ئابووری جیهان جاریێ زۆر ناتەبا و نادادپەروەرانەیە و سێش لەبەرئەوەی لەلایەک خودی بێگانە و پەناهەندەکان جاریێ لەتەک خۆیاندا لەکێشەدان و بۆچوونی خۆیان بۆ ژیانی تازەی ئێستایان یەکلانەکردۆتەوە و لەلایەکی تریش باری ئابووری و زانستیشیان ڕێگرە لەبەردەم ئەوەی کە خۆیان بۆ شەڕی چوونە ناو ئەم کەرتانە ئامادەنەکەن.

یەک لەو شتانەی کۆمەڵگەی زانیاری نوێ لەتەک خۆیدا هێناویەتی، نێتۆرکە کە ئەمەش بووە بە بناغە بۆگەشەی ئابووری و ئەم گەشەیەش دەخوازێ ڕێگا لەبەردەم ئەوەدا بکاتەوە کە گشت جیهان بگرێتەوە و ئابووریەکی ئەوتۆ دروست کا کە سەرووی دەوڵەتی بێ و جەوهەرێکی واشی هەبێ لەکارکردنێکی بەردەوام و هەمیشەییدا بێ و لەگشت شوێنێک ئامادەبێ. ئەم ئابوورییەش بەم خەسڵەتانەوە ئەوەمان بۆ ڕوون ناکاتەوە کە ئێمە خۆمان لەناو ئابوورییێکی تەبا و بێ کێشە و یەکانگیر دەبینینەوە نەخێر، بەڵکو گشت چالاکی و کارکردن و ئامادەبوونێکی ئەم ئابوورییە بۆ ئەوەیە کە زۆرترین دەسەڵات و گەورەترین دەستمایە بۆ خۆی لەگشت شوێنێ و بەبێ جیاوازی و بەبێ سنوور مسۆگەرکا.

بەدڵنیاییشەوە چ ئەم نێتۆرکە و چش ئابوورییەکەی پێویستییێکی زۆری بە زێد، یان ماڵێکە. ئەم پێویستییەش مانای سیاسی هەیە وەک لە ئابووری. بۆ ئەوەی شوێنێکیش دەستنیشان کرێ و بکرێ بەماڵی ئەم نێتۆرک و ئابوورییە گلۆباڵە، ئەوا کاستێلس دێ و باسی (EU)مان بۆ دەکا وەک مۆدێلێ لەسەر ئەم نێتۆرکە و ئەم ئابوورییە نوێیەش. واتە (EU) دەکا بە دەوڵەتی نێتۆرک و نموونەیەک لەسەر جوگرافیای چاخی زانیاری، یان بەوەڵامێک بۆ پرسیارە سیاسییەکانمان، واتە بۆ ئەو پرسیارانەی کە ئەگەر هەمان بێ لەسەر ئەوەی چ فۆڕمێ جێی دەوڵەتی ناسیۆنال دەگرێتەوە، یاخود ئەو فۆرمە سیاسیەی (EU) لەخۆیدا بەرجەستەی کردووە چ جۆرە کردەیەکی سیاسی لێوەبەردێ، چونکە کاستێلس پێی وایە بەهۆی گۆڕانە گلۆبالییەکانی نێتۆرک نەک بەهۆی دەوڵەتی ناسیۆنال و دیموکراسیەتێکی ترادیسیۆنال (تەقلیدی) دەکرێ شوێنێک بۆ کردەی سیاسی بدۆزرێتەوە. بەم شێوەیە لەم ماڵەدا دەوڵەتی ناسیۆنال جێی نابێتەوە و نێتۆرکێکی نانێوەند، سەرپەرشتی پێوەندییەکان دەکا کە لەتوانایدایە دەسەڵاتیش لەنێوان ئەندامەکانی ئەم ماڵەدا دابەش بکا. ئەم دەسەڵاتەش لەناوەرۆکدا سەرووی دەسەڵاتی ناسیۆنال دەبێ و لەپرۆژەیەکی ئەوتۆش پێک دێ کە گوزارە لە ناسنامەی ئەوروپایی دەکاو بەپێی ئەوەش کە توانایەکی ئابووری و زانیاری تایبەتی هەیە، خۆشی دەکا بە بنکە بۆ وتاری جیهانگیری و سەرمایەداری نێتۆرکی گلۆبال.

کاتێ کە باس دێتە سەر کۆمەڵگەی نێتۆرک، یان سەردەمی زانیاری ئەلەکترۆنی نوێ و ڕۆڵی ئەم شتانە لە دروستکردنی دەسەڵاتی سیاسی سەرووی دەوڵەتی و بازاڕهایەکی بازرگانی ئاڵۆزی پڕ لەمەرج، دەبێ ئاوڕدانەوەیەکی بۆ باری ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگانەی کە لەتوانایاندا نییە بێنە ناو گۆڕەپانی پڕ گۆڕانکارییەکانەوە لەئارادابێ، بۆ ئەوەی ڕوونتر بدوێین، دەڵێین، ئەو کۆمەڵگانەی لەدروستکردنی شۆڕشە زانستییەکان بەشدارنەبوونەو داهێنەری ڕاستەوخۆی زانیاری نوێی سەردەم نین، لەگەلێ ڕووەوە بێبەش و مەحرووممن لەمافی نەک هەر بەرهەمهێنان، بەڵکو لەمافی بردنەڕێوە و دابەشکردنیش. سیستەمی ئابووری و تەکنیکی گلۆبالیش دۆزێکی ئەوتۆی هێناوەتە پێشی کە ئەم مافانەی هاوشێوەی یەک کردووە و ئەوەی لە یەکێکیان بێبەش بێ، ئەوا لەوانی تریش بێبەش دەبێ. کەواتە بوون بە بەرهەمهێنەر واتە بوون بە بەرهەمهێنەر و دابەشکەر و هەروەها ئەوەی کە بڕیار دەدا و مافی پەیڤین و گۆڕین و نوێنەرایەتی هەیە، تەنێ ئەوەیە کە بەرهەمهێنەرە و ئەو دابەشکردنەش کە لەپاڵ بەرهەمهێنانەوە دروست دەبێ، شێوە دابەشکردنێکی تازەیە و بەری ئەو گەشەیەیە کە بەهۆی نێتۆرکەوە جیهانی تێکەوتووە، چونکە ئەم دابەشکردنە تەنێ لایەنی بەرهەم ناگرێتەوە، بەڵکو لایەنی کارو سەرمایەش دەگرێتەوە. بەرهەم و کار و سەرمایەی ئەمڕۆش، زۆر یەکانگیری یەکن و هەروەها یەکانبەستی یەکدیشن و مانا بەبوونی یەکتریش دەدەن. ئەمانە تەنێ بەرژەوەندی و مەبەستە هاوبەشەکانیان یەکیان دەخا و خەون و ئامانجە گلۆبالییەکانیان ڕێک و کۆکیان دەکا. زۆربەی خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی نوێش باس لەوەدەکا کە ناوەرۆکی کۆمەڵگەی گلۆبالی ئەمڕۆ لەو جۆرە میکانیزمانە پێکهاتووە کە لەسەرەوە باس کران، واتە ئەوەی کە چۆن بەرژەوەندی و ئامانجەکان تایبەت و دەگمەن دەکرێن و بەجۆرێکیش بەرهەم دێن کە هەموو کەسێ لەتوانایدا نەبێ لەبەکاربردن و سوودوەرگرتن لێی بەشداربێ. بەمجۆرە دەکرێ بڵێین، لەگەڵ داهاتنی لۆژیکی کۆمەڵگەی گلۆبال بەرژەوەندیگەریی دەگاتە ترۆپک و بە تاقمێکیشەوە تایبەت دەکرێ کە زۆر ئاساییە ئەم تاقمە لەیەک دوو کارگە، یان لەچەند وڵاتێ، یان دەستەیەک دامەزراو و ڕێکخراوی دیاریکراو پێک هاتبێ.

گەر بڵێین کاریگەری تەکنەلۆژیای زانیاری بەسەر ئابووری جیهانەوە زۆر بەهێزە، ئەوا هەڵەمان نەکردووە.

هەروەها گەر ئەم وتنە سنووردارکەین و تەنێ تایبەتییەکانی ئەم کاریگەرییە بەسەر ئەو ئابووریانەوە بەرباس خەین کە لە ئاست ئابووری جیهان نین، یان گەشەی تەکنیک نەیتوانیوە ئەو ئابووریانە بەهێزکا کە نەهاتوونەتە ناو ئابووری گلۆبالەوە. بەخۆی دۆزی ئابووری وڵاتانی دەرەوەی ئابووری گلۆبال، یان ئەو ئابووریانەی لەناو ڕووبەری ئابووری جیهاندا کاریگەر نین (دەکرێ ئەم جۆرە ئابووریانە ناوی ئابووری جیهانی سێشی لێنرێ) هەمیشە کۆمەڵێ پرسیاری گوماناوی ئامادەن لەسەر ژیانی ئابووری وڵاتانی ئابووری گلۆبال و مەسەلەهایەکی گرنگن بۆ خستنەژێر پرسیاری دەوڵەمەندی ئەم ئابووریانە و بەرزی دەرامەت و ئاستی بووژانەوەیان. ئەو کەلێنەش کە لەنێوان ئابووری وڵاتانی بەدەرامەت و وڵاتانی دەرەوەی بازنەی دەرامەت و ڕەفاهیەتدا هەیە لەگەڵ هاتنەکایەوەی نێتۆرک و ئەم ئابوورییە زانیارییاوییەی ئەمڕۆ بەرینتر و قووڵتر بوو. لەوە ناخۆشتر ئولریش بێک وتەنی هەژارانی جیهان، ئەوانەی تازە و کۆنن، ئەوانەی هەژارییەکەیان بەمیرات بۆ ماوەتەوە و ئەوانەی کە کۆمپیوتەرەکان وای لێکردوون هەژاربن بەزەحمەت دۆزی نائومێدی خۆیان دەناسنەوە (٢١)، بەڵام ئەمە ئەوەمان لەبیرناباتەوە کە ئەو هەژارییەی کە هەمیشە لەبەردەم دەوڵەمەندی و ڕەفاهیەتدا باسێ بوو بە لەدایکبوونی تەکنەلۆژیای زانیاری نەک هەر بەبێ چارەسەر مایەوە، بگرە هەژاری بەجۆرێ ئەوتۆ نەشونمای کرد کە تا گەیشتە ئەوەی سنووری جوگرافی کلاسیکی خۆی تێپەڕێنێ و بکەوێتە ناوچەکانی کۆمەڵگەی زانیاریشەوە، بەڵام وڵاتانی دەرەوەی کۆمەڵگەی نێتۆرک تەنیا بەدەست هەژارییەوە ناناڵێنن، بەڵکە بەدەست بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری، برسیەتی، نەخۆشی بێکاری و چەندین فۆرمی تر لەزوڵمی کولتووری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و مەزهەبیشەوە دەناڵێنن و تادەگاتە ئەو دەردەسەریانەش کە بەهۆی ڕژێمە دیکتاتۆرو دیسپۆتیستەکانەوە (ستەمگەراکانەوە) دووچاری دەبن، بۆیە مرۆڤ دەتوانێ جیاوازی لەنێوان دیاردەی هەژاریی لەوڵاتانی نێتۆرک و خاوەنی ئابووری نوێ و ئەو جۆرە هەژارییە بکا کە لەوڵاتانی دەرەوەی نێتۆرکدا، باون. هەریەک لەم هەژاریانە ناوەرۆکی جیای هەیە و ئاکامی کۆمەڵایەتی خۆی هەیە. لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە کە واتای هەژاری پۆلکەین بەقەد ئەوەی کە دەخوازین ئەوە ڕوون کەینەوە کە ئەو هەژارییەی ڕەفاهیەت و دیموکراسیەت دروستی دەکا لەو هەژارییە جودایە کە بێدەرامەتی و دواکەوتوویی و دیکتاتۆریەت دروستی دەکا. ئەوی یەکەم بەجۆرێ دروست دەبێ و دواتر گەشەدەکا کە مانەوەی ئەوەندە ترسناک نییە، بەڵام هەرچی ئەوی دووەمە ئەوە هەژاریێ هەمیشەییە و هەژاری نەوە لەدوای نەوەیە. ئەوی یەکەم بە ئاشکرا بەرخۆریی و زانیاریگەریی و ئابووریخوازی دروستی کردووە، بەڵام ئەوی دووەم قەدەرێکی میتافیزیکیە و چارەنووسێکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام هەردووش لەوەدا یەک دەگرنەوە کە بە هەڵە بەکاربردنی شیاوییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و ویست بۆ پارە و دەسەڵاتێکی ئابووری لەپشت دروستبوونیانەوەیە. لەوڵاتانی خاوەن ئابووری نوێ و زانیاری تازە سەرمایەداری زانیارییاوی گلۆبال بۆ بەردەوامبوونی پرۆسەی سەرلەنوێ خۆبوونیادنانەوەی جۆرە گۆڕانکارییەکی دامەزراوەیی کردووە کە بتوانێ ماکیاجی ئەو کەلەکەبوونی سەرمایەیە بکا کە کەوتۆتە دەستی دەستەبژێرێکەوە، جا چ وەک چەند وڵاتێ، یان چەند کارگەیەک، یان چەند کەسانێ. ئەمەش گەلێ فۆرمی ئابووری و کۆمەڵایەتی وەرگرتووە وەک مافی وەرگرتنی کرێی خانوو و پارەی تێچوونی گەیاندنی ناو شار و تادەگاتە مسۆگەرکردنی مافی تێچوونی خواردن و خواردنەوە و چوونە لای پزیشک و نەخۆشخانە. ئەم مافانەش تاڕادەیەک لەگەڵێ وڵاتانی نێتۆرکدا (وڵاتانی یەکیەتی ئەوروپایی) وەک یەکە. بۆ نموونە لەشوێنێکی وەک سوێد (ستۆکهۆلم) ماوەیەکە دیاردەی سواڵکردن سەری هەڵداوە و تەنانەت لەزیادبوونیشدایە. ئەگەرچی دامەزراوە سیاسییەکانی ئەم وڵاتە چارەسەری خۆیان لەم بارەیەوە بۆ ئەم دیاردەیە هەیە، بەڵام لەم حاڵەتەدا نابێ لەبوونی ئەم دیاردەیەش بەهەڵە بگەین، چونکە دیاردەی ناوبراو لەناو تاقمێکدا بووە (ناوکۆتیکە و ئەلکولیستەکان) بە باو کە پارەی یارمەتی کۆمەڵایەتییەکانیان بۆ مەبەستی تر بەکاردەبەن. کەوابێ ئەم دیاردەی سواڵکردنە دەبێ لەو دیاردەی سواڵکردنە جوداکرێتەوە کە لەشوێنێکی وەک مۆسکۆ، یان کوردستان یاخود سوریادا هەیە. لەم شوێنانەدا سواڵکردن فۆرمێکە لەکارکردن و تاکە ڕێگایەکیشە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ ڕۆژانە بژی. ئێمە کە لێرەدا سواڵکردنمان. وەک دیاردەیەکی ناو جیهانی هەژاری، بەنموونە هێنایەوە مەبەستمان ئەوە نەبوو کە گومان لەبوونی ئەو هەژارییە بکەین کە لەناوجەرگەی وڵاتانی نێتۆرکدا لەنەشونمادایە. مەبەستمان ئەوەیە بڵێین کە نێتۆرک لەتوانایدایە هەژاری پەرتوبڵاوکات و تاڕادەیەک بێ سنوور و بێ جوگرافیاشی کا، یان وای لێکا کە لەگشت شوێنێ ئامادەبێ. ئەوەتا لەناوجەرگەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا جیهانی سێیەک (کە کاستێلس بەجیهانی چوار ناوی دەبا) لەدروستبووندایە کە زانیاریگەری و ئابووریگەری ئەم وڵاتە بەئاسانی دەخاتە ژێر پرسیارەوە. ئەم جیهانەش

(کاستێلس بەجیهانی چوار ناوی دەبا) کە جیهانێکی تازەیە بەری ئەو گەشە ناتەبایەیە کە تەکنەلۆژیای زانیاری لەتەک خۆیدا هێناویەتی، هەروەها ئەم جیهانە ئەو ماڵە هاوبەشەیە کە گشت بێ کار، بێ شوێن (بەتایبەت لە ڕیزی منداڵان و پەککەوتوو و پیرەکان) و سۆزانی و دووچاربووانی نەخۆشی ئایدز و تاوانکاران دەگرێتەخۆی. وێڕای ئەوەی وترا، ئەو هەژارییەی لەولاتانی نێوتۆرک هەیە لەلایەک بەهۆی کۆچ و هەڵاتن لە ولاتانی جیهانی سێوە بەرەو ولاتانی گلۆباڵ دەگوێزرێتەوە و لەلایەکی تر خودی ئەو پاڕادیگمە نوێیەی تەکنیک لە ولاتانی ڕۆژئاوا کاری لەسەر دەکا لەتوانایدایە ویست بۆ پارە و ڕەوشتی ئابووریخوازی دروست کا کە ئەمەش لەکۆتاییدا جۆرە هەژارییێ لەگەڵ خۆی دێنێ. هەروەها ئەو پاڕادیگمە تەکنیکییە نوێیە توانای ئەوەشی هەیە جوانییەکی ئەوتۆی بە ژیانی ولاتانی ڕۆژئاوا بدا کە ئەم ژیانە لەلایەن خەڵکانی غەیرە ڕۆژئاواییەوە زۆر سەرنجڕاکێشبێ و شوێنێکیش بێ بۆ پارە پەیداکردن و خۆبوونیادنان، بەڵام لەناوجەرگەی ڕۆژئاوا خودی پاڕادیگمەکە بەجۆرێکی ئەوتۆ کاردەکا کە نەک هەر ڕۆڵی لە بەهەژارکردن و بە پەراوێزکردنی خەڵکی جیهانی سێدا دیوە، بەڵکو ڕۆڵی لەکەمدەرامەتکردن و سنووردارکردنی توانای ئابووری بەشێکی زۆر لەدانیشتووانی ولاتانی نێتۆرکیشدا دیوە، چونکە ئەم پاڕادیگمە تەکنیکییە نوێیە توانیویەتی سەرمایە لەدەست تاقمێ نێتۆکرات و پسپۆری بواری نەختدا کۆکاتەوە و هەروەها ئەم بووارانە واش لێکا بێن بەشوێنێ، یان سیمبۆلێ بۆ دەسەڵات و هەبوون. ئەلبەتە بەشێکی زۆر لەوانەی لەولاتەکانی جیهانی سێوە وەک پەناهەندە ڕوودەکەنە کۆمەڵگەی نێتۆرک نەخوێندەوار و بێ سەرمایە، یان خێزانهایەکی ئەندام زۆرن و هەروا بەئاسانی هەر وا زوو ناتوانن لەولاتانی نێتۆرک بێن بەدەستی کار و وەک دانیشتووانی ڕاستەقینەی ئەو ولاتانەی ڕووی تێدەکەن، ناتوانن بێن بەخاوەنی ئابوورییێکی چەسپاو و جێگیر، هەروەها زۆرجار نەک هەر نزمی ئاستی نەخوێندەوارییان دەبێ بەتەگەرە لەبەردەم بەرەو پێشەوەنەچوونی باری ئابوورییان، بەڵکو خودی ئەو کولتوور و خووڕەوشت و ترادیسیۆنەی کە هەڵگرین، ڕۆژ بەڕۆژ دەیانخاتە دەرەوەی بازنەی ئەو ڕەفاهیەتەی ولاتانی نێتۆرک بۆ بەشێ دروستی دەکا، چونکە سیستەمی پێشبڕکێی ئابووری سەردەم بۆ ئەمان هەرس ناکرێ و تێگەیشتنە ئەفسانەیی و مۆراڵییەکانیشیان هەمیشە هۆیەکە بۆ ئەوەی کە لەگەڵ گشت شتێکی ئەم سیستەمە لەدوو بەراکایەتیدابن. هەرچی پێوەندی بەو زانیاری و زانینە نوێیەشەوەیە کە کارگە تازەکانی نێتۆرک داوای دەکەن نەک هەر لای خەڵکی ولاتانی جیهانی سێی دانیشتووی ڕۆژئاوا نییە، بەڵکو لای بەشێکی زۆر لە خەڵکی ولاتانی نێتۆرکیش نییە (٢٢). لەلایەک ئەم زانیاری و زانینانە بەخۆیان نوێن و پێویستیان بەخوێندنێکی باڵا و دەگمەن هەیە ولەلایەکی تریش خەسڵەتی ئەم جۆرە پاڕادیگمە بەجۆرێ دروست بووە کە ناکرێ گشتی کرێ و لەوەدەرچێ کە بۆ دەستەبژێرێ نەبێ، بۆیە بۆ هەموو خەڵکی ولاتانی نێتۆرک نالوێ بێن بەو دەستەبژێرەی کە بەهۆی ئەم جۆرە پسپۆرییەوە ئەو هەموو سەرمایە و دەسەڵاتە لەبەردەستیاندا کۆبێتەوە. بۆیە بەرامبەر بەکێشەی ئەو نەخوێندەوارییەی لەولاتانی دەرەوەی بازنەی نێتۆرکدا بڵاوە ئاساییە باس لەکێشەی ئەو خوێندەوارییە باوە کرێ کە لەولاتانی نێتۆرکدا بڵاوە و بەشی ئەوە ناکا کە کەسەکان بەهۆیەوە بتوانن کاری باشیان دەستکەوێ و یا لەو جۆرە کارگانە کاریان دەست کەوێ کە دەرامەتی چاک و جێگیرییەکی ئابووری بۆ کەسەکان مسۆگەر دەکەن کێشەی ئەوەش لەولاوە بوەستێ کە چۆن ئەم جۆرە کارگانە زوو زوو گۆڕان دەخەنە سیستەمی بەرهەمهێنان و گۆڕینی ئاستی چەندایەتی بەرهەمەکانیانەوە و بۆ ئەم مەبەستەش دەکەونە کەمکردنەوەی دەستی کار و خۆڕێکخستن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری، بۆیە دەشێ ئەم لایەنە وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر دەستی کار تەماشاکرێ و لەگەڵ قووڵبوونەوەی جیهانگیری ئابووریش ئەم لایەنە ئاڵۆزتربووە و ئەم لایەنە هەر هەڕەشە نییە بۆ سەر دەستی کاری ناشارەزا، بەڵکو هەڕەشەشە بۆ سەر دەستی کاری شارەزاش. ئەمەش بەپێی ئەوەی زۆربەی کارگە گەورەکان بەشێکی گەورە، یان هەموو بەشەکەیان بەرەو ئەو شوێنانە دەگوێزنەوە کە نەک هەر مەوادی خاوی تیا هەرزانە، بەڵکە دەستی کاری شارەزای هەرزانیشی لێدەست دەکەوێ و زۆرجاریش لەبەرئەوەی مەسەلە یاسایی و ئینسانییەکان ئەوەندە بە وردی گەشەی نەکردووە، خۆیان بەگەلێ ماف (مافی بێکاری، مافی مرۆڤ، مافی پاراستنی ژینگە و..) نابەستنەوە.

زۆربەی ئەوانەی لەسەرەوەش باس کران، لەوە بەئاگامان دێنێتەوە کە گەشەی پەلەی تەکنیک لە ئەوڕۆدا شایانی ئەوەیە بۆ گشت کەسێ ببێ بەشوێنی تێڕامانی گەورە و بواری خولقانی پرسیاری جۆربەجۆر لەسەر ژیانی ئێستا و ئەوەی دی. هەروەها هاتنی ئەم گەشە تایبەتە و ئەم شەپۆلە لەگۆڕانکاری داوای خۆگونجان و خۆڕێکخستن لەگشت کەسێ دەکەن و دۆزێکی ئەوتۆیان لەجیهانا هێناوەتە پێشێ کە دابڕان و خۆ دوورەپەرێزکردن لێی نەک هەر هەژاری و دەستکورتی لێوە وەبەردێ، بەڵکو دەبێتە

هۆی دروستبوونی ئافات و گرفتی کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەنانەت کولتووریش. خۆگونجان و خۆتەباکردن لەگەڵ تەوژمی گۆڕانکارییەکان مانای بردنەوە نییە و دوورەپەرێزبوون و دوورکەوتنەوەش لێی هەر هەمان مانای نییە. ئەم تەکنیکە نوێیە و زانیارییە تازەیەی لەخۆ گشتیکردندایە جۆرە ڕەوشت و ناوەڕۆکێکی لەتەک خۆدا هێناوە کە دوژمنی سەرسەختی دابڕانە. ئەو زانیاری و زانینەی ئابووری سەردەم کاری لەسەردەکا، بەجۆرێ کەوتۆتە سەپاندن و خۆ جیهانیکردن کە لەقەدەر قەدەرتر خۆی نیشان دەدا و زۆرترین تواناو شیاویشی لەبەردەمدایە کە بتوانێ چارەنووسمان دەستنیشان کا. بۆ هەمووان ئاشکرایە کە ئەم گۆڕانکارییانە ناتوانن ئەو وێنەیەمان لا دروست کەن کە تەنێ خۆشیمان بۆ دێن و ئەو ترسەشمان لادەبەن کە سەبارەت بەگشت شتێکی نوێ و گۆڕانێکی تازە هەمانە، ترس لە تەکنیک و ئەو گەشەیەی بەهۆی تەکنیکەوە دروست دەبێ، کە دواتر ئەوەش گۆڕانکاری دروست دەکا، شتێ نوێ نییە و هەمیشە بابەتی باس بووە، بەڵام ئەمڕۆ ترسەکە جەوهەری تری لەخۆدا بەرجەستەکردووە و گومان و پرسیاری دی بەرهەم هێناوە کە زۆربەیان تایبەتن بەو لایەنانەی کە سەفەری بەردەوامی گەشە پووچ دەکەن و ئەو خۆشباوەڕی و دڵنیاییە هەڵدەوەشێننەوە کە گەشەی نوێی تەکنیک دەخوازێ لای هەمووان دروستی کا. ئارەزووی تەکنیک بۆ دروستکردنی خۆشباوەڕی و دڵنیایی بەشێ گەورەیە لە پێداویستییەکانی تەکنیک و کاکڵی وتاری تازەی تەکنیکی ڕۆژئاوا، یان ئەوە ئەو نهێنییە کە پاڕادیگمەکانی تەکنیک هەمیشە لەسەری ژیاوە. ئەم نهێنییە گەورەترین هەوڵی بۆ ئەوەیە کە بەهیچ جۆرێ نە گۆڕانکارییەکان بخاتە ژێر گومانەوە و نەش قسە بێنێتە پێشێ لەسەر ئایندە و ئەوەی پێی دەوترێ چارەنووسمان. ئەمەش لەبەرئەوەی ئەم تەکنیکە تازەیە زۆر باوەڕی بەخۆیەتی و زۆر دڵنیایە لەوەی کە ئێمەی بەئارەزووی خۆمان فڕێ دەداتە ناو شیاوی تازە و گەرانتی نوێوە و بۆیە هەر لەبەر ئەمەش هەرگیز ئامادە نییە هیچ تەماشاکردن و بیرکردنەوەیەکی تر جیا لەوی تەکنیک بەرهەمی دێنێ پەسەندبکا، واتە پاڕادیگمی تەکنیکی نوێ کە ئابووریخوازی زانیاریاوی لەگەڵ خۆدا هێناوە ئەوە بەڕاست نازانێ کە لەکاتێ کە توێژینەوە لەسەر گۆڕانکارییەکان دەکەین بەدووی ڕێگا چارەی سیاسی و کولتووری و سۆسیۆ- ئابووریدا وێڵ بین و باوەڕمان بەوە هەبێ کە ئەم پاڕادیگمە نوێیە توانای دروستکردنی ناتەبایی و چەوسانەوەی ئابووری و دابڕانی کۆمەڵایەتی هەیە. کەوابێ ئەوە گەشەی تەکنیکی نوێیە کە گۆڕانێکی ئاڵۆز و کتوپڕی لەکۆمەڵگادا دروست کردووە و بووەتە هۆی ئەوەی کە ژیانی مرۆڤ بەرەو گومڕایی و ئاڵۆزکاوییەک ببا کە کاریگەری بەسەر زۆربەی دیاردەکانی ناو ژیان و بوونمانەوە بەجێی هێڵێ. ئەم گۆڕانانە کە هەر لەسەرەتاوە ئامانج ئامێز و مەبەستداربوونە هۆکاری تێکڕای جودایی و ناچووستییەکانن. ئەوی ڕووی داوە لەژێر ناوی گۆڕان بەخۆی ئەو داڕشتن و خولڨانە نوێیە دەگمەنە بووە کە نەخشەی بۆ دانراوە و دواتر بەوردترین شێوە سەرپەرشتی کراوە و هەوڵی پیادەکردن و بەگشتیکردنیشی دراوە. ئەمەش بە ئاسانی ئەو بارودۆخە سەربازی و سیاسی و ئابوورییەمان دێننەوە یاد کە لەسالانی هەفتاکانا لە شوێنێکی وەک وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هاتووەتە پێشێ و ئەم شێوازی بەرهەمهێنان و بردنەڕێوەیەی سەپاندووە و کردووشیەتی بەتاکە ڕێگاچارەیێ لەبەردەم ئەمەریکاییەکان تا بتوانن خۆ لەو دۆزە دەربازکەن کە لەماوەی سالانی شەست و هەفتاکانا جیهانی سیاسی (دوای هاتنە دەرەوەی جیهان لەجەنگی دووی جیهانی) و ئایدیۆلۆژی (پاش قووڵبوونەوەی جەنگی سارد) و ئابووری (بەرزبوونەوەی نرخی نەوت) تیای ژیاوە. ئەمانە هەموو وایان لە ئەمەریکاییەکان کرد بیر لەهێنانەکایەوەی پاڕادیگمێکی تەکنیکی نوێ بکەنەوە و بەرەو ئەو ئاستەش لە گەشەکردن ببەن کە لەلایەن هیچ دیاردەیەکەوە هەڕەشەی لێنەکرێ. ئەم پاڕادیگمە تەکنیکییە نوێیە شیاویی و بارێکی ئەوتۆیی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خولڨان کە ببێ بەشوێنی کۆبوونەوەی سەرمایە و دەسەڵات و زانین.

**پەراوێزو سەرچاوەکان:**


**20- Vision, kultursidan, 250301.**
**21- Ulrich Beck Vad innebar globaliseringen?. over: Joachim Retzleff, Daidalos, 1998, s81.**
**22- Niclas Ostlind. Netopi, Hjarnstorm, nr:71-72, ss 2-19.**

# شێوەزاری هەولێر و هەندێ دیاردەی فۆنۆلۆژی

ئا: عاطف عەبدوڵڵا فەرهادی

## پێشەکی

هەموو زمانێکی سەرگۆی زەوی لە چەند زارو شێوەزارێک پێکهاتووە، زمانی کوردیش وەک هەموو زمانەکانی تر لە چەند زارو شێوەزارێک(١) پێکدێت.

زارە سەرەکییەکانی زمانی کوردی بریتییە لە چوار زار کە کرمانجی ناوەڕاست یەکێکە لەو چوار زارە، شێوەزاری هەولێریش یەکێکە لەو پێنج لقەی کە زاری کرمانجی ناوەڕاست پێکدێنن(٢).

شێوەزاری هەولێر پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ناوەڕۆکی باسەکەمدا هەیە، بەتایبەتی لە ڕووی فۆنۆلۆژییەوە، هەڵبژاردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەرەتادا بەناونیشانی (گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکانی شێوەزاری هەولێر) بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی دیاریکردنی گشت گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکان لێکۆڵینەوەیەکی فراوانی دەوێت و بۆ ئەوەی بتوانم لێکۆڵینەوەیەکی پوختە و سنووردار بنووسم و لە سنووری لێکۆڵینەوەکە دەرنەچم، دوای گفتوگۆکردن و لێدوان سەبارەت بە ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە ئەوەبوو کە ناونیشانەکەمان بۆ (شێوەزاری هەولێرو هەندێ دیاردەی فۆنۆلۆژی) گۆڕی.

چەند هۆیەکی سەرەکی هانیان دام کە شێوەزاری هەولێر هەڵبژێرم بەتایبەتی لایەنی فۆنۆلۆژی لەم خاڵانەی خوارەوە ڕوونیان دەکەمەوە:

(١) لەبەر ئەوەی خۆم یەکێکم لەو کەسانەی بەو شێوەزارە قسە دەکەم و لێی شارەزام، چ لە دوور چ لە نزیکەوە هەستم بەجیاوازی و گۆڕانی دوانی شێوەزارەکە دەکرد لەگەڵ زارەکانی تردا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە پشت بە سەلیقەی خۆم ببەستم لە بەکارهێنانی هەندێ نموونەی گۆڕانی دەنگەکان لەم شێوەزارەدا.

(٢) لەبەر ئەوەی گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکان زۆر بە ڕوون و ئاشکرا دیارە لەم شێوەزارە لەکاتی قسەکردندا هەستی پێدەکەیت.

(٣) لێکۆڵینەوەی کەم لەسەرکراوە.

لەم کارەدا پەیڕەوی ڕێبازی وەسفیمان کردووە وەکو شێوازێکی لێکۆڵینەوە بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی باسەکە.


## کورتەی باسەکە

باسەکە بریتییە لە سێ بەشی سەرەکی و ئەنجامی لێکۆڵینەوە.

**بەشی یەکەم:** ئەم بەشەمان بۆ ئەوکارانەی لەم بوارەدا ئەنجام دراون لەگەڵ هەڵسەنگاندنی هەر کارێک تەرخان کردووە.

**بەشی دووەم:** لەم بەشەدا هۆی دروست بوونی زارو شێوەزارمان باسکردووە لەگەڵ دەستنیشانکردنی سنووری شێوەزاری هەولێر لە ڕووی جوگرافییەوە هەروەها باسکردنی تایبەتمەندییەکانی ئەم شێوەزارەو بەراوردکردنی لەگەڵ زمانی ستاندارد.

**بەشی سێیەم:** لەم بەشەدا لە ڕووی پراکتیکەوە نموونەی هەندێ گۆڕانی فۆنۆلۆژیمان هێناوە لەگەڵ باسکردنی نموونەکان ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە:

ئەو ئەنجامانەی کە پێی گەیشتووین لە ماوەی لێکۆڵینەوەی باسەکەماندا، لە چەند خاڵێکدا خستوومانەتە ڕوو.


## بەشی یەکەم
### ئەو کارانەی لەم بوارەدا کراون

پێشتر چەند وتارو لێکۆڵینەوە لە بارەی فۆنۆلۆژیی کوردییەوە بەشێوەیەکی گشتی ئەنجام دراوە، هەرچەندە لە لێکۆڵینەوە بەراییەکاندا سنوورییان لەنێوان فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی دانەناوە، بەڵام دواتر لێکۆڵینەوەکان لەسەر بنەمای زانستی درێژەیان پێ دراو هەردوو لقی دەنگسازی (فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی) لە یەکتر جیاکرانەوە و وەک دوو لقی جیاواز لێیان کۆڵرایەوە، هەر لەبەر ئەوەشە کە لەکارەکانی د. وریا عومەر ئەمین و د. محەمەد مەعرووف فەتاح و هی تر هەردوو لقی (فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی) بەجیا لەیەکتر باس کراون.

ئەوەی جێی سەرنجڕاکێشانە ئەوەیە کە تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی وا نەکراوە کە بەشێوەیەکی تایبەتی باس لە گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکانی شێوەزاری هەولێر بکات، بەڵکو ئەوەی ئەنجام دراوە لەبارەی فۆنۆلۆژیی زمانی کوردییەوە یا لەپاڵ باس و لێکۆڵینەوەی تر ئاماژە بەشێوەزاری هەولێرو هەندێ دیاردەی فۆنۆلۆژی کراوە.

گرنگترینی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە بەرەو ئەم لایەنە چووینە بریتین لەوانەی مەکەنزی و د. طالب حوسێن عەلی و د. ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن و..تاد.

ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگ (مەکەنزی) وەکو زمانەوانێک کتێبێکی لەبارەی زمانی کوردییەوە داناوە کە زۆربەی لایەنەکانی زمانەوانی باس کردووە، لەوانەش

فۆنۆلۆژی، بەڵام باسی فۆنۆلۆژیی زمانی کوردیی بەشێوەیەکی گشتی کردووە لەگەڵ ئاماژە کردن بەشێوەزارەکانی هەولێرو سلێمانی و..تا. لەگەڵ دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی ئەم شێوەزارانە.

مەکەنزی بۆ شێوەزاری هەولێر هەشت بزوێن و بیست و حەفت نەبزوێنی دیاری کردووە(٣)، بەڵام نەیتوانیوە گشت دیاردە فۆنۆلۆژی و گۆڕانەکانی ئەم شێوەزارە و شێوەزارەکانی تری کوردی دەستنیشان بکات. دوای ئەوەی زانستی زمانەوانی بەگشتی لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەم گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەخۆوە بینی لەگشت جیهاندا ئەم گۆڕان و پێشکەوتنە ئەگەرچی بەشێوەیەکی کەمیش بێت لەنێو زمانی کوردی ڕەنگی دایەوە لەوانەش لە ئاستی فۆنۆلۆژی کە سنووری لەگەڵ فۆنەتیک جیاکرایەوە و وەکو زانستێکی سەربەخۆ باس و لێکۆڵینەوەی لەسەرکرا.

د. طالب حوسێن عەلی لەنامەی ماجستێرەکەیدا توانیویەتی چەندین دیاردەی فۆنۆلۆژیی شێوەزاری سلێمانی بخاتەڕوو بەتایبەتی دیاردەی ئاسان بوونی فۆنیمەکانی ئەم شێوەزارە لەپاڵ هێنانەوەی نموونەکاندا کە بەراوردی کردوون لەگەڵ شێوەزاری هەولێر، پاشان هەندێک لە دیاردە فۆنۆلۆژییەکانی شێوەزاری هەولێری خستۆتە ڕوو، بەڵام لەبەر ئەوەی لێکۆڵینەوەکەی تایبەت بووە بە شێوەزاری سلێمانی بۆیە گرنگییەکی ئەوتۆی بەشێوەزاری هەولێر نەداوە.

بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم لێکۆڵینەوەیە سوودی هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت هەندێ دیاردەی فۆنۆلۆژیی شێوەزاری هەولێر بزانن، بەڵام بەشێوەیەکی دیاریکراو و سنووردار. واتە گشت لایەنێکی فۆنۆلۆژیی شێوەزاری هەولێری نەگرتۆتەوە.

د. ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن لە نامەی ماجستێرەکەیدا کە بەناوی (بڕگەو ئاسان بوونی بڕگە لە کوردیدا)یە باسی ئاستی فۆنۆلۆژیی شێوەزاری هەولێری کردووە، فۆنیمەکانی ئەم شێوەزارە و جیاکردنەوەی بزوێن و نەبزوێنەکانی بەم شێوەیە دەستنیشان کردووە «نەبزوێنەکان ژمارەیان بیست وشەش فۆنیم و بزوێنەکان هەشت فۆنیم» (٤) دواتر کە بەشی سێیەمیش لەژێر ناوی (پێداچوونەوە بە بڕگەداو دیاردەی ئاسان بوون) باسی لە جۆرەکانی گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکانی ئەم شێوەزارە کردووە.

لەم نامەیەدا زیاتر گرنگیی بە بڕگەی فۆنۆلۆژی داوە لە پاڵ ئەمەدا باسی لە دیاردەی ئاسان بوون لە شێوەزاری هەولێردا کردووە، لەکاتی باسکردنی گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکان زیاتر مەبەستی دیاریکردن و دەستنیشانکردنی (بڕگەی پەسند) بووە لەوەی گۆڕانە فۆنۆلۆژی و دیاردە فۆنۆلۆژییەکان دەستنیشان بکات. هەروەها باسی گشت دیاردەکانی فۆنۆلۆژیی ئەم شێوەزارە نەکردووە لەوانەش جێی گۆڕکێی فۆنیمەکان کە دیاردەیەکی تاڕاددەیەک باوە لەم شێوەزارە لەگەڵ گۆڕانی دەنگێک بە دەنگێکی ترو.. تاد و زیاتر گرنگی بە کەوتن و سوانی فۆنیمەکان داوە لەگەڵ زیاد بوون و نەگونجان، ئەویش وەکو ئاماژەمان بۆ کرد زیاتر بە مەبەستی دیاریکردنی بڕگەی پەسندە.

### بەشی دووەم

### (١) هۆی دروست بوونی زارو شێوەزار

لەبەر ئەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە بارەی شێوەزارێک لە زارەکانی زمانی کوردییەوەیە بۆیە بە پێویستی دەزانم کە لێرەدا بە کورتی ئەو هۆیانە بخەمە ڕوو کە لە ئەنجامیاندا زارو شێوەزار دروست دەبێت:

(١) هۆی سروشتی:

بەهۆیەکی کاریگەر دادەنرێ بۆ پارچەکردن و لێکدابڕانی ناوچەکانی کوردستان لەوانەش بوونی زنجیرە چیا و ڕووبارو زێ و دەشتی پان و بەرین، کە کەشێکی وایان دروستکردووە ناوچەکان تاڕادەیەک لە ڕووی هاتوچۆو تێکەڵاوییەوە لەگەڵ یەک دووربن و لەگەڵ بەسەرچوونی کات وای لێهاتووە جیاوازی لەنێوان شێوەی قسەکردنیان پەیدا دەبێت.

(٢) هۆی ڕامیاری:

باری ڕامیاریی کوردستان بەجۆرێکی وا نەبووە کە وڵاتێکی سەربەخۆی هەبێ و هەروەها ڕامیاری ناوەوەشی بەشێوەیەکی وا نەبووە زمانێکی یەکگرتوو لە هەموو پارچەکانی کوردستان بەکاربهێنرێت لە قسەکردن و نووسیندا، ئەگەرچی چەندین میرنشینی جیاجیا فەرمانڕەوایی ناوچەکانی کوردستانیان لەسەردەمە جیاجیاکاندا کردووە، بەڵام حوکمەکەیان ناوچەیی بووەو بیری ناوچەگەریی پێوە دیاربووە کەبووەتە هۆی ئەوەی هەر ناوچەیەک شێوەزاری خۆی پەسەند بکات بەسەر زاری ناوچەکانی تری کوردستان.

(٣) دابەشکردنی کوردستان:

دابەشکردن و پارچە پارچەکردنی کوردستان بۆ چوار پارچە و لکاندنی هەر پارچەیەک بە وڵاتێک (عیراق - تورکیا - ئێران - سووریا) ڕێککەوتننامەی لۆزانی ساڵی (١٩٢٥ز) هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ پارچەکردنی زمانی کوردی، چونکە ئەم ڕژێمانەی دەستیان بەسەر کوردستاندا گرتبوو هەوڵیان داوە ناسنامەو زمانی کوردی

بسڕنەوە و لەناوی ببەن بۆ بەرژەوەندیی خۆیان.

(٤) هۆیەکانی بەرهەمهێنان:

خەڵکی کوردستان بەشێوەیەکی فراوان و بلاَو لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستاندا نیشتەجێنە، بەپێی جێی نیشتەجێ بوونیان بژێویی ڕۆژانەو بەرهەمهێنانیان لەگەڵ یەک تارادەیەک جیاوازە، لەگەڵ ئەوەی دانیشتووانی کوردستان بەپلەی یەکەم پشت بەکشتوکاڵکردن و بەخێوکردنی مەڕومالاَت دەبەستن، بەلاَم بەپێی شوێنەکە جۆری کشتوکاڵ و ئاژەڵ بەخێوکردنەکە دەگۆڕێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی جیاوازی لەنێوان ناوچەکانی لە ڕووی هاتوچۆو هەڵسوکەوتی دانیشتووان.

دەشتی هەولێر بەهۆی سروشتی خاکەکە و جۆری بەرهەمی کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵ بوارێکی وای دروست کردووە کە هاتوچۆو تێکەلاَوییەکی بەتین لەنێوان خەڵکی شارو گوندەکانی دەوروبەری دروست ببێ.

ئەم هۆیە و هۆیەکانی پێشوو بوارێکی وایان ڕەخساندووە کە شێوەزاری هەولێرو گوندەکانی دەوروبەری سیمایێکی ناوچەیی وەربگرێ و وەک شێوەزارێکی ناوچەیی خۆی بە دەستەوە بدات کە تارادەیەک لەگەڵ زارو شێوەزارەکانی تری زمانی کوردی جیاوازبێ لە ڕووی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و ...تاد.

**(٢) سنووری شێوەزاری هەولێر لە ڕووی جوگرافییەوە**

شێوەزاری هەولێر شوێنێکی بەرفراوان دەگرێتەوە، دەتوانین سنووری ئەم شێوەزارە لە ڕووی جوگرافییەوە بەم شێوەی خوارەوە دەستنیشان بکرێن:

(١) ناو شاری هەولێر:

لەگەڵ ئەوەی شاری هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانەو چەندین میللەت و هۆزو خەڵکی ناوچەکانی تری کوردستانی تێدا دەژی - واتە تێکەڵییەک هەیە لەنێوان شێوەزارو زارەکان، بەلاَم لەبەر ئەوەی دانیشتووانی ڕەسەنی شارەکە توانیویانە تارادەیەکی زۆر پارێزگاریی شێوەزارەکەی خۆیان بکەن، چونکە زۆربەی خەڵکی شار پێکدێنن، لەلایەکی ترەوە دەبینین ئەو کەسانەی کە لە شوێنەکانی تر هاتوونەتە هەولێرو تێیدا نیشتەجێ بوونە لەکاتی قسەکردنیان ئەوە دەردەکەوێ کە شێوەزاری هەولێر کاری لە شێوەی قسەکردنیان کردووە، هەرچەندە کاتی زیاتر بەسەردا بڕوات ئەو کارتێکردنە زیاتر دەبێ، بۆیە دەتوانین بڵێین شێوەزاری هەولێر لەناو شارەکەدا بە پلەی یەکەم دێت لەژیانی ڕۆژانەی خەڵکەکە.

(٢) گوندەکانی دەوروبەری شاری هەولێر:

دەوروبەری شاری هەولێر بەهۆی سروشتی خاکەکەی کە دەشتاییە گوندو دێی زۆری لێ دروست کراوە، دانیشتووانی گشت ئەو گوندانە بەم شێوەزارە ناوچەییە لەگەڵ یەکتر دەدوێن کە ناوچەیەکی بەرفراوان دەگرێتەوە کە بریتییە لەو گوندانەی دەکەونە نێوان:

أ- لە ڕۆژئاواوە زێی بادینان:

زێی بادینان بە سنوورێکی سروشتی دادەنرێت کە هەردوو ناوچەی بادینان و سۆران لە یەکتر جیادەکاتەوە، هەروەها شێوەزاری هەولێر لە شێوەزارەکانی تر جیادەکاتەوە.

ب- لە باکوورەوە:

سنووری ئەم شێوەزارە لە باکووری هەولێرەوە تا بناری چیای سەفین درێژ دەبێتەوە.

ج- لە ڕۆژهەلاَتەوە:

گوندەکانی دەشتی کۆیێ بە سنووری نێوان ئەم شێوەزارە و شێوەزاری ناوچەی کۆیێ(٥) دادەنرێت.

د- لە باشوورەوە:

سنووری باشووری ئەم شێوەزارە درێژدەبێتەوە تا دەگاتە ناوچەی شەرگات و بێجی و گوندەکانی گردی دۆم (دۆم ئیدریس) و شیناوەو..تاد. واتە گشت گوندەکانی دەشتی هەولێر کە پێکدێت لە دەشتی دزەییاتی(٦) و دەشتی بەڕانەتی(٧) و دەشتی قەراج و کەندیناوە(٨) دەکەونە سنووری ئەم شێوەزارە لەگەڵ ناحیەکانی ئەم ناوچانە جگە لە ناحیەی عەینکاوە(٩) و کۆمەڵگاکان(١٠).

شێوەی قسەکردنی خەڵکی ناو شاری هەولێر لەگەڵ گوندەکانی دەوروبەری لەسەرەتای ئەم سەدەیە و پێشتر هەندێ جیاوازیی فۆنۆلۆژیی هەبوو ئەمیش بەهۆی ئەوەی سەردەمێکی زۆر بوو عوسمانییەکان فەرمانڕەوایی ئەم ناوچەیەیان دەکردو دەسەلاَتیان لەناو شار زیاتر بلاَوبوو، خەڵکانێک بەزمانی تورکی دەدوان کە کاری لە شێوەزاری هەولێر کردبوو، بۆیە جیاوازییەک لەنێوان شێوەی قسەکردنی خەڵکی ناو شارو گوندەکان بەدی دەکرا، بەلاَم دوای نەمانی فەرمانڕەوایی عوسمانی پەیتا پەیتا ئەم جیاوازییە کەمتر بووەوە تا وایلێهات ئەم شێوەزارە شێوەیەکی وای وەرگرت لەناو شارو گوندەکان تا ڕادەیەکی زۆر وەک یەک قسەی پێ بکرێت.

**(٣) تایبەتمەندییەکانی ئەم شێوەزارە و بەراوردکردنی لەگەڵ زمانی ستاندارد**

ئەم شێوەزارە چەند تایبەتمەندییەکی هەیە کە وای کردووە لەگەڵ زمانی ستاندەرو شێوەزارەکانی تر جیابێت، لەمانەش:

١- فۆنیمەکانی ئەم شێوەزارە:

دەتوانین فۆنیمەکانی ئەم شێوەزارە بەهۆی ئەو وشانەوە

دیاری بکەین کە هەموو دەنگەکانیان وەک یەکن تەنیا لەتاکە دەنگێک نەبێ جیان، ئەم جیاوازییە لەم تاکە دەنگەدا واتای جیاواز بە وشەکان دەبەخشێ (جووتۆکە)ن-Minimal Pair- بە بەراوردکردنی ئەم جووتۆکانە فۆنیمەکانی زمان دەستنیشان دەکرێت(١١).

**جووتۆکە**

پەڕ: بەڕ
تار: دار
کۆڕ: گۆڕ
خۆر: قۆر
چار: جار
بەرغ: بەرخ
شیر: شێر
سەر: سۆر
ژان: ژن
کوڕ: کووڕ
کل: کر
حەفت: نەفت
چاو: چای
کەر: کەڕ
زار: سار
هار: ژار
فەڕ: شەڕ
نان: مان
حەڤدە

**نیشانەی فۆنیمەکان:**

پ: ب
ت: د
ک: گ
خ: ق
چ: ج
غ: خ دووبارە
ی: ێ
ە: ۆ
ا: ـــــ
و: وو
ل: ر(١٣)
ح: ن
و: ی
دووبارە- ر: ڕ
ز: س
ه: ژ
ف: ش
دووبارە- ن: م
ڤ(١٤)

**نیشانەی فۆنیمەکانی بە ئەلفبای جیهانی**

b: P
d: t
g: k
q: x
j: c
x: x
e: i
o: e
(1 ) t: a
u: u
y: l
n: t
y: w
r: r
s: z
z: h
s: f
m: n
V

بەهۆی ئەم جووتۆکانەی سەرەوە دەردەکەوێت شێوەزاری هەولێر لە بیست و شەش فۆنیمی نەبزوێن و هەشت فۆنیمی بزوێن پێکدێت، واتە سی و چوار فۆنیمە، بەڵام زمانی ستاندارد لە سی و حەفت فۆنیم پێکدێت بیست و نۆ نەبزوێن و هەشت بزوێن.

(٢) تایبەتمەندییەکی تری ئەم شێوەزارە ئەوەیە کە زیاتر لە قسەکردن بەکاردێت و کەمتر لە نووسین بە پێچەوانەی ستاندارد کە بۆ نووسین بەکاردێت نەوەک بۆ قسەکردنی ڕۆژانەی خەڵک.

(٣) ئەم شێوەزارە لەلایەن دانیشتووانی ناوچەیەکی دیاریکراو کە هەولێرە بەکاردێت، بەڵام زمانی ستاندارد سنوورێکی زۆر فراوانتری هەیە.

(٤) شێوەزاری هەولێرو موکریان زۆر لەیەک نزیکن، چونکە دەکەونە سەریەک هێڵ.

(٥) ئەم شێوەزارە لە سەرەتای وشەدا کەم خۆی دەداتە

دەست دیاردەی سوان و کەوتنی دەنگ، بە بەراوردکردنی لەگەڵ زمانی ستانداردو شێوەزارەکانی تر وەک شێوەزاری سلێمانی:
ببە بە مامۆستا ـــــ بە بەمامۆستا.
ددان ـــــ دان.
هوشیار ـــــ وشیار.
حوشتر ـــــ وشتر.
(٦) سوانی /ر/ لە شێوەزاری هەولێر زۆرە، کە ئەم دیاردەیە لە زمانی ستانداردو شێوەزارەکانی تر زۆر بە کەمی ڕوودەدات.
بۆ نموونە:
بەسەرداچوون ـــــ بەسەداچوون.
لەبەرکردن ـــــ لەبە کردن.
(٧) لە شێوەزاری هەولێر /ڵ/ زۆر کەمە، لە چەند وشەیەکی کەم بەرچاو دەکەوێ وەک (سەڵتە، شەڵتە، سەڵت) کەچی لە زمانی ستاندارد فۆنیمێکی سەربەخۆیە، چونکە لەزمانی ستاندارد بە گۆڕینی بۆ /ل/ واتای وشەکە دەگۆڕێ وەک لەم جووتۆکەیەدا: (چل: چڵ).
(٨) دەنگی /هـ/ بە زۆری لەناوەڕاست و کۆتایی وشە دەکەوێت وەک لەم نموونانەدا:
هەڵهێنا ـــــ هەرینا.
هەڵهاتن ـــــ هەراتن.
لەزمانی ستانداردیش ئەم دیاردەیە بەرچاو دەکەوێت وەک لەم نموونەیەدا:
هەڵهاتن ـــــ هەڵاتن.
(٩) لە شێوەزاری هەولێر دەنگی /ع/ کە دەنگێکی لە بنجدا عەرەبییە زۆرجار بەکاردێت لە شوێنی دەنگی /ح/ واتە وەکو ئەلۆفۆنیەتی و جێی یەکتر دەگرنەوە بەبێ ئەوەی واتای وشەکە بگۆڕن.
وەک:
حاجی ـــــ عاجی.
عەنتیکە ـــــ حەنتیکە.
بەڵام زمانی ستاندارد بە فۆنیمێکی سەربەخۆ دادەنرێت.
(١٠) لە شێوەزاری هەولێر دەنگێک هەیە کە لەنێوان /ل/ و /ر/ دایە وەک لە وشەی (باخەر)، بەڵام ئەم دەنگە، ستانداردنییە.

## بەشی سێیەم

### (١) چەند نموونەیەک لە گۆڕانکاریی فۆنۆلۆژیی شێوەزاری هەولێر

فۆنۆلۆژی بە بەشێکی سەرەکی و گرنگی زمانەوانی لە قەڵەم دەدرێ، هەر زمانەو فۆنۆلۆژیی تایبەتی خۆی هەیە بۆیە دەتوانین بڵێین فۆنۆلۆژیی ئەو زانستەیە کە لە دەنگەکانی زمانێکی تایبەت دەکۆڵێتەوە، لە ڕووی دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی ئەو زمانەو چۆنیەتیی ڕیزبوون و لێکدانیان لە قاڵبی بڕگەی فۆنۆلۆژدا، هەروەها دەستنیشانکردنی ئەو گۆڕانانەی کە بەسەر فۆنیمەکاندا دێن لەکاتی لێکدانیان وەک (سوان- لێکدان- گۆڕان- زیادبوون- جێ گۆڕکێ) ئەمانە بەگشتی لەچوارچێوەی یاساکانی فۆنۆلۆژی کۆدەبنەوە.
هەر زمانێک کۆمەڵە یاسایەکی فۆنۆلۆژیی تایبەتی خۆی هەیە لەوانەش:
١- دەستنیشانکردنی فۆنیمەکان.
٢- لەیەکدانی فۆنیمەکان لەناو قاڵبی بڕگەی فۆنەتیکیدا بۆ پێکهێنانی بڕگەی فۆنۆلۆژی.
٣- لە هەندێ حاڵەتدا لە ئەنجامی لێکدانی فۆنیمەکان یا هەندێ دەنگ پەیدا دەبێ یان دەتوێنەوە یان دەگۆڕێت یان...تاد.(١٥)
بەم جۆرە هەر زمانێک فۆنۆلۆژیی تایبەتی خۆی هەیە، ئەگەر لە زارو شێوە زارەکان وردبینەوە دەبینین شێوەزارەکانی یەک زمان جیاوازییان لەنێواندا هەیە. ئەم جیاوازییەش دەبێتە هۆی جیاوازیی یاساکانیش، چونکە ڕاهاتنی ماسوولکەی دەم و زمان و گەروو بەشێوەیەکی تایبەتی دەبێتە هۆی ئەوەی کە «قسەکەرانی زمانێک تەنانەت قسەکەرانی شێوە (لهجە)یێک هێندێ پیت یان وشەیان بۆنەیەت و بەلایانەوە لەبارو لەزمان خۆش نەبێ».(١٦)
شێوەزاری هەولێریش چەند دیاردەیەکی فۆنۆلۆژیی تێدا دەستنیشان دەکرێت، کە هەندێ لەو گۆڕانکارییانە نەک تەنیا لەم شێوەزارە هەیە، بەڵکو لە شێوەزارەکانی تریش دەبینرێت وا لە خوارەوە هەندێ لەم دیاردانە دەخەینە ڕوو:

#### ١- گۆڕان لە نەبزوێندا

نەبزوێن (کۆنسنانت) زیاتر گۆڕانی بەسەردادێت لە بزوێن، چونکە بزوێن بەبناغەی بڕگە دادەنرێت. لەم گۆڕانکارییانەش کە بەسەر نەبزوێندا دێت:

##### أ- (کەوتن/ سوان/ لەناوچوون)ی فۆنیم

کە «بریتییە لە کرتاندن و لەناوچوونی دەنگێک یان بڕگەیەک بە مەبەستی ئاسانکردنی دەربڕین»(١٧) ئەم دیاردەیەش لەزۆربەی وشەکان ڕوودەدات بەتایبەتی لەناوەڕاست و کۆتایی وشەدا زۆرباوە.
١- لەسەرەتای وشە:
«کەوتنی نەبزوێن لەسەرەتای بڕگەو وشە زۆرکەم

دەبینرێت» بەتایبەتی لەشێوەزاری هەولێر هیچ جۆرە کەوتنێکی نەبزوێنمان لەسەرەتای وشە نەبینیوە.
٢- لەناوەڕاستی وشە و دەستەواژە:
- کەوتنی/ب/.
لە شێوەزاری هەولێر/ب/ هەندێ جار دەکەوێت وەک:
بەخێربێن ـــ بەخێرێن.
دای بە کێ ـــ دایەکێ.
هەروەها/ب/ی کاری داخوازی بەزۆری دەسوێ وەک:
دەربهێنە ـــ دەرینە(١٨)
هەڵبگرە ـــ هەگرە(١٩)

- کەوتنی/ه/.
/ه/یش لە شێوەزاری هەولێر لە هەندێ وشەدا دەکەوێ وەک:
دەستهاڕ ـــ دەستاڕ
ئیبراهیم ـــ برایم
هەڵهێنان ـــ هەرینان(٢٠)
دەهێنم ـــ دەینم(٢١)

- کەوتنی /ک/.
چاک کردن ـــ چاکردن
پیاوی چاک بە ـــ پیاوی چابە.
کەوتنی /ک/ی وشەی (چاک) لەکاتی لکاندنی بە {-تر}ی بەراوردەوە
چاک + تر ـــ چاتر.

- کەوتنی /و/
هەنگوین ـــ هەنگین.
چوار ـــ چار.
خوێ ـــ خێ.
نوێژ ـــ نێژ.
گوێ ـــ گێ.

- کەوتنی /ت/.
بیست دینار ـــ بیس دینار.
هەشت دە ـــ هەژدە.(٢٢)
دەست کەوت ـــ دەس کەوت

- کەوتنی /خ/
شێخ محەمەد ـــ شێ محەمەد.
«بەرخ بەسێری ـــ بەر بەسێری».(٢٣)

- کەوتنی /د/
خودا ـــ خوا.
پەیدابوو ـــ پەیا بوو.
هەڵدەستی ـــ هەرەستی.(٢٤)

- کەوتنی /ر/
برژانگ ـــ بژانگ.
پرسیار ـــ پسیار.
هەروەها کەوتنی /ر/ لەناوەڕاستی هەموو ئەو وشەو دەستەواژانەی کە بە (لە) یان (بە) دەستیان پێ کردووە لەوانەش:
لەبەر کردن ـــ لەبە کردن.
بەسەرداچوون ـــ بەسەداچوون.
دەستەواژە:
لە دوور ڕا ـــ لە دوو ڕا.
لەسەرخۆ ـــ لەسە خۆ.

- کەوتنی /ن/.
بۆن گەنی ـــ بۆگەنی(٢٥)

- کەوتنی /س/.
دەستە سڕ ـــ دەستڕ(٢٧)

- کەوتنی /ک/.
کەوتنی /ک/ لە زۆربەی ئەو حاڵەتانەی بکەوێتە ناوەڕاستی وشە بەتایبەتی لە وشەی لێکدراو و دارێژراودا، «هەروەها لەکاتی لکاندنی {لە -} و {بە-} لەگەڵ ئەو وشانەدا کە بە /ک/ دەست پێدەکەن دەنگەکە دەکەوێت، کەواتە /ک/ لە سیستەمی فۆنۆلۆژی لە شێوەزاری هەولێر لە ناوەڕاستی وشەدا کەم دەردەکەوێت.
بۆ نموونە:
ماست + ئاو ـــ ماستاو.
لە + ئەوێ ـــ لەوێ.
بە + ئەوێ ـــ بەوێ(٢٧)

(٣) لەکۆتایی وشە/
- کەوتنی /گ/.
سەگ ـــ سە.

- کەوتنی /ک/.
کەوتنی /ک/ لە کۆتایی وشەی یەکەمی ئەمانەی خوارەوە:

کاک نەبی ـــــ کانەبی.
گەلەک جار ـــــ گەلەجار.

- کەوتنی /ت/
دەیگۆت ـــــ دەیگۆ.

هەروەها /ت/ لە نموونەکانی پێشوو لەلاپەڕە (٢٢) دەردەکەوت کە زۆربەی وشە لێکدراوەکانی کە (دەست) وشەی یەکەمیانە دەکەوێ.

«هەروەها بە بەراوردکردن لەگەڵ شێوەی نووسین/ت/ لەگەڵ ڕاناوی لکاوی کەسی دووەم و سێیەمی تاکی دەستەی دووەمی ڕاناوە لکاوەکان»(٢٨) بەشێوەیەکی گشتی لەشێوەزاری هەولێر دەرناکەوێت، بەڵکو دەکەوێت:

بۆ کەسی دووەمی تاک:(٢٩)
سووتایت ـــــ سووتای.
بڕۆیت ـــــ بڕۆی.

بۆ کەسی سێیەمی تاک:
دەخوات ـــــ دەخوا.
دەبات ـــــ دەبا.

**ب/ زیادبوونی (پەیدابوونی) نەبزوێن**

زیادکردنی نەبزوێن پەیداکردنی جیاوازییە لەنێوان دەنگەکاندا(٣٠)، بەپێچەوانەی کەوتنە واتە فۆنیمێکی نەبزوێن زیاد دەبێت بۆ ئەوەی وشەکە یان دەستەواژەکە بە ئاسانی و بەبێ هەڵە دەربڕێت. لەمانەش:

- زیادبوونی/د/

فۆنیمی /د/ لەشێوەزاری هەولێر زیاد دەبێت بۆ پاراستنی واتای وشەو ئاسانیی دەربڕین چونکە «جاری وا دەبێت گونجان یان لەناوچوونی دەنگەکان دەبنە هۆی گیرە شێوانی لایەنی واتا»(٣١) و پەیدابوونی هاودەنگ(٣٢) لە فەرهەنگی وشەکاندا، بۆ نموونە کاری (بردن) لەحاڵەتی نادیاریدا کە بەهۆی {را}ی نادیاری دروست دەبێت بەم شێوەیە:

برا + را ـــــ بررا.

لێرەدا بۆ ئاسانی و سووک کردنی دەربڕین «لە زاری سلێمانی-دا {ر}ی {بررا} لەناو دەچێت و دەبێت بە {برا} و لەگەڵ وشەی {برا}دا دەبنە هاودەنگ»(٣٣)، بەڵام لەشێوەزاری هەولێر بۆ ئەوەی ئەم جۆرە ئاڵۆزییە دروست نەبێت دەنگی /د/ لەنێوان هەردوو دەنگە لێکچووەکەدا زیاد دەبێت بەم شێوەیەی لێدێت: (بر) ڕەگی کاری (بردن) + را ـــــ بردرا.

**ج/ گۆڕانی فۆنیم**

گۆڕانی فۆنیمێکی نەبزوێن بە فۆنیمێکی نەبزوێنی تر بۆ ئەوەی لە دەربڕین ئاسان بێت. ئەم گۆڕانەش بە چەند شێوەیەک دەبێت لەمانەش:

١- {کپ} ـــــ {گڕ}/

گۆڕانی نەبزوێنی کپ بۆ نەبزوێنی گڕ کە هەمان سازگەیان هەبێت یان سازگەیان لە یەک نزیک بێت، یان بەشێوەیەکی وا بگۆڕێت کە لەگەڵ سروشتی فۆنیمەکانی دەوروبەری بگونجێت. وەک:

- گۆڕانی/ش/ ـــــ /ژ/.
پێش + مەرگ + ە ـــــ پێژمەرگە.
پاش + نوێژ ـــــ پاژنێژ(٣٤)
پشت دەر ـــــ پژدەر(٣٥)

- گۆڕانی/ئـ/ ـــــ /د/.
لە شێوەزاری هەولێر لەکاری ڕانەبوردوودا/ئـ/ دەبێتە /د/ وەک:
ئەچم ـــــ دەچم.
ئەکەوێ ـــــ دەکەوێ.

- گۆڕانی/س/ ـــــ /ز/.
دەست گر ـــــ دەزگر.(٣٦)
گەلاس ـــــ گەراز.(٣٧).

- گۆڕانی /ئـ/ ـــــ /ع/.
ئاسمان ـــــ عاسمان.
ئافەرین ـــــ عافەریم.(٣٨)

- گۆڕانی /ت/ ـــــ /د/.
لەگەڵت دێم ـــــ لەگەرد دێم.(٣٩)
سیقەتۆرە ـــــ سیقەدۆرە.

- گۆڕانی /پ/ ـــــ /ب/.
زۆپا ـــــ سۆبە.(٤٠)
دەستی چەپ بێ خێرە ـــــ دەستی چەب بێ خێرە.(٤١)

- گۆڕانی /ح/ ـــــ /ع/(٤٢)
ئەم دیاردەیە لە شێوەزاری هەولێر زۆرباوە. وەک:
حاجی ـــــ عاجی.
حەمەد ـــــ عەمەد.

٢- گڕ ـــــ کپ:
گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕ بۆ کپ لە چەند شوێنێکدا دەبینرێت وەک:

- گۆڕانی /ژ/ ـــــ /ش/.
ڕۆژتان باش ـــــ ڕۆشتان باش.

- گۆڕانی /غ/ ـــــ /ق/.
کاغەز ـــــ قاقەز(٤٣)

- گۆڕانی /ع/ ـــــ /ح/.
عەنتیکە ـــــ حەنتیکە.
عەلی ـــــ حەلی.

- گۆڕانی /ز/ ـــــ /س/.
زڵق ـــــ سرق(٤٤)
زۆپا ـــــ سۆبە(٤٥)

- گۆڕانی /ب/ ـــــ /پ/.
بەیەکەوە ـــــ پێکەوە(٤٦).
بە ئەودا ـــــ پێدا.

- گۆڕانی /و/ ـــــ /ف/
نەوت ـــــ نەفت.
مزگەوت ـــــ مزگەفت.
حەوت ـــــ حەفت.

٣- گڕ ـــــ گڕ.
گۆڕانی نەبزوێنی گڕ بۆ نەبزوێنێکی گڕی تر.

- گۆڕانی /ڵ/ ـــــ /ر/.
لەشێـوەزاری هەولێـر ئەم دیاردەیە زۆر باوە، چونکە /ڵ/ زۆر کەم بەکاردێت(٤٧).
گوڵ ـــــ گور.
دڵ ـــــ در.

- گۆڕانی /م/ ـــــ /و/.
ئەمڕۆ ـــــ ئەوڕۆ.(٤٨)
دەم ـــــ دەو.

- گۆڕانی /م/ ـــــ /ب/.
موسڵمان ـــــ بوسورمان(٤٩)

- گۆڕانی /و/ ـــــ /م/.
هەتیو ـــــ هەتیم(٥٠)
چەتیو ـــــ چەتیم(٥١)

- گۆڕانی /گ/ ـــــ /غ/.
جگەرە ـــــ جغارە.(٥٢)

- گۆڕانی /ب/ ـــــ /ل/.
بۆ ـــــ لۆ.

- گۆڕانی /ن/ ـــــ /م/
فانیلە ـــــ فامیلە.

٤- کپ ـــــ کپ.
گۆڕانی نەبزوێنی کپ بۆ نەبزوێنێکی تری کپ وەک:
- گۆڕانی /ح/ ـــــ /ھ/.
حەمزە ـــــ هەمزە.
حەریر ـــــ هەریر.

- گۆڕانی /ئـ/ ـــــ /ھ/.
ئارد ـــــ هارد.

- گۆڕانی /ک/ ـــــ /ق/.
کاغەز ـــــ قاقەز.

**جێگۆڕکێی فۆنیمەکان**

ئەم دیاردەیە لەشێـوەزاری هەولێـر بەدی دەکرێت کـە فـۆنیـمـەکانی وشـەیەک شـوێنی خـۆیان دەگـۆڕن لـەکـاتی ئاخـاوتن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاسانتـر دەبـبـڕێن، ئەم جـێـگـۆڕکـێـیـانـەی شـێـوەزاری هـەولێـر بـەرامـبـەر بەشێوەزارەکانی تر ڕوودەدەن.

- جێگۆڕکێی /ر/، /ز/ ـــــ /ز/، /ر/.
تەرزە ـــــ تەزرە.

- جێگۆڕکێی /چ/، /پ/ ـــــ /پ/، /چ/.
قۆچپە ـــــ قۆپچە.

- جێگۆڕکێی /ر/، /و/ ـــــ /و/، /ر/.
دەروێش ـــــ دەورێش.

- جێگۆڕکێی /ک/، /ت/ ـــــ /ت/، /ک/.
مەکتەب ـــــ مەتکەب.

- جێگۆڕکێی /ل/، /ن/ ـــــ /ن/، /ل/.
لەعنەت ـــــ نەعلەت(٥٣)

- جێگۆڕکێی /ف/، /ڕ/ ـــــ /ڕ/، /ف/.
فڕاند ـــــ ڕفاند.

- جێگۆڕکێی /گ/، /ە/، /ر/ ـــــ /ە/، /ر/، /گ/.
جگەر ـــــ جەرگ.(٥٤)

- جێگۆڕکێی /ڕ/، /ن/ ـــــ /ن/، /ڕ/.
ڕوانین ـــــ نواڕین(٥٥)

- جێگۆڕکێی /ک/، /چ/ ـــــ /چ/، /گ/.
ئێکجار ـــــ ئێجگار.(٥٦)

- جێگۆڕکێی /ر/، /و/، /ێ/ ـــــ /ێ/، /ر/، /و/.
کەروێشک ـــــ کێروشک.
دوای ئەوەی دەنگی /ێ/ هاتۆتە پێشەوە، /ە/ی دوای /ک/ کەوتووە نەوەک هێشتووە بزوێن دروست ببێت.

**٢- گۆڕان لەبزوێن-دا**
لە ئەنجامی لێکدانی دوو مۆرفیم یان وشەیەک لەگەڵ مۆرفیمێکدا، کە دوو بزوێن دەگەنە یەک، چەند گۆڕانێکی فۆنۆلۆژی لە مۆرفیمەکاندا ڕوودەدات. واتە بەپێی ئەو ژینگە جیاوازانەی کە تێیدا دەردەکەون مۆرفیمەکان شێوەی جیاواز وەردەگرن، هۆی گۆڕانی بزوێنەکان لەزمانی کوردیدا بە زۆری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هێشووە بزوێن دروست نەبێت.
«ئەمەش تایبەتییەکی فۆنۆلۆژیی زمانی کوردی دەردەخات» (٥٧) هەروەکو لە شێوەی پێکهاتن و ڕیزبوونی فۆنیمەکان لە بڕگەی فۆنۆلۆژیدا ئەم ڕاستییە دەردەخات.
هەروەها گۆڕانی بزوێنەکان «بە زۆری لە دوو دیاردەی (نەگونجان و لەناوچوون)-دا بەرچاو دەکەوێت» (٥٨)، یان یەکێک لە نەبزوێنەکان دەگۆڕێت بە دەنگێکی تر کە لە سیفەتێکدا نزیکە لە دەنگە گۆڕاوەکە، یان دەنگێکی نەبزوێن دێتە نێوان دوو بزوێنەکە، یان یەکێک لە بزوێنەکان دەکەوێ و لەناودەچێت.

لەو گۆڕانانەی بەسەر بزوێنەکاندا دێت:
**أ/ کەوتنی بزوێن**
لە ئەنجامی لێکدانی دوو مۆرفیم یان زیاتر کە دوو بزوێن پێکدەگەن لە هەندێ کاتدا بزوێنێک یان زیاتر لەناودەچێت، بۆ ئەوەی هێشووە بزوێن دروست نەبێت، بە مەبەستی ئاسان بوون و ڕەوانی دەربڕین.

- کەوتنی /ە/.
لە + ئەوێندەر ـــــ لەوێندەر.
بە + ئەو ـــــ بەو.
لە + ئەوبەر ـــــ لەوبەری(٥٩)
لە + ئەوە ـــــ لەوە.
دە ئەوجا ـــــ دەوجا.
دەهێم ـــــ دێم.(٦٠)

- کەوتنی نیمچە بزوێنی /ی/.
دایک ـــــ داک.
شیرین ـــــ شیرن.

**ب/ گۆڕانی بزوێن بە دەنگێکی تر**
**١/ گۆڕانی بزوێن بە بزوێنێکی تر**
- گۆڕانی /ە/ ـــــ /ێ/.
جەژن ـــــ گێژنە(٦١)

- گۆڕانی /ا/ ـــــ /ە/.
دەرگا ـــــ دەرگە ـــــ دەرکە.

- گۆڕانی /و/ ـــــ /ز/بزرۆکە.
بولبول ـــــ بلبل

- گۆڕانی /وو/ ـــــ /ۆ/.
سوور ـــــ سۆر.
ژوور ـــــ ژۆر.

- گۆڕانی /ۆ/ ـــــ /وو/.
چەقۆ ـــــ چەقوو.

- گۆڕانی /وو/ ـــــ /ی/.
ڕۆژوو ـــــ ڕۆژی

نووستوو ـــــ نووستی.
مردوو ـــــ مردی.

- گۆڕانی /ێ/ ـــــ /ی/.
بنێشت ـــــ بنیشت.

**٢/ گۆڕانی بزوێن بە نیمچە بزوێن**
- گۆڕانی /ۆ/ ـــــ /و/
دەڕوا + ات ـــــ دەڕوات(٦٢)

- گۆڕانی /ە/ ـــــ /و/
بەهار ـــــ بوار.(٦٣)

- گۆڕانی /وو/ ـــــ /ی/.
خانوو + ەکە ـــــ خانییەکە (خانی- یەکە)

- گۆڕانی /وێ/ ـــــ/وو/.
سوێر ـــــ سوور.
جوێن ـــــ جوون.

- گۆڕانی /وێ/ ـــــ /ی/.
خوێن ـــــ خین.

- گۆڕانی /وێ/ ـــــ /وو/.
نوێ ـــــ نوو
سەرتوێژ ـــــ سەرتوو(٦٤)

**ئەنجام**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە چەند ئەنجامێک گەیشتین کە لە چەند خاڵێکدا دەستنیشانیان دەکەین و بریتین لە:

١- هەر گـۆڕانێکی دەنگی ڕوودات لە کـەشـێکی تایبەتیدا، مەرج نییە لە هەموو وشەیەکدا هەمان گۆڕان لە هەمان کەشدا ڕوودات.

٢- هەندێ گۆڕان پاش گۆڕانێکی تر ڕوودەدات، واتە بەبێ گۆڕانی یەکەم گۆڕانی دووەم نایەتە کایەوە.

٣- لەشـێـوەزاری هەولێـر دەنگێکی تایبـەت هەیە کە لەنێــوان /ل/ و /ر/ دایە وەک لە وشــەی : باخــەر. (ر+ل).

٤- گـۆڕان لە نەبزوێندا زیاترە وەک لە بزوێن، چونکە بزوێن بە کۆڵەکەی بڕگە دادەنرێت.

٥- بەزۆری گـۆڕان لە بزوێندا بە مـەبەسـتی ئەوەیە کـە هێشووە بزوێن دروست نەبێت.

٦- لەگـەڵ ئەوەی شـێـوەزاری هەولێـر هەندێ دیاردەی تایبـەتی هەیە لە ڕووی فۆنۆلۆژییـەوە لە هەندێ دیاردەی تردا هاوبەشە لەگەڵ ستانداردو شێوەزارەکانی تر.

٧- /ڵ/ لەشێوەزاری هەولێر لە چەند وشەیەک نەبێت بەکارنایەت.

٨- لەشـێـوەزاری هەولێـر لەزۆر وشـەدا /ع/ و /ح/ لەجیاتی یەکتر بەکاردێن.

٩- هەمـوو گـۆڕانکارییـەکی فـۆنۆلۆژی بۆ مـەبەسـتی ئاسـان بوونە، بەڵام بە مـەرجـێـک دەبێت کـار لەواتا نەکات.

**سەرچاوەکان**

........

**- سەرچاوە کوردییەکان:**


١- حـەسـەن قـزڵجی، گـۆڕانی پیـتـەکـان بەیەکـتـر، جێگۆڕکێی پیـتـەکـان و سـوان و تێکشکانی وشـەکـان بەهۆی ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەر پیتەکاندا دێ، گۆڤـاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی٦، ١٩٧٨.

٢- ڕەحمان ئیـسمـاعیـل حەسەن، بڕگە و ئاسان بوونی بڕگە لە کوردیدا، نامەی ماجستێر، ١٩٩١.

٣- طالب حـوسـێن عـەلی، فـۆنۆلۆجـیی کـوردی و دیاردەی ئاسـان بوونی فۆنیـمـەکان لە زاری سلێـمـانیـدا، نامەی ماجستێر، ١٩٨٩.

٤- غازی فاتح وەیس، دەنگەکانی (ڵ)، (ل) و (ڕ)، (ر) لەژێر تیـشـکی فـۆنەتیک و فـۆنـۆلۆژیدا، گـۆڤـاری زانکۆ، بەرگی (٨) ژمارە(٢)، ١٩٨٢.

٥- فەتاح مامە عەلی، هاودەنگ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، ١٩٨٩.

٦- محەمەد مەعرووف فەتاح، زمانەوانی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٠.

٧- وریا عومەر ئەمین (دکتۆر)، فۆنیمەکانی زمانی کوردی، نووسەری کورد، ژمارە(٨)، ١٩٨١.

٨- وریا عـومـەر ئەمین (دکـتـۆر)، ئیـملای کـوردی و چەند تێـبـینیـیـەک، گـۆڤـاری کـۆڕی زانیـاری کـورد، بەرگی(٩)، ١٩٨٢.

٩- وریا عومەر ئەمین (دکتۆر)، فۆنۆلۆجی، کاروان، ژمارە ٢٠، ١٩٨٤.

١٠- وریا عـومـەر ئەمین (دکـتـۆر)، ڕێزمـانی ڕاناو، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە(١١٥)، ١٩٨٧.


**- سەرچاوە عەرەبییەکان:**


١- فــؤاد حـمـە خورشید، اللغة الکردیة، التوزیع

الجغرافي للهجاتها، مطبعة الوسام- بغداد، ١٩٨٣.
٢- محمد علي الخولي، الأصوات اللغوية، الناشر، مكتبة الخريجي، الرياض، ١٩٨٧.

**- سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

1- Abdul - Majeed Rashid Ahmad, The Phonemic system of M.S.K, University of Michigan (Thesis), (1986)

2- Mackenzie, D.N., Kurdish Dialect studies, London, Oxford University Press, 1961.

## پەراوێزەکان

.........

(١) زارەکانی زمانی کوردی ئەمانەن:
أ- کرمانجی ژوورو (باکوور).
ب- کرمانجی ناوەڕاست.
ج- کرمانجی خواروو (باشوور).
د- کرمانجی ڕۆژهەڵات (گۆرانی).

(٢) کرمانجی ناوەڕاست لەم پێنج شێوەزارە پێکدێت: موکری، سۆرانی (هەولێر)، ئەردەلانی، سلێمانی، گەرمیانی.

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

- فؤاد حمه خورشيد، اللغة الكردية التوزيع الجغرافي للهجاتها، المكتبة الوطنية، مطبعة الوسام - بغداد ١٩٨٣، ص٢٧.

3- Mackenzie, D.N. 1961, P1-28.

(٤) ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن، نامەی ماجستێر، ل٣٥.

(٥) دەتوانین لەکاتی ئێستاماندا بڵێین جگە لە چەند گۆڕانێکی فۆنۆلۆژی دیاریکراو نەبێ هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان شێوەزاری هەولێر و کۆیێ بەدی ناکرێت کە پێشتر ئەم جیاوازییانە زیاتر بوون.

(٦) دەشتی دزەییاتی/ (مولکیە)شی پێدەڵێن، دەشتێکی پان و بەرینە دەکەوێتە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر، کۆمەڵە گوندێکی زۆر دەگرێتەوە لەگەڵ ئەو گوندانەی کە دەکەونە نێوان دەشتی بەڕانەتی و دەشتی قەراج و کەندێناوە.

(٧) دەشتی بەڕانەتی، دەشتێکی بەرفراوانە دەکەوێتە باکوورو باکووری ڕۆژئاواو ڕۆژئاوای شاری هەولێر- واتە گوندەکانی نێوان ڕێگای هەولێر پیرمام و هەولێر مووسڵ- درێژ دەبێتەوە تازێی بادینان.

(٨) دەشتی قەراج و کەندێناوە: ئەو گوندانە دەگرێتەوە کە دەکەونە باشوور و باشووری ڕۆژئاوای هەولێر.

(٩) مەڵبەندی ناحیەی عەینکاوە کە زۆربەی زۆری دانیشتووانی بریتین لە ئاشووری و کلدانی، بەزمانی مەسیحی و عەرەبی قسە دەکەن و ئەوانی بە کوردیش قسە دەکەن شێوەزاری هەولێر بەکاردێنن.

(١٠) کۆمەڵگاکانی دەوروبەری شاری هەولێر دانیشتووانیان لە خەڵکی ناوچەکانی تری کوردستان و خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری شار پێکهاتووە، بۆیە زیاتر لە شێوەزارێک لە قسەکردنی ڕۆژانەدا بەکاردێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی زۆربەی دانیشتووانی ئەم کۆمەڵگایانە خەڵکی دەشتی هەولێرن و بەهۆی هاتوچۆو تێکەڵاوییان لەگەڵ ئەوانی تر دەبینین شێوەزاری هەولێر کاری لە شێوەی قسەکردنی دانیشتووانی ئەم کۆمەڵگایانە کردووە، واتە بە بەسەرچوونی کات شێوەی قسەکردنیان بەرەو شێوەزاری هەولێر گۆڕاوە.

(١١) وریا عومەر ئەمین، ئیملای کوردی و چەند تێبینییەک، گۆڤاری زانیاری، ژ٩- ١٩٨٢، ل٤٣٦.

(١٢) /t/ بزرۆکە لەزمانی کوردی هەیە تەنها لە نووسینی ئەلفبای جیهانی فۆرمی هەیە و دەردەکەوێت لە نووسینداو لە ئەلفبای کوردی دەرناکەوێت.

(١٣) دەنگێک لە شێوەزاری هەولێر هەیە کە لەنێوان /ل/ و /ر/ دایە، وەک لە وشەی (باخەر) کە دەربڕینی لەنێوان /ر/ و /ل/ دایە.

(١٤) /ڤ/ لەزمانی کوردی زاری کرمانجی باکوور بەکارهێنانی زۆرەو فۆنیمێکی سەربەخۆیە، بەڵام لە زاری کرمانجی ناوەڕاست بە تایبەتی شێوەزاری هەولێر بەکارهێنانی بەو شێوە بەرفراوانە نییە، بەڵکو لە هەندێ وشەدا دەردەکەوێت کە زۆربەی ئەو وشانە لە زاری باکوور هاتۆتە ناو شێوەزاری هەولێر وەک (ڤیان، تاڤگە، مرۆڤ، کۆڤار،.. تاد) لە ڕاستیدا بوونی ئەم دەنگە و بەکارهێنانی و لە کاتی گۆڕینی بە دەنگێکی تر مانای وشەکە دەگۆڕێت ئەوە دەگەیەنێت کە فۆنیمێکی سەربەخۆیە، ئەگەرچی کەمیش بەکاربێت. «بەڕای دکتۆرە پاکیزە ڕەفیق حیلمی، ئەم فۆنیمە تایبەتێتی زمانی کوردی دەر ئەخا کە ئارییە» بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: طالب حوسێن عەلی، نامەی ماجستێر، ل٢٩.

(١٥) د. وریا عومەر ئەمین، فۆنۆلۆجی، کاروان، ژ٢٠- مایس- ١٩٨٤ز، ل٣٤.

(١٦) حەسەن قزڵجی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ژ٦- ١٩٧٨، ل.

(١٧) ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن، نامەی ماجستێر، ل٧٤.
(١٨) جگە لەوەی /ب/ ســـواوە هەروەها /ھ/یش کەوتووە و /ێ/ گۆڕاوە بۆ /ی/ بەم شێوەیە.. دەربهێنە ـــــ دەرینە.
(١٩) دوای ئەوەی /پ/ کـــەوتووە لەشـــێـــوەزاری هەولێر /ڵ/ گۆڕاوە بۆ /ر/ دواتر ئەویش کەوتووە:
هەڵبگرە ـــــ هەڵگرە ـــــ هەرگرە ـــــ هەگرە.
(٢٠) جگە لە کـەوتنی /ھ/ دەنگی /ڵ/ گـۆڕاوە بۆ /ر/ و /ێ/یش بۆ /ی/:
هەڵهێنان ـــــ هەرینان.
(٢١) لەدوای کـەوتنی /ھ/دا /ێ/ی بزوێن گـۆڕاوە بۆ /ی/ بزوێن، هەندێ جـار لە شـێـوەزاری هەولێـر لە وشەی (دەهێنم) دوای ئەم گۆڕانکارییانەی باسمان کردن /ە/یش دەکەوێ و دەبێتە (دینم).
(٢٢) جگە لە کەوتنی /ت/ دەنگی /ش/ گۆڕاوە بۆ /ژ/.
(٢٣) ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن، نامەی ماجستێر، ل٧٩.
(٢٤) لەدوای ئەوەی /ڵ/ دەبێـتـە /ر/ ئەوا /د/یش دەکەوێ بەم شێوەیە:
هەڵدەستی ـــــ هەردەستی ـــــ هەرەستی.
(٢٥) ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن، نامەی ماجستێر، ل٧٩.
(٢٦) جگە لە کەوتنی/س/، /ە/ش کەوتووە:
دەستەسڕ ـــــ دەسترِ.
(٢٧) جگە لە دەرنەکەوتنی /ک/ لەم دوو نموونەیەدا /ە/یش کەوتووە بەم شێوەیە:
لە + ئەوێ ـــــ لەوێ، بە + ئەوێ ـــــ بەوێ.
(٢٨) ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن، نامەی ماجستێر، ل٨١.
(٢٩) بۆ ڕاناوە لکاوەکـانی زمـانی کـوردی شـێـوەی نووسین بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:
وریا عـومـەر ئەمین، ڕێزمـانی ڕاناو، ڕۆشنبـیری نوێ، ژمارە(١١٥)، ١٩٨٧، ل١٩٥.
(٣٠) مـحـمـد علي الخـولي، الأصـوات اللغـوية، ص٢٢١.
(٣١) طالب حوسێن عەلی، نامەی ماجستێر، ل٥٧.
(٣٢) هاودەنگ کۆمەڵ یا جووتێ دانەی مۆرفۆلۆجین یا سینتاکسین، لە ڕووی فۆنەتیکەوە لە دەربڕینا یەکن، بەڵام لە ڕووی سیمانتیکەوە یا سینتاکسەوە لە ئەرک و واتاو ڕۆنان و ڕەگەزدا جیان.
بڕوانە هاودەنگ لەزمانی کوردیدا، فەتاح مامە عەلی، (١٩٨٩)، نامەی ماجستێر.
(٣٣) طالب حوسێن عەلی، نامەی ماجستێر، ل٥٨.
(٣٤) لەشـێـوەزاری هەولێـر وشـەی (پاش نوێژ) دوو گۆڕانکاری بەسەردادێت:
أ- گۆڕانی /ش/ ـــــ /ژ/
ب- کەوتنی /و/.
(٣٥) جگە لە گـــۆڕانی /ش/ بـۆ /ژ/، دەنگی /ت/یش کەوتووە.
(٣٦) جگە لە گـــۆڕانی /س/ بـۆ /ز/، دەنگی /ت/یش کەوتووە.
(٣٧) جگە لە گۆڕانی /س/ بۆ /ز/، /ڵ/ گۆڕاوە بۆ /ر/.
(٣٨) جگە لەم گـۆڕانە دەنگی /ن/یش گـۆڕاوە بـۆ /م/.
(٣٩) جگە لـە گـــۆڕانی /ت/ بـۆ /د/، /ڵ/یش گۆڕاوە بۆ /ر/.
(٤٠) جگە لە گـۆڕانی /پ/ بۆ /ب/، /ا/ گـۆڕاوە بۆ /ە/ و /ز/ گۆڕاوە بۆ /س/.
(41) Abdul - Majeed Rashid Ahmad, (1986), The Phonemic system of M.S.K., P.18.
(٤٢) لەشـێـوەزاری هەولێـر دەتوانین هەردوو دەنگی /ح/ و /ع/ بەیەک فـۆنیم دابنێین. واتە ئەلۆفـۆنی یەکـتـرن، چونکە لە شـوێنی یەک بەکـار دەهێنرێن بەبێ ئەوەی واتای وشەکە بگۆڕن.
(٤٣) جگە لە گـــــۆڕانی /غ/ بـۆ /ق/ دەنگی /ک/یش گۆڕاوە بۆ /ق/.
(٤٤) جگە لە گـــۆڕانی /ز/ بـۆ /س/، دەنگی /ڵ/یش گۆڕاوە بۆ /ر/.
(٤٥) جگە لە گـۆڕانی /ز/ بۆ /س/، دەنگی /پ/ گۆڕاوە بۆ /ب/ و هەروەها دەنگی /ا/ بۆ /ە/.
(٤٦) جگە لە گۆڕانی /ب/ بۆ /پ/، /ە/ کەوتووە و (یـ+ە) بووەتە /ێ/.
(٤٧) لە شێـوەزاری هەولێر /ڵ/ لە چەند نموونەیەک بەکاردێت وەک (سەڵتە، شەڵتە، سەڵت) ئەگەر نا کەم بەکاردێت، ئەگەر دوو (ل) بکەونە دوای یەک وەکو /ڵ/ دەردەبڕێ وەک لە وشەی (بەڕەللا).
(٤٨) حەسەن قزڵجی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ب٦- ١٩٧٨ز، ل١٧٣.
(٤٩) جگە لە گـۆڕانی /م/ بۆ /ب/، دەنگی /ڵ/ بووەتە /ر/.

(٥٠) هەروەها لە شێوەزاری هەولێر هەندێ جار /ە/ دەگۆڕێ بۆ /ێ/و وشەکە دەبێتە (هێتیم).
(٥١) لە بنەڕەتدا لە وشەی (کچە هەتیو) هاتووە بووەتە (کچە هەتیم) دواتر ئەم گۆڕانکارییانەی بەسەردا هاتووە: کچە هەتیم ـــــ چەتیم. حەسەن قزڵجی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ب٦-١٩٧٨، ل١٧٤.
(٥٢) جگە لە گۆڕانی /گ/ ـــــ /غ/، بزوێنی /ە/ی کوورت گۆڕاوە بۆ /ا/ درێژ، چونکە دەربڕینەکە بەم شێوەیە ئاسانترە.
(٥٣) حەسەن قزڵجی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ب٦-١٩٧٨، ل١٧٨.
(٥٤) بۆیە لە شێوەزاری هەولێر ئەم جێگۆڕکێیە ڕوودەدات بۆ ئەوەی بڕگەی پەسند دروست بکات.
(٥٥) هەروەها هەندێ جار دوای ئەوەی ئەم جێگۆڕکێیە ڕوودەدات لە قسەکردندا لە شێوەزاری هەولێر کورتتر دەبێتەوە بۆ (نۆڕین) دوای ئەوەی {و +ا} دەبێتە /ۆ/.
(٥٦) ئەم وشەیە چەندین گۆڕانی بەسەرداهاتووە کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:
یەک جار ـــــ یکجار و لەشێوەزاری هەولێر /ک/ی لەسەرەتا بۆ زیاد دەکرێت بۆ ئەوەی لە دەربڕین خۆشتربێت، هەروەها /ک/، /ج/ دەگۆڕێت بۆ /ج/، /ک/ و لەبەر ئەوەی /ج/ دەنگێکی گڕە بۆیە /ک/ی کپ دەگۆڕێت بۆ /گ/ی گڕ کە هەمان سازگەی هەیە بۆ ئەوەی لەگەڵ دەنگی /ج/ ڕێک بکەوێت.
(٥٧) طالب حوسێن عەلی، نامەی ماجستێر، ل٦٨.
(٥٨) هەمان سەرچاوە، ل٦٩.
(٥٩) جگە لەوەی /ە/ کەوتووە، /ی/یش لەشێوەزاری هەولێر زیاد دەبێت.
(٦٠) دوای ئەوەی /ھ/ کەوتووە /ە/یش سواوە لەبەر ئەوەی /ێ/ی بزوێنی لە دواهاتووە.
(٦١) جگە لەوەی /ە/ گۆڕاوە بۆ /ێ/، /ج/یش گۆڕاوە بۆ /گ/ و دەنگی /ە/ لەدواوە زیاد بووە.
(٦٢) کاتێک کە {-ات}ی ڕاناوی کەسی سێیەمی تاک بە ڕەگی داهاتووی ئەو کارانە دەلکێت کە کۆتاییان بە /ۆ/ هاتووە ئەوا /ۆ/ دەگۆڕێت بۆ /و/ی نیمچە نەبزوێن بۆ خۆ پاراستن لە هێشووە بزوێن.
(٦٣) دوای ئەوەی دەنگی /ھ/ کەوتووە، /ە/یش گۆڕاوە بۆ /و/ نەوەک هێشووە بزوێن دروست بێت.
(٦٤) جگە لە گۆڕانی /وێ/ بۆ /وو/،/ ژ/یش کەوتووە.

# هێراکلیت

**د. حەمید عەنایەت**
**لە فارسییەوە: ئازاد وەڵەدبەگی**

لەتۆژینەوەی فەلسەفەی ڕامیاری ڕۆژئاوادا، یەکەم گرفت کە لەبەردەم کاری هەرتۆژەرێکدا سەرهەڵدەدات ئەوەیە کە لە چ هزرڤانێکەوە باسەکەی خۆی دەست پێ بکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە تاڕادەیەک بەوەوە گرێ دراوە کە چۆن پێناسەی سیاسەت بکەین؟

ئەگەر سیاسەت بەواتا گشتییەکەی، واتە تەکنیکی وڵاتداری و بەدەستهێنانی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی لێک بدەینەوە، ئینجا دەبێ ئەو یەکەمین هزرڤانانەی کە لەسەر ئەم باسە تایبەتییانە کتێبیان نووسیوە بەبنیاتنەری فەلسەفەی ڕامیاری بزانین، هەروەک زۆربەی نووسەران پەیڤی خۆیان لە ئەفلاتوونەوە دەست پێ دەکەن، بەڵام خەوشی کارەکە لەوەدایە کە بەو ئاسانییە ناتوانین سنووری باسە ڕامیارییەکان دیاری بکەین و ڕەنگە پرسی کۆمەڵایەتی و ئابووری و بەتایبەتی فەلسەفیش هەبن کە لەگەڵ سیاسەتدا لەپێوەندیدان، یا ئەنجامی گرنگی ڕامیارییان هەیە، ڕەنگە هەر ئەم هۆیەشە کە (مارسیل پرەلۆ) مامۆستای زانکۆی پاریس لە کتێبە تێروتەسەلەکەی خۆیدا بەناونیشانی (مێژووی فیکری ڕامیارییەکان)«١» بەتۆژینەوەی بیرۆکەکانی هێردۆتی مێژوونووس دەست پێ دەکات، چونکە بەڕای برەلۆ ئەوشتەی کە هیردۆت لەدەقی ڕاپۆرتە مێژووییەکانی خۆیدا لەبارەی جۆری سیستەمە ڕامیارییەکانەوە وتوویەتی، شێوازی بیرکردنەوەی یۆنانییە کۆنەکان لەبارەی جۆرەکانی حکومەتەوە دەخاتە ڕوو.

چونکە بابەتی ئەم کتێبەی ئێستا، فەلسەفەی ڕامیارییە (بەشێوەیەکی گشتی فیکری ڕامیاری) گرفتەکەی ئێمە بەلانی کەمەوە سنوورێکی هەیە، چوون بەپێی خواستی بابەتەکە، زەمینەی باسەکەمان دەبێ تایبەت بێت بەو دەستەیە لەهزرڤانانی یۆنانی کە لەمێژووی فەلسەفەدا پلەوپایەیان هەبووە. لەسەرانسەری مێژوودا، فیکری ڕامیاری هەرگیز لە فیکری فەلسەفی جیانەبووە و سەرهەڵدانی فیکری سیاسی، لای هەر گەلێک، تەنیا ئەو کاتە هاتۆتە دی کە زەینی ئەوان لە کۆت و بەندی وێنا وشکەکان لەبارەی ناوەرۆکی بوون و سووڕانەوەی جیهان و ڕەوتی مێژووەوە ڕزگاری بووە.

یۆنانییەکانیش کاتێک کەوتنە سەر ڕێبازی بیرکردنەوەی ڕامیاری کە پرەنسیپی گۆڕانکاری لە بوونەوەرەکانیان دۆزییەوە. ئەندێشەو گومانەکانی هەردوو شاعیری گەورەی یۆنانی کۆن، هۆمێر (سەدەی نۆیەمی بەر لەزایین) و هزیۆد (سەدەی هەشتەمی بەر لەزایین) زەمینەیان بۆ ئاگاداربوون لەم پرەنسیپە خۆش کردبوو. لەڕوانگەی هۆمێرەوە ئەگەرچی مێژوو بەرهەمی ویستی خواوەندەکانە، بەڵام یاسا گشتییەکانی لەلایەن خواوەندەکانەوە دانانرێ و هەر ئەمەش لەمێژوودا بووەتە هۆی نەهامەتییەکان و لێک دابڕانەکان لەزنجیرەی ڕووداوەکان و ئاڵۆزییەکانی ڕۆژگارو نەبوونی

یەکگرتوویی لەواتاو ئاراستەکاندا. ژیانی مرۆڤ ئامرازی باری هێزە شاراوەکانی چارەنووسە و کەس ناتوانێ لەئەنجامی ئاگاداربێت. هزیۆدیش باوەڕی بەحکومەتی چارەنووس هەیە بەسەر ژیانی مرۆڤدا، بەڵام ڕەشبینانەتر لەهۆمێر سەیری جیهان دەکات و دەڵێت کە ژیانی دەروون و جەستەی مرۆڤ بەردەوام بەرەو لەناوچوونی زیاتر دەڕوات. گوتوویانە کە هزیۆد لەم بیرۆکەیەی خۆیدا لەژێر کاریگەری هزرڤانە ڕۆژهەڵاتییەکاندا بووە، بەڵام لەیۆنانی کۆندا هێراکلیت (هێراقلیتس ٤٨٠-٥٧٦ بەر لەزایین) یەکەم فەیلەسووف بوو کە گۆڕانکاری بە پرەنسیپێکی زاڵ بەسەر بوونەکاندا ناسی. سەردەمی پڕ بەرهەم بوونی فیکرەی ئەو لەگەڵ پاشایەتی داریوشی هەخامەنشی هاوکات بوو و لە ڕواڵەتدا وادیارە کە ئەو لەگەڵ داریوشدا دۆستایەتی هەبووە. (٢)

فەیلەسووفەکانی بەر لەهێراکلیت جیهانیان بە بینایەکی گەورە دەزانی کە لە کەرەستەی دیاریکراو دروست کراوە و شێوازو ڕەهەند و سیستەمێکی نەگۆڕی هەیە و هەربۆیە بە کاسمۆس ناویان دەبرد کە بە وتەیەک ئەم وشەیە ڕەچەڵەکێکی ڕۆژهەڵاتی هەیە و واتای خێوەت دەدات. بەڕای ئەوان ئەرکی فەلسەفە ئەوەیە کە کەرەستە دروستکەرەکانی جیهان بناسێ و هەر لێرەدا بووکە فەلسەفەی ئەوان بە فەلسەفەی سروشت ناوزەد کرا.

بەم جۆرە «تالس مەلتی» (لەدایکبووی ٦٢٥ بەر لەزایین) ئاوی بەجەوهەری جیهان داناو «ئەنکسیمندر» (٥٤٧-٦١٠ بەر لەزایین) مادەیەکی بێ سنوور و نادیاری بەسەرچاوەی کەرەستەکان زانی و «ئەنکسیمانۆس» (کۆچکردوو لە نزیکەی ٤٨٠پ.ز) هەوای بە بنیاتی بوون دانا.

ئەوان ئەگەر هەندێ جاریش باسیان لەگۆڕان دەکرد لەکاروباری جیهاندا، ئەویان بەشتێک دەزانی کە با لەناوبینای جیهاندا ڕوودەدات، یا ڕەوتێکە لەدەرەوەی ڕێساو ڕێکوپێکی سروشت کە بونیاتی بوون دەخاتە مەترسییەوە. هێراکلیت یەکسەر نکۆڵی لە هەر جۆرە سەقامگیرییەک کرد لە بوونەوەرەکاندا و هەندێ چەمکی وەک بینای سەقامگیرو چەرخی گەردوون و خێوەت و ئەو شتانەی بەپڕوپووچ لەقەڵەم داو گوتی ئەگەر جیهان بەشتێک بچوێنرێت وەک تەپۆڵکە زبڵێکە کە بەهەواو هەوەس و گاڵتەوە پرشوبڵاوکرابێت. ئەو جیهانی بەکۆمەڵێک لەشتەکان نەدەزانی، بەڵکو بە بەرهەمی ڕووداوەکان، یا گۆڕانکاری و ڕاستییەکانی دەزانی و دروشمە بەناوبانگەکەی ئەوە بوو کە «هەموو شتێک لە حاڵی گۆڕاندایە و هیچ شتێک ئارام نییە» و «ناتوانی دووجار بچیتە ناو ڕووبارێکەوە».

سەیر ئەوەیە هەرچەندە کە هێراکلیت هەوڵ و کۆششی فەیلەسووفەکانی بەرلەخۆی بۆ ناسینی هەوێنی بوون و جەوهەری جیهان بەسووک دەزانی، بەڵام فەلسەفەی ئەویش هەر پشت بە فەلسەفەی سروشت دەبەستێ، بەو جیاوازییەی کە ئاگری بە بنیاتی هەموو کاروبارەکان دەزانی و چونکە ئاگر، بەردەوام نائارامە و سەمبولی گۆڕانە، دەگەیشتە ئەو ئەنجامە کە گۆڕان یاسای بوونەوەرەکانە. ئەو دەیگوت:

«دەریا، یەکەمین بەرهەمی گۆڕانی ئاگرە، بەڵام دەریا نیوەی لەخاک و نیوەی لە هەوای گەرمە. کەوابوو هەموو توخمەکانی تر واتە ئاو و خاک و هەوا لە گۆڕانی ئاگرەوە دروست دەبن».

گومان لەوەدانییە کە هێراکلیت بیروبۆچوونی خۆی لەسەر ژیانی ڕامیاریش گشتگیر دەکرد کە لەڕواڵەتدا پێوەندی بە بنکەی فەلسەفەی پەتییەوە هەبوو و ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیشی لەم گۆڕانکارییە بەدوور نەدەزانی و ئامۆژگاری خەڵکی سەردەمی خۆی دەکرد کە لەکاروباری ڕامیاری و کۆمەڵایەتیدا وەک منداڵان هەڵسوکەوت نەکەن کە هەموو ئەو شتانەی کە لەگەورەکانەوە بۆیان بەمیرات ماوە، بەدروست و پیرۆزی بزانن. «کارل پۆپەر» کە یەکێکە لەخاوەنڕایانی هاوچەرخ(٣) و پێوەندی نێوان شێوازی بیرکردنەوەی فەلسەفی هێراکلیت و بارودۆخی ڕامیاری تایبەتی سەردەمی ئەو و هەروا ڕەوشی ژیانی ئەوی پیشان داوە لەم بارەیەوە نووسیویەتی کە سەردەمی هێراکلیت، سەردەمی تێپەڕبوونی یۆنان بوو لە سیستەمی نەگۆڕی ئەرستۆکراسی-یەوە (خانەدانێتی) بۆ حکومەتی میللی (دیموکراسی). لەکۆمەڵگای ئەرستۆکراسی هەموو کەسێک پێگەو پیشەی دیاریکراوی هەبوو و پێی ڕازی بوو، بەتایبەتی کە خورافیاتی ئایینی و کۆمەڵایەتیش ڕێزی لەزنجیرەی پلەوپایەی هەمووان دەگرت. هێراکلیت خۆی شازادەیەک بوو لە «ئۆفسۆس»ی یۆنان بەڵام چوون حەزی لە سیاسەت نەبوو بە قازانجی براکەی وازی لەمافی جێنشینی خۆی هێنا، چوون بینی کە هێزەو شۆڕشگێڕەکان و خوازیارانی حکومەتی میللی، مانەوەی دەسەڵاتی خانەدانەکانیان خستۆتە مەترسییەوە، هەست بە یارمەتیدانی کەسوکارەکانی و ماوەیەک بەرگری لەفەلسەفەی ترادیسیۆن خوازی و میانڕەوی کرد، بەڵام هەوڵەکانی بێسوود بوون، چونکە سەردەمی سەروەری

خانەدانەکان بەسەرچوو بوو. ئەم سەرنەکەوتنە تایبەتییەی هێراکلیت لەسەر بیروبۆچوونە ڕامیارییەکانی ئەودا ڕەنگی دایەوە، هەر وەکو پاش دۆستە ئاریستۆکراتەکەی «هێرمۆدۆرۆس» لەسەر داوای جەماوەر بەتووڕەییەوە نووسی: «بە ساڵاچووەکانی ئۆفێسۆس دەبێ یەکەیەکە خۆیان لە سێدارە بدەن و کارەکان بەحکومەتی منداڵان بسپێرن»، ئەو بەڵگەیەی کە هێراکلیت بۆ سووککردنی حکومەتی میللی هێناویەتی، هەتا ئێستاش لەمشتومڕی نێوان لایەنگرانی تاکڕەوی دووپات دەبێتەوە: کۆمەڵانی خەڵک، نەزان و خراپ و تەمەڵ و نەوسن و خۆپەرستن. نیشانەیەک لە فەلسەفەی میانڕەوانەی ئەو لە قۆناغی پێکادانی نێوان ئاریستۆکراسی و حکومەتی میللی لەم دێڕە وتەیەی ئەودا بەدەردەکەوێ: «خەڵک دەبێ هەروەک شوورەی شارەکەیان بەرگری لە یاسا بکەن»، بەڵام پاشان کە ئەریستۆکراتەکان شکان، هێراکلیت وازی لەمیانڕەوی و ترادیسیۆنخوازی هێناو بڕوای بەکاتی بوون و ناسەقامگیری کاروبارەکان هێنا.

ئەگەر ئەم پاساوە لەپێوەندی ژیانی ڕامیاری هێراکلیت لەگەڵ فەلسەفەکەیدا دروست بێت، بەڕای نووسەر لەباتی ئەوەی ئەمە بەدڵبەستەیی هێراکلیت بە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی لەقەڵەم بدرێت بەڵگەیە لەسەر ڕاستگۆیی هێراکلیت و ئامادەیی ئەو بۆدانانان بەو ڕاستییانەی کە دژ بە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی ئەون، بەڵام «پۆپەر» جەختکردنەوەی هێراکلیت لەسەر بنەمای گۆڕانکاری، بەنیشانەیەک لەحەزی دەروونی و نا ئاگایانەی ئەو دەزانێ بۆ سەقامگیری دۆخەکان و هەر بەم جۆرەش لەسەر هیگڵ و مارکس بڕیار دەدات واتە دەڵێ کە هەموو ئەم هزرڤانانە لەدەروونی خۆیاندا حەزیان کردووە کە جیهان بەنەگۆڕی بمێنێتەوە و پاشان کە پێچەوانەی ئەوەیان بۆ دەرکەوتووە، هەوڵیان داوە کە بەم هزرە دڵخۆشی خۆیان بدەنەوە کە گۆڕانکاری بۆ خۆی ملکەچی یاسایەکی نەگۆڕە، هەروەک ئەفلاتوون و «پارمۆنید» (بارمۆنیدۆس) لەلایەکی دیکەوە لەو بڕوایەدا بوون کە ئەو جیهانە بگۆڕەی کە تێیدا دەژین لەگومانێک زیاتر نییە و لەسەرووی ئەمەوە جیهانێکی ڕاستەقینە هەیە کە لە گۆڕانکاری بە دوورە.

دەبێ ئەوەمان لەیاد بێت کە فەلسەفەی هێراکلیت سەرەڕای ئەو هەموو جەخت کردنەی لەسەر گۆڕانکاری، لەگەڕان و سووڕانی جیهاندا ڕێک و پێکییەک دەبینێ و وەهامان فێر دەکات کە هەر پرۆسەیەک لەجیهاندا و لەوانەش خودی ئاگر، «ڕادەیەکی» هەیە و مەبەستی ئەو لە ڕادە، کۆکراوەی حیکمەت و یاساو دادپەروەرییە:

«هەموو کاروبارەکان بەپێی پێویستی چارەنووس بەرەو پێشەوە دەچن، خۆر لە «ڕادەو چوارچێوەی» ڕەوتی خۆی ناچێتە دەرەوە، دەنا یاوەرانی دادپەروەریی دەیدۆزنەوە».

چوون چارەنووس پەیڕەو لە سیستەمێک دەکات کە نابێ لێی بترسین و هەر ئەم گەشبینییە بۆ داهاتووەکە هێراکلیت ناچار دەکات ستایشی جەنگ و ململانێ بکات چوون بێگومانە لەوەی کە لە ئەنجامدا دادپەروەری سەردەکەوێت. لەو سەردەمەدا هێشتا یۆنانییەکان جیاوازییان نەدەکرد لەنێوان دادپەروەری سروشتی یا سزاو دادپەروەری ڕامیاری، یا یاسا. هێراکلیت دەڵێ: «جەنگ، باوک و میری هەموو شتەکانە. جەنگ ئەوە دەسەلمێنێ کە هەندێک خوداو هەندێک ئادەمیزادن و ئەمان دەکاتە کۆیلەو ئەوان دەکاتە سەروەر. دەبێ بزانین کە جەنگ گشتگیرە دادپەروەری [لە] ململانێدایە و هەموو شتەکان بەناچار لە ڕێگای ململانێوە دەگەنە لووتکە.»، بەڵام ئەگەر هەموو شتەکان لەحاڵی گۆڕاندن و داهاتووی ئەم گۆڕانەش بەقازانجی هەق و دادپەروەری و شایستەییە، لەو حاڵەتەدا، چونکە پێوەرەکانی ئەم چەمکە ئەخلاقییەش بۆ خۆیان لەگۆڕاندان، چۆن دەتوانین دڵنیابین ئەو شتەی کە ئەمڕۆ هەق و دادپەروەرانە و شایستەیە لە داهاتووشدا هەروا بمێنێتەوە؟ هێراکلیت بۆ نەهێشتنی ئەم پارادۆکسە، لە فەلسەفەکەی خۆیدا دوو پرەنسیپی گرنگ و لێک گرێدراو دەخاتەڕوو کە یەکەمیان سازگاری یان یەکێتی دژەکانەو ئەوی تر ڕێژەیی بوونی ئەخلاقییە.

بەپێی پرەنسیپی یەکەم ئەو شتانەی کە بەپێی نەریت دژبەیەک ناسراون، وەک خەم و شادی، نەخۆشی و تەندروستی، مەرگ و ژیان و شێداری و وشکایی، لەڕاستیدا لەیەکتر جیا نین، بەڵکو بوونی هەریەکەیان بەبوونی ئەوی ترەوە بەستراوەتەوە کە هیچ کامیان بەبێ وێناکردنی ئەوی دیکە ناناسرێن. تەنیا ئەوکاتە دەتوانین قەدری شادی بزانین کەتووشی خەمێک ببین و ئەوکاتە ئارەزووی تەندروستی دەکەین کە نەخۆش بکەوین و شێداری کاتێک بەلامانەوە خوازراوە کە بەدەست وشکی و تینوێتییەوە ئازار بچێژین و بەم جۆرە هەتا کۆتایی.
بەوتەی مەولەوی:

**خودا ئازار و خەمی بۆیە دروست کردووە**
**تا بەهۆی ئەم دژەوە دڵخۆشی دروست ببێت**
**کەوا بوو شتە شاراوەکان بەهۆی دژی خۆیانەوە دەردەکەون**

**بەڵام چونکە حەق دژی نییە ئەوا بەشاراوەیی دەمێنێتەوە**

یان شەبستەری دەڵێ:

**دەرکەوتنی هەموو شتەکان بەدژەکەیانەوەیە**
**بەڵام حەق هیچ هاوتا و هاوبەشێکی نییە**

کەواتە گۆڕانکاری پێویستی بەوە هەیە کە شتێک خەسڵەتی خۆی لە دەست بدات و خەسڵەتی دژەکەی وەربگرێ، نەک ناوەڕۆکی بەتەواوی بگۆڕدرێ. کەوابوو هەر شتێک چوون بەردەوام لەحاڵی گۆڕاندایە لەیەک کاتدا خەسڵەت و حاڵەتە دژ بەیەکەکان لەخۆیدا کۆ دەکاتەوە. هێراکلیت هەر لەسەر ئەم بناغەیە، دژەیەکبوونی چەمکە ئەخلاقییەکان شی دەکاتەوە و دەڵێ: «بەلای خواوەندەکانەوە هەموو شتێک جوان و باش و هەقە، بەڵام خەڵک هەندێ شت دەکەنە هەق و هەندێ شتی دیکەشی دەکەنە ناهەق». بۆ وێنە مرۆڤ، ئەشکەنجە بە شتێکی خراپ و نەخوازراو لەقەڵەم دەدات، بەڵام هەر ئەم ئەشکەنجەیە لەوانەیە بەهۆی شتێکی ترەوە، واتە ئازار و نەخۆشی ببێتە کارێکی باش، هەروەک چۆن پزیشکی نەشتەرگەر بە ئەشکەنجەدانی نەخۆشەکەی، ئازاری ناوجەستەی ریشەکێش دەکات و لەپاداشتیشدا پارە وەردەگرێ. کەوابوو هەر شتێک کە لەژیاندا بەخراپ و ناشیرین دێتە بەرچاو حیکمەتێکی تێدایە، چونکە ئەگەر ململانێ لەجیهاندا بگاتە کۆتایی، ئەوا جیهانیش دەگاتە کۆتایی، لەناوچوون، نەخۆشی و برسێتی و ماندوویێتی دەبنە هۆی لەناوچوونی تەندروستی و تێری و ئاسوودەیی. هێراکلیت هەر لەم یەکێتی دژانە پرەنسیپی ڕێژەیی بوونی ئەخلاقی هەڵدەهێنجێ. ئەمەش لەهەمان ئەو وتە بەناوبانگەی پرۆتاگۆراس فەیلەسووفی یۆنانی (٤١١-٤٨١ بەر لەزایین) کورت دەبێتەوە کە دەڵێ: «مرۆڤ تەرازووی هەموو کاروبارەکانە». هەروەک چۆن ئاوی دەریا بۆ ماسییەکان باشە و بۆ مرۆڤەکان خراپە، چاکی و خراپی هەموو شتەکان شێوازێکی ڕێژەییە. هەر بۆیە ئەگەر سووری گەردوون لەسەردەمێکدا بەدڵی مرۆڤ بوو و لە سەردەمێکی تردا بەپێچەوانەی حەزی ئەوبوو، نابێ ئەمە بکەینە بەڵگە کە جیهان بەهۆی گۆڕانکاری بەرەو خراپتربوون دەڕوات، چوون هەروەک باس کرا لە هەلومەرجی نەخوازراوی هەر سەردەمێک، خێرێکی شاراوە هەیە کە دەزگای بوون و ژیان بەرەو باشتر بوون دەبات.

بیروبۆچوونەکانی هێراکلیت لەدوو ڕووەوە لە هەڵگیرساندنی ئەندێشەی ڕامیاری لای یۆنانیەکان کاریگەربوو: یەکەم ئەوەی کە بە نکۆڵیکردن لە سەقامگیری کاروباری جیهان بەشێوەیەکی گشتی، ئەوانی ئاگادار کردەوە کە گۆڕانی ئەو ڕێکخراو و ئۆرگانە ڕامیارییانەی کە هەن، پێچەوانەی نەریت و یاسای گەردوون نییە، دووەم ئەوەیە کە بووە ئیلهام بەخشی ئەفلاتوون و ئەرەستۆ لەبەشە نوێیەکانی بیروبۆچوونیاندا و یەکەمیانی خستە بیری دۆزینەوەی سیستەمێکی پارێزراو لەگۆڕانکاری واتە یۆتۆپیا و دووەمیانی ڕێنوێنی کرد بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی سەرهەڵدانی کۆمەڵگای ڕامیاری و چۆنێتی ڕەوتی گەشەکردنی ئەو کۆمەڵگایە.

**پەراوێزەکانی نووسەر:**

1- marcd prelot: Histoire des ides politiques, paris, 1970.
٢- جان برنت: آغاز فلسفه یونان، ص.١٣٠.
٣- بڕوانە بۆ: پاپر: جامعهء باز ودشمنانش، ص ١١ تا ١٤.

**سەرچاوە:**

کتێبی (بنیاد فلسفهء سیاسی درغرب)- د. حمید عنایت تهران، ٢٠٠٢.

# لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵناسی لەبارەی گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە

**داوود نادمی**
**لە فارسییەوە: عەبدوڵڵا ڕەسوڵی**
**(سنە)**

**پێشەکی**

باسکردن لەبارەی گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە یەکێک لە بنەماییترین و کاربردیترین بابەتەکانی زانستی کۆمەڵناسییە. لەنێوان بابەتەکانی کۆمەڵناسیدا، بابەتی زۆر کەم هەیە کە بەجۆرێک لەگەڵ گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا تێکەڵاو نەبووبێت بەهۆی ئەوە زیاد لەوە کۆمەڵگاکان لە حاڵی گۆڕان لەشکڵێکەوە بۆ شکڵێکی دیکەن، یەکە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی وەک خێزان، سیاسەت، ئابووری، ماف، بەهاکان، نۆرمەکان، دابونەریتی کولتووری و ڕەهەندەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی لەحاڵی گۆڕاندان و ڕابردوو و هەنووکەی ئەوان نیشاندەری ڕەوتی گۆڕانی کۆمەڵایەتییە.

گۆڕان لەتایبەتمەندی هەموو کولتوورەکانە، لەگەڵ ئەوەدا، دەبێ بڵێین کە ڕادەی گۆڕان لە کۆمەڵگا پێشکەوتوو و سەرەتایی و کشتوکاڵی و پیشەییدا دەگۆڕێت، بەو واتایە کە لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا گۆڕان بە ئارامی دەکرێت. ئەمە لەکاتێکدایە کە لەکۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا، ڕادەی گۆڕان و شکڵ گۆڕین و گۆڕانکاری تاڕادەیەکی زۆر پێوەندی هەیە بە هێزەکانی گۆڕان کە لە زەمەنێکی تایبەتدا کاردەکەن.

**کورتە مێژوویەکی گۆڕان و گۆڕانکاری**

باسکردن لە زەوینەی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا، خاوەنی مێژوویەکی دوورو درێژەو کورتە مێژووی ئەو بۆچوونیەتی ئەندێشەی فەیلەسوفەکانی چینی، هیندی، یۆنانی و زانایانی ئێران و ئیسلامی دەگەڕێتەوە. زانایەکی چینی بەناوی (لائوتسە) لە (٦٠٠)ساڵ پێش لەدایک بوونی مەسیح لە نووسراوەکانی خۆیدا بەڕوونی ئاماژە بە گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەکات، لەمێژووی فەلسەفەدا هراکلیت فەیلەسوفی ناسراوی یۆنانی هەموو دنیای لەگۆڕاندا دەدیت و ئەسڵی گۆڕانی جیهان، بەئەسڵی نەگۆڕی جیهان دەژمارد.

فەیلەسوفەکانی ئەیونی (دوورگەیەک لە ڕۆژئاوای یۆنان) بەر لە سوقرات لەگەڵ چەمکی گۆڕاندا ئاشنابوون و بروایان بەجیاکردنەوەی دوو دەستە لەکارەکان هەبوو: یەکەم دەستە کارەکانی نەگۆڕو ئەبەدی و دەستەی دیکە ئەو شتانەی کە لە چوارچێوەی زەمان و لەگەڵ ئەودا گۆڕان وەردەگرن. لە وڵاتانی ئیسلامیش ئیبن خەلدوون کە بەڕاستی بەگەورەترین کۆمەڵناسی ڕۆژهەڵات دەژمێردرێت، لە بەرابەر گۆڕانە سەرەکییەکانیدا، لە ئەندێشەی دۆزینەوەی ڕیشەکانی گۆڕاندابوو و مێژووی شیکاری دامەزراند و هۆکارەکانی گۆڕان و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی کردە تەوەری باس و هەوڵی دا تا هۆکارە چالاکەکان لە ئەواندا بدۆزێتەوە.

تا سەدەی (١٧)ی زایینی بیردۆزی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەس نەهێنابوو، تا ئەوەی کە مێژوونووسان و فەیلەسوفەکانی ئیسکۆتلەندی، بەتایبەت فرگۆسن، ڕابرتسن، میلەرو فەیلەسوفە فەرەنسییەکان وەک ڤۆلتێر، کۆندرێسە، و فەیلەسوفە ئەڵمانییەکان وەک هیگڵ، پێیان خۆش بوو کە شۆڕشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی هاوچەرخی خۆیان لەچوارچێوەی بیردۆزی گشتی مێژوودا بەیان و ڕاڤە بکەن.

دوای ئەوانە زانایانی بواری گیانلەبەرناسی وەک داروین، بۆفۆن و لامارک بروایان بەبیردۆزی گەشەکردن هەبوو. کورتەی فیکری ئەم فەیلەسوفانە و مێژوونووس



داروین

و لایەنگرانی گەشەکردن دوایی لەنووسراوەی کۆمەڵناس گەلێک وەک سنت سیمۆن، ئۆگوست کۆنت، کارل مارکس، هیربرت سپینسەر دەتوانین ببینین.

ماکس ڤیبەر (١٨٦٤- ١٩٢٠) بەڕوونی لە نووسراوەکانی بەسەرەتاکان و گرینگی سەرمایەداری و بۆروکراتی نوێی ڕۆژئاوا لەواتای بەربلاویدا بەرەو پێش چوونی کۆمەڵگا بۆ عەقلانی بوونی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵایەتی سەرنجێکی مێژوویی هەیە. ئەمیل دورکهایم (١٨٥٨- ١٩١٦) لەکتێبی خۆیدا بەناوی پۆلێنکردنی کاری کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگا بڕوای بەپێوەندی میکانیکی و پێوەندی ئۆرگانیکی لە ڕەوتێکی گۆڕان و گەشەکردن لەکۆمەڵگا سەرەتاییەکان بۆ کۆمەڵگای نوێ هەیە.

هاب هاوسێ-ش لە نووسراوە کۆمەڵناسییەکانی خۆیدا باوەڕی بە جۆرێک لە فەلسەفەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی هەبوو.

## پێناسەی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان

گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان، بریتییە لە بوون و گۆڕانگەلێک کە لە درێژایی مێژوودا لە شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی نەتەوەیەک دروست دەبێت، ئەم گۆڕانانە لە هەزاران دەرەکی و ناوەکی و ئەو وزانەی کە هۆکاری دروستبوونی هەلومەرجی نێوخۆیی و دەرەکی گرووپن، بەدی دێن.

باتامور لەسەر ئەو باوەڕەیە، کە گۆڕانی کۆمەڵایەتی، گۆڕانێکە لە پێکهاتەی کۆمەڵگاکە بریتییە لە گۆڕانی قەبارەی کۆمەڵگا یا لەیەکە تایبەتە کۆمەڵایەتییەکان یا پێوەندی نێوان ئەم یەکانە. ئەو گۆڕان لە دیاردە کولتوورییەکان وەک ناسین و ڕاکان، هونەر، ڕەوشتی ئایینی و ئاکاری دابونەریت...تاد پێی دەڵێت گۆڕانی کولتووری. ئەم دووە، گۆڕانی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی کولتووری پێوەندی نزیکیان لەگەڵ یەکدا هەیە بۆ وێنەگەشەی زانست لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی پێکهاتەی ئابووریدا پێوەندی نزیکی هەیە و پەرەسەندنی ئابووری دەبێتە هۆکاری گۆڕان لە دیاردە کولتووریەکاندا. هەروەها ئەمڕۆ دەبینین کە بەربلاوی خێزان لەکەم بوونەوەدایە و هەروەها قەبارەی یەکە ئابوورییەکان لە پەرەگرتندایە.

گی ڕوشە، مامۆستای ناوداری کۆمەڵناسی لە زانکۆی مۆنترالی کەنەدا بەم جۆرە پێناسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەکات: گۆڕانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە گۆڕانێک کە لە ڕەوتی زەماندا دەبیندرێت، بەجۆرێک کە کاتیی یا ماوەیی نەبێت و لەسەر پێکهات و ئەرکەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایەک شوێنەوار دابنێت و ڕەوتی مێژوویی ئەو کۆمەڵگایە بگۆڕێت. بروس کوئن باوەڕی وایە کە گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەگۆڕان لە پێکهاتەکان و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا دەگوترێت. گۆڕان لە تەکنولۆژیا، باوەڕەکان، وێنەی ڕەفتاری، نۆرمەکان و، سیستەمی بەهاکان، بەگۆڕانی کۆمەڵایەتی دەژمێردرێت.

زانایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەت کۆمەڵناسەکان بەگشتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەدوو گرووپ پۆلێن کردووە: یەکەم، گۆڕانە «جزئی»یەکان و دووەم گۆڕانی بنەمایی. گۆڕانی جزئی گۆڕانێکە کە لە بەشێک لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا ڕوودەدات، وەک میللی کردنی پیشە سەرەکییەکان یا دایک، بەشداری دانی کرێکاران لەبەڕێوەبردن و قازانجی کارگەکاندا، چاکسازی لە خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی بۆ چینە کەم داهاتەکان و گۆڕانی بنەمایی، گۆڕانێکە کە لە تەواویەتی سیستەمی کۆمەڵایەتیدا ڕوودەدات، بەواتایەکی دیکە، لە حاڵێکدا کە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی هەموو شتێک بگۆڕیت و شوناسی ئەوان بگۆڕیت، بەجۆرێک کە گۆڕان لە بەشێکدا، گۆڕان لە بەشەکانی دیکەدا بە دوای دابێت، گۆڕانی بنەمایی دروست بووە. بۆ نموونە ئەگەر یەکە دینییەکان، سیاسی، ئابووری و پەروەردە بگۆڕێت، گۆڕانی بنەمایی دروست بووە.

لە ڕوانگەی پروفیسۆر گینسبرک، هەشت دەستە هۆکار دەبنە هۆی گۆڕانی سەرەکی کە هەموویان لە خودی کۆمەڵگاو سیستەمی کۆمەڵایەتی وەرگیراوە. ئەم هۆکارانە بریتین لە: (١) مەیل و ئاوات و بڕیاری ئاگاهانەی تاکەکانی کۆمەڵگا. (٢) کردەو ڕەفتاری تاکەکان کە لە قۆناغی کۆمەڵایەتیدا دەگۆڕێت و ڕەفتاری تازە سەرهەڵدەدا. (٣) گۆڕانێک کە لە پێکهاتەی ئەسڵی و بنەما سەرەکییەکانی کۆمەڵگا ڕوودەدات و دەبێتە هۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی «جزئی» یا گشتی. (٤) شوێنەواردانانی دەرەکی وەک شوێنەواری شارستانییەتەکانی دیکە. (٥) پێوەندی نێوان کەسایەتی و مێژوو. (٦) ڕووداوە مێژووییەکان. (٧) بوونی ئامانجی هاوبەش لەنێوان تاکەکانی گرووپ یا

کۆمەڵگادا. (٨) شۆڕش کە بەبڕوای گینسبرک بریتییە لە کۆبوونەوەو شکڵ گرتنی هێزە جۆراوجۆرەکان و ئەو هۆکارە جۆراوجۆرانە کە لەزەمانێکدا دەبنە هۆی گۆڕانی گەورەو بەهێز لە کۆمەڵگادا.

## بیردۆزەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی

لەباسی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا، بیردۆزو ڕوانگەگەلێک هەیە کە بەتایبەتی ئاماژەی پێ دەکەین:

١- بیردۆزەکانی گەشەکردن لەسەر ئەو بنەمایە دامەزران کە کۆمەڵگا لەشکڵی سەرەتاییەوە دەس پێ دەکات و بەرەو شکڵی ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی گەشەی کردووە. بیردۆزەکانی سپینسەر، هاب هاوس و ئوگۆست کۆنت لەم بارەدایە.

٢- بیردۆزی بازنەیی کە جووڵەی کۆمەڵگا چوونێکی ئاسۆیی و بە بۆ پێشکەوتن دەزانێت. بەپێی ئەم بیردۆزەیە کۆمەڵگا قۆناغی جۆراوجۆر تێپەڕدەکان، بەڵام ئەم قۆناغانە هەموکات دووپات دەبنەوە و خەتێکی ڕاست تێپەڕ دەکەن لەزانایانی بیرمەند لەم بارەوە دەتوانین ئاماژە بە ئیبن خەلدوون، پارەتوو سووکین بکەین.

٣- بیردۆزی لەمپەر کە کۆمەڵگا پێکهاتووە لە بەشی جۆراوجۆرو پێوەندیدار بەیەکەوە دەزانێت کە هەر کام لەم بەشانە هاوکاری کارکردنی کۆمەڵگا دەکەن. ئەگەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی یەکێک لەم بەشانە تێک بدات، لەمپەری کۆمەڵگا دەشێوێت و گۆڕانێکی زۆرتر لەبەشەکانی دیکەدا ڕوودەدات لە بیرمەندانی ئەم بیردۆزەیە دەتوانین بە ئەمیل دورکهایم ئاماژە بکەین.

٤- بیردۆزی پێکدادان کە کۆمەڵگا بە کۆمەڵێک گرووپ دەزانێت کە هەموو کات لەگەڵ یەکدا لە پێکدادان و دژایەتیدان و بیردۆزەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە لوتکەی پێکدادانی گرووپەکان بۆ دەس ڕاکێشن بەشت و مەک و سەرچاوە بووندارەکان ڕوودەدات لە ئەوی ڕاکە ئەم گرووپە نوێیانە هەموو کات هەوڵ دەدەن تا ئەو وەزعە بگۆڕن کۆمەڵگا لەحاڵەتی بێ ڕێکخراویی و لە ئاکامدا، بێ سەروبەرەی بەسەر دەبات بیردۆزەکانی مارکس لەم گرووپەیە.

## هۆکارە گرینگەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی:

هەندێک هۆکار شوێنەوار لەسەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی دادەنێن وەک:

أ- هۆکاری جوگرافیایی وەک زەوی لەرزە، زۆربوون یا نەبوونی سەرچاوەی سروشتی، گێژەلوولکە.

ب- هۆکاری تەکنۆلۆژیا کە ڕەواڵەتی داهێنانی مرۆڤ بەدرێژایی مێژوون و ڕۆژ بەڕۆژ جۆراوجۆرتر و ئاڵۆزترو بەربڵاوتر بوون، بەجۆرێک کە کۆمەڵناسێک بەناوی «ئاگ بیرن» تکنیک بەهۆکاری سەرەکی و هەڵبژێردەر (هۆکاری دەسەڵاتدار)ی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەژمێردریت وەک سەتەلایتەکان.

پ- هۆکارە ئابوورییەکانیش لەسەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی شوێنەواردا دەبن. مارکس هۆکاری ئابووری بەهۆکاری سەرەکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی ناو دەبات و لەسەر ئەو باوەڕەیە کە تەواویەتی هۆکارو قۆناغە کۆمەڵایەتییەکان پێوەندی بە ئابووری و ڕۆڵی ئەو لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا هەیە، لەهۆکارە ئابوورییەکان دەتوانین ئاماژە بە پەرەگرتن و بەربڵاوبوونی بازاڕو زۆربوونی داهێنانی پیشەیی، بکەین.

ت- هۆکاری دانیشتووان وەک زۆربوون و کەم بوونی، گەنج یا بەساڵاچوونی دانیشتووان.

س- هۆکاری ئیدیۆلۆژیاو ڕێبەری کۆمەڵایەتی لەگۆڕان و شوێنەواردانانی ئەوان لەگۆڕاندا جێگای تایبەتی هەیە.

لەکۆتاییدا، دەبێ بڵێین ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییە کە بەخێرایی ڕوودەدات، شوێنەواری نیگێتیڤ بەجێ دەهێڵێت و ئیمکانی هەیە تاکەکانی کۆمەڵگا لەخۆیان نامۆ بکات یا بێ هیواو تەنیا بن، بەجۆرێک بە ئاسانی توانای ئەوەیان نەبێت لەگەڵ بەهاو وێنە نوێیەکانی ژیان و نۆرمەکاندا بێنەوە و سەرلێ شێواوبن.

ڕەنگە گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە ڕێگای پەرەگرتنی جۆرێک لە ڕەوشی ژیان لەکۆمەڵگا کە لەکولتوورێکی دیکەوە وەرگیراوە، ڕوودات، یا لە ڕێگای داهێنان و دروستکردنی شتی نوێ لە تێکەڵاوی دوو یا چەند توخمی بووندار لەکولتوورێکدا دروست بێت.

هەموو ئەو داهێنانانە کە لەکۆمەڵگادا دروست دەبن، پێوەندی لەگەڵ ڕیشەی کولتووردا (زانست، تەکنیک یا سەرچاوەی مادی) هەیە. هەندێک هۆکاریش لەبەرابەر گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا بەهێزن کە ئەمە پێوەندی بەکارکردنی کۆمەڵایەتی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کولتووری ومەودای زەمەنی و جێگایی، هەیە.

یەکە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا کە پڕن لە داب و نەریتی سەپێندراو و پێ بەرجێ، بەهێزترین دیاردەن لەبەرابەر گۆڕاندا بۆ وێنە یەکەیەک وەک مەزهەب و خێزان لەبەرابەر یەکەکانی دیکەدا درەنگ دەگۆڕێن، هەروەها لەبەرابەر ڕووداوە سروشتییەکان و شۆڕشدا زۆرتر دەمێننەوە. هەرچەندە گۆڕانی کۆمەڵایەتیش بەرەو گەشەکردن و پەرەگرتن دەڕوانێت.

بەم جۆرەیە، گۆڕان لە پێکهاتەکان و بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا مرۆییەکان ئەمڕۆ بەشێکی جیانەکراوە لە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە. دەبێ هەوڵ بدەین تا لەگۆڕانە خێراو بەهێزەکانی ئەمڕۆ لەڕێگای نوێ سازی و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی لە هەموو ڕەهەندەکانی کۆمەڵگادا کەڵک وەربگرین. ڕوونە کە پێویست دەکات لەکاتێکی دیکەدا ڕێگاکانی ئەویش ئاماژە پێ بکەین.

**سەرچاوە:** جهان اندیشه شماره (٧) آذرماه، ١٣٨١، (٢٠٠٢ز).

# لە حوجرە و دیوەخانەوە بۆ ئینتەرنێت

مەحموود زامدار

ئەو ڕۆژگارە شووم و ڕەشانەی بەسەر وشەی کوردیدا هاتووە، مەگەر هەر بە چاوی خەیاڵ بتوانی بگەیتە ئەنجامێک کە چۆن بەرگەی ئەم هەموو کارەساتانەی گرتووە و خۆی ڕاگرتووە، چونکە کارەساتەکان ئەوەندە جگەربڕن گەر بەسەر هەر زمانێکی دیکەدا بهاتایە، ئێستا ببووە ئاردی بێژرا بێژرا کراو و زاناو پسپۆرەکانی (زمانی بزماری) ڕاستی سەرچاوەکانیان بۆ ساغ نەدەکرایەوە.. بەڕاستیش ئەو هەموو ڕووداوە ڕەشانە مایەی چەندین بەرگی فەرهەنگێکی سەیر بەخۆیەوە دەگرێ..! جا نازانم هێزەکە لە (وشە)کە خۆی یا لە میللەتەکەی یا لە سەردەوسی موعادەلە ئاڵۆزەکەی شارستانییە چەشنا و چەشنەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە.

لەو ڕۆژەی کوردەکە و زمانەکەی هەناسەیەکیان داوە و پشوویەکی ئۆخەیان کردووە، وشەی بەرپرسیاری کوردیش کەوتۆتە پێڕەوکە و گڕوگاڵ و گەشەسەندن، تا وردە وردە دەیان دەی وەک: (باباتایەر و پەرێشان و جزیری و قوبادی و خانی و نالی و گرگاشی و کوردی و حاجی و شێخی گەورە.. تاد) لە ساو سێبەریدا وردەجۆشی دەروونیان پێ دامرکاندووە و نامەیان پێ ڕازاندۆتەوە و شیعریان پێ نووسیوە و دنیای کوردەوارییان لێوا و لێو کردووە لە ڕاز و جوانی و خەون و تاسە و مەردایەتی و بەهای بەرزی کوردایەتی، هەر لە سای سازگار و فێنکی ئەم وشە پێسووک و گەوارا و شیرپاکەدا هەزاران بەیت و بەندبێژی وەکو (عەلی بەردەشانی) ملوانکەی پیرۆزەییان هۆنیوەتەوە لە گەردن کێلی کچی نەتەوەی نەورۆز و خاکی نەوڕۆیان هەڵواسیوە و داوە، باشیش زانیویانە نیگەرانە و زۆریش نیگەران، ساوایانی کورد گۆش بکرێن و ڕاپەڕینە هەرە مەزنەکەی مرۆڤی سەر ئەم خاکە بەرپابێ، گەر لە پەنای ئەو وشەیەدا نەبێ، ناکرێ و نالوێ زارۆکانی ئێمەش بگەنە ئاستی زارۆکە ڕوحسووکەکانی سەرزەمین، گەر بە (لایلایەی کوردی) فریشکیان نەگیرێ.. پاراستنی ئەو وشەیە، پاراستنی مێژوو خود و کەسایەتی و ئاکارەکانە، پاراستنی دوێنێ و ئەمڕۆ و پاشەڕۆژی ئەم نەتەوە ستەمزەدەیەیە..! ئینجا پاراستنی خاک.

بە هەمەحاڵ.. یەکێ لەو دیاردە هەرە گرینگانەش کە دەورێکی دیار و بەرچاویان لەم پاراستنەدا دیوە (گۆشە ئەدەبی و ڕۆشنبیری)یەکانمانە..! واش نییە ئەم جۆرە گۆشانە هەر لەناو ئێمەدا بووبێ و بەس، بەڵکو خۆی لە خۆیدا دیاردەیەکی مێژوویی نێو تانوپۆی هەر جووڵانەوەیەکی فیکری و فەلسەفی و ڕۆشنبیریی سەرانسەری گەلانی زیندووی جیهانە... وەک دیاریشە هەر گەلێکیش کەشوهەواو.. دۆخ و بارێکی تایبەتی خۆی لەم دیاردەیەدا هەیە... (سالۆناتی ئەدەبی و فیکری) فەرەنسایی شتێکە و دیوەخان و حوجرەی کوردستانی شتێکی دی، بەڵام مەبەست هەر هەمان

مەبەست و ئەنجامیش هەر هەمان ئەنجام، بەڵام بۆ ئێمە و بۆ زمانی ئێمە باری سەرشانی دیاردەکە قورستر خۆی دەنوێنێ..!

هەر لە دێر زەمانەوە و بەپێی ڕەوتی شارستانییەت و مێژوو، دیوەخانی (میروبەگ و سان و پاشا و ئاغا)کان دەورێکی باشیان لەم دەرفەت و بوارەدا بینیوە و ئەو (وشە) نازدار و شیرینەیان پاراستووە و توند بە سینگی خۆیانەوە نووساندووە. سەرەڕای سووچی زیندووی حوجرەی مزگەوتەکان و ژوور و داڵانی مەلا ناودارەکانی کوردستان و گۆشەی دوکانی ئەدیب و شاعیر و ڕۆشنبیر و کوردپەروەران..! دیارترین ئەمانەش- وەک دیارە- هەر لە شارەکەی شیعر و هونەر و نوکتە و جوێنی دانسقە و ئەدەبیات و جوانی و کوردایەتی (سلێمانی)ی ئازیزدا زیاتر ڕەنگی ڕشتووە- لەبەر گەلێ هۆی کۆمەڵایەتی و شارستانی- لەوانەش:

(کۆڕ و کۆبوونەوەکانی پڕ لە بەزم و ژان و هەژانی: مزگەوتی پیسکەندی- خانەقای مەحوی- ماڵی موفتی- خانەقای بیارە- کەشتی نووحی نەجمەدینی مەلا- قەڵەندەرخانەکەی پیرەمێرد- حوجرەی مزگەوتی حاجی مەلا ڕەسووڵ- دیوەخانی مەلا سەعیداغای کەرکووکی- دیوەخانی حەپسەخان و شێخ قادر- حوجرەی هەمزە ئاغای مەلا ڕەحیمی مەریوانی- حوجرەی مەلای چروستانی- دوکانەکەی حاجی باقی بەنگینە- حوجرەی مزگەوتی قازی- دوکانی مەوهۆش...تاد.

**لە پیرە هەولێریشدا**

(دیوەخانی مەلا ئەفەندی- دیوەخانی موفتی- دیوەخانی پیربالّ ئاغا- سووچی حوجرەی مزگەوتی قەڵا- سووچی حوجرەی مەلا ساڵحی کۆزەپانکە- حوجرەی مەلا عەولای کونە فلووسە- حوجرەی مەلا عەولای شەنەغەیی- دیوەخانی حەیدەرەفەندی- دیوەخانی عەلی پاشا- ماڵی ئەحمەدی حەمەدەمینی دزەیی- دیوەخانی کانی- ماڵی حەیدەرییان- کونجی تەکیەی شێخی دارەخورما- کونجی تەکیەی شێخ محیەدین- کونجی تەکیەی شێخ مستەفای نەقشبەندی- کونجی تەکیەی سافی هیرانی- دیوەخانی شێخ لەتیفی بەرزنجەیی- ماڵی عەونی یووسف- تاد).

**لە کەرکووکی ئازیزیشدا**

(سووچی تەکیەی تاڵەبانی- ماڵی خادیموسوجادە- دیوەخانی سەید ئەحمەدی خانەقا..تاد)

**لە کۆیەی خنجیلانەشدا**

(ماڵی جەلیزادە- دیوەخانی کاکە زیاد- سووچی مزگەوتی گەورە- دیوەخانی عەونی شاعیر.. تاد)

دیارە لە شارۆچکەکانی دیکەی کوردەواریشدا- کەم تا کورت- هەر هەمان شوێن و ماڵ و دیوەخان و حوجرە و دوکان، ئەم دیاردەیەی بە خۆوە گرتووە، بەڵام لەگەڵ و لە دوای ئەوەی کە ڕەوتی شارستانییە مەزنەکە، هەنگاوەکانی گەیشتە خاکی کوردستان گەلێک لە دیوەخانی میر و ئاغا و بەگەکانی هەڵتەکاند و کونج و سووچی تەکیە و مزگەوتەکانی هەڵوەشاند و بەهاو پێوانەی تازە بەخشی هێنایە کایەوە. ئەم (وشە)یە کەوتە دوای جێگرێکی لە بارتر و گونجاوتر و ئاوەڵەتر، تا خۆی لە گۆشەو سووچی گازینۆ و چایخانەو قاوەخانە و ماڵە نووسەر و شاعیر و یانە و کتێبخانە- گشتی و تایبەتی- و سەیران و گەشت و سەرکارێز و کانیاو و چەمەنزار و باخ و بێستان و بارەگا و مەیخانەکاندا دۆزییەوە و تاوتینێکی گەرموگوڕ و پوختی بەخشییە جەستەی زیندووی (وشەی کوردی) و خستیە سەر تەشقوهەوایەکی لەبارتر. هەر لە (سلێمانی) یەکەدا: (کتێبخانەی قادراغای عەتار- کتێبخانەی گەلاوێژ- کتێبخانەی گشتی- گازینۆی کوێرەکان- باخی میللەت- گازینۆی وەستا شەریف- کتێبخانە و چاپخانەی کاکەی فەلاح- کتێبخانەی مەحموودی خاکی- گازینۆی سەرچنار- باخی شێخ لەتیفی دانساز- گۆشەی یانەکانی شەو- کانیاوی سەرچنار چایخانەی شەعب- تاد.. هاتنە ناو و کەوتنەکار.

**لە هەولێریشدا**

(کتێبخانەی شێخەشەل- چاپخانەی کوردستان- کتێبخانەی سەربەستی- کتێبخانەی گشتی- قاوەخانەی عەبۆ- چایخانەی حاجی مستیل- قاوەخانەی مەچکۆ- گازینۆی بێخاڵ- گازینۆی سەلاحەدین- چاپخانەی شیرین- مەڵبەندی ڕووناکی دکتۆر مارف خەزنەدار- کتێبخانەی مومتاز حەیدەری- کتێبخانە ئەهلییەکان- چاپخانەی مام عوسمان- گازینۆی سەفین- دیوەخانی موفتی- یانەی ئازادی- یانەی ڕاگەیاندن- یانەی کرێکاران- یانەی ئەندازیاران- تاد.

**لە دهۆکی دەلالیشدا**

(یانەی کشتوکاڵ- یانەی پارێزەران- یانەی یەکیەتی نووسەران- هەندێ لە ماڵە نووسەر و شاعیرانی

ناوشار....تاد.

**لە کەرکووکیشدا**

(چایخانەی سەرجەم- کتێبخانەی بێکەس- کتێبخانەی ئاسۆ- گازینۆی بابیل- مەیخانەی حامورابی- قاوەخانەی مەجیدییە، گازینۆی تەهای ئیمام قاسم- کتێبخانەی مەشخەڵی شۆڕبجە- کتێبخانەی هەندرێن- سووچی یانەی فەرمانبەران- ئێستاش: بارەگای دامودەزگای رووناکبیری و هونەری و ئەدەبی حزبەکان... تاد.

**لە کۆیەشدا**

(گازینۆی حەمامۆک- چایخانەی گەمحان- چایخانەی پشت حەمام- گازینۆی سەلیم- سووچی داری کەندەکۆخ- گازینۆی چنارۆک- دوکانی سامی عەوداڵ- بارەگای دامودەزگا ڕۆشنبیری و ئەدەبی و هونەرییەکان...تاد.

ئەمەیان- بەخێرایی- لە ناوەوەی کوردستان خۆیدا، لە شاری (بەغدا)شدا، گەلێ یانە و دوکان و حوجرە و پانسیۆن و گازینۆ و مەیخانە و ماڵە نووسەر دەوری خۆیان لەم مەیدانەدا دیوە، لەمانەیش: (دیوەخانی ئەمین زەکی- دیوەخانی تۆفیق وەهبی- یانەی سەرکەوتنی کوردان- بارەگای گۆڤاری گەلاوێژ- حوجرەکەی مامۆستا عەلائەدین سەجادی- حوجرەی مەلا کەریمی بیارە- ماڵی دکتۆر خەزنەدار- پانسیۆنی جەلالی میرزا کەریم- گازینۆی حەسەن عەجمی- گازینۆی زەهاوی- گازینۆی ڕەسافی- گازینۆی بەلەدیە- بارەگای کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی- مەیخانەی شەریف و حەداد- مەیخانەی ڕەحاب- گازینۆی ئەربیل- یانەی ئیعلام- مەیخانەی ڕۆمانس- یانەی عەدلیە- یانەی إسالة الماء- سووچی سەرتاشخانەی ئەبو کامەران- بارەگا و یانەی یەکیەتی نووسەرانی کورد- تاد) ئێستاش بارەگای ڕۆژنامەکانی حزبە کوردستانییەکان.

هەر دوای (١١)ی ئاداری ساڵی (١٩٧٠)ش، هەر زۆر بە پوختی و بێ پچڕانەوە، نەک هەر زۆربەی هەرە زۆری شاعیرو نووسەر و ڕۆشنبیر و هونەرمەندانی کوردی بەغدای بەخۆوە گرت و بووە ئاڵتەرناتیڤێکی بارەگای هەمیشەییان، نا بەڵکو- تاکو تەرانەبێ- نووسەرێک یا شاعیرێک یا ڕۆشنبیر و هونەرمەندێک کە لە کوردستانەوە ڕوویان کردبێتە بەغدا ڕوویان نەکردبێتە گازینۆی (پەرلەمان)ی بەرامبەر بە مزگەوتی حەیدەرخانەی شەقامی ڕەشید کە دەورێکی یەکجار دیارو بەنرخی لەم بوارەدا دیوە و بۆ ماوەی پتر لە (١٠) ساڵ ئەوەندەی من کە ئەندام و لە دەستەی (دامەزرێنەر)ی و پەرلەمانشین بووم بە دەیان و پتریش شاعیر و نووسەر و هونەرمەند و ڕۆشنبیر و ئەدەبدۆست و هونەرپەروەر لەم گازینۆی پەرلەمانەدا ئاشنایەتیان لەگەڵ یەکدا پەیداکردووە و جۆرەها موناقەشەی ئەدەبی و فیکری و هونەری و سیاسی و ڕۆشنبیری، لەنێو ئەندامانی گۆشەی ئەم گازینۆیەدا هەڵایساوە و تەقیوەتەوە. بە ڕاستی ئەم گۆشەیە شایستەی ئەوەیە لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلی لەسەر بنووسرێ، لاشم وایە: هامووشۆکاران و ئەندامانی- دیارە بەوەفا-ی پەرلەمان لەبەردەم ئەم ئەرکەدا بەرپرسیارن، بەتایبەتی ئەوانەی ماون- تەمەن درێژترن- ئێ خۆنەچووە بچێ!؟

مایەوە سەر ئەو ئاوڕدانەوەش کە نابێ هەڵیبوێرم و بڵێم: زۆربەی دانیشتنەکان لەم هەموو دیوەخان و حوجرە و گازینۆ و سووچ و دوکان و ماڵ و یانە و باخ و چایخانە و مەیخانە و کتێبخانانە، بەپێی باری وەرز و هەروا بارودۆخی سیاسی جێگۆڕکێیان پێکراوە... لەم ماڵە بۆ ئەو گازینۆیە، لەم دیوەخانە بۆ یەکێکی تر، لەم یانەیەیە بۆ ئەوەکەی دی لەم مەیخانەیە بۆ مەیخانەیەکی دیکە، لەم کتێبخانەیە بۆ ئەو کۆمەڵ یا دوکانە یا بارەگایە.. یا وابووە و دەبێ، هەر لەناو یەک گازینۆ یا مەیخانەیا ماڵ و یانەیەدا، گۆشەکان جێگۆڕکێیان پێکراوە. سڵاو لە گۆشە ئەدەبییەکانمان و ئەوانەی بە تەنگەوەی ئەم دیاردەجوانە بوون و دێن.

**چەند سەرنجێک**

١- هەرچەندە هەندێ دانیشتنی هەندێ لەم گۆشانە مۆرکێکی ئایینی یا سیاسییان هەبووە، بەڵام لە پەنای ئەم گۆشانەوە خزمەتی وشەی کوردی کراوە و جێی تایبەتی بۆ سازدراوە.

٢- دوور نییە هەندێ لەم ناو و شوێنانە- لای هەندێ کەس- ئەوە نەهێنێ ناوەزەد بکرێ و لە سەری بنووسرێ.. دووریش نییە گەلێ ناو و شوێنم لەبیر کردبێ. دەبا ئەوەی شتی تازەو دەگمەنی پێیە لەم بارەوە دریغی لەم ئەرکە ڕۆشنبیرییەدا نەکات.

٣- پڕ بە دڵ سوپاسی هاریکاری براو مامۆستایان دەکەم.

هەردوا بەدوای بڵاوبوونەوەی ئەم ڕاپۆرتە و لە ژمارە (٢٧٢)ی ساڵی (١٩٧٥)ی ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا

مامۆستای کۆڵنەدەر (کەریم شارەزا) لەژێر ناوونیشانی (گۆشە ئەدەبییەکانی کۆیە و ڕاپۆرتەکەی کاک مەحموود زامدار) ئەم وتارە بەنرخەی لە تەک ئەو هەموو زانیارییە تازانەی سەر بە شارۆچکەی دڵگیری کۆیە بڵاوکردەوە و گوتی: (لە ژمارە «٢٧١»ی ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا کاک مەحموود زامدار ڕاپۆرتێکی لە بارەی گۆشە ئەدەبییەکانمانەوە نووسیبوو، ڕووناکییەکی باشی خستبوە سەر زۆربەی ئەو گۆشە ئەدەبییانەمان کە ئێمەش لەگەڵ ئەودا دەڵێین: «لە ناو کۆمەڵی کوردەواریدا هەمان دەوری سالۆناتی ئەدەبی فەرەنسایان گێڕاوە و هەمان مەبەست و ئەنجامیان بەپێی قۆناغ و باری کوردستان بە دەستەوە داوە». مامۆستای نووسەر توانیوبەتی بە تیشکی زانیاریی فراوانی هەموو سووچێکی کوردستان و تەنانەت شاری بەغدایشی پێ ڕووناک بکاتەوە و بە وردی زۆربەی شوێن و گۆشە ئەدەبییەکان ناوزەد بکات و نرخ و دەوریان بە جوانی بخاتەڕوو، بەڵام وەک سەرنجم دا ئەو تیشکی زانیارییەی تەواوی سووچ و گۆشە ئەدەبییەکانی ناو شاری کۆیەی ڕووناک نەکردۆتەوە و لەوانەشە هۆی ئەمە بگەڕێتەوە بۆ دوورە دەستی نووسەر لە شاری کۆیە و کەمیی سەرچاوەی باوەڕپێکرا و لە بارەی ئەو گۆشە ئەدەبییانە، بۆیە وام بە باش زانی کە منیش بەشدارییەک لە تەواوکردنی ڕاپۆرتەکەی کاک زامداردا بکەم. وا بە تەواوی ئەو گۆشە ئەدەبییانەی کۆیە دەخەینە بەر چاوی خوێنەرە بەڕێزەکانی (هاوکاری)ی ڕەنگین کە شان بە شانی گۆشە ئەدەبییەکانی شارە گرنگەکانی تری کوردستان و بەغدای پایتەخت دەوری ئەدەبی و ڕۆشنبیریی خۆیان گێڕاوە.»

**(أ) گۆشە ئەدەبییەکانی ناو حوجرەی مزگەوتەکان**

کۆیەی خنجیلانە لە کۆنەوە بە (١٨) مزگەوت و تەکیەو خانەقا تەنراوە و ئەمە وامان دەخاتە مێشکەوە کە ئەم شارە لە کۆنەوە شاری خواپەرستی و زانست و ئەدەب پەروەریی بووە، چونکە هەریەک لەو مزگەوتانە مەدرەسەیەکی تێدا بووە. بۆ پێگەیاندنی فەقێ و مەلا کە نموونەی ڕۆشنبیری ئەوسا بوون و زۆربەی ئەو فەقێ و مەلایانەش یان شاعیر یان شیعر دۆست و ئەدەبپەروەر بوون، بۆیە هەموو دەم حوجرەی مزگەوتەکانیان کردووە، بەگۆشەی کۆڕ بەستنی ئەدەبی و شەڕە شیعر و لێکۆڵینەوە لە شیعری شاعیرە گەورەکانی کورد.

ئەو مزگەوتانە بەدەیان کەڵە شاعیر و زانای وەک (قاصد) و (حاجی قادری کۆیی) و (کەیفی) و (حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە) و (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) و (ئەختەر) و (ثانی) و (مەنفی) و (صافی) و (مەلای گەورە) و (مەلا عاصی) و (نیهانی) و (حزینە) و (حوسەینی) و (مەلا ڕاجی) و (مەلا محەمەدی دلاوەر) و (عەونی)یان پێگەیاندووە و گرنگترین ئەو حوجرە و مزگەوتانەش ئەمانە بوون:

١- حوجرەکانی مەدرەسەی (حاجی مەلا ئەسعەد و حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە) لە مزگەوتی گەورە و مزگەوتی (مەلا ئەسعەد) و جێگەی شەڕە شیعری شێخ ڕەزا و کەیفی بوون.

٢- مەدرەسەی (مەلا گەورە) لە مزگەوتی گەورەی ئەو شارە و لە هاوینەهەواری چنارۆک.

٣- مەدرەسەی (مەلا صادقی مەلا ئەحمەد) لە مزگەوتی مەلا جامی-دا.

٤- مەدرەسەی (مەلا ڕەئووفی مەحمود ئەفەندی) لە مزگەوتی (خادم سوجادە)دا و ئەم مەلا ڕەئووفە باوکی شاعیری ناوداری کورد (دڵدار) بوو.

٥- تەکیەی (شێخ غەفووری تاڵەبانی)، (مامی شێخ ڕەزا).

٦- مەدرەسەی (مەلا مستەفای عاصی) لە مزگەوی کەرکووکدا.

٧- تەکیەی (شێخ کەریمی شێخ ئەحمەدی بەرزنجی) کە کوڕەکانی (شێخ محێدین و حوسەینی).

٨- حوجرەی (مەلا مەعصومی هەورامی).

٩- مەدرەسەی (مەلا محەمەدی دلاوەر).

١٠- سوختەخانەکەی (مەلا سەعدی مەلا مەحموودی ئاکۆ) و ئەو زاتە هەموو شیعرەکانی حاجی قادر و شێخ ڕەزا و ئەختەری لەبەربوو.

**(ب) دیوەخانەکان**

هەرچەندە دیوەخانەکان فەرمانگەی دەستەڵات سەپاندنی میر و بەگ و ئاغاکان بوون بەسەر ڕەش و ڕووتی گەلەکەماندا، بەڵام لە هەمان کاتیشدا گۆشەیەکی ئەدەبی بوون و شاعیری کلاسیکی سوارچاکانە ئەسپی شیعریان تێدا تاوداوە و گۆی هونەریان تێدا بردۆتەوە و ئەم دیاردەیەش بووەتە مایەی وروژاندنی هەستی شاعیریی و گیانی ئەدەب پەروەریی لەناو خەڵکەکەدا و ئەو دیوەخانانەی کە ئەو دەورەیان گێڕاوە ئەمانەی خوارەوەن:

١- دیوەخانی (حاجی بەکراغای حەوێزی) «قاصید»، (١٧٨٥-١٨٥٣).

٢- دیوەخانی (ئەمین ئاغای حەویزی)، «ئەختەر»، (١٨٣٩-١٨٨٨).
٣- دیوەخانی (حەماغای مەحمووداغای غەفووری)، (١٨٣٩-١٩٢٠).
٤- دیوەخانی (عەولاغای حاجی تایەراغای حەویزی)، (١٨٦٧-١٩٣٤).
٥- دیوەخانی (کەریم ئاغای واحیدئاغای حەویزی).
٦- دیوەخانی (جەمیل ئاغای حەویزی)، (١٨٦٩-١٩٤٦).
٧- دیوەخانی (وەهاب ئاغای جەمیل ئاغای حەویزی)، (١٨٩٦- ١٩٥٠).
٨- دیوەخانی (کاکە زیاد ئاغای غەفووری)، (١٩١٤-١٩٩١).
٩- دیوەخانی (مەلا حەویزاغای غەفووری).
١٠- دیوەخانی (حاجی کاکەمینی ساڵحی).
١١- دیوەخانی (حاجی ئەسعەدی ساڵحی).
١٢- دیوەخانی (کاکەی حاجی مەحموود).

**(ج) ماڵەکان: ئەم ماڵانەش گۆشەی ئەدەبی بوون لە شاری کۆیەدا**

١- ماڵی (حاجی محەمەدی عەلە)، (حاجیەگەورە).
٢- ماڵی (مستەفاغای حەویزی)، (باوکی ئەحمەد دڵزار و کەریم شارەزا و فریشتە).
٣- ماڵی (حەمەد بەگی ئەسعەدە سوور).
٤- ماڵی (واحید ئاغای سلێمان ئاغای غەفووری).

**(د) چایخانەکان**

لە سەردەمێکی زووەوە قاوەخانە و چایخانەکان خۆشترین گۆشەی ئەدەبی و هونەری بوون، چونکە جێگەی کۆبوونەوەی شاعیر و شیعردۆستان بوون و دەورێکی باشیان گێڕاوە لە پەروەردەکردنی هەستی ئەدەبی و بووبوون بە سەکۆیەکی ئەدەبی بۆ خوێندنەوەی داستانی قارەمانیەتی و حیکایەتی پڕ پەند و ئامۆژگاریی و شیعر و دیارترین ئەو چایخانانەش ئەمانەی خوارەوە بوون:
١- قاوەخانەی (حەکیمی چایەچی).
٢- چایخانەی (سەعدی ئاغای غەفووری).
٣- چایخانەی (حەمەدی کەریم).
٤- چایخانەی (زراری مام ئەمین).
٥- چایخانەی (حەمەدەمینی بلیارد)، (یەکەم کەس بووە یاری بلیاردی هێناوەتە کۆیە).
٦- چایخانەی (سمایل بزن).
٧- چایخانەی (سەعیدی مەلا ئەحمەد).
٨- چایخانەی (محەمەدی وەستا قادر).
٩- چایخانەی (حەمە گەمحان).
١٠- چایخانەی (کەریمی سەلیمی فەقێ ئۆمەر).
١١- چایخانەی (شەفیقی تۆفیقە درێژ)،(برای مامۆستا تایەر تۆفیق).
١٢- چایخانەی (حەمە سەعیدی ئەسعەدی حاجی محێدینی غەفووری).
١٣- چایخانەی (ڕەشاغای حەویزی).
١٤- چایخانەی (هەمزەی حاجی ڕەسووڵ و حەمەڕەشیدی شێرزاد).
١٥- چایخانەی (تەمتەمان).
١٦- چایخانەی (کانیلە). ئەم قاوەخانە و چایخانانە گۆشەی ئەدەبی و هونەری بوون لە کۆیە.

**(هـ) کتێبخانەکان وەک گۆشەی ئەدەبی**

١- کۆنترین کتێبخانە لە کۆیە، کتێبخانەی (دایەخەجێ) بووە لە مزگەوتی مەلا جامیدا.
٢- دووەمین کتێبخانەی کۆیە، (کتێبخانەی جەلیزادە بووە)، عەبدوڕەحمان پاشای بابان بۆ مەلا عەبدوڕەحمانی جەلیزادەی داناوە کاتێک کە لە ساڵی (١٨٠٢)دا هاتۆتە کۆیە و مەلا عەبدوڕەحمانی لە گوندی جەلی هێناوەتە شاری کۆیە.
٣- کتێبخانەی (حاجی قادری کۆیی) لە ساڵی «١٩٤٥»دا دامەزراوە و لاوە ڕۆشنبیرەکان کتێبیان تەبەروع کردووە تاکو بووەتە کتێبخانەیەکی باش.
٤- (کتێبخانەی کۆیسنجاق): لە پایزی (١٩٤٦)دا بە هەوڵ و کۆششی چەند تێکۆشەرێکی وەک یونس دڵدار و شێخ ئەنوەر بەرزنجی و ئەحمەد دڵزار و عوسمان مستەفا خۆشناو کراوەتەوە و گەلێک کتێبی پێشکەوتنخوازی تێدابوو.
٥- (کتێبخانەی گشتی): لە ساڵی (١٩٥٧)دا کراوەتەوە و (٩)هەزار کتێبی کوردی و عارەبی و ئینگلیزی بۆ کراوە و تەبەروع کراوە.
٦- (کتێبخانەی جمهورییەت): لە دوای شۆڕشی چواردەی تەمووزی (١٩٥٨)دا کراوەتەو و خاوەنەکەی ئەحمەد دڵزار بوو.
٧- (کتێبخانەی کوردستان): دوا بەدوای کتێبخانەی جمهورییەت لە هەمان ساڵی (١٩٥٨)دا کراوەتەوە و یەکەمین خاوەنی عەزیز سەربەست بوو.

٨- (کتێبخانەی باواجی) لە دوای ڕێککەوتننامەی (١١ی ئاداری ١٩٧٠)دا کراوەتەوە.

**(و) شوێن و دوکانەکان وەک گۆشەی ئەدەبی**

هەندێ لە شوێن و دوکانەکانی بازاڕی شارەکەی کۆیە گۆشەی ئەدەبی بوون لەوانە:

١- دوکانی (میرزا محەمەد ئەمینی حاجی میرزا قادر).

٢- سەرتاشخانەی (محەمەد مسکینی شاعیر).

٣- سەرتاشخانەی (وەستا مەعرووفی کامەلا).

٤- دوکانی (سامی عەوداڵی) شاعیر.

٥- شوێن (محەل)ی، (عوسمان عەونی شاعیر).

٦- شوێن (محەل)ی (ئیسماعیلی مەلا نووری جەلیزادە).

٧- دوکانی (جەلال سەعید جۆبار)ی شاعیر.

٨- دوکانی (سەید ئیبراهیمی سەید سەعید)ی ناسراو بە (برژاو).

ئەم شوێن و دوکانانەی ناو بازاڕ جێگەی کۆبوونەوەی شاعیر و ئەدەب پەروەرانی شارەکەی کۆیە بوون، گفتوگۆی ئەدەبی و شیعرخوێندنەوە و ڕەخنەی ئەدەبی و هەڵسەنگاندنی بەرهەمی شاعیرانیان تێدا ئەنجام دراوە و جگە لەمانەش گەلێ شوێنی تریش هەبوون شاعیر و چیرۆکنووس جموجۆڵی خۆیان تێدا بنوێنن، وەک شوێنەکانی تاتووکی بەفریقەندی و سەیرانگاکانی ئۆمەر خوچان و کەندەکۆخ و ڕەزی پلووسک و کانی بسکان و هەرمۆتە و ئاشان و شاخی مشکە و ڕەزی بلووسک و شەمە.

**سەرنجێکی تازە:**

هەندێ لەو سووچ و گۆشانە لەگەڵ مردنی خاوەنەکانیان نەمان و بێدەنگ بوون و لەبیرچوون. هەندێکی دیکەی هەر بەردەوامە و هەندێکی تری ئیفلیج بووە و دەشەلێ و هەندێ گۆشەی دیکە دوای (ڕاپەڕین) سەری هەڵدا و هەر زوو خامۆش بوو. هەندێ گۆشەی دی تازە چەکەرەی کردووە، بەتایبەتی ژووری سەرنووسەر و بەڕێوەبەر و سکرتێری نووسین و دەستەی نووسەرانی گۆڤار و ڕۆژنامە و حەفتەنامە و مانگنامە و وەرزنامەکان و هەروا دەزگا و سەنتەرەکانی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی حزبەکانی کوردستان. هەروا هەندێ سووچی گازینۆ و قاوەخانە و سەنتەری کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت... لە هەمان کاتدا هێشتا ژوورە تایبەتییەکانی یانەی شەوانە لە سەرانسەری کوردستاندا لەم ئەرک و کارە بەردەوامن.. ڕەملی دواڕۆژیشم پێ لێنادرێ.

# ئاژەڵ لە دنیای میتۆلۆژیادا

**محەمەد سلێمان عەباس**

مرۆڤ له کۆمەڵی سەرەتاییدا لە جەنگەڵەکاندا ژیانی بەسەر بردووە و هێشتا سنوور بەندی جێگەو ژیانی خۆی لەگەڵ ئاژەڵدا جیانەکردەوە و لەو سەردەمە کۆنەدا پێوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا پەیدابووە، چونکە زانیویەتی ئاژەڵ مایەی بژێوی مرۆڤە و هەتا دێت مرۆڤ زیاتر پێویستی پێ دەبێت و بناغەی ژیانی مرۆڤن و بۆیە ئاساییە کە مرۆڤ هەموو شتێک بکات لە پێناویدا، هەروەها هەر لەوکاتەدا مرۆڤ ئالوودە و گیرۆدەی ئاژەڵەکانی ژینگەو دەوروبەری خۆی بووە و سیماو خاسیەتەکانی ئاژەڵان سەرنجی ڕاکێشاوە و هزر و خەیاڵی مرۆڤی سەرەتایی بەخۆیەوە گیرۆدە و خەریک کردووە، جگە لەمانە غەریزە و هێزو توانای ئاژەڵان وای لەمرۆڤی سەرەتایی کردووە کە ڕێزی بگرێ و لێی بترسێت و لەهەمان کاتدا خۆشی بوێت. بۆیە ئەو پێوەندییە پتەوو بەهێزەی کە لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵاندا هەیە بووە بنەمایەک بۆ نەریت و ئەفسانەو جەژن و خۆشی و ناخۆشییەکانی مرۆڤ. واتە گرنگی و بایەخی ئاژەڵ سەبارەت بە ژیانی مرۆڤی کۆن و سەرەتایی وای لەگیاندارەکان کردووە کە لە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا بوونی هەبێ و ڕەنگ بداتەوە وەک: میتۆلۆژیا، سیحرو جادوو، ئایین، حیکایەت، پەند، فەلەکناسی، نیگارکێشان ..تاد.

مرۆڤی سەرەتایی بە حوکمی ئەوەی کە هەڵسوکەوتی و پێویستی بە ئاژەڵ هەبووە هەربۆیە ئەم گیاندارانە بابەتێکی میتۆلۆژی دروست دەکەن و دەبنە بابەت بۆ ناوەرۆکێکی ئەخلاقی و پەروەردەیی هەروەها چەندین ئەفسانە و حیکایەتی ڕەمزی کە دەلالەتی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیان هەیە، پەیدابوون و سەریان هەڵدا کە تیایدا مرۆڤ بیروڕاو بۆچوونەکانی خۆی دەهاوێتە سەر گیاندارەکە.

کە باسی گیاندار دەکەین لە میتۆلۆژیادا بەناچاری باسەکە دەمانباتەوە سەر باسی تەوتەمگەری (Totemism) کە کۆنترین ئایین و باوەڕی مرۆڤی سەرەتاییە کە هەر هۆزو خێڵێک (ئاژەڵ) یان (ڕووەک)ێک دەکاتە تەوتەمی خۆی و هەر خێڵێک یەکێک لەو تەوتەمانە دەکاتە هێماو ڕەمز بۆ خۆیان و دەیپەرستن و ئەندامانی خێڵەکە بەناوی ئەو تەوتەمە ناو دەبەن و بڕوایان وایە کە ئەو تەوتەمە باپیرەیانەو دەیانپارێزێ. زۆربەی جار تەوتەمە ئاژەڵەکە بەباپیرە گەورەی خێڵەکە دادەنرێت. بۆیە ئەندامانی خێڵەکە واهەست دەکەن کە پێوەندییەک لەنێوانیاندا هەیە و پێکەوەیان دەبەستێتەوە و ئەگەر (تەوتەم)ەکە ئاژەڵ بێت، ئەوا نەڕاوی دەکەن و نە گۆشتی دەخۆن و مرۆڤی سەرەتایی لەو باوەڕەدایە کە بوونی ئەو بەستراوە بەبوونی (تەوتەم)ەکەو ئەندامانی خێڵەکە هەوڵ دەدەن پێوەندییان لەگەڵ (تەوتەم)ەکە پتەوو بەهێزبێت، بۆیە هەڵدەستن بەلاساییکردنەوەی (تەوتەم)ە کەو لەبەرکردنی پێسی تەوتەمەکە و وێنەکردنی ئاژەڵە تەوتەمەکە لەسەر لەشیان کە دەبێتە دروشمی ئەندامانی خێڵەکە.

## ئاژەڵ لەدنیای خواوەندەکاندا

لەزۆربەی میتۆلۆژیاو ئەفسانەکاندا باسی ئاژەڵی یەکەمین کراوە کە پێویستە بکرێتە قوربانی بۆ پیت و بەرەکەتی زەوی، یان بۆ ئافراندن، نموونە بۆ ئەمەش خواوەند (میترا) (گا) دەکاتە قوربانی بۆ بەپیت بوونی زەوی لەزۆربەی میتۆلۆژیاو ئایینەکاندا سیفات و خاسیەتی ئاژەڵان دراوەتە پاڵ خواوەندەکان و

خواوەندەکانیان لەشێوەو وێنەی ئاژەڵ دروست کردووە، واتە ئاژەڵەکە تەمسیلی خواوەندی کردووە بۆ نموونە: بابلییەکان وێنەی خواوەندەکانیان لەشێوەی (گا. شێر. ماسی. بەران) کێشاوە مسرییە کۆنەکانیش وێنەی خواوەند (هاتور) لەشێوەی سەری (چێڵ) نیگار کردووە و خواوەند (ئاموون) لەشێوەی. (بەران) وخواوەند (توت) بەسەری باڵندەی (أبی منجل) کێشراوە. هندۆسەکانیش وێنەی خواوەندەکانی خۆیان لەشێوەی ئاژەڵان دروست کردووە وەک: خواوەند (غانیش) کە لاشەکەی وەک مرۆڤە و سەرەکەی (فیلە) و خواوەند (فیشنو) لەشێوەی (بەراز) وێناکراوە و (هاتومان) لەشێوەی (مەیموون).

لە میتۆلۆژیای یۆنانیشدا ڕەمزو هێمای گیاندار گەلێک بەرچاو دەکەوێت بۆ نموونە خواوەندی گەورە (زیوس) لەشێوەی (گا)، یان (هەڵۆ) وێناکراوە و (هیرا) لای هیۆمیرۆس چاوی وەک چاوی (مانگایە) و (بوسایدون) لەشێوەی (ئەسپ) وێنەی کێشراوە و (ئەپۆلۆ) لەشێوەی (گورگ) و (مار) کێشراوە و لەپەرستگای (فیگالیا)دا پەیکەرێکی (یحتر)ی لێیە کەسەرەکەی وەک سەری (ئەسپ)ە و (کالیستو- ئەرتمیس) لەشێوەی (ورچ) وێناکراوە و (دیونیسیوس) لەشێوەی (گا) وێنەی کێشراوە.

لە ئایینی (مەسیح)یشدا ئاژەڵان ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە بۆ نموونە: سێ نێردراو هێماو دروشمی ئاژەڵیان هەبووە: (گا) دروشمی (لۆقا) بووە (شێر) دروشمی (مرقۆس)ە و (هەڵۆ)ش دروشمی (یوحنا)یە. تەنیا (مەتی) لەشێوەی مرۆڤ، یان (فریشتە) وێناکراوە.

(مەسیح)یش هێماکەی (مەڕ) یان (ماسی) یان (شێر) بووە.

دەبێ هۆی چی بێ کە زۆربەی خواوەندەکانی میتۆلۆژیا شێوە و سیفاتی ئاژەڵیان وەرگرتووە؟! بۆچی وێنەو پەیکەری خواوەندەکان تێکەڵ بووە لەشێوەی مرۆڤ و ئاژەڵ؟. ئایا ڕەگەکەی بۆ (تەوتەمگەری) دەگەڕێتەوە یانیش دەگەڕێتەوە بۆ خودی ئاژەڵ خۆی کە بەهۆی غەریزە و عادەت و کردارە سروشتییەکانی خۆی نیشانەی بەرجەستەبوونی هێزێکە لەسەرەوەی توانای مرۆڤە، بۆیە کاتێک خواوەند بەرجەستەو تەقەمسی (تقمص) ئەو شێوە ئاژەڵییە دەکات، مانای وایە سروشت و هێزو توانای ئەم ئاژەڵەی دەبێت، هەربۆیە خواوەندەکان بەگەلێک شێوە و جۆری ئاژەڵ وێناکراون بۆ ئەوەی سیفات و هێزی ئەم جۆرە ئاژەڵانەی هەبێت و تێیاندا بەرجەستە بێت، بۆ نموونە خواوەندی میسری (ئەنوبیس) کە زیاتر لە شێوەی (سەگ) وێناکراوە، کەچی هەندێک جار لەشێوەی (مار) یان (باز) وێناکراوە هۆیەکی دیکەی وەرگرتنی ئەم شێوە ئاژەڵیانە بۆ ئەوەیە تاکو خۆی بشارێتەوە و نەناسرێتەوە و بۆ خۆ پاراستن لەدژی هەر مەترسییەک، واتە خۆ گۆڕین بۆ شێوەی ئەم گیاندارە دەبێتە دەمامک (قناع)ێک بۆ خۆ پاراستن دژی پیلان و هێرشی خواوەندەکانی دیکە بۆ نموونە (ئاموون) خواوەند خۆی کردە (بەران) تاکو خۆی لە (خشو)ی کوڕی بشارێتەوە. هەندێک جاریش خواوەند سیماو خاسیەتی ئاژەڵێک هەڵدەگرێت و وەردەگرێت کە وەک سیماو خاسیەتی خواوەندەکە بێت وەک: خواوەندی میسری (نوت) کە خواوەندی ئاسمانە و ڕۆژانە منداڵەکانی خۆی (ئەستێرەکان) قووت دەدات و دەخوات بۆیە (تیمساح) یان (بەراز) بەرجەستەی ئەم خواوەندەن، چونکە هەموو شتێک قووت دەدەن و دەخۆن.

## - گا- هێماو ڕەمزی خواوەندان

لەزۆربەی ئەفسانەکاندا (گا) هێمای هێزەو نیشانەی پیاوەتی و پیتداری بووە و ئەو (گا)یە پەیوەستە بەژیان و نەمری و هەندێک جاریش کوشتنی (گا) بەمانای ئافراندن لێکدراوەتەوە و هەروەها (گا)ی یەکەم لای سۆمەریەکان گیاندارێکی پیرۆز بووە و شوێنێکی سەرەکی وەرگرتووە وەکو یەکەمین گیاندار کە لەپێش ئادەمیزاد پەیدابووە. وشەی (گا= گامێش) کە واتای کۆنی لە داستانی گای گەورە (گلگامێش)ی سۆمەرییدا هەیە لەکوردیدا ماوەتەوە. لەکۆمەڵگەی شوانکاریدا کە تێیدا (گا) و (بەران) گرنگی و بایەخیان هەیە و بەسەر ئاژەڵەکاندا زاڵن پەرستنی خواوەندی ئاسمانی نێر سەری هەڵداوە کە (گا) هێمایەکەیەتی و هەر لەهەزارەی چوارەمی (پ.ز)دا خواوەندنی ئاسمان لەشێوەی (گا) وێنەی کێشراوە و لە نەخش و نیگارەکانی (چاتال هیوک) لە ئەنادۆڵ وێنەی مەلیکی (حیسیەکان) بەرچاو دەکەوێت کە لە سرووت ڕێوڕەسمی ئایینی بەجێ دەهێنێ بۆ خواوەندی ئاسمان کە لە شێوەی (گا)دایە. خواوەندی گەورەی (کەنعان)یەکانیشی (ئیل) پێی وتراوە (ثور- ئیل) هەروەها (بە گای باوک)یش ناوبراوە. خوای جوولەکەش (ئیل) لە (سفر القضاء)ی (تەورات)دا بە (هاش- شور) ناوبراوە کە بەمانای (گا دێت و هەر بەپێی باوەڕی جوولەکەکان یەکەم گیانەوەر لەسەر زەوی پەیدابووە (گا) بووە.

هەروەها خواوەندێکی ئاشووریش (گا) بووە و لە ئایینی هیندۆسیدا بە (ئیندرا) گوتراوە (گای جیهان).

لەمیتۆلۆژیای یۆنانیشدا، باسی ئەوە کراوە کە چۆن خواوەندی گەورە زیوس (zeus) خۆی گۆڕی و لەشێوەی (گا) دەرکەوت و چووەناو گاڕانی (ئەگینور و توانی (ئەوروپا)ی کچی ئەگینور شەیدا بکات و فریوی دات و بیبات بۆ (کریت) و لەوێ زاوزێی لەگەڵدا کردو (مینووس)ی مەلیکی (کریت)ی لێ پەیدابوو و (مینوس)یش (باسیفانە)ی هێناو (منوتور)یان لێ هاتە بوون کە بەمانای (مرۆڤی گا) دێت. وا پێدەچێ ئەم ئەفسانەیە هێماو نیشانەی ژنهێنانێکی ڕەمزی بێت لەگەڵ (گا)ی پیرۆزدا. بۆیە کریتییەکان لەدورگەی (کریت)دا (گا) یان دەکوشت و دەیانخوارد و باوەڕیان وابوو کە (گا) خواوەندیانە ئەوانیش گۆشتی خواوەند دەخۆن.

یەکێک لەشێوەو بەرجەستەکانی (دیونیسیوس) (گا) بووە و هەروەک (بلوتارک) دەڵێت لە گەلێک شوێندا لەیۆنان پەیکەری (دیونیسیوس) دۆزراوەتەوە کە لەشێوەی (گا) بووە و (بلوتارک) لاواندنەوەیەکی تۆمارکردووە کە ژنانی(ئیبلیس) لەمیهرەجانی دیونیسیوسدا دەیانگوت، (وەرە، ئەی پاڵەوان دیونیسیوس بۆ پەرستگای ئیبلیسی پیرۆز، ئەی گای بەڕێز، ئەی گای بەڕێز) لێرەدا دەردەکەوێت کە (گا) ئاوێنەی خواوەندبووە. بیرۆکەی مرۆڤی (گا) دەگەڕێتەوە بۆ (دموزی) شوانکارو خواوەند و لە هەندێک نەخش و مۆرەکاندا مرۆڤی (گا) یان (دموزی) بەشێوەیەک وێنا کراوە کە نیوەی سەرەوەی مرۆڤە و نیوەی خوارەوەش (گا)یە. هەر لەسەردەمی (ئور)ی یەکەم (گا) لەشێوەی پیاوێکی ڕیشدار وێنەی کێشراوە کە هێمای هێزی ژیان بووە. بۆیە (گا) بووە هێمای پیت و بەرەکەتی زەوی بەرهەم، نەک تەنیا بەهۆی نێرایەتییەکەی، بەڵکو بەهۆی هێزو توانایەکەشی لەڕاکێشانی گاسندا.

(گا) ڕۆڵێکی بەرزو گرنگی هەیە لەڕێوڕەسمی سرووتی (گورگا گای) ئێزدیەکان تەنانەت سرووتەکە بەناوی (گا) کراوە (گورگا) مەشخەڵ و (گا) واتە (مەشخەڵی گا) و لە ڕۆژی ئەنجامدانی ئەم سرووتەدا کە جووتیار ئێوارە لەزەوی کێڵاندا دەگەڕێتەوە ماڵەوە، کابانی ماڵ ئاگرێک هەڵدەکا لە درەختێک کە زوو گڕ دەگرێت، ئینجا جووتیارەکە (گا)یەکە بەسەر ئاگرەکەدا دەبات. هەروەها (گا) ڕۆڵی لەسرووت و مەراسیمی (گابوغ)یشدا هەیە.

جگە لە (گا) چەندین ئاژەڵی دیکە هەن کە ڕۆڵی بەرچاویان لە میتۆلۆژیا و ئایین و داستانی میللەتەکاندا هەبووە، بۆیە بەگوێرەی پیرۆزیدان بە هەندێ لە گیانەوەران لەوانە ئەسپ- لای کوردو فارس و گوتی و بابلی و قەرغیزییەکان وەک ئەفسانە باسی ئەسپ کراوە کە ئەسپی باوبۆران هەنگاوەکانی بڵاوەو زۆر خێرایە. هەروەها وشترە مێیەکەی حەزرەتی (ساڵح) بەپیرۆز دانراوە و بە (ناقة الله) ناوبراوە و سورەتێ لە قورئاندا ناوی (الفیل)ە. هەروەها سورەت هەیە بە ناوی مێروولەوە (النمل) و خواوەند سوێند دەخوات بە ئەسپ لەسورەتی (عادیات). لە وڵاتی چین و ژاپۆن ئاماژە بەمارو ئەژدیهای باڵدار کراوە. (مار)یش دەورێکی گرنگی لەمیتۆلۆژیای زۆربەی گەل و میللەتاندا هەبووە وەک: سۆمەرییەکان، بابلییەکان، ئاشوورییەکان. هەروەها لەمیتۆلۆژیای میسری و یۆنانی و ڕۆمانی و هندییەکاندا هەیە.

کەواتە مرۆڤی سەرەتایی کە ڕاووشکار سەرچاوەی سەرەکی ژیانی بووە و هەمیشە لەدڵەڕاوکێ و پەیداکردن و نەکردنی خواردنی ئەو ڕۆژەدا بووە، یان لەمەترسی لەناوچوون و فەوتاندا بووە لەلایەن ئاژەڵی دەوروپشتییەوە و بەهۆی ئەو پێوەندیە بەهێزەی مرۆڤ لەگەڵ گیانداراندا هەیبووە و ئەو سوودەی کە لە گۆشت و بەروبوومەکەی وەرگرتووە ئەوا ئەو گیاندارانە بوونە مایەی ڕێزگرتن و لەو هەلومەرجەدا کە مرۆڤ زۆر بێ توانابووە ئاژەڵی وەک هێزێکی گەورەو بەتواناتر لەخۆی بینیوە ئاژەڵی پەرستووەو بەخودای زانیوە و گەلێک ئەفسانەو حیکایەتی لەبارەی ئەو گیاندارانە داناوە و دروست کردووە و ئەم ئەفسانە و حیکایەتانە لە هەموو ژینگەو لەناو هەموو میللەت و نەتەوەیەکدا هەیە و بڵاوبوونەتەوە.

**سەرچاوەکان:**

١- الحكاية الخرافية- فون دير لاين- ترجمة: نبيلة ابراهيم- بغداد، ل٨٧.
٢- الانسان ورموزه- كارل غوستاف يونغ- ترجمة: سمير علي- بغداد- ١٩٨٤، ل٣٥٧.
٣- الحياة اليومية للآلهة الفرعونية- ديمبري ميكس- ترجمة- فاطمة عبدالله- الهيئة المصرية- ٢٠٠٠، ل١١٤-١١٦.
٤- أسخيليوس و أثينا- جورج تومسن- ترجمة: صالح جواد كاظم. بغداد- ١٩٧٥، ل٢٢٢.
٥- گۆڤاری (لالش)، ژمارە(١٠)- ل٦١.

# وێنەی دەربێجەیەکی ڕووناک

**مەسعود جەعفەری جزی**
**لە فارسییەوە: محەمەد نویدیان**
**(مەریوان)**

شیعری نوێ لەم ساڵانەی پێشوودا لە بارودۆخێکدا بووە کە بەگشتی وەک «قەیران» چاوی لێ دەکرێت. سەبارەت بە نێوەرۆکی ئەم «قەیرانە» و هۆکارەکەی ڕاوبۆچوونی جۆراوجۆر هاتووەتە ئاراوە. جگە لەو کەسانەی کە بە هەڵە گومانیان وایە کە ئیتر سەردەمی شیعر بەسەرچووە، ڕاست و دروستترین ڕاوبۆچوونی وی، ئەوکەسانەیە کە لەو باوەڕەدان ڕەوتی بەرەو پێشچوونی شیعری نوێ کە دوای نیما، شاعیرانێکی هەڵکەوتوو وەک (بامداد و ئومێد و فرووغ و سپێهری) نوێنەرانی بوون، دوای ئەوەی کە دواین هەنگاوی بەرزی خۆی لە شیعری دوو سێ کەس لە دەستەبژێری دوای ئەوان (کە شیعریان بەدوور لە هەراو هۆریای میدیاکان چووە قووڵایی بیرۆکەکانی شیعری دۆستانی لێهاتوو و داهێنەر) پیشانی دا، بە ئارامی لە شێوەی پێشنیاری نیما دوورکەوتەوە.

بەدڵنیاییەوە هۆکاری فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و سیاسی بەتایبەت ئەم بارودۆخەی دروست کردووە، هەرچەندە ناتوانین هێندێک لەم هۆکارانە بە دروستی تاریف بکەین. ئەوەی کە زیادە لە هۆکاری ئەم بڕیارە ڕوونە، ئەو پێشهات و نیشانانەیە کە شیاوی پێزانینە: ئەو دیاردانەی وەک بەکارهێنانی زمان و شێوە خەیاڵییەکان و چەمکەکانی شاعیرانی سەرکەوتووی هاوچەرخ بەشێوەیەکی بەرفراوان و ئاشکرا، چۆنیەتی بەکارهێنانی قاڵب و لەپێش دیاریکراو وەک: تێکەڵ کردنی هەست بێ ئەوەی نرخی هونەری هەبێت، بەکارهێنانی لە ڕادە بەدەر لە هونەری دەرخستن لێک پرژانی بنەماڵەی وشەکان بێ ئەوەی چاو لە جوانییەکانی ئاوازو ماناکەی بکەن. هەروا مودێرنیزمی لە ڕادە دەرچوو درۆیین و دەربازبوون لە مەنتیقی زمان، بە سانایی چاو لێکردن و زیادکردن بەقەوارە و میزانی شیعرە وتراوەکان، خۆ بەستنەوە بە وشەکان و دروستکردنی شیعر بێ ئەوەی ڕاوێژ و هەستێکی تێدا بێت و...

بەچاولێکردنی زۆربەی کۆمەڵە شیعرییەکانی نوێی ساڵانی پێشوو و لاپەڕەی شیعری گۆڤارەکان بە سانایی دەتوانین ئەو تایبەتمەندییانە ببینین. گرفتێکی دی کە لەپاڵ ئەم دیاردەیە خۆی دەنوێنی، مەوزوع و ڕەخنەی شیعرە. لە ڕۆژگارێ کە شیعری نوێ لە حاڵی گەشەو هەڵداندا بوو، ڕەخنەی شیعریش لە ڕێگایەکی تاڕادەیەک دروست جووڵایەوە، بەڵام ئەورۆ ڕەخنە جگە لە چەند بوارێک، چەمکی ڕاستینی خۆی لە دەست داوە.

مودێرنیزمە لە ڕادە دەرچووەکان لەگەڵ جۆرێک «دۆسیە دروستکردن» مێژوویەکی بۆ دادەنێن کە «شیعرەکانی»

خۆیان شیعری ڕاستین و ئەوڕۆیین بنوێنن و تەنانەت نیماو.. هۆکاری ئامرازێک بە ئەژمار دێنن کە ئامانجی دوایین لە پەیدابوونی ئەوان، بەدی هاتنی شیعری ڕاستینی ئەم گرووپە بێ بیستیارە بووە. لە لایەکی ترەوە لایەنگرانی سپێهری کە لە تەواوی هونەری ئەو تەنیا، تێکەڵاوکردنی پێوەندی ئاسایی وشەکان فێربوون، هەست دەکەن کە بەکەڵک وەرگرتن لە شێوەی سیاسی دەتوانن شیعری شاعیرانی گەورەی هاوچەرخ لە خەڵک بستێنن و شیعری خۆیان بخەنە جێگای. دەستەو تاقمەکانی تریش بەدیمەنێکی تر دەست دەکەن بە هێندێ کار لەو چەشنە.

لە مابەین زۆربەی کۆمەڵە شیعرییەکانی ئەم ساڵانەی دوایی، زۆر کەمن ئەو کتێبانەی کە بەڕاستی دەنگدانەوەی «شیعر» لە گیانی خوێنەر دروست بکات و زمانی نهێنی و سرووت بێت. لە کۆی ئەو کتێبانەدا کە ژمارەیان کەمە، دوو کۆمەڵە شیعر دەتوانین ناو بەرین: «تەمی ژن بوون» لە بیرەوەری حیجازی و «گیاندارانی هەتاوی» لە مەیمەنەت میر سادقی.

گوایە لە ژیانی هونەری و ئەدەبیشدا، لە کاتەکانی ساردو تاریک و لە کاتی ترس و واق و وڕماندا، خۆشەویستی دایکیانە دەتوانێت دووبارە شەوقی ڕواندن و ئەفراندن باردار کاتەوە.

لە «تەمی ژن بوون»دا بە ڕاستی ژنێکی شاعیر تێدا بەشدارە. لە تایبەتمەندییەکانی ئەم دەفتەرە هەستی شاعیرانەی خۆشەویستی و دڵنەوایی بەکوڵی وێژەرە. هەروا «ژنانە» بوونی شیعرەکانی ئەوە، بەڵام شاعیری «تەمی ژن بوون» هێشتاکە لە گۆڕەپانی زمان و بەیانی شاعیرانەدا بە شێوەی کامڵ نەگەیشتووەتە ئەو ڕادەیە کە شیاوی دڵنەوایی بێت و پێویستی بەهەوڵ و چارەسەرکردنی بەردەوامە.

«گیاندارانی هەتاوی» سێیەمین کۆمەڵە شیعری مەیمەنەت میرسادقی-یە. پێشتر دوو کۆمەڵە شیعر «وەخەبەر هاتنی ڕووبارەکان» و «دەگەڵ ئاوەکان و ئاوێنەکان»ی ئەم شاعیرە بڵاوکراوەتەوە. «گیاندارانی هەتاوی» شامیلی کۆمەڵە شیعرێکە لە مێژووی جۆراوجۆردا- لە ساڵی (١٩٧٤-١٩٨٩)، بەڵام زۆربەی شیعرەکانی لە دەیەی پێشوودا وتراون. نێوی کتێبەکە لە شیعری «بۆ ڤان گۆگ و کەسانی تر» وەرگێڕراوە کە دەنێو ئەوەشدا بەشێوەیەکی زۆر جوان ئاماژە بە «گوڵەکانی گوڵەبەڕۆژە» کراوە. ئەم نێوە دەگەڵ نێوەرۆکی کتێبەکەدا دێتەوە و سەرەڕای ئاماژە کردن بەهونەرمەندان و داهێنەرانی وەک «ڤان گۆگ» بە هەمووی گیاندارانی هەتاوی کە:

**«ئێمەی دەنێو ئەم کوڵیتەدا**
**لەگەڵ کاتەکانی پەرێشانی چاوەڕوان**
**تەنیا ناهێڵن.»**

«گیاندارانی هەتاوی» لە ئیدانەی دوو کۆمەڵە شیعرەکەی پێشووی میر سادقی، شوێنی حەرەکەتی کامڵ بوونی شیعری ئەو بەجوانی پیشان دەدات. جگە لە دوو شیعری چوارینە، تەواوی شیعرەکانی ئەم کۆمەڵە، وەزنی نیمایی هەیە و یەکێ لە تایبەتمەندی شیعرەکانی ئەم کتێبە هەر لەم لایەنەوە واتە دروستکردنی ئاهەنگ و مۆسیقای سروشتییە. لە هیچ یەک لە شیعرەکانی ئەم کۆمەڵەدا خۆڕسکی بوون مۆسیقای دەرەوەی شیعر یان ئاخندراو و درێژکردنەوەی مەبەستەکە لە ڕێگای کامڵبوونی وەزنەوە نابینرێت. لە ڕوانگەی مۆسیقای لاتەنیشت و نێوەرۆکیش هەر بەو حاڵەتە دەبینرێت،. کەڵک وەرگرتن و هاوئاهەنگی ئاوازی و جاری واش مانای وشەکان لە شیعری نوێ، بێ ئەوەی دووچاری خۆڕسکی و گوشار بێت، توانایی شاعیر بەسەر زمانی شیعردا بەجوانی پیشان دەدات و شارەزایی ئەو دەگەڵ تۆنی وشەکان و ناسینی وشەو بایەخی دەنگی ئەو دەگەیەنێت. لە کۆمەڵە شیعری «دەگەڵ ئاوەکان و ئاوێنەکان»دا لێکۆڵینەوەی شاعیر لە مەڕ زمان زۆر ڕوون و بەرچاوە و لەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە دەتوانین بەکاربردنی زمانی عامیانە نێوبنێین، بەڵام لەم کتێبەدا لە زمانێکی بەتوانا و ئەدەبی و لە هەمان حاڵیشدا ئەوڕۆیی و پاراو بەرخوردار بووە. لەو کتێبەی کە لەبەر دەستماندایە لە هۆنینەوەی وشەکانی شاعیرانەیی جێگای خۆی کردووەتەوە.

لە زۆربەی شیعرەکانی ئەو کتێبەدا بەکەڵک وەرگرتن لە قافیە و بەکارهێنانی هاوئاهەنگی پیتەکان بەڕاستی زۆر بەرچاوە. لە هەمان حاڵیشدا زۆر سروشتی و جوانە.

هەروا لە پاڵ ئەم هۆکارانەدا دەبێت لە لێواو لێوی دڵنەوایی و هەستی شاعیرانەی شاعیرو بەرینایی فیکرو خەیاڵی ئەو ئیشارەت بکرێت. شاعیر درەختی- بی- وەک ژنێکی شەرمۆ و بێ پرچ دێنێتە بەرچاو و بایش- عاشقی بێ ئارامی ئەو دەزانێ. بێ ئەوەی لە ڕەوشتی شیعر باداتەوە لە ڕووداوی تەقینەوەی هیرۆشیما بە لێکدانەوەی نوێی «مەرگ هەڵواسراوی» یاد دەکاتەوە.

سەرەڕای ئەمانە شاعیر لە تێڕوانین و بیروبۆچوونێکی بەرزو ئینسانی بەرخوردارە: هەرچەندە لەگەڵ ڕەچەڵەکی سروشت و جیهانی هەستی یەکبوون و پێوەندی هەیە، بەڵام لە عیرفان و هەڵاتن لە کۆمەڵگا باس ناکات و لە

هەمان حالّدا کە چەمکی شیعرەکانی ئەو شاعیرانەیە، پێوەندی قایم لە مابەین ئەم چەمکانە و «ژیان» بوونی هەیە. بیروبۆچوونی شاعیر دەتوانین بە بیروبۆچوونێکی ئینسانگەرایانە و عەینی و لە ئاکامدا ئومێدەوار و ئایندەگەر بە ئەژمار بێنین کە هەرچەندە بەچاکی لەگەڵ ڕاستییەکاندا ئاشنایە، بەڵام بێ دەماخی لە ڕاستییەکان، ئەو هان دەدات بۆ هەڵاتن بەرەو داوێنی ڕابردوو، یان عیرفان... شاعیر دەردەکان و مەینەتییەکان بەتەواوی وجوودیەوە هەستی دەکات و دەڵێت:

**بلووری باوەڕی دێرین، لە سینەدا شکا**
**دەنگدانەوەی قاقای دەردو ڕەنج، لە گەروودا بێ چرا**
**هەستێرە بوو؟ بلووری شکاوە بۆ؟ چی بوو؟**
**کە بەسەر دەربێچەی تاریکی چاودا باڵەتەپەی دەکرد**
**بەمانگی بێ ڕەنگی گۆندکان**
**تلاون.**

بەڵام هیچ کات گرفتاری ناهومێدی، یان بێهوودەیی نابێت و دەڵێت:

**ئەو بەری ئەم ڕۆژو شەوە کە تێدەپەڕێ بەتاڵی**
**ڕووبارێکی شیرین**
**بەنێوی ئینسان**
**ڕەوانە.**

لە بنچینەدا کۆمەڵە شیعری «گیاندارانی هەتاوی» دەتوانین بە حیماسەیەک لە ڕێزگرتنی ئینسان و ئومێد و ئایندە بزانین. ئەم عەشق و ئومێدە لە تەواوی شیعرەکانی ئەم کۆمەڵە و تەنانەت دەنێو ئەم کتێبە و دوو کتێبەکەی پێشووی میرسادقی بەچاکی دەتوانین ببینین و ئەگەر ئەو وشانە و وتانە کە چەمکی «حەرەکەت، ڕۆشنایی و شۆڕو ئارەزوو» بەیان دەکەن، سەرژمێریەک ئامادە بکەین، دەبینین کە قەوارەیەکی زۆر بەخۆوە دەگرێت.

لە هێندێ لەو شیعرە جۆراوجۆرانەی ئەم کتێبەدا، شاعیر لە بیرەوەری گوڵاڵە سوورەکان و ئەرخەوانەکان قسە دەکات و لەگەڵ دایکانی داخدار و دڵ بەکوڵ هاودەردی دەکات، بەڵام لەم شیعرانەشدا ئومێد بە ئایندە و ئینسان لە دەست نادات.

لەم ڕووەیە کە مەرگیش لە شیعری ئەودا نواندنێکە لە بەردەوام بوون و حەرەکەت و ئومێد بەژیان لە بەین نابات و بەمجۆرە دیتنەوەی شاعیر لە مەرگ تازە و سەرنجڕاکێش دەبێت:

**... دەڵێی ڕووبار ڕێگەکەی**
**لە نیوەی ڕێگەدا.**



# وێنەیەکی دەگمەنی فرانس کافکا

جەلیل قەیسی
و/ ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

کەژو هەوا ساردبوو، لەوکاتەوە گەیشتوومەتە شاری براگ بە بەردەوامی بەفر دەباری، براگ کە بەفری لێدەبارێ لەنێوان تەم و کلّۆ بەفرەکانەوە لە تابلۆیەکی سوریالی دەچێ، لە ناوەڕاست ملیۆنەها ئەو کلّۆ بەفرانەدا کە لەسەرخۆ جوان دەبارین، بە کاوەخۆ هەنگاوم دەنا.. بەڵێ، تابلۆیەکی سوریالی و غەمگین هەر وەک زۆربەی شارەکانی ئەوروپا لە زستاندا، خەریتەیەکی نەخشەکێشراوی ورد ڕێنمایی دەکردم و بە ئەسپایی هەنگاوی پێ هەڵدەهێنام. ئەوەتا پێم دەڵێ: ئێستا لە دەروازەی ئەو کۆڵانەدام کە بۆ ماڵی ڕۆماننووسی گەورە فرانس کافکا دەچێ.. سێیەم ماڵ بەلای ڕاستدا، خۆیەتی، ڕێک ماڵی کافکایە.. ئەمڕۆ، شەممەیە ڕۆژی پشوودانە، بێگومان ئێستا کافکا لە ماڵەوەیە.. بەم سەعات دەی بەیانیە بۆ کوێ دەڕوا، ئەم کابرا تاک و تەنیا و گۆشەگیرە کە خەون بینینی لە ژیانیدا بەپیشەی سەرەکی خۆی کردووە.. ئێستا لەناو نوێنەکەیدا ڕاکشاوەو لە شووشەی پەنجەرەکەوە تەماشای ئەم بەیانیە خوڵەمێشیە دەکات، یاخود بیر لە کتێبێک دەکاتەوە شێوەی نووسینی سەرنجی ڕاکێشاوە، یان ئەوێکی کە بەلای دنیای ئافرەتدا ناچێ بیر لە ئافرەتەکەی هاوڕێی دەکاتەوە کە جێی هێشتووە، گەرچی ئەویش وەک زۆربەی داهێنەرە گەورەکان ئافرەت بە جوانترین سترانی جیهان دەزانێ.. بەڕاست ئێستا خەریکی چییە؟ تۆ بڵێی، ئەو کە زۆر دڵسۆزی کاری خۆیەتی لە مێشکی خۆیدا خەریکی پێداچوونەوەی بابەتگەلێکی گرنگی کاروباری کۆمپانیای دابینکردن بێ کە لەوێ کار دەکات!

یاخود.. یاخود، ڕەنگبێ، هەرواشە، لەناو یەکێ لە زیندەخەونەکانیدا وەکو داهێنەرێک کەندەکی زەمەن تێدەپەڕێنێ و بەخەیاڵی بەربڵاو و دەوڵەمەندی، بوونێکی پڕ لە بزاوتن و بیرۆکەو خەونی ئاڵۆز دەتەقێنێتەوە. خەریتەکەم قەمچ کردو لە گیرفانی پاڵتۆکەم نا.. چوومە ناو کۆڵانەکەوە.. لە دەرگام دا، پاش ماوەیەک، ڕوومەتێکی ڕیشداری گرژو مۆن ڕیشی لە ڕەنگی (قرمید) دەچوو، لە پەنجەرەیەکی نهۆمی دووەمەوە سەری دەرهێنا، وتی: کێیە؟ چیت دەوێ؟ وتم: بەیانی باش، پێم وایە لەگەڵ کافکای باوکدا قسان دەکەم؟... بە دەنگێکی ناساز و تووڕەوە: بەڵێ..

فەرموو.. چیت دەوێ.

– ببووره بەڕێزم دەمەوێ چاوم بە بەڕێز فرانس بکەوێ، من برادەریم..

چارەی بەیەکداداو بەتووڕەییەکەوە تەماشایەکی کردم... هەر بەم بۆنەیەوە وشەی -کافکا- بە زمانی چیکی مانای «قەلەڕەش»ە، ئەم پیرەمێردە نەگریسە کەم دووە، کەللەڕەقە، تووڕە و نەخۆشە، کە کافکای مەزن زۆری بەدەستەوە چەشت، بە پاڵتۆی ڕەشیەوەو ڕیشی ڕەش و کراسی ڕەشیەوە لە قەلەڕەش دەچێ. بە دەنگێکی بەرزەوە" ناوت چییە؟!

– ناوم (جەلیل قەیسی)یە

– چی! ئەمە چۆن ناوێکە؟!.

خۆی کێشایە ژوورەوەو باڵی پەنجەرەکەی پێوەدا. دوای کەمێک دەرگاکەی کردەوە. بە وەستانەکەی و قەد و قامەت و پاڵتۆکەیەوە کتومت لە تابلۆی- نامەبەر-ەکەی هونەرمەند ڤان کوخ دەچوو. بۆنێکی تیژی لێوەهات تێکەڵ بوو لەبۆنی توتن و ترشەلۆک و پاشماوەی شەراب، بەچاوی پڕ لە گومانی کە هەمیشە کافکای پێ دەترساند، بەسەرتاپامای ڕوانی. لەجیاتی ئەوەی فەرمووم لێ بکا! بە ترس و گومانێکی جوولەکانەوە وتی: وەرە ژوورەوە، دەزانم چیت لە فرانزی کوڕم دەوێ؟

– کارێکی پێویستم پێی هەیە دەمەوێ ببیبنم.

– تۆ چیک نیت!.

– بێگومان نەء.. پێویستە چیک بم تا بەهاوڕێی کوڕەکەت بم؟!.

– لە کۆمپانیای تەئمین پێکەوە کار دەکەن؟ (بۆ ئەوەی درێژە بەم بگرەو بەردەیە نەدەم دەبێ درۆیەکی سپی بکەم) لەسەرخۆ و بە ئارامییەکەوە وتم: بەڵێ.. بەڵێ.

– ئاه.. فەرموو ژوورەوە.

پێشمکەوت، بۆ ژوورێکی پۆشتەو ڕازاوەی جوانی بردم، کە لەسەر شێوەی بورجوازییەکانی (١٩١٠) ڕازابووەوە.. ئاماژەی بۆ کردم کە دانیشتم، بە وردی سەرنجی دەدام (لەبەر خۆمەوە وتم: شابەتاقەتی فرانزی ئارام و لەسەرخۆ کە هەمیشە دەم بەگلەوگازاندە بوو، لە لووت بەرزی و هەڵچوونی ئەم باوکە، بۆیە وا بەتوندی لە یادداشتەکەیدا باسی کردووە). زۆری نەبرد خزمەتکارێک هات و قاوەیەکی لەسەر مێزەکەی پێشم دانا.. بە دیوارەکەوە وێنەیەکی گەورەی خێزانەکەم بینی لە چوارچێوەیەکی جوان نرابوو.. دایک و باوکە لە ناوەڕاستەوە لەملاو لەولایانیشەوە منداڵەکان. فرانز لەلای ڕاستەوە، لە تەمەنی پازدە ساڵیدایە.

گەورەیی گوێچکەی فرانزو ڕووی هەمیشە غەمگینی نیشانەی جیاکرەوەی ئەون. ڕوانینە خەواڵووەکەی بۆ دوور دەفڕێ، کەس ناتوانێ مەزنەی شوێنی فڕینەکانی بکا، بەڵام بێگومان بەدوای نهێنییەکانی ئەم دنیا پڕ لە نهێنییەدا دەگەڕێن... چاوی، گوێی، توێڵی، ڕوومەتی غەمگین و مانا بەخشی.. باوکیشی بە ملهوڕی و لە خۆبایی بوونێکەوە، بەبێ ئارامییەوە چاوی لە هاوێنەی کامیراکە بڕیوە، وەک ئەوە وایە بە وێنەگرەکە بڵێ: دەی.. دەی کابرا زووکەو بیبڕەوە.. کافکا بە تەنیشت خوشکەکەیەوە وەستاوە وەک لەناو تەنهایی بووندا بێ، ڕوانینەکانی تا قووڵایی شتەکان دەڕواو ڕووتیان دەکاتەوە، تەنها هەر خۆی دەیبینێ یا بە هارمۆنی ئەو ئامێرە شانەکانی مێشکی دەبوژێنێتەوە کە شێوەی دەگوازێتەوە.. قاوەکەم خواردەوە. چاوم بە ژوورەکەدا گێڕا. لە دڵی خۆمەوە وتم: هۆی چییە ژوورەکە تا کتێبخانەیەکی بچووکیشی تێدا نییە؟ ئایا بەپێی ویستی باوکی دروست کراوەو نابێ کتێب بخوێنێتەوە، یان کتێبخانەکە لە ژوورێکی تردایە؟..

کافکا خۆی بە ژووردا کرد، لاواز، ڕوومەت گرژ و غەمگین، ڕوانینی خەواڵووە... بەم چاوە زەق و گەورانەیەوە ئەو هەموو ڕووداوە ئاڵۆزو ترسناکانەی دەبینی و بە زمانێکی جوان بەو ڕۆمانە بەرزانەی دەکردن؟ ئا بەم چاوانە دەیخستینە جۆش و خرۆشەوە؟.

دەستی بۆ درێژ کردم، بە گەرمەوە دەستیم لەناو دەستم نا: زۆر شادمانم بە دیتنت فرانز کافکای ئازیز...

بە دەنگێک لە چپە دەچوو وەڵامی دامەوە: بەخێر بێی.. بەخێربێی.. بۆ چەند ساتێک هەروا تەماشای کردم، وەک هزری پڕ بەهای بۆی بسەلمێنێ کە من مرۆڤێکی لەسەرخۆم وتی: باوکم پێی ڕاگەیاندم ناوت جەلیل قەیسییە.

– بەڵێ وایە.

– لە کۆمپانیای تەئمین کار دەکەی؟

بە نائومێدییەکەوە وەڵامم دایەوە... ئایا «نەرفانا» دەروونییەکان کە بلیمەتەکان تیایاندایە خەبەریان پێنەداوە کە من لە فەرمانبەرێکی کۆمپانیای تەئمین ناچم ونیم، سارتەر وتەنی ئەم مرۆڤە تەماشا ئاسنینە نەفس بەرزە، کە ئایندەی لە پێش دەیان ساڵەوە دەبینی و پێشبینی هاتنی نازییەکانی کرد لێم دەپرسی لە کۆمپانیای تەئمین کاردەکەم؟!... وتم: نەخێر قوربان، نەخێر بەڕێز فرانز.. ئەوەم لەبەر ئەوە بە باوکت ڕاگەیاند چونکی مکوڕ بوو بزانێ ئایا من لە کۆمپانیای تەئمین کاردەکەم؟.

من زۆر چاک شارەزای خووی باوکتم، بۆیە لەبارەی مەسەلەی کۆمپانیای تەئمینەوە بەدڵی ئەوم کرد...

– تۆ خووی باوکم دەزانی!.. بەم بۆنەیەوە، لە کوێ فێری زمانی ئەڵمانی بووی؟.

– لە پەیمانگای- گۆتە- و خوێندنەوەی ڕۆمان و چیرۆکی ئەڵمانی بەتایبەتی ڕۆمان و چیرۆکەکانی تۆ..

ڕووی گرژ کردەوەو بەناڕەحەتیەکەوە وتی: من هیچ ڕۆمان و چیرۆکێکم بڵاونەکردۆتەوە.

– بەڵێ، زۆرت بڵاوکردۆتەوە.. تۆ ئێستا گەورەترین ناوی ناو دنیای ئەدەبی جیهانیت (برۆی چاوی چەپی بەرزکردەوەو ئەوی دیکەیانی نەوی کرد، مکۆی خەیاڵیشی وەگەڕ خست) وتی: هەموو جیهان؟

– بەڵێ، جیهان هەمووی.

– یانی ماکس برود..... (*)

– بەڵێ وایە.. وایە، بەڕێز ماکس برود نووسینەکانتی نەفەوتاندو وەسیەتەکەتی بەجێ نەهێنا...

– ئایا تۆ بۆ ئەوە هاتووی ئەم هەواڵەم پێ بدەی کە لەگەڵ ڕێزمەدا زۆر بەشتێکی پووچ و بێ بایەخی دادەنێم...

– چی؟ پروپووچ؟.

– بەڵێ میوانی بەڕێز زۆر زۆر بێ ماناو پروپووچ..

– خودایە، بەڵام کافکای ئازیز من بەرهەمە ئەدەبییەکانتم زۆر بەلاوە بەنرخە.

بە دەنگی بەرز وەڵامی دامەوەو لە چاویشیدا تووڕەبییەکی غەمگینم دەدی:

– قسەی پووچ و بێ مانا... پاشماوەی ئەدەبی چی.. ئەمە چ بێ ناناییەکە.. ناوبانگی چی؟!.

لە دڵی خۆمدا گوتم: خودایە بۆ وا خۆی سەغڵەت نیشان دەدا، بۆ خۆی تووڕە کردووەو نا ئارامە، تۆ بڵێی من کابرایەکی ترسناک بم، وشەکانم جێگای مەترسین! ئایا ئەو بابەتە مۆتەکیە ترسناکانەو ڤاڵا جادووکەرانەی خەونی پێوە دەبینێ و دروستیانی دەکرد، بەلای ئەوەوە پروپووچن؟ چۆن! بۆچی؟.. بە ئارامیەکەوە وتم: ئازیز بەڕێز فرانز کافکا دەتوانی بۆ چەند چرکەیەک لەگەڵمدا ئارامت هەبێ و پشووت هەبێ؟

ئەگەر بزانی لە کوێوەوە بۆ دیدەنی تۆ هاتووم... بەڵێ هەزاران کیلۆمەترم بڕیوە... بەزەییت بەیەکێکدا بێتەوە لە ناخەوە موعجەبی تۆیە.. پشووت هەبێ.

– هەوادار؟! بۆچی من ئەستێرەیەکی شانۆییم؟ سیاسییەکی بەناوبانگم؟ شێوەکارێکی گەورەم! باشە.. پێم بڵێ چیت دەوێ؟.

ئەم ڕستەیەی دوایی بەبێزارییەوە چەند جارێکی دووبارە کردەوە، پێم بڵێ.. چیت.. دەوێ؟.

وا ڕاهاتووم کاتێ لەگەڵ گەورەپیاواندا دەبم، خۆنەویست ڕستەیەکی لاتینیم ئەزبەرکردووە دەیڵێمەوە، بێگومان شایستەی ئەوەن (PRO mrgnifico omne ignotom)

– لە گەورە پیاوان هەموو شتێک دەبوردرێ- بەڵام لە ئاست ساردو سڕی و وشکی و مکوڕی بەڕێز فرانز کافکا، بە ئارامی و لەسەرخۆ و تەنزێکی نەرم و شیرینەوە وتم: کافکای ئازیز، سپینۆزای فەیلەسووف ڕاستی کردووە کە دەڵێ: (شتەکان لە ناخیاندا مەیلی پاراستنی سروشتی خۆیان دەکەن).

لە ڕوانینە پەشێوەکانیدا بڕوام بەوە هێنا ئەم وتووێژە گومانا‌وییەمان ئاسان نابێ، ئەویش بە تەماشا ساردەکانی منەوە هەمان شتی بۆ دەرکەوتبوو. لێوی خوارەوەی بە تووڕەبوونێکەوە کرۆشت: بەڕێز قەیسی ئایا من شتم؟!.

– دوور لەتۆ.. دوور لەتۆ بەڕێز کافکا.. تۆ داهێنەرێکی گەورەی.. بە دەنگێکی بەرز: داهێنەر.. گەورە.. ها ها ها ها قسەی پڕوپووچ.. پێم بڵێ مەبەستت لە وتەکەی سپینۆزا چییە؟ (شتەکان لە ناوەوەی خۆیانەوە ئارەزووی پاراستنی سروشتی خۆیان دەکەن)؟.

– چاکە.. بەرد، بەڕێز کافکا.. بۆ نموونە بەرد دەیەوێ هەتاهەتایە بە بەردێتی بمێنێتەوە..

جارێکی کە دەنگی بەرز کردەوە: دەتەوێ چ بڵێی بەڕێز قەیسی؟.

– پڵنگیش بەڕێز کافکا دەیەوێ بە پڵنگی بمێنێتەوە.

بە مۆنێکەوە تەماشایەکی کردم. لەبەر خۆمەوە وتم: من دڵنیام ئەم مرۆڤە کە دان بە داهێنانە گەورەکانی خۆیدا نانێ و خۆی لێ بێبەری دەکات، دڵنیام خاوەن دڵێکی بێگەردە، بڕوای بە گەورەیی مرۆڤ هەیە کابرایەکی دەگمەنە بە بێدەنگی لە پێناوی کەسانی تردا ئازار دەچێژێ.

وتی: پێم بڵێ، مەبەستت لەوە چییە کە دەڵێی: پڵنگ دەیەوێ هەر بە پڵنگی بمێنێتەوە؟.

– باشە.. پێت دەڵێم بەمەرجێ تووڕە نەبی.. من خۆشتم دەوێ.. بڕوات هەبێ کارەکانتم خۆش دەوێ.. تۆزێ لەگەڵمدا پشووت هەبێ، ئاشکرا بەڕێز کافکا ژیانی (گیتو) وای لێکردووی وەک هەموو جوویەک بەدەستی نەخۆشی دەروونییەوە بناڵێنی کە پێی دەڵێن «ANTHOPHOBI».. ترس لە میوانێک کە نەیناسی. بێگومان تۆ جوویەکی دڵپاکی، بەڵام گومان لە

هەموو شتێ دەکەی.. ئازیزم تۆ بوار بەمن نادەی تا بیرو هەستی خۆمت بۆ دەربرم.. من لە ڕاستیدا هاتووم ئەم دیارییە بچووکەت پێشکەش بکەم، ئومێدەوارم بەدڵت بێ.. ڕوومەتی پەشیمانییەکی لێدەرکەوت کەوا بە دەمارگرژییەوە لەگەڵمدا دوا، تارمایی غەمێک و هەست بە گوناهکردنیش لەچاویدا بەدی دەکرا وتی:

– باشە، منیش لێت وەردەگرم...

ئەم داهێنەرە چەندین جیهانی جوان و جادووکەرانەی نووسیوە، خاوەنی دنیایەکی سەیرو خەیاڵی باڵدارە، وەکو قوتابیەکی منداڵ گوێی بۆم ڕادا..

وتم: بەڕێز کافکا چاکم لەبیرە تۆ لە دەفتەری یادداشتەکانتدا، نووسیوتە: خەون بەوەوە دەبینی لە خەوندا خۆت لە پشتەوە ببینی لەوکاتەی کە ڕێ دەکەی، یا لەکاتی ڕاکردندا...

– من، هیچ یادداشتێکم نەنووسیوە...

– سوێند دەخۆم، خۆم خوێندوومەتەوە..

– نازانم... ئا، وایە خەونم دەبینی لەوکاتەی ڕێ دەکەم، یا ڕا دەکەم، خۆم لە پشتەوە ببینم.. وێنەیەکی گەورەم پێدا، وێنەیەکی کافکا بوو، لەکاتی ڕاکردندا لە پشتەوە گیرابوو. لێی ورد بووەوە، لەپڕ پێکەنینێکی منداڵانەی جوانی بۆ کرد. (چەندین وێنەی کافکام بینیوە لە هەموویاندا گرژو مۆن دیارە، ئەمە یەکەم جارمە کافکا دەبینم وەک منداڵ پێدەکەنێ. تەحەدای هەر کەسێک دەکەم، لەهەر قوژبنێکی ئەم جیهانەدا، ئەگەر وێنەیەکی کافکای لەلابێ پێکەنیبێ، یان سێبەری پێکەنینیش لە ڕووی هەبێ، من ژیانی خۆمی پێشکەش دەکەم..)

وتی: وێنەیەکی جوانە.. بەڵێ.. من خەونم ئا بەمەوە دەبینی.. ڕۆژێ.. لە ڕۆژان... خودایە، دەبێ کێ ئەم وێنەیەی گرتبێ؟!..

– من.

– تۆ، بەڕێز قەیسی؟ لەکوێ؟! کەی! چۆن! تۆ لە کوێ ئاوا ڕێ دەکەم، منت بینیوە؟!

– لە خەوندا بەڕێز کافکا..

– چی!! لە خەوندا؟... هاهاها.. لە خەوندا.. تۆش خەون دەبینی؟.

– بەڕێز کافکا، ئەگەر لە وێنەکە وردبیتەوە گەلێ شتی تێدا دەبینی.

– شتی وەکو چی؟.

– ئەم وێنەیە وەکو ڕۆمانەکانت کەمێ ئاڵۆزە.. تەماشای ئەوێ و ئا ئێرە بکە.. لێی ورد بەرەوە..

لە وێنەکە ڕاما، لێی ورد بووەوە، بە ئەسپایی وەڵامی دامەوە: لەوەی زیاتر خۆم لە پشتەوە دەبینم، ڕێ دەکەم هیچی کە نابینم..

– ماقوولە تۆی خاوەن جوانترین خەیاڵ، لەخۆت بەولاوە هیچی تر نابینی؟

هەستام، چوومە تەنیشتیەوە، پەنجە درێژ دەکەم: تەماشای ئێرەکانە بکە.. ئا ئێرەکانە.. ئەمە قەڵا بەناوبانگەکەتە..

.. ئا دەیبینی.. وا بەتوند بۆ ئەوێ دەچی؟

– ڕێک وایە..

– ئەو قەڵایەی جاڵجاڵۆکە تەونی تێدا دەچنێ

– کە دەڵێی قەڵا مەبەستت چییە؟.

– ڕۆمانە بێهاوتاکەت.

– من هیچ ڕۆمانێکم بەم ناوەوە نەنووسیوە.

– خودایە. ئەوە چ دەڵێی کافکای ئازیز..؟ باشە، تەماشای ئێرە بکە.. ئێرە.. ئەم شوێنە لە کوێ دەچێ!

– نازانم.

– چۆن نازانی؟

– پێت دەڵێم نازانم.

– ئەمە ئەوە کۆگای دۆسییەکانە لە کارە نایابەکەتدا (کێشەکە):

– چی؟ کاری نایابی من!! کێشەکە..؟

– بەڕاستتە ئەو دنیایانەی خۆتت بیرچۆتەوە؟

– کام دنیا..؟

– تەماشای ئێرە بکە.. ئەم پیاوە! دەیناسی؟

– نەخێر

– ئەمە ئەو وێنەکێشە سەیرو شەیتانەی ناو ڕۆمانی کێشەکەیە.

– نانا نایناسم.

– باشە.. ئەی ئەمە... کێیە؟

بە دەنگێکی بەرز: نازانم.. خۆم نەبێ، کەسی تر ناناسم.

– ئەمە خانم (گورباخ)ە، لە ڕۆمانی کێشەکەدا. باش تەماشای بکە، لە دوای گرتنی (جوزیف ک) لەبەر خۆیەوە دەڵێ «تێناگەم بۆ گرتوویانە، پێویستیش بەوە ناکات تێبگەم». لەمەش زیاتر بەڕێز کافکا ئەگەر بە ئەسپایی وێنەکە بجووڵێنیتەوە ئەوا (گریگۆری سامسا) دەبینی بە قالۆنچە بووە..

– ئەمە چییە؟ ئەمە وێنەیەکی ئاڵۆزو سەیرو سەمەرەیە.. بەڵێ زۆر ئاڵۆزە.

– لە دنیاکانی تۆ دەچێ ئازیز.

– دنیاکانی من؟!

– بێگومان، ئەوانەی تۆ دروستت کردوون..

- من هیچم دروست نەکردووە...
- بەڵام ڕۆژگارێک تەنها هەست و خۆشەویستی ئەدەب تۆی شەیدا کردبوو.
- مەبەستت چییە؟
- لە پێناوی ئەدەبدا دەستبەرداری هەموو شتێک بووی.
- قەت وانییە.. تۆ بەهەڵەداچووی.. من فرانز کافکام.. دکتۆرام لە قانوندا هەیە، لە کۆمپانیای تەئمین فەرمانبەرم.. من پێوەندیم بە ئەدەبەوە نییە..

تەماشای ڕووی غەمگین و گرژیم کرد، لەگەڵ خۆمدا گوتم (گەورەترین هاودژایەتی لە گەورە پیاواندا هەیە)..

وتم: داوات لێدەکەم لە یەکێ لە مەیخانەکاندا ببی بە میوانم و پێکەوە بخۆینەوە..

بەخاوخلێچێکەوە هەستا.

................

نیوەڕۆیەکی سارد بوو.. مەیخانەکان سیخناخ بوون، لە مەیخانەیەکی بچووک و جواندا دەستمان بە خواردنەوە کرد، کافکا لە هەموو شتێک ورد دەبووەوەو کەم دوو بوو، ئەمە خووی کافکایە ڕادەمێنی و لەشت ورد دەبێتەوە، لە شوێنێکی ئاواشدا خۆنەویستانە لە هەموو شتێک ڕادەما، بەهۆی ناسکی و بەرزیی هەستییەوە لە ئاست هەست و خۆزگەکانەوە، دڵ ڕاگرتنی ئاسان نەبوو، هەستم کرد درێژەپێدانی دانشتنەکەمان سوودێکی ئەوتۆی نابێ، ڕەنگە لەمن بێزار نەبێ، بەڵام تەبعی کەم دوویی و دوورە پەرێزی وای نیشان دەدا مرۆیەکی نائارام و گرژە.. بەجێم هێشت بە گەرمی لەبەر وێنەکە سوپاسی کردم، منیش سوپاسی ئەم میوانداربییەیم کرد و هەمان ڕۆژ گەڕامەوە شارەکەی خۆم.

جەلیل قەیسی دەزانێ ئەوانەی خۆیان هەڵدەکێشن و لاف و گەزافی بەتاڵ لێدەدەن دەیان کتێبی بێ وچیان داناوە چیان پێ دەبڕێ؟

هیچ....
کافکای گەورەش
نکوڵی لەبەرهەمی خۆی دەکات.

*** - ماکس برود، هاوڕێی کافکا بووە، وەسیەتی کردبوو دوای خۆی نووسینەکانی بسووتێنی و لەناویان بیات، بەڵام برود وەسیەتەکەی بەجێ نەهێناو دوای کۆچی دوایی کافکا هەموو نووسینەکانی بلاوکردەوە، ماکس برود نەبوایە کافکا نەدەناسرا -و-**